# جەنگی جووتیاری لە ئەڵمانیا

## فریدریک ئەنگڵس

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ماردین مستەفا

# The Peasant War in Germany

1850

## Frederick Engels

**لە بلاوکراوەکانی ناوەندی کۆمۆن**

**Written:** Summer 1850, London;
**Published:** *Neue Rheinische Zeitung. Revue*;
**Translated:** by Moissaye J. Olgin in 1926 for International Publishers;

پێشەکی بۆ چاپی دووەم ....................................................1
پاشکۆیەک بۆ پێشەکی ....................................................9
بەشی یەکەم
دۆخی ئابووریی ئەڵمانیا و چینە کۆمەڵایەتییەکانی ....................................15
بەشی دووەم
ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکییەکان و پلانەکانیان: لووتێر و مۆنتسێر .............................28
بەشی سێهەم
پێشەنگەکان: ڕاسانی جووتیاران، 1517 -1475 .........................................47
بەشی چوارەم
ڕاپەڕینی خانەدانەکان ....................................................62
بەشی پێنجەم
جەنگی جووتیاری لە شوابێن و فرانکۆن ....................................67
بەشی شەش
جەنگی جووتیاریی هەرێمەکانی تووورینگێن، ئالزاس و نەمسا .............................93
بەشی حەوتەم
ئاکامەکانی جەنگی جووتیاری ....................................................103

# پێشەکی بۆ چاپی دووەم

**1870**

ئەم بەرهەمە لە ساڵی 1850 لە لەندەن و لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی سەرکەوتنی لایەنی دژە شۆڕش نووسراوە. لە ساڵی 1850دا لە دو ژمارەی 5 و 6ی گۆڤاری *نیو راینیش زیتونگدا* (Neue Rheinische Zeitung) چاپ کراوە، کە وەک گۆڤارێکی ئابووریی سیاسی، کارل مارکس سەرنووسەری بووە و لە هامبورگ بڵاو کراوەتەوە. هەڤاڵە سیاسییەکانی من لە ئەڵمانیا خوازیاری ئەوە بوون کە ئەو بەرهەمە لە شێوازی کتێبدا ببینن. لەگەڵ ئەوەی دڵگرانم لەوەی کە ئەمڕۆکە بۆنەکەی خۆی لەدەست داوە بەڵام وڵامی خواستەکەی ئەوان بە چاپی ئەم کتێبە دەدەمەوە.

ئەم بەرهەمە ئیدیعا ناکات کە هەموو ناوەڕۆکەکەی سەربەخۆ کۆ کردوەتەوە. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، هەموو داتا و زانیارییەکان سەبارەت بە شۆڕشەکانی جووتیاران و توومـاس مۆنتسێر (Thomas Muenzer) لە بەرهەمەکەی زیمێرمەن (Zimmermann) وەرگیراوە کە سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی کە لێرە و لەوێدا هەیەتی بەڵام ئەمڕۆکەیش یەکێکە لە شیاوترین کتێبەکان کە بە باشترین شێوە واقیعیەتەکانی وێنا کردووە. جیا لەمانە، زیمێرمەنی پیر گیرۆدەی بابەتی کتێبەکەی خۆی بووە. هەر ئەو غەریزە شۆڕشگێڕانە کە لێرەدا ئەوی کردووە بە پشتیوانی چینی بندەست و ستەملێکراو، دواتر ئەوی کرد بە یەکێک لە باشترین کەسایەتییەکانی باڵی چەپی توندڕەوی فرانکفۆرت.

بەڵام لە وێناکردنەکانی زیمێرمەندا ئەگەر یەکگرتووییەکی دەروونی بوونی نییە، ئەگەر نەیتوانییوە دژناوییە ئایینی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە وەک ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی وێنا بکات کە هاوکات ڕوویان داوە، ئەگەر ئەو لە ململانێی چینایەتیدا تەنیا سەرکوتکەر و سەرکوتکراو، چاکە و خراپە، و لە کۆتاییدا سەرکەوتنی لایەنی شەڕ دەبینێت، ئەگەر ڕوانگەی ئەو بۆ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەسپێک و ئەنجامی ئەم ململانێگەلە دابین دەکات زۆر لاوازن، ئەوا هەموویان هەڵە و بەرهەمی ئەو سەردەمە بووە کە ئەو کتێبەی تێدا نووسراوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، بۆ ئەو سەردەمە و لەبۆ ئەو بەرهەمە ئایدیالیستیانەی کە سەبارەت بە مێژوو نووسراون، کتێبەکەی ئەو بە شێوازێکی زۆر واقیعخوازانە نووسراوە. ئەم کتێبە لەهەمان‌کاتدا کە ڕەوتی مێژوویی ئەم مشتومڕە بە شێوازێکی گشتی و سەردرێژیانە ئاڕاستە دەکات، هەوڵیش دەدات ڕیشەکانی جەنگی جووتیاریش، واتە ڕوانگەی حیزبە جۆراوجۆرەکانی سەرهەڵداو لەو جەنگەدا و تیۆرییە سیاسی و ئایینییەکان کە ئەو حیزبانە لە ڕێگەیانەوە هەوڵیان داوە هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکەنەوە، وەسف بکات. لە کۆتاییدا لەگەڵ ئەوەی باس لە ئەنجام و ئاکامەکانی ئەو

ململانێیە دەکات کە بەرهەمی بارودوخە مێژوویی - کۆمەڵایەتییەکانی ژیانن، دەیهەوێت باسی دەستووری بنەڕەتی ئەڵمانیای ئەو سەردەمەش بکات کە شۆڕشەکە دژ بە ئەو ڕووی داوە. دەیەوێت بیسەلمێنێت کە تیۆرییە سیاسی و ئایینییەکان هۆکار نەبوون بەڵکو بەرهەم و دەرەنجامی ئەو قۆناغە لە گەشەی کشتوکاڵ، پیشەسازی، ڕێگەی وشکێنی و ئاوی، وە هەروەها بازرگانی و داراییەکان بوون کە ئەو کات لە ئەڵمانیا بوونیان هەبووە. ئەم بۆچوونە کە تاقە بۆچوون و تێگەیشتنی ماتریالیستیە لە مێژوو، لە مارکسەوە ڕیشەی وەرگرتووە نەک لە خۆم، وە دەکرێت لە بەرهەمەکانی ئەودا سەبارەت بە شۆڕشی 1849-1848 ببینرێتەوە کە لە هەمان گۆڤاردا و لە کتێبی *هەژدەی بورۆمێری لوییس بوناپاردا* نووسراوە.
تەریبی و لێکچوونی شۆڕشەکانی ئەڵمانیا لە 1525 و 1849-1848 ئەوەندە ڕوونە کە ناکرێت بەرانبەر بە ئەو کەمتەرخەم بین. بەڵام لەپاڵ هاوشێوەیی ڕووداوەکان لە هەردوک کەیسەکەدا، بۆ وێنە سەرکوتکردنی یەک لە دوای یەکی شۆڕشە ناوچەییەکان لە لایەن سوپای شازادەکانەوە، وە هاوشێوەییەکی کۆمیک کە لە کردەوەی چینی مامناوەندی شاریدا بەدی دەکرا، جیاوازییەکی زۆر ڕوونیش لە ئارادا بوو.

> کێ سوودی لە شۆڕشی ساڵی 1525 بینیوە؟ شازادەکان. کێ قازانجی لە شۆڕشی 1848 برد؟ شازادە گەورەکانی نەمسا و پڕووس. لە پشت شازادەکانی 1525دا چینی مامناوەندی خوارەوەی شارەکان ڕاوەستابوون کە لە ڕێگەی باجەوە وەک زنجیر پێکەوە چنرابوون. لە پشتی شازادە گەورەکانی 1850دا بورژوا گەورە و مۆدێرنەکان ڕاوەستابوون، کە زۆر بە خێرایی ئاوگی قەرزە دەوڵەتییەکانیان لە مل کرابوو. لە پشتی ئەو بورژوا گەورانەیشەوە پرولتەرەکان ڕاوەستاون.

زۆر بەداخەوەم بۆ ئەو ڕێز و حورمەتە زۆرەی کە لەم پەڕاگرافەدا بۆ بورژوازی ئەڵمانیا دانراوە. ڕاستییەکە ئەمەیە کە بورژوازی [لە نەمسا و پڕووس] دەرفەتی ئەوەی هەبووە کە بە قەرزە دەوڵەتییەکان مونارشەکان ″زۆر بە خێرایی لەغاو بکات.″ بەڵام قەت لە هیچ شوێنێکدا بەهرەی لەم دەرفەتە وەرنەگرت.
لە ئاکامی جەنگی 1866، نەمسا وەک خەڵاتێک کەوتە ئامێزی بورژوازییەوە، بەڵام بورژوازی نازانێت چۆن حوکمڕانی بکات. لە هەموو شتێکدا بێدەسەڵات و نەزانە. تەنیا یەک شت چاک دەزانێت: هێرشکردنە سەر کرێکاران ئەو کاتەی کە دەیانەوێت جموجۆڵێک بکەن. تاقە هۆکاری مانەوەی بورژوازی لەسەر کار ئەوەیە کە مەجارستانییەکان پێویستیان پێیەتی.
ئەی لە پڕووس؟ لە ڕاستیدا، قەرزی دەوڵەت بەردەوام زیاد دەکات. کەمهێنانی بوودجە بووە بە ڕەوتێکی باو و هەمیشەیی. خەرجەکانی دەوڵەت ساڵ لە دوای ساڵ بەردەوام بەرز دەبێتەوە. بورژواکان لە پارلەمان هێزی زۆرینەن. بە بێ دەنگی ئەوان نە دەکرێت باج زۆر بکرێت نە قەرزێکی زۆرتر وەربگیردرێت. بەڵام ئەی لە نێو دەوڵەتدا دەسەڵاتیان لە کوێدایە؟ تەنیا دوو مانگ لەوە پێش بوو کاتێک کە باسی کەمهێنانی بوودجە لە گۆڕێدا بوو ئەوان لە باشترین دۆخ و پێگەدا بوون. دەیانتوانی بە هەندێک خۆڕاگرییەوە

کۆمەڵێک خاڵ و مافی تایبەت بۆ خۆیان دەستەبەرکەن. بەڵام بەرپەرچ و کردەوەی ئەوان چی بوو؟ ئەوان بەوەندە قەناعەتیان کرد کە حکوومەت ڕێگەیان پێ بدات 9 ملوێنی پێشکەش بکەن، ئەویش نەک بۆ ساڵێک بەڵکو بۆ هەمووساڵێک ئەوبڕە پارەیە کۆ بکرێتێەوە.

نامەوێت نوێنەرە "لیبراڵە نەتەوەییەکان" زۆرتر لەوەی کە شیاویانە سەرکۆنە بکەم. دەزانم کە ئەوان لە ژێر گوشاری ئەو کەسانەدان کە لە پشتیانەوە ڕاوەستاون، واتە ئاپۆرەی بورژوازی. ئەم ئاپۆرەیە حەزیان لە حکوومەتکردن نییە. بورژوازی هێشتا ڕووداوەکانی 1848 لە بیر نەکردووە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی بورژوازی ئەڵمانیا وەها خەسڵەتێکی سەرسووڕهێنەری هەیە دواتر باس دەکەین.

بەڵام بەگشتی، ڕاستیی ئەو وتەیەی سەرەوە بە تەواوەتی پشتڕاست کراوەتەوە. لە ساڵی 1850وە بە پاشەکشەی بەردەوامی دەوڵەتە بچووکەکان، کە هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ پرووس و نەمسا بە کار دەهێنران، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرد. نەمسا و پرووس کەوتنە ململانێیەکی ڕوولەزێدە بۆ سەروەریکردن بە سەر یەکتردا. لە کۆتاییدا، پێکدادانی ترسناکی ساڵی 1866ی لێکەوتەوە. نەمسا توانی هەموو پارێزگاکانی خۆی بپارێزێت و پرووس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەموو باکووری خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە؛ ئەمە لە کاتێکدا بوو کە چارەنووسی سێ پارێزگای باشوور هەروا بەنادیاری مابووەوە.

لە ناو هەموو ئەم چالاکییە گەورانەی دەوڵەتدا تەنیا ئەم خاڵانەی ژێرەوە گرنگیی تایبەتیان بۆ چینی کرێکاری ئەڵمانیا هەیە:

یەکەم، مافی دەنگدانی گشتی ئەو هێزەی بە کرێکاران بەخشی کە ڕاستەوخۆ نوێنەر بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانان بنێرن.

دووەم، پرووس وەک نموونەیەکی باش توانی بە مەرحەمەتی خوداوەند سێ تاج و تەخت قووت بدات. ئەمەی کە لە پاش ئەم کارە، تاجەکەی خۆی بە مەرحەمەتی خودا هەروا بە پاکی و بێخەوشی، وەک خۆی دەڵێت، هێشتوەتەوە شتێکە کە تەنانەت ئازادیخوازە نەتەوەییەکانیش چیتر بڕوای پێ ناکەن.

سێهەم، لە ئێستادا لە ئەڵمانیا تاقە یەک دوژمنی جیددی بۆ شۆڕش هەیە ئەویش حکوومەتی پرووسە.

چوارەم، خەڵکی نەمسا ـ ئەڵمانیا ناچاربوون ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە دەیانەوێت چی بن، ئەڵمانی یاخود نەمسای؛ دەیانەوێت سەربە کوێ بن، ئەڵمانیا یاخود پەیوەست بن بە ترانسلێتانیاوە (Transleithania) [[واتە هەرێمەکانی پاشایەتی سەن ستێفان]]. زۆر لەمێژە ئەمە ڕوونە کە ئەوان دەیانەوێت یەکێک لەم دوانە جێبهێڵن. بەڵام بەردەوام هەتاکوو ئەمڕۆکە لە لایەن دیموکراسیی وردەبورژوازییەوە بێدەنگی لێ هێنراوە.

هەر وەک ئەو کێشە و ناکۆکیانەی دیکە کە پێوەندیان بە ساڵی 1866ەوە هەیە و تا ئاستێکی قیزەونانە لە نێوان "لیبێڕاڵە نەتەوەییەکان" لە لایێکەوە و پارتی نەتەوە لە لایەکی ترەوە قسەی لەسەر کراوە، ساڵانی

داهاتوو نیشانی دەدات کە ئەم دوو جەمسەرە بۆیە ئاوا بە توندی لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو بوونەتەوە چونکا هەردوکیان دوو جەمسەری دژبەیەک لە یەک جۆرە گەمژەیین.

ساڵی 1866 گۆڕانگارییەکی ئەوتۆی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیادا دروست نەکرد. چەند ڕیفۆرمی بورژوازی، بۆ وێنە یەکدەستکردنی ئامڕازەکانی کێشان و پێوان، ئازادی هاتوچوو و ئازادی کار و کەسابەت و هتد.، کە هەموویان لە لایەن بۆرۆکراسییەوە سنووردار کرابوون، هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە بورژوازیی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئەورووپا وەدەستیان هێنابوو، وە زیانە سەرەکییەکان، واتە سیستمی سەروەرییەکانی (Privilages) بورکراسییەکان، هەروا مایەوە و دەستی لێ نەدرا. لە بۆ پرۆڕلتەریا، ئازادی هاتوچوو، ئازادی شارۆمەندی، لابردنی پەسپۆرت و هەروەها یاساکانی دیکە، بە هۆی کردەوەی باو و جێکەوتووی پۆلیسەوە هەروا بە ناڕوونی مایەوە.

لە مانۆڕە گەورەکانی دەوڵەت لە ساڵی 1866دا یەک شت لە هەمووان گرنگترە، ئەویش بەرزبوونەوەی ئاستی پیشەسازی و بازرگانی، هێڵی ئاسن، تەلەگراف و پاپۆڕسازی هوڵمی وڵاتی ئەڵمانیا لە ساڵی 1848دایە. لەوانەیە ئەم جۆرە پێشکەوتنە لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئینگلاند یان تەنانەت فەڕەنسا گەلێک لەدوا بێت بەڵام بۆ وڵاتی ئەڵمانیا شتێکی بێوێنە بوو، واتە لە ماوەی بیست ساڵدا بەقەد هەموو ئەو سەدەیە پێشکەوت. ئەوا ماوەیەکی زۆر نییە کە ئەڵمانیا بە چەشنێکی جیددی و حاشاهەڵنەگر توانیویەتی شوێنێک بۆ خۆی لە بازرگانی جیهانیدا بدۆزێتەوە. ئەو سەرمایەیەی کە لە بەشی پیشەسازیدا دانراوە زۆر بە خێرایی زیادی کردووە و چەند ئەوەندە بووەتەوە. بە هەمان ڕێژە، پێگەی کۆمەڵایەتی بورژوازیش بەرز بووەتەوە. دڵنیاترین نیشانەی چرۆکردن و بووژانەوەی پیشەسازی - بە بیرمەندییەوە - ئەوە بوو کە شازادە و دووکەکان توانیان لەغاو بکەنە ملی عەڕەبانەی سەرکەوتن و لەو گێژی و سەرلێشێواوییەی ڕابردوو دەربێنن. سەرمایەی ئەڵمانی ئێستاکە خەریکە هێڵی ئاسنی ڕووسیا و ڕۆمانیا چێ دەکات، ئەمە لە حاڵێکدایە کە تەنیا 15 ساڵ لەوە پێش بوو کە کەرتی هێڵی ئاسنی ئەڵمانیا سواڵی لە پەیمانکارە ئینگلیەکان دەکرد. بەڵام دەی چۆن دەکرێت بورژوازی بەم شێوەیە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە نەگرێت، وە لە بەرانبەر حکوومەتدا ئاوا بەم شێوە ترسنۆکانە بجووڵێتەوە؟

نەیامەتی بورژوازی ئەڵمانیا لەوەدا بوو کە درەنگ گەیشتە جێ - ڕێک بەپێی ئەو نەریتە ئەڵمانییە پەسندکراوە. قۆناغی پشکووتنی ئەڵمانیا هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە بورژوازی وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە باری سیاسییەوە ڕوویان لە کزبوون نا. لە ئینگلاند بورژوازی توانی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی، واتە برایت (Bright)، بنێرێتە سەر دامودەزگای حکوومەت، کە ئەمەیشی تەنیا لە ڕێگەی پەرەدان بە مافی دەنگدانەوە جێبەجێ کرد و لە درێژخایەندا کۆتایی بە زاڵیەتی فراوانی بورژوازی هێنا. لە فەڕەنسا، بورژوازی کە تەنیا بۆ ماوەی دو ساڵ واتە 1849 و 1850 وەک چینێک لە ڕێگەی ڕێژیمی کۆمارییەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، توانی تەنیا لە ڕێگەی گوازتنەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ سوپا و لوویی بوناپارت، درێژە بە

بوونی چینایەتی خۆی بدات. لە بارودۆخی هەنووکەییدا و لە کاتێکدا کە سێ وڵاتی هەرەپێشکەوتووی ئەوروپی بەردەوام زۆرتر و زۆرتر پەیوەست بە یەکتر دەبن، ئیتر ئەم ئیمکانە بۆ بورژوازی ئەڵمانیا نییە کە بە فراوانی دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ خۆی دەستبەرە بکات لە کاتێکدا کە تەمەنی هەمان چین لە ئینگلاند و فەرەنسا ڕووی لە کۆتاییە. ئەمە ئەو تایبەتمەندییەی بورژوازییە کە لە چینەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، واتە لوتکەیەک لە گەشەسەندنیدا هەیە کە لە دوای ئەوە هەر چەشنە زیادبوونێک لە دەسەڵاتیدا، کە هەمان زۆربوونی سەرمایەکەیەتی، تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرتر و زۆرتر لە ڕاگرتنی زاڵییەتی و دەسەڵاتی سیاسیدا ناتوان بێتەوە. "لە پشتی سەری بورژوازیدا پرۆلتەرەکان ڕاوەستاون." هەرچەنێک بورژوازی گەشە بە پیشەسازی، بازرگانی و ئامێرەکانی پێوندیی خۆی بدات بەهەمان ڕێژە پرۆلتەری زۆرتر دروست دەکات. لە خاڵێکی دیاریکراودا، کە پێویست ناکات حەتمەن هاوکات بن یاخود لە قۆناغێکی هاشێوە لە گەشەکردندا لە هەموو شوێنێکدا دەرکەون، لەمە تێدەگات کە خودی دووەمی خۆی [واتە پرۆلتەریا،] لە خۆی زۆرتر گەورە بووە. لەوەبەدوایە کە دەسەڵاتی زاڵییەتیی سیاسیی تایبەت بەخۆی دەدۆڕێنێت. لێرەدایە کە بۆ هاوپەیمانانێک دەگەڕێت کە دەسەڵاتی خۆی لەگەڵیان دابەش بکات، یاخود بە پێی هەلومەرجەکان هەموو دەسەڵاتیان پێ ببەخشێت.

لە ئەڵمانیا ئەم خاڵی وەرچەرخانە بۆ بورژوازی لە ساڵی 1848وە دەستی پێکرد. بورژوازی تووشی ترس ببوو، ئەویش نەک لە پرولتەری ئەڵمانیا بەڵکو لە پرۆلتەری فەرەنسا تۆقیبوو. جەنگی مانگی جوونی 1848 لە پاریس ئەمەی بە بورژوازی نیشاندا کە پێدەچێت چ چارەنووسێک چاوەڕوانی بکات. پرۆلتەریای ئەڵمانیا هیچ ئۆقرە و ئارامێکی نەمابوو بۆ ئەوەی بە بورژوازی بسەلمێنێت کە تۆوی شۆڕش لە خاکی ئەڵمانیاش چەکەرەی کردووە. لەو ڕۆژە بەدوا شێوازەکانی کرداری سیاسی بورژوازی تووشی هەڵوەرین بووە. لە دەوری خۆی بۆ هاوپەیمانانێک دەگەڕێت. بە هەر نرخێک ئامادەیە خۆی بەوان بفرۆشێت، وە ئێستاکە لەم خاڵەدا ماوەتەوە.

ئەم هاوپەیمانانە هەموویان کۆنەپەرەستن. لە لایەکدا دەسەڵاتی پادشا و سوپا و بوروکراسی ڕاوەستاوە؛ لە لایەکی تردا ئەعیانە فیۆدالەکان؛ لە شوێنێکدا مڵکدارە بچوکاکان؛ و لە دوای ئەمانە پیاوە ئایینیەکان. بورژوازی، بۆ ئەوەی گیانی شیرینی خۆی بپارێزێت، لەگەڵ هەموو ئەمانە یەکیەتی پێکهێنا و پەیمانی بەست؛ ئێستاکەش هیچ شتێکی دیکەی بۆ گۆڕینەوە نەماوە. هەرچەنێک پرۆلتەریا زۆرتر گەشە دەکات و دەیهەوێت خۆی وەک چینێک پێناسە بکات و وەک چینێک بجووڵێتەوە، بورژوازی لاوازتر دەبێتەوە. کاتێک کە ستراتژییە زۆر خراپەکەی پرووس لە سادۆوا (Sadowa) بەسەر ستراتژییە زۆر خراپترەکەی نەمسادا سەرکەوت، بە ئاسانی نەدەکرا بڵێین کە کامیان هەناسەیەکی ڕاحەتییان هەڵکێشا، بورژوازی پرووس کە لە سادۆوا جەنگا یاخود هاوتاکەی لە نەمسا.

بەرەی سەرەووەی چینـی مامناوەنـدی ئـێمە لە سـاڵی 1870دا بە هەمـان شـێوازی بەرەی ناوەڕاسـتی چینـی مامناوەندی ساڵی 1525 هاتە مەیدان. بەڵام وردەبورژواکان، خاوەن پیشەکان و مامەڵەچییەکان بە هەمان شـێوەی پێشـوو مـانەوە. ئەوان بەئـاواتەوەن کە بەرەو بـورژوازی گەورە سـەرکەون و دەشترسـن کە بەرەو ڕیزەکانی پرۆلتەر دابەزن. لە نێوان ئەم هیوا و ترسـەدا هەوڵ دەدەن لەم کێشـەیەدا پارێزگـاریی لە بـوونی خۆیان بکەن و کاتێک کە ململانێکە دوایی هات بچنە بەرەی سەرکەوتوو. ئەمە سروشتی ئەوانە.
لەگەڵ پەرەسەندی خێرای کەرتـی پیشەسـازی، چـالاکییە کـۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانی پرۆلتەریـایش لە ساڵی 1848وە زیادی کردووە. ئەو ڕۆڵەی کە کرێکارانی ئەڵمانیا لە یەکیەتیـیە بازرگانییەکـانی خۆیانـدا، لە ئەنجومەنەکانیاندا، لە ڕێکخراوە سیاسی و کۆبـوونەوە گشـتییەکانیاندا، لە هەڵبژاردنەکانـدا و لە ڕایشـتاگدا [[(پارلەمانی ئەڵمانیـا)]][1] توانـدوویانە بە تەنیـا بەسـن بـۆ نیشـاندانی ئەو ئـاڵوگۆڕانەی کە لە بیسـت ساڵی ڕابـردوودا بەسـەر ئەڵمانیـادا هـاتووە. ئەمە مـایەی شـانازیی کرێکـارانی ئەڵمانیـایە کە ئەوان بە تەنیـایی توانیویانە کرێکاران و نوێنەرانی کرێکاران ڕەوانەی پەرلەمان بکەن - سەرکەوتنێک کە کرێکارانی فەڕەنسـا و ئینگلاند هەتاکو ئەمڕۆ بە ئەنجامیان نەگەیاندووە.
بەڵام تەنانەت پـرۆلتەریش هەنـدێک هاوشـێوەیی لەگەڵ ئەوانەی 1525 هەیە. ئەم چیـنە لە جەمـاوەر کە بەتەواوەتی و بەردەوام پەیوەست بووە بە حەقدەستەکانیەوە، ئێسـتاکەش هەروەک جـاران کەمینەیـێکە لە خەڵکـی ئەڵمانیـا. ئەم چیـنەیش ناچـارە بەدوای هاوپەیمانێکـدا بگەڕێـت. تەنیـا لە نـاو وردەبوروژواکـان، لـۆمپەن پرۆلتەرەکـانی شـارەکان، جووتیـارە بچووکەکـان و کرێکـارە مزگرەکـانی زەویـدا دەتوانێـت ئەم هاوپەیمانانە بدۆزێتەوە.
ئێمە لە سـەرەوە باسـی وردەبـورژوازیمان کـرد. ئەم چیـنە هـیچ جێـی مـتمانە نیـیە، مەگەر لەو کـاتەدا کە سەرکەوتنێک بەدەست هاتبێت. لەم کاتەیشدا دەنگەکانیان مەیخانەکان دەشڵەژێنێت. سەرەڕای ئەمـانە، کەسایەتی باشیش لە ناویاندا هەیە کە بەپێی حەزی خۆیان، تێکەڵ بە ڕێبازی کرێکاران دەبن.
لۆمپەن پرۆلتەریا، واتە پاشماوەی توخمە ڕزاوەکانی هەموو چینەکـان، کە ناوەنـدگەلێکی فەرمانـدەییان لە هەموو شارە گەورەکان چێ کردووە، خراپترین جۆری هەوپەیمانن. ئەم پاشماوانە بە ئاسـانی دەکـڕدرێن و گەلێک بێباکیشن. ئەگەر کرێکارانی فەڕەنسی لە سەردەمی شۆڕشدا لە سەر دیواری ماڵەکان دەیاننوسـی: Mort aux Voleurs (مردن بۆ دزەکان) و تەنانەت هەندێکیشیان گوللەبـاران دەکـردن، لەبەر حەزی پاراسـتنی خاوەندارێتی نەبووە بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە بە دروستی دەیـانزانی بـۆ ئەوەی لە شـەڕڕی ئەوان ڕزگـار بـن پێویستە ئەو کارە بکەن. هەرەیەک لە ڕێبەرانی کرێکاران کە لەم بەرەڵلا - پرۆلتەرانە وەک پاسەوان یاخود پشتیوان کەڵکی وەرگرتووە، تەنیا بەم کردەوە سەلماندوویەتی کە چەندە خائینە بە بزووتنەوەکە.

---

[1] . لە هەر شوێنێکدا هێمای [[]] بینرا ئەوا لەلایەن وەرگێڕەوە، بە مەبەستی ڕوونتر بوونەوەی واتای ڕستەکە، خراوەتە سەر دەقەکە. (وەرگێڕ)

جووتیارە بچووکەکان یەکدەست نین (جووتیارە گەورەکان خۆیان وەک بورژوان). ئەوان یان غولامانێکن کە گرێدراوی ئەرباب و لۆردەکانیانن، یاخود کرێچین و بارودۆخیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ئەو بارودۆخەیە کە لە ئیرلەند هەیە. [[لە حاڵەتی یەکەمدا]] بورژوازی نەیتوانیوە ئەرکی خۆی لە ئازادکردنی ئەم خەڵکە لە غولامی و کۆیلەتی بەجێبێنێت، هەر بۆیە دەکرێت بە ئاسانی بەو قەناعەتە بگەیێندرێن کە ڕزگاربوونیان تەنیا لە دەستی چینی کرێکاردایە. [[لە حاڵەتی دووهەمدا]] کرێکان گەلێک زۆرن و تەنانەت لەو کاتانەدا کە بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی مامناوەنددایە، جووتیار و خێزانەکەی بە سەختی دەتوانن بژین؛ کاتێکیش کە بەرهەم باش نییە لە ڕاستیدا بە برسیەتی دەژین. کاتێک ناتوانێت کرێکەی بدات ئەوا بە تەواوەتی پشتبەست دەبێت بە بەزەیی خاوەن زەوییەکەوە. بورژوازی تەنیا ئەو کاتە هەوڵێک بۆ ڕزگاریی ئەمانە دەدات کە ناچار بێت. کەوابوو، ئەم کرێچییانەش جگە لە کرێکاران لە کێ دەبێت چاوەڕوانی ڕزگاربوونیان بکەن؟

تەنیا یەک گرووپ لە جووتیاران دەمێنێتەوە، واتە ئەوانەی کە زەوییەکی بچووکی خۆیان هەیە، واتە خاوەن ملکێکی بچووکن. زۆربەی جار ئەمانەیش ئەوەندە لە ژێر باری گرێو و بارمتەکاندا دەچەمێنەوە کە بەتەواوەتی دەبەسترێنەوە بە ڕیباخۆرەکانەوە، ڕێک بە هەمن شێوە کە کرێچییەکانە دەبەسترێنەوە بە خاوەن زەوییەکانەوە. ئەوەی ئەوان وەدەستیان دەکەوێت حەقدەستێکی بێبەرەکەت و بژی و نەمرە، کە ئەمیش بەپێی چاکبوون یاخود خراپبوونی بەرهەمەکان، بە هیچ جۆرێک جێی متمانە نییە. ئەم خەڵکەش ناتوانن هیوایەکیان بە بورژوازی بێت، چونکا ئەمە بورژوازییی، واتە ڕیباخۆرەکانی سەرمایەدارییە کە ژیان و خوێنی ئەوان دەمژێت. ئەوان بە تەواوەتی لکاون بە ملکەکانی خۆیانەوە، هەرچەند ئەوانە لە ڕاستیدا ملکی ئەوان نین و هیی ڕیباخۆرەکانە. پێویستە ئەمە بۆ ئەو خەڵکە ڕوون بکرێتەوە کە تەنیا ئەو کاتەی کە دەوڵەتێکی خەڵکی بێتە سەر کار و هەموو ئەم گرێو و بارمتانە بگۆڕێت بە قەرزێک لە ئەستۆی دەوڵەت و، بەم شێوەیە ڕێژەی سوودەکان دابەزەێنێت، ئەمجار ئەوان دەتوانن خۆیان لە شەڕی ئەم ڕیباخۆرانە ڕزگار بکەن. بەڵام، ئەمەش تەنیا بە دەستی چینی کرێکار جێبەجێ دەکرێت.

لە هەر شوێنێک کە خاوەنملکە گەورە و مامناوەندەکان دەسەڵاتیان هەیە، کرێکارە حەقدەستییەکان چینێکن کە زۆرترین حەشیمەتیان هەیە. ئەم دۆخە لە سەرانسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیادا بوونی هەیە؛ لێرەدایە کە کرێکارانی بەشی پیشەسازی شار دەتوانن زۆرترین و سروشتیترین هاوپەیمانەکان بۆ خۆیان بدۆزنەوە. هەروا کە سەرمایەدارەکان بەرەوڕووی کرێکارە پیشەسازییەکان دەبنەوە، خاوەنزەوییە گەورەکان یان کرێدەرە گەورەکانیش بەرەوڕووی کرێکارە حەقدەستییەکان و کرێچییەکانی زەوی دەبنەوە. ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە یارمەتیدەری یەکێکیانە یارمەتیدەری ئەوی دیکەشیانە. کرێکارانی پیشەسازی تەنیا کاتێک دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن کە سەرمایەی بورژوازی، واتە مادده خاوەکان و مەکینە و ئامێرەکان و شتومەکە خۆراکییە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنان، بکەن بە داراییەکی کۆمەڵایەتی؛ واتە

بـیکەن بە دارایـی خۆیـان، بـۆ ئەوەی بکرێـت هاوبەشـانە کەڵکیـان لـێ وەربگیردێـت. بە هەمـان شـێوە، کرێکارە حەقدەستییەکانی زەویش دەتوانن خۆیان لەو چەرمەسەرییە قیزەونە ڕزگار بکەن تەنیا ئەو کـاتەی کە بەر لە هەمـوو شـت بـابەتی سـەرەکیی کارەکەیـان، واتە خـودی زەوییەکـان لە دەسـتی خاوەنـدارێتی تایبەتیی جووتیارە گەورە و ئەربابە فیۆدالەکان دەربهێنن و بگۆڕدرێن بە داراییەکی کـۆمەڵایەتی؛ ئەمە ئەو داراییەبە کە دەبێت لە لایەن ئەنجومەنێـک لە کرێکـارانی زەوی و لەسـەر بنەمـایەکی هـاوبەش پەروەردە بکرێت و سوودی لێ وەربگیردرێـت. لێـرەدایە کە دەگەیـنەوە ئەو بڕیـارە گرنـگ و بەناوبـانگەی گـۆنگرەی سۆشیالیستی ئەنترناسیۆناڵ لە باسل (Basle): ئەمە داڵغە و حەزی کۆمەڵگەیە کە دارایـی و خاوەنـدارێتیی [تایبەتی] زەوی بگۆڕدرێت بۆ دارایـی و ملکییەتێکـی کـۆمەڵایەتی. ئەم بڕیـارە پـێش لە هەمـووان بـۆ ئەو وڵاتانە دراوە کە خاوەنـدارییتی گەورەی زەوی و سـەرمایەی کشـتوکاڵیی زۆر گەورە و زەبەلاحیـان هەیە و، لەوانـدا یەک ئەربـاب و ژمـارەیەکی زۆر کرێکـاری حەقدەسـتگر بوونیـان هەیە. ئەم بـارودۆخە هێشـتا لە ئەڵمانیـا بـاوە، هەربـۆیە لە پـاش ئینگلانـد ئەم بڕیـارە بـۆ ئەڵمانیـا زۆر گونجـاوە. پـرۆلتەری کشـتوکاڵی و کرێکارانی مزگری زەوییەکان ئەو چینەن کە کۆی سوپاکانی شازادەکان پێکدەهێنن. ئەوە ئەم چینـەیە کە بە بەرەکەتی دەنگدانی گشتیی ئەوانەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەربابە فیۆدالەکان و خاوەن ملکەکـان ڕەوانەی پارلەمـان دەیـن. بەڵام، ئەم چیـنە نـزیکترین چینیشـە لە کرێکـارانی پیشەسـازیی شـار. بـارودۆخێکی هاوشـێوەیان لە ژیانیانـدا هەیە و تەنـانەت زۆرتـر لە کرێکـاران لە چەرمەسـەریدا دەژیـن. ئەم چیـنە دەسـەڵاتێکی نیـیە چونکـا لێکـترازاو و پەڕتەوازەیە، بەڵام دەسـەڵاتێکی شـاراوەی هەیە کە حکـوومەت و ئەعیانەکان بەباشـی ئاگـاداری هەن، هەربـۆیە لەقەسـدی ڕێـگە لە هەرەسـهێنانی قوتابخانەکـان نـاگرن، چونکا دەیانهەوێـت جەمـاوەری گوندنشـین هەروا لە نەزانـی و جەهلـدا بمێنـنەوە؛ کەوابـوو دەبێـت لە خەو هەستن و بە جووڵە بخرێن. ئەمە گرنگترین ئەرکی خێرای بزووتنەوەی کرێکـاریی ئەڵمانیـایە. کاتێـک کە ئاپۆرەی کرێکارانی زەوی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێبگەن، ئیتر هەبوونی حکوومەتێکی کۆنەپەرەستیی فیۆدال، بوروکرات یاخود بوروژوا لە ئاڵمانیا نامومکین دەبێت.

## پاشکۆیەک بۆ پێشەکی

ئەو دێڕانەی سەرەوە پتر لە چوار ساڵ لەمەوبەر نووسراون و ئەمڕۆکەیش هێشتا ڕاستن. ئەوەی لە دوای سادۆوا و دابەشبوونی ئەڵمانیا حەقیقەتی هەبوو لەدوای جەنگی سێدان و بەرپابوونی ئیمپراتووریەتی پیرۆزی پرووسی ئەڵمانیاش (Holy German Empire of Prussian) پشتڕاست کرایەوە. لەواقیعدا چالاکیگەلێکی "جیهانهەژێنەری" کەم هەن کە دەوڵەتەکان بتوانن ئەنجامی دەن و لەو بوارەدا کە پێی دەگوترێت سیاسەتە زەبەلاحەکان، ڕەوتی گەشەی مێژوو بگۆڕن.

ئەوەی دەکرێت لە بەرانبەر ئەم چالاکییە گەورانەی دەوڵەتەکاندا بکرێت ئەوەیە کە ڕیتم و ئاهەنگی جووڵە مێژووییەکە خێراتر بکرێتەوە. لەم بارەیەدا، بناغەدانەرانی ئەو ڕووداوە "جیهانهەژێنانە"ی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، بە چەشنێکی نەخوازراو کۆمەڵێک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە کە بێگومان حەزیان پێ نەکردووە، بەڵام لەهەرحاڵدا دەبوا پەسندی بکەن.

جەنگی 1866 بناغەکانی پرووسی کۆنی هەژاند. لەدوای 1848 گەلێک سەخت بوو کە توخمە ڕاپەڕیوە پیشەییەکانی پارێزگا ڕۆژئاواییەکان، واتە بورژوا و پرۆلتەریا، بهێننەوە ژێر ئەو نەزم و دیسیپلینە کۆنە. بەڵام تا ڕادەیەک ئەو کارە کرا، وە بەرژەوەندییەکانی یونکێرەکانی (junker) پارێزگا ژۆرهەڵاتییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سوپا، جارێکی دیکە بوون بە هێزی زاڵ لە دەوڵەتدا. لە ساڵی 1866دا بەگشتی هەموو بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا بوو بە هیی پرووس. جیا لەو زیانە ئەخلاقییە لاعیلاجانەی کە لە ئاکامی قووتدانی سێ تاج و تەخت - بەرەکەتی خوداوەند - وەبەر تاج و تەختی پرووسی کەوت، ئێستا ناوەندی چەقبەستنی پاشایەتی ڕووی لە بەشی ڕۆژئاوا کردووە. چوار ملوێن ڕاینلەندی (Rhineland) و وێستفالی (Westphal)، سەرەتا بە هێنانی ڕاستەوخۆی چوار ملوێن ئەڵمانی لەلایەن هاوپەیمانی باکوری ئەڵمانیا و دواتر بە هێنانی شەش ملوێن بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەوێ، بەهێز کرانەوە. بەم حاڵەش، لە 1870دا هەشت ملوێن ئەڵمانی باشووری ڕۆژئاواش بەوان زیاد کرا، واتە لەم "پاشایەتییە نوێیەدا" چواردە ملوێن و نیو پرووسی کۆن (هەموو شەش پارێزگاکەی ئێلبی (Elbian) ڕۆژهەڵات و لە نێو ئەواندا دوو ملوێن پۆڵند) لە بەرانبەر 25 ملوێندا کە ماوەیەکی زۆر بوو دەسەڵاتی فیۆداڵە یونکێرە پرووسییەکانیان ڕەت کردبووەوە. بەم شێوەیە، هەر ئەم سەرکەوتنانەی سوپای پرووس بوو کە سەرجەم هەموو کۆڵەکەکانی دەوڵەتی پرووسی جێبەجێ کرد؛ تەحەمولی زاڵییەتی یونکێرەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەناتەت بۆ دەوڵەت سەختتر بووەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ململانێی نێوان بورژوازی و کرێکاران بە هۆی پێشکەوتنی سەرکێشانەی پیشەسازییەوە بابەتێکی حەتمی بوو و کاریگەری لەسەر بەستێنەکانی ململانێی نێوان یونکێرەکان و بوروژوازی دانا؛ واتە لە ناوخۆیشدا بنەما کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەتی کۆن گۆڕانکارییەکی تەواوی بەسەردا هات. لە ساڵی 1840ەوە ئەو مەرجەی کە ببوە هۆی مانەوەی مونارشیی ڕوو لە لاوازی، ململانێی نێوان

ئەعیانەکان و بورژوازی بوو کە لەوێدا مونارشی هاوسەنگ دەمایەوە. بەڵام ، لەو کاتەوە کە بەرگریکردنی [دەوڵەت] لە ئەعیانەکان لە بەرانبەر گوشاری بوروژوازیدا شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، بەرگریکردن لە هەموو چینە خاوەن مڵکەکانیش لە بەرانبەر گوشاری چینی کرێکاردا شتێکی پێویست بوو، هەربۆیە پاشایەتی ڕەها ناچار بوو فۆڕمی ئەو دەوڵەتە بەخۆیەوە بگرێت کە بە تەواوەتی بۆ ئەو ئامانجە تایبەتە داڕێژرابوو، واتە پاشایەتی بوناپارتیسم. من لە شوێنکی تردا ئەم گۆڕانەی پڕووس بۆ بوناپارتیسمم باس کردوە (کێشەی خانوبەرە، دەفتەری دووەم، لاپەڕەی 26). ئەوەی لەوێدا لەسەری جەختم نەکردووە و لێرەدا گەلێک گرنگە ئەمەیە کە ئەم گۆڕانکارییە گەورەترین پێشکەوتن بووە لە بۆ پڕووس لە دوای 1848، کە نیشانی دەدات چەندە پڕووس لە گەشەی مۆدێرن بەدوا کەوتووە. ئەمە واقیعیەتێکە کە پێمان دەڵێت دەوڵەتی پڕووس هێشتا دەوڵتێکی نیوچەفیودالی بووە، لە حاڵێکدا بوناپارتیسم لە هەرحاڵدا فۆڕمێکی مۆدێرن لە دەوڵەت بوو کە پێشمەرجەکەی بریتی بوو لە لەناوچوونی فیودالیسم. کەواتە، پڕووس دەبێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە پاشماوەکانی فیودالیسم فڕێ بدات و یونکێرەکانیش بە هەمان شێوە قوربانی بکات. سروشتییە کە ئەمە بە هێمنانەترین شێوازی خۆی مومکین دەبێت و پێویستە لە ژێر ئاهەنگی مێلۆدی "بەکاوەخۆ وەپێش کەوە" جێبەجێ بکرێت. نموونەیەک لەم چەشنە ڕیفۆرمە ئەوە بوو کە مافی تایبەتی یەکەیەکەی یونکێرەکان بەسەر مڵکەکانیاندا، واتە ڕێکخراوە بەدناوەکانیان لە شارەکان، زەوت کرا و لێیان وەرگیرایەوە؛ بەم شێوەیە سەروەرییەکانی خاوەنزەوییە گەورەکان لە هەموو هەرێمەکان پارێزرا و سەقامگیر کران. جەوهەر و ناوەڕۆکی بابەتەکە بە هەمان شێوەی خۆی مایەوە، تەنیا لە زمانی فیۆدالییەوە وەرگێڕدارەیە سەر زاراوەی بورژوازی. یونکێری پڕووسیی کۆن بە ناچار وەرگێڕدرایە سەر شتێک کە هاوشێوەی ئاغەگەورەی ئینگلاند (English squire) بوو. ئەو لە بەرانبەر ئەو گۆڕانەدا خۆڕاگرییەکی زۆری لە خۆی نیشان نەدا چونکا ئەم گەمژەییەش هەر هاوشێوەی ئەو گەمژەییەی دیکە دەبوو.

کەواتە ئەمە سەرکەوتنێکی ناوازە بوو بۆ پڕووس کە لە کۆتایی ئەمە سەدەیەدا نەک هەر شۆڕشە بورژواییەکەی خۆی کە لە 1813-1808 دەستی پێکردبوو و هەتاکو 1848 درێژەی پێ دابوو بگەیێنێتە ترۆپکی خۆی، بەڵکو لە فۆڕمی ئێستاکەی بوناپارتیسمیشدا بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی. ئەگەر هەموو شت بە خێر و خۆشی بچێتە پێش و جیهان جوان و بێدەنگ بمێنێتەوە و ئێمەیش تەمەنمان ڕێگەمان پێ بدات، ڕەنگە بمێنین و لە ساڵی 1900دا ببینین کە حکوومەتی پڕووس بەڕاستی سەرجەم هەموو دامەزراوە فیودالییەکانی لەناو بردووە و، لە کۆتاییدا بگاتە ئەو ئاستەی کە فەڕەنسا لە ساڵی 1792دا تێیدا بووە.

بە زمانێکی ئەرێنی ئەگەر بدوێین، لەناوچوونی فیۆدالیسم بە مانای دامەزراندنی بەستێنەکانی بورژواییە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی کە مافە تایبەتەکانی ئەعیانەکان لەناو دەچێت، بە هەمان ڕێژە ڕەوتی یاسادانان زۆرتر و زۆرتر بورژوایی دەبێتەوە. لێرەدایە کە جارێکی تر ئێمە دەگەینەوە ئەو خاڵە سەرەکییە کە بابەتی باسەکەمانە، واتە ڕوانگەی بورژوازی ئەڵمانیا بەرانبەر بە حکوومەت. ئێمە دیومانە کە حکوومەت ناچارە

ئەم ڕیفۆرمە ئارام و بچووکانە ئەنجام بدات، بەڵام لە پێوەندیی خۆی لەگەڵ بورژوازیدا، حکوومەت وادەنوێنێت کە ئەم مافە بچووکانە وەک قوربانیگەلێکن کە لەبەر بورژوازی کردوویەتی، وەک کۆمەڵێک مافن کە بە ڕەنج و چەرمەسەریی زۆر لە تاج و تەختی پاشایەتی وەریگرتووە و، چاوەڕوانی ئەوەش دەکات کە بورژوازیش لە بەرانبەریدا شتێک بۆ حکوومەت بکات. لە لایەکی ترەوە، بورژوازی کە بە تەواوی ئاگاداری ئەم بارودۆخەیە خۆی بە دەستی ئەم فێڵەوە دەدات. ئەمە سەرچاوەی ئەو ڕێکەوتنە بێدەنگە بوو کە بووە بە بنەمای باسەکانی راشتاگ و ئەنجومەن. لە لاییەکەوە حکوومەت ئەم یاسایانە بە شێوازێکی زۆر هێمنانە و لە پێناو بەرژەوەندی بورژوازیدا چاکسازی دەکات؛ ئەو بەربەستە فیۆدالییانە لە سەر ڕێگەی پیشەسازی لادەبەن کە لە دەوڵەتە ناوچەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن؛ یەکەییێکی تاک و هەمووانی بۆ سکە و پێوان و کێشان چێ دەکات؛ ئازادی بە بازرگانی و هتد. دەدات؛ ئازادی بە هاتوچوو و جووڵەکان دەبەخشێت؛ هێزیی کاری ئەڵمانیا بە بێ هیچ سنوورێک دەخاتە بەردەستی سەرمایەوە؛ هەلومەرجێکی گونجاو و باش بۆ بازرگانیی ئیحتیکار دەڕەخسێنێت. لە لایەکی دیکەوە بورژوازی سەرجەم هەموو دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینە ڕادەستی حکوومەت دەکات؛ دەنگ بە باجەکان، قەرزەکان و سەربازگری دەدات؛ یارمەتی دەوڵەت دەدات بۆ ئەوەی بە شێوازێک هەموو ئەو یاسا ڕیفۆرمیە نوێیانە بخەملێنێت کە بە پێی ئەوان دیسان دەسەڵاتی پۆلیسی کۆن بەسەر کەسانی ناشایستدا بە بەهێزترین شێوەی خۆی بمێنێتەوە. بورژوازی ڕزگاربوونی هێمنانەی کۆمەڵایەتیی خۆی بە نرخی چاوپۆشی کردن لە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دەکڕێتەوە. بە چەشنێکی سروشتی، ئەو دنەیەی کە ئەم ڕێکەوتنەی بۆ بورژوازی بەدیهێناوە ترس لە دەوڵەت و حکوومەت نییە بەڵکو ترس لە پرۆلتەریایە.

دەرکەوتنی بورژوازی لە بواری سیاسیدا کارەساتە، بەڵام نکۆڵی لەوەیش ناکرێت کە لەوەندەدا کە پێوەندیی بە پیشەسازی و داراییەوە هەیە بورژوازی ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ هێناوە. بەرزبوونەوەی ئاستی پیشەسازی و دارایی، کە لە پێشەکیی چاپی دووەمدا لە سەرەوە باسمان لێکرد، بە هێزێکی زۆر گەورەترەوە هەتاکو ئەمڕۆکە پێش کەوتووە. ئەوەی لە هەرێمی پێشەسازیی راینلاند و وێستفالێن لە ساڵی 1869وە هەتاکو ئەمڕۆکە ڕووی داوە لە بۆ ئەڵمانیا ڕووداوێکی شاز و بێوێنەیە و، مرۆڤ دەخاتەوە بیری ئەو گەشە خێرایەی کە لە هەرێمە پیشەسازییەکانی ئینگلاند لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ڕووی داوە. هەر ئەمە لە شارەکانی ساکسۆن (Saxony)، شیلیزیای سەرەوو (Silesia)، لە بەرلین، هانۆفیر و پارێزگا باشوورییەکانیش ڕوو دەدات. بەلانی کەمەو ئێمە خاوەی بازرگانییەکی جیهانی و پیشەسازییەکی زەبەلاحی ڕاستەقینە و، بورژوازییەکی بەڕاستی مۆدێرنین. بەڵام ئێمە قەیرانی ڕاستەقینەشمان هەیە و خاوەنی پرۆلتاریایەکی ڕاستەقینە و بەهێزیش هەین. بۆ مێژووزانە ئەڵمانییەکانی داهاتوو، خرۆشی جەنگی 1864 -1859 لە خاکی شپێشرێن (Spicheren)، مارس لا توور (Mars la Tour)، سێدان (Sedan) و شوێنەکانی دیکە، لە بەراورد لەگەڵ گەشەی هێمنانە و لەسەرخۆ و بەردەوام ڕوولەپێشی پرۆلتەریای

ئەڵمان، بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت. خێرا لە دوای ساڵی 1870 کرێکارانی ئەڵمانیا کەوتنە بەر تاقیکارییەکای ترساناکەوە - قەڵسەگێڕانی جەنگی بوناپاڕتیسم و ئاکامە سروشتییەکانی، واتە جۆش و خرۆشی نەتەوەیی گشتی لە ئەڵمانیا. کرێکارانی ئەڵمانیا تەنیا بۆ ساتێکیش نەیهانهێشت تووشی سەرلێشێواوی بن. نەشیانهێشت سیمای شۆڤێنیسمیش خۆی لە ناو ئەواندا بەدیار بخات. لە ناوەڕاستی سەرخۆشیی سەرکەوتندا ئەوان هێمنایەتیان پاراست و داوای "ئاشتییەکی یەکسان لەگەڵ کۆماری فەڕەنسا و نەلکاندنی هەرێمەکان"یان کرد، تەنانەت حکوومەتی سەربازیش نەیتوانی ئەوان بێدەنگ بکات. نە ناوبانگی جەنگەکان و نە پێداهەڵکوتن بە "گەورەیی ئیمپراتووریەتی" ئەڵمانیا نەیتوانی ئەوان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. تاقە ئامانجی ئەوان بریتی بوو لە ئازادی سەرجەم هەموو پرۆلتەریای ئەورووپی. دەتوانین بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێین کە لە هیچ وڵاتێک کرێکاران ئاوا بەم شێوەیە لە وەها تاقیکارییەکی دژواردا بە سەربەرزی تێنەپەڕیون.

ڕاگەیاندنی دۆخی حکوومەتی سەربازی بەدوای خۆیدا دادگاییکردنی خائینانی وڵات و ئەوانەی بێڕێزییان بە مەقامی پاشایەتی و مەقامە دەوڵەتییەکان کردبوو و هەروەها بێڕەحمیی ڕوولەزێدەی پۆلیس لە قۆناغی ئاشتی لێکەوتەوە. هاوکات سێ یان چوار کەس لە ڕۆژنامەی "حکوومەتی خەڵک" (The Volksstaat) و لە ڕۆژنامەکانی دیکەش بە هەمان ڕێژە لە زینداندا بوون. هەموو وتەبێژێکی حیزبیی ناسراو دەبوا بەلانی کەمەوە ساڵی یەکجار لە بەردەم دادگادا ئامادە بێت، کە ڕوونە وەک هەمیشەش مەحکووم دەکران. دیپۆرتکردن، بەتاڵکردنەوەی مافی خاوەندارێتی، هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوە و دانیشتنەکان، بە خێرایی یەکبەدوای یەکدا دەهاتن، بەڵام هەموو ئەمانە سوودیان نەبوو. لە جێگەی هەر کەسێک کە دیپۆرت دەکرا یاخود لە زیندان دەکرا، خێرا دو کەسی دیکە دادەنرا، لەبەرانبەر هەر کۆبوونەوەیەکی هەڵوەشێندراوەدا دوانی دیکە ساز دەکران، بە هێمنی و پاراستن و ڕێزنان لە یاسا، پۆلیسیان وەزاڵە هێنابوو. هیچ یەک لە زەبروزەنگ و ئازارەکان نەگەیشتنە ئەمانجی خۆیان. زۆر لەوە دوورتربوون کە بتوانن پارتی کرێکاران بڕووخێنن یاخود چۆکی پێدادەن، ئەوان بەردەوام ئەندامی نوێیان وەردەگرت و ڕێکخراوەکەیان بەهێزتر دەکردەوە. کرێکاران لە خەباتەکەیاندا دژ بە دەسەڵاتداران و یەکەیەکەی بورژواکان، سەروەریی فیکری و ئەخلاقی خۆیان نیشانداوە. کرێکاران بەتایبەت لە ململانێکانیان لەگەڵ خاوەنکارەکانیان نیشانیان داوە کە ئەوان، واتە کرێکاران، ئێستاکە ژیرترن و سەرمایەدارەکان گەمژەتر. لە نەبەردەکانیاندا جۆرەیەک گاڵتەی تێدا دەبینرا کە نیشانی دەدا ئەوان چەندە ئاگاداری کێشەکەی خۆیانن و چەندە هەست بە سەردەستی دەکەن. خەباتێک کە لە وەها بەستێنێکی ئامادەی مێژووییدا بەڕێوەببرێت بێگومان ئاکام و دەرەنجامگەلێکی زۆر گەورەی دەبێت. سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ژانوییەری (1874)، لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی مۆدێرندا شتێکی بێوێنەیە و، ئەو ژیانەوەی کە لە سەرانسەری ئەورووپادا سازی کرد بەڕاستی شیاو و شایستە بوو.

کرێکارانی ئەڵمانیا لە بەراورد لەگەڵ کرێکارانی دیکەی ئەورووپا دوو خاڵی جیاواز و سەرتریان هەیە. یەکەم، ئەوان سەر بە تیۆریکترین خەڵکی ئەورووپان؛ دووەم، ئەوان ئەو هەست و مانا تیۆریکەیان بەردەوام لە خۆیاندا ڕاگرتووە، واتە ئەو شتەی کە خەڵکی "خوێنەوار"ی ئەڵمانیا بەگشتی لەدەستیان داوە. بەبێ فەلسەفەی ئەڵمانی، بەتایبەت فەلسەفەی هێگل، قەت سوشیالیسمی زانستیی ئەڵمانی (کە تاقە سوشیالیسمی زانستییە) چێ نەدەبوو. بەبێ ئەم تێگەیشتنە لە تیۆری، سوشیالیسمی زانستی قەت نەدەبوو بە خوێن و بەرگی کرێکاران. یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەم گرنگییەی پێ‌بەخشیوە ڕەنگە لە لایەکەوە لە بایەخ‌نەدانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئینگلەند بە هەر چەشنە تیۆرییەک بێت، کە ڕەنگە هەر ئەمە هۆکاری خاوبوونی جوولە و وەپێشچوونی ئەم بزووتنەوەیە بێت سەرەڕای ئەو ڕێکخراوە شازەی کە لە هەندێک لە یەکیەتییەکانیدا هەیەتی؛ لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گێژی و شەڕەی (mischief) کە پڕۆدۆنیسم لە فۆڕمە ڕەسەنەکەیدا لە ناو لایەنگرە فەڕەنسی و بەلژیکیەکاندا و، لە فۆڕمە کاریکاتۆرییەکەی باکۆنینەکاندا (Bakunin) لە ناو ئیسپانی و ئیتاڵییەکاندا خولقاندوویەتی.

ئەگەر کاتمەندانە (chronological) بدوێین، دووەم خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەڵمانییەکان لە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە درەنگتر هاتنە جەنگەی بزووتنەوەی کرێکارییەوە. بە هەمان شێوە کە سوشیالیسمی تیۆریکی ئەڵمانی قەت نابێت ئەمە لەبیر ناکات کە ئەو لە سەر شانی سەن سیمۆن (Saint Simon) و فۆریێر (Fourier) و ئۆوێن (Owen) ڕاوەستاوە، کە سێ کەس بوون کە سەرەڕای هەندێک بیرۆکەی فانتازیا و یوتۆپیایی، بەڵام یەکێک لە ژیرترین مرۆڤەکانی هەموو سەردەمەکان بوون و هەندێک شتیان ئەوەندە ژیرانە پێشبینی کردبوو کە ئەمرۆکە بە شێوازی زانستی دەکرێت بسەلمێنرێن؛ بە هەمان شێوەیش بزووتنەوەی کرێکاریی ئەڵمانیا نابێت قەت ئەمە لە بیر بکات کە لە سەر شانی بزووتنەوەکانی ئینگلاند و فەڕەنسا گەشەی کردووە و، توانیویەتی بە نرخێکی زۆر بەرز لە ئەزموون و دەسکەوتەکانی ئەوان کەڵک وەربگرێت؛ هەربۆیە ئێستا لە بارودۆخێکدایە کە دەتوانێت خۆی لە هەندێک لەو هەڵانە بپارێزێت کە لە سەردەمی ئەواندا بەناچار ڕوویانداوە. بەڕاستی بەبێ یەکیەتییەکانی بازرگانی ئینگلی و مشتومڕە سیاسییەکانی کرێکارانی فەڕەنسا، کە پێشتر لەوان بوونیان هەبووە و، بە بێ نیشانە هەژێنەرەکانی کۆمۆنی پاریس، ئێمە ئێستاکە لە کوێ دەبووین؟

دەبێت سەبارەت بە کرێکارانی ئەڵمانیا ئەمەش بگوترێت کە ئەوان بەوپەڕی ژیری و وریاییەوە لەو هەل و دەرفەتانە کەڵکیان وەرگرت کە لە بارودۆخی خۆیاندا لە بەردەستیاندا بووە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریدا خەبات لە سێ بەرەدا بە سروشتێکی هاوئاهەنگ و بەپلان دەچێتە پێش: تیۆریک، سیاسی و ئابووریی سیاسی (دژایەتی لەگەڵ سەرمایەدارەکان). بەهێزبوون و شکستنەهێنانی بزووتنەوەی ئەڵمانیا هەر لەم هێرشە یەکدەنگ و ناوەندمەندانەیدایە.

لەلایەکەوە بە هــۆی بــارودۆخە تــایبەتەکەی خۆیــانەوە، وە لەلایەکــی تــرەوە بە هــۆی خەســڵەتی دورگەییبوونی بـزووتنەوەکەی بریتانیـا و سـەرکوتکردنی بێـرەحمانەی بـزوتنەوەی فەڕەنسـا، لە ئێسـتاکەدا کرێکارانی ئەڵمانی پێشەنگی خەباتی پرۆلتەریـان. ئەوەیـکە چەنـدە ڕووداوەکـان ڕێگەیـان پێـدەدات لەم پۆستە پڕشانازییەدا بمێننەوە، پێشبینی ناکرێت. بەڵام، تـا ئەو کـاتەی کە ئەم پێگەیـان هەیە بـا هیوامـان ئەوە بێت کە ئەوان ئەرکەکانی خۆیان بە باشترین شێواز جێبەجێ دەکەن. بەتایبەتی، ئەرکی سەرۆکەکان ئەوەیە کە تێگەیشتنێکی ڕوونتریان لە کێشە تیۆریکەکان هەبێت، خۆیـان زۆرتـر و زۆرتـر دەربـاز بـکەن لە کاریگەرییەکانی وێژە و زاراوەکانی تێگەیشتنی کۆن لە جیهان؛ بەردەوام ئەم خاڵە لەبەرچـاو بگـرن کە لەو کاتەوە کە سوشیالیسم بووە بە زانست پێویستی بەوەیە کە وەک هەمـوو زانسـتەکانی دیـکە هەڵسـوکەوتی لەگەڵ بکرێت، واتە پێویستە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. ئەرکـی سـەرۆک و ڕێبەرەکـان ئەوەیە کە ئەم جـۆرە تێگەیشتنانە، بەو شێوەی کە بەدەستهاتوون و ڕوونکراونەتەوە، ئاڕاستەی کۆمەڵانی کرێکاری بـکەن بـا بە جۆش و سۆزەوە بڵاو بێتەوە و، ڕیزەکانی ڕێکخـراوە حیزبییەکـان و یەکیەتیـیە کرێکارییەکـان بە هێزێکـی زۆرتــرەوە پــێکەوە گــرێ بــدات. ڕەنــگە ئەو دەنگــانەی کە لە مــانگی ژانــویەری ڕابــردوودا بە قــازانجی سۆشیاڵیستەکان درا نوێنەری هێزێکی بەرچاو بێت، بەڵام هێشتا زۆری ماوە ببێت بە دەنگی زۆرینەی چینی کرێکاری ئەڵمانیا؛ وە هەرچەندەش سـەرکەوتنی پڕۆپاگەنـداکان لە نێـو خەڵکـی گوندەکانـدا هانـدەر بێـت هێشتا زۆر کاری دیکە لەم بوارەدا ماوە کە دەبێت بکردرێت. نابێـت لە خەبـاتەکەدا سسـت ببینـەوە. ئەرک ئەوەیە کە کورسـی لە دوای کورسـی و، هەرێمەکـانی هەڵبـژاردن یەک لە دوای یەک لە دەسـتی دوژمـن بڕفێنین. بەڵام بەر لە هەموو شت پێویستە ڕۆحی ڕاسـتەقینەی ئەنتێرناسـیۆناڵ بپـارێزین کە ڕێـگە بە هـیچ جۆرە شۆڤێنیسمێک نادات و، بە ئامێزێکی ئاواڵەوە بەرەوپیری هەر چەشنە هەنگاوێکی نـوێی بـزووتنەوەی پـرۆلتەری دەچێـت، جـا گرنـگ نیـیە لە چوڵات و نەتەوەیەک ورووژابێـت. ئەگەر کرێکـارانی ئەڵمانیـا بەم شـێوەیە بچــنە پــێش، ڕەنــگە ئیــتر لە ســەرۆکایەتی بــزووتنەوەکەدا نەمێنــنەوە - ئەمە لە بەرژەوەنــدی بـزووتنەوەکەدا نیـیە کە کرێکـارانی وڵاتێـک لە پێشـەوەی هەمووانـدا بێـت - بەڵکـوو پێگەیەکـی پـڕ لە شـانازییان لە هێڵـی پێشـەوەی جەنـگەکەدا دەبێـت؛ وە ئەگەر ئەزمـوون و ڕووداوە گەورەکـان خوازیـاری بوێری و ئازایەتییەکی زۆرتر و ئیرادەیەکی پۆڵایینتر لەوان بێت ئەوا چەکلەدەست ئامادە دەبن.

فرێدریک ئەنگێڵس

لەندەن، ژوڵای 1874

## بەشی یەکەم

## دۆخی ئابووریی ئەڵمانیا و چینە کۆمەڵایەتییەکانی

نەتەوەی ئەڵمانیـاش نەریتـی شۆڕشـگێڕانەی تـایبەت بە خـۆی هەیە. سـەردەمانێک بـووە کە ئەڵمانیـا کەسایەتیگەلێکی پەروەردە کردووە کە شان لە شـانی باشـترین مرۆڤەکـان لە شۆڕشـەکانی وڵاتـانی دیـکە دەدەن؛ سەردەمێک بووە کە خەڵکی ئەڵمانیا هێز و خۆڕاگرییەکی وەهای لەخـۆی نیشـان داوە کە ئەگەر لە وڵاتێکی ناوەندمەندا (centralized) ببوایە گەورەترین ئاکام و دەرەنجامەکـانی لێـدەکەوتەوە؛ ڕۆژگارێـک بووە کە جووتیاران و هەژارانی ئەڵمانیا بە بیرۆکە و پلانگەلێـک ئـاوس بـوون کە نەوەکـانی دوای خۆیـانی سەرسام دەکرد.

لەبەرانبەر ئەو سستییەی کە لە هەموو شوێنێکدا دوای دوو ساڵ خەبـات و ململانـێ (لە 1848وە) هـاتوەتە ئاراوە ئێستا کاتی ئەوەیە کە جارێکیتر بە خەڵکی ئەڵمانیا ئەو کەسایەتییە کەم ئەزمـوون، بەڵام بەهێـز و تێکۆشەرانە نیشان بدەینەوە کە لە جەنگی گەورەی جووتیاریدا بەشدارییان هەبووە. سێ سەدە بەسـەر ئەو کـاتەدا تێپەڕیـوە و گەلێـک شـت گـۆڕدراوە؛ بەڵام جەنگـی جووتیـاری لەو ململانێـیەی ئەمـڕۆکەی ئـێمە زۆریش دوور نیـیە، ئەو دوژمنـانەیش کە ئـێمە هەمـانە لە جەوهەردا هەر ئەو دوژمنـانەی ئەو سـەردەمەن. دەتوانین ئەو چین و فراکسیۆنانەی کە لە 1848 و 1849دا لە هەموو شوێنێکدا خەیانەتیان دەکرد لە هەمان جلوبەرگی خەیانەتکارانەدا لە 1525یشدا بدۆزینەوە، هەرچەنـد [ئەو سـەردەمە ئەڵمانییەکـان] لە ئاسـتێکی نـزمتری گەشـەدا بـوون. وە ئەگەر وێرانکـارییە گەورەکـانی جەنگـی جووتیـاران لە بزووتنەوەکـانی ئەم ساڵانەی دواییدا لە چەند شوێنێکی دەگمەن وەک ئۆدێنواڵـد (Odenwald)، دارسـتانی ڕەش (Black Forest) و شـیلیزیا (Silesia) بە مافەکـانی خـۆی گەیشـتووە، بە هـیچ شـێوەیەک بە مانـای سـەرتربوونی ڕاپەڕیـنە مۆدێرنەکان نییە.

×××

با سەرەتا بە کورتی چاوێک بخشێنین بەسەر دۆخی ئەڵمانیا لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا.

پیشەسـازی ئەڵمانـی بە چەشـنێکی سـەرنجڕاکێش لە سـەدەکانی چـواردە و پـازدەدا گەشـەی کـردووە. پیشەسازیی ناوچەیی شارۆچکە فیۆدالییەکان شوێنی خۆیان دا بە ڕێکخراوە پیشەییەکانی بەرهەمهێنـان لە شارەکان، کە [شتومەکیان] بۆ بازنەیەکی بەربڵاوتر و تەنانەت بۆ بازاڕە دوورەکان بەرهەم دەهێنا. بەنرستن بۆ قوماشی پەشمینە و کەتان بەباشی خۆی گرتبوو و ببوو بە لقێک لە پیشەسازی و، تەنـانەت لە شـوێنێک وەک ئاگسـبورگ (Augsburg) قوماشـی پەشـمینە و کەتـانی زۆر ورد و هەروەهـا هەورێشـمیش بەرهەم

دەهاتن. هەروەها لە پاڵ بەنرستندا بەتایبەت ئەو لقانە لە پیشەسازی پەرەی سەند کە لە هونەرە جوانەکان نزیک بوون؛ ئەمانە پێوەندییان بە داخوازییەکان بۆ ژیانی بەشکۆ و لاکچێریی مەعنەوی و دنیایی کۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاستەوە هەبوو: زێڕینگەری، زێوکاری، پەیکەرتاشی، مونەبەتکاری[2]، قەڵەمکاری، سیلاح دروستکردن، میداڵیاسازی، خەڕڕاتی و هتد. زنجیرەیەک دۆزینەوەی کەم تا زۆر گرنگیش ڕووی دا کە لە ترۆپکی هەموویاندا داهێنانی بارووت و چاپ بوون و، تا ڕادەیەک دەورێکی گرنگیان لە پێشکەوتنی ئەم پیشانەدا هەبوو. بازرگانیش شانبەشانی پیشەسازی هەنگاوی دەنا. کۆمەڵەی هانسێتیک (Hanseatic League) لە ڕێگەی پاوانکردنی هاتوچووی دەریایی سەدساڵەی خۆی، بوو بە هۆی ئەوەی کە باکووری ئەڵمانیا لە بەربەریسمی چاخی ناوەڕاست دەرباز بێت؛ وە تەنانەت لە دوای کۆتایی سەدەی شازدە، کاتێک کۆمەڵەی هانسێتیک لە ئاکامی ڕکابەرییەکانی ئینگلاند و هۆڵندا شکستی هێنا، دیسان شتومەک و کاڵا بازرگانییەکانی هێندوستان بەردەوام وەک جاران لە ڕێگەی ئەڵمانیاوە بەرەو باکوور دەڕۆیشت، واتە لە ڕێگەی ئەو جادە گەورەیەوە کە واسکۆدۆگاماو (Vasco da Gama) دۆزییەوە. بەم شێوەیە ئاوگسبێرگ (Augsburg) وەک ناوەندی کۆکردنەوەی بەرهەمە هەورێشمییەکانی ئیتاڵیا، بەهاراتی هێندوستان و هەموو بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکی لێهاتبوو. شارەکانی لای سەرەوەی ئەڵمانیا بۆ وێنە ئاوگسبێرگ و نۆرێنبێرگ ناوەندەکانی سەروەت و لاکچێری ئەو سەردەمە بوون. بەرهەمهێنانی ماددە خاوەکان بە هەمان ڕێژە ڕووی لە زیادبوون نابوو. کرێکارانی کانزاکانی ئەڵمانیای سەدەی پازدە شارەزاترین و تەڕدەستترین کانچی لە هەموو جیهاندا بوون؛ هەروەها بە بۆنەی پشکوتنی شارەکانەوە، کشتوکاڵیش خۆی لە دۆخی سەرەتایی چاخی ناوەڕاست دەرباز کردبوو. نەک هەر زەوییە پان و بەرینە بایرەکان کێڵدران و کشتوکاڵیان تێدا کرا بەڵکو وەشاندن و پەروەردەکردنی دانە ڕەنگاڵەییەکان لەگەڵ هەموو ئەو ڕووەکانەی دیکە کە لە دەرەوە هاوردە دەکران بەگشتی کاریگەرییەکی زۆر باشییان لە سەر کەرتی کشتوکاڵ هەبوو.

هێشتا پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی لە ئەڵمانیا هاوشانی پێشکەوتنی وڵاتەکانی دیکە نەبوو. کشتوکاڵەکەی گەلێک دواتر لە کشتوکاڵی هۆڵندا و ئینگلاند بوو. پیشەسازییەکەی گەلێک لە دوای پیشەسازی ئیتاڵیا، فلێمیش و ئینگلاند بوو، وە بە هەمان شێوە لە بازرگانی دەریاییشدا بەهاتنی ئینگلاند و هۆڵندا، ئەڵمانییەکان لە گۆڕەپانەکە وەدەر نران. ڕێژەی چڕیی دانیشتوان هێشتا زۆر کەم بوو. شارستانیەت لە ئەڵمانیا تەنیا بە چەشنێکی پەرتەوازە بوونی هەبوو و فرەتر لە پەراوێزی ناوەندەکانی پیشەسازی و بازرگانیدا دەبینرا؛ بەڵام بەرژەوەندییەکان وەهای کردبوو کە یەکەیەکەی ناوەندەکان لێکتر جودا ببنەوە، بە جۆرێک کە زۆر بەسەختی خاڵێکی پێوەندی لە نێوانیاندا دەبینرایەوە. پێوەندییە بازرگانییەکان و بازاڕەکانی باشوور لەوانەی باکوور جیاواز بوون؛ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە گشتی هیچ چەشنە

[2] . پیشەی هەڵکۆڵینی نەخش لەسەر دار. (وەرگێڕ)

پێوەندییەکی گۆڕینەوەیان پێکەوە نەبوو. هیچ شارێک ئەوەندە گەشەی نەکردبوو کە بۆ وێنە وەک لەندەن لە ئینگلاند ببێت بە ناوەندێکی گرنگی پیشەسازی و دارایی بۆ هەموو وڵات. پێوەندییە ناوخۆییەکان بە گشتی دادەبەزییە سەر کۆمەڵێک پێوەندی لە نێوان بەندەرەکان و ڕۆخی ڕووبارە ناوخۆییەکان؛ تاقە چەند گەورەڕێگەی دارایی، وەک ئەوەی ئاوگسبێرگ و نۆرێنبێرگ لە ڕێگەی کۆلن بەرەو هۆڵندا و لە ئێرفۆرت (Erfurt) تاکو باکوور بوونیان هەبوو. دوور لە ڕووبار و گەورەڕێگەکانی بازرگانی و دارایی، ژمارەیەک شاری بچووکتر هەبوون کە لە ناوەندە بازرگانییە گەورەکان دوورکەوتبوونەوە و لەهەمان دۆخی کۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاستدا دەژیان، شتومەکی بیانییان کەم بەکاردەهێنا و ژمارەی ئەو بەرهەمانەیش کە هەناردەیان دەکردن زۆر کەم بوون. لە سەرجەم جەماوەری گوندنشین، تەنیا ئەعیانەکان پێوەندییان لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە گەورەکان و داواکارییە نوێکان هەبوو. پێوەندییەکانی ئاپۆرەی جووتیاران قەت لە سنوورەکانی پێوەندییە ناوچەییەکان و ئاسۆ ناوچەییەکان تێنەدەپەڕی.

لەکاتێکدا کە لە ئینگلاند و فەڕەنسا، بەرزبوونەوەی ئاستی بازرگانی و پیشەسازی بەدوای خۆیدا یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکانی لە سەرانسەری وڵاتدا بەدی دەهێنا، ناوەندێتیی سیاسیی ئەڵمانیا تەنیا توانیبووی لە ئاستی گرووپاندنی بەرژەوەندییەکان، بەپێی پارێزگاکان و ناوەندە ناوچەییەکان، سەرکەوتوو بێت. ئەمە بە مانای ناوەندسڕینەوە بوو. ئەم پەرتەوازەییە بوو بە هۆی بێبەشبوونی حەتمیی ئەڵمانیا لە بازرگانی جیهانی. بە هەمان ڕێژە کە ئیمپراتووریەتی فیۆدالیی ڕەسەنی ئەڵمانیا لێکهەڵوەشایەوە، گرێکانی یەکگرتوویش شلتر بوونەوە، میرە فیۆدالییە گەورەکان بوون بە میرنشینانێکی تەقریبەن سەربەخۆ؛ وە شارەکانی ئەم ئیمپراتووریەتە لە لایەکەوە و میرە ناوچەییەکان لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانیگەلێکیان پێکدەهێنا دژ بە خۆیان یاخود دژ بە شازادەکان یاخود دژ بە ئیمپراتوورەکان. دەسەڵاتی ئیمپراتووریەت کە ئێستاکە سەبارەت بە پێگەکەی خۆی گەلێک بێ‌متمانە بوو، لە نێوان ئەو تۆخمە جۆراوجۆرانەدا کە دژایەتیی ئیمپراتووریەتیان دەکرد، بە سەرلێشێواوی دەهات و دەچوو و، بەردەوام کارتێکەری و ئۆتۆریتەی خۆی دەدۆڕاند. ئەو هەوڵانەی لە لایەن لوویی یازدەیەمەوە (Louis XI) بۆ ناوەندمەندکردن (Centralization) درا نەیتوانی هیچ ئاکامێکی ببێت جگە لەوەی کە زەوییە میراتییەکانی نەمسای ڕاگرت، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو پیلانانە و ئەو کردارە توندوتیژانە بوو کە کردیان. براوەکانی کۆتایی ئەم ململانێ گەورەیە، کە لەم ئاژاوەدا نەیاندەتوانی یارمەتی سەرکەوتن بدەن، نوێنەرانی ناوەندمەندیی پەرتەوازەیی، نوێنەرانی ناوەندمەندیی ناوچەیی و پارێزگایی و شازادەکان بوون، کە لە پاڵیاندا ئیمپراتوور وردەوردە بوو بە شازادەیەک وەک هەموو شازادەکانی دیکە.

لەم بارودۆخەدا پێگەی هەندێک لە چینە بەجێماوەکانی چاخی ناوەڕاست بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش گۆڕدران. چینگەلێکی نوێ لە تەنیشت چینە کۆنەکان سەریان هەڵدا.

لە هەناوی ئەعیانی کۆن شازادەکان هاتنەدەر. ئەوان تاڕادەیەک سەربەخۆ لە ئیمپراتووریەت بوون و تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی مافەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی خۆیان بوون. ئەوان لەسەر خواستی خۆیان جەنگ یاخود ئاشتییان ڕادەگەیاند، خاوەنی کۆمەڵێک سوپا بوون، ئەنجومەنی ناوچەییان پێکدەهێنا و باجیان دابین دەکرد. ئەوان بەشێکی گەورە لە وردە ئەعیانەکان و شارەکانیان هێنابووە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی پاشایەتی خۆیان؛ هەموو کارێکیان دەکرد بۆ ئەوەی هەموو ئەو شارانە و ئەو باڕۆنانەی کە هێشتا سەر بە ئیمپراتووریەت بوون بلکێنن بە خاکەکەی خۆیانەوە. بەرانبەر بە شارەکان و بارۆنەکان وەک ناوەندخوازێک دەوریان دەگێڕا، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە دەسەڵاتی ئیمپراتووریەتەوە هەبوو وەک بکەرێکی ناوەندسڕەوە [یاخود سەربەخۆبوون لە ناوەند] دەجووڵانەوە. دەوڵەتەکانیان لە ناوخۆدا خۆبەڕێوبەر و سەروەر بوون وە تەنیا ئەو کاتە دەستەو گروپە هاوپیشەکانیان بانگهێشت دەکرد کە ناچار بەو کارە بن، واتە کاتێک کە بەبێ ئەوان هیچیان پێ نەکرابایەت. هەرکاتێکیان بە گونجاو بزانیبایەت ئەوا باجیان دەبڕییەوە و پارەیان کۆدەکردەوە. مافی گرووپە هاوپیشەکانیان بۆ دابینکردنی باجەکان ڕەچاو نەدەکرد و بە دەگمەن ئەو مافەیان کردەکی دەکرد. تەنانەت ئەو کاتەی کە بانگهێشتیش دەکران، شازادەکان بەگشتی لایەنی زۆرینەیان هەبوو، هەروەها ئەعیان و پیاوە ئایینییەکانیش ئەو دو گرووپە هاوپیشەیە بوون کە لەو دانیشتنانەدا بەشدار دەبوون و، هەردوکیان لە دانی باج ئاوارتە کرابوون و تەنانەت سوودیشیان لە باجەکان دەبرد. پێویستیی شازادەکان بە پارە هاوڕێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی مەیل بۆ خۆشگوزەرانی و، بەرفراوانکردنەوە کۆشک و سەرا و سوپای هەمیشەیی و هەروەها خەرجەکانی دەوڵەت، زۆرتر دەبوو. باجەکان بەردەوام گوشارێکی زۆرتر و زۆرتری دەهێنا. شارەکان لە زۆر بواردا بەهۆی قازانجێک کە هەیانبوو دەپارێزران، هەر بۆیە هەموو قورسایی باری باجەکان دەکەوتە ئەستۆی جووتیاران بەگشتی، واتە ئەوانەی کە هیی خودی شازادەکان بوون، سێرفەکان (Serfs) یان ئەوانەی کە خاوەنی زەوی نەبوون، ڕەعیەتیەکان، وە لە کۆتاییدا ئەوانەی کە لە مڵکەکانی شازادەکاندا ئیشیان دەکرد باری ئەم باجەیان بە کۆڵ دەکێشا؛ لە هەر شوێنێکدا باجی ڕاستەوخۆ بەشی نەکردبایەت ئەوا لە باجە ناڕاستەوخۆکان سوودیان وەر دەگرت؛ هەموو فێڵێک بەکار دەهێنرا بۆ پڕکردن و ئاخنینی ئەو توورەکە کونانەی سیستمی ماڵی و دارایی. کاتێک هیچ ڕێگە و دەرەتانێک نەدەمایەوە، کاتێک هیچ نەمابوو لە گرێو و بارمتەدا دایبنێن و هیچ شارێکی ئازادیی ئیمپراتووریەتیش ئامادە نەبوو بە دانی قەرز، پەنایان دەبرد بۆ لێدانی سکە بە چەشنێکی گەندەڵانە؛ سکەی بێبەها لێدەدرا، نرخی هەرزان‌کڕینە (موناقیسە) یاساییەکان بەرز و نزم دەکرایەوە بۆ دڵنیایی شازادە. بە خاڵ و سەروەرییەکانی شار مامەڵە و بازرگانییان دەکرد، کە دواتر هەر ئەو مامەڵەیە بە زەبروزەنگ وەردەگیرایەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیفرۆشنەوە؛ خراپبەکارهێنانی هەر چەشنە دژایەتییەک بۆ وەرگرتنی باجی ئاورگرتن و هەموو چەشنە تالان کردن و دزییەک و هتد.، ببووە سەرچاوەیەکی ئاسایی ڕۆژانە و پڕداهات بۆ شازادەکانی ئەو سەردەمە. ئیدارەی داد

خۆی ببوو بە یەکێک لە ئامێرە گرنگەکانی بازرگانیکردنی شازادەکان. بە کورتی، ڕەعییەتەکان جگە لەوەی کە دەبوا تەماحی تاکانەی جێگرانی شازادەکان و خاوەن پۆستە ئیدارییەکان هێور بکەنەوە، لە بەرەکەتی "باوکانەی" سیستمی دەسەڵاتیش بێبەش نەبوون و چێژیان لێ وەردەگرت. لە سەرجەم پلەبەندی مەقاماتی فیۆدالیی چاخی ناوەڕاست، ئەعیانەکانی مامناوەند بەگشتی لەناو چیوون. ئەمانە یان چوونە پێگەیەکی سەربەخۆی شازادە بچووکەکان، یان چوونە ڕیزی ئەعیانەکانی پلەخوارووەکان. ئەعیانە پلەخوارەکانیش بەخێرایی بەرەوە لەناوچوون ڕۆیشتن. بەشێکی گەورە لەوان هەژار ببوونەوە و بژێویی ژیانیان لە ڕێگەی خزمەتکردن بە شازادەکان یاخود لەبەشی سەربازی یان خزمەتگوزاری شارییەوە دابین دەکرد. بەشێکی دیکەیان بوون بە پیاو و ڕاوێژکاری شازادەکان، وە بەشێکی بچووکیشیان ڕاستەوخۆ چوونە ژێر ڕکێفی ئیمپراتوورەوە. پێشکەوتنی زانستی سەربازی هاوڕێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی گرنگیی هێزی پیادە و بڵاوبوونەوەی چەکە ئاورینەکان، خەونی گرنگایەتی سەربازیی ئەوان وەک هێزی سوارە و، هەروەها داگیرنەبوونی قەڵاکانی بەگشتی لەناوبرد. شەوالیەکانیش لە ئاکامی گەشەی پیشەسازیدا وەک کەسانێکی زیادییان لێهات، بەهەمان شێوە کە خاوەن پیشەکانی نۆرێنبێرگ لە ئاکامی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا وایان بەسەر هات. پێداویستییە شوومەکانیان بە پارە دەورێکی گرنگی لە ماڵوێرانیی ئەواندا دەگێڕا. شکۆی ژیان لە کۆشکەکاندا، ڕکابەری لە شکۆمەندیی کێبەرکێو جەژنەکاندا و، نرخی ئەسپەکان هەموو لەگەڵ زیادبوونی پێشکەوتنی شارستانییەت، بەرز دەبوونەوە؛ ئەمە لەحاڵێکدابوو کە سەرچاوەکانی داهاتی ئەعیان و بارۆنەکان زۆر بەکەمی زیادی دەکرد. دوژمنایەتی، هاوڕێ لەگەڵ تاڵانکردن و ئاگرتێبەردان، لە کەمین خستن و هەندێک شتی هاوشێوە، ببوونە مایەی سەرخۆشی ئەعیانەکان و هەتا دەڕۆیشت مەترسیدارتر دەبوو. ئەو باجەی کە لە ڕەعیەتی ئەعیانەکان وەردەگیران لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زیادی نەکردبوو. ئەم پیاوە ماقووڵانە لەبۆ دابینکردنی پێداویستییە ڕووڵەزێدەکانی خۆیان هەر ئەو ئامرازانەیان بەکار دەهێنا کە شازادەکان بەکاریان دەهێنان؛ تاڵانکردنی جووتیاران بەدەستی ئەربابەکانیان ساڵ لە دوای ساڵ زیادی دەکرد. بەتەواوەتی خوێنی ڕەعیەتەکانیان هەڵمژیبوو. ئەو جووتیارانەش کە پێبەندی ئەرباب بوون دەبوا بەردەوام هەر کات بە بیانوو و بەناوی شتێکەوە باجێکی زۆرتریان بدایەت. بێگاری، بەهرەی قەرز، باج، باجەکانی فرۆشتنی زەوی، باجی مردونێشتن، پارەی بەرگریکردن و دەیان شت لەم جۆرە، سەرەڕای ئەو ڕێکەوتننانەی کە هەبوو، بە دڵی خۆیان زیادیان دەکرد. داد و دادپەروەری یان ڕەت دەکرایەوە یاخود لە بری پارە دەفرۆشرا. لە هەر شوێنێک کە ئەم نەجیبزادانە نەیانتوانیبایەت بەو شێوەی کە دەیانهەوێت لە جووتیاران باج وەربگرێن ئەوا خیرا لە بەندیخانەی قەڵاکانیاندا زیندانیان دەکردن و ناچاریان دەرکردن بەوەی کە بۆ ئازادبوونیان پارە بدەن.

ئەعیانە خوارووەکان پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ چینەکانی دیکەشدا نەبوو. ئەعیانە خزمەتگوزارەکان هەوڵیان دەدا بچنە ژێر چەتری ناوەندی ئیمپراتووریەتەوە؛ ئەوانەیش کە سەربە ئیمپراتووریەت بوون

هەوڵیـان دەدا سـەربەخۆ بـن. هەر بـۆیە بەردەوام لەگەڵ شـازادەکان لە ململانێـدا بـوون. ئەعیانەکـان بە چاوێکی پڕ لە تەماح لە پیـاوە ئایینیەکانیـان دەڕوانـی و ئەوانیـان بە چینێکـی پڕدەسـەڵات بەڵام زیـادی و بێکەڵک دەزانی. ئیرەییان دەبرد بەو هەموو مڵـک و سـەروەت و سـامانەی کە هەیـانبوو، سـامانێک کە بە هۆی سەڵتبوون و یاساکانی کەلیسـاوە وەچنگیـان کەوتبـوو. ئەوان بەردەوام لەگەڵ شـارەکاندا لە جەنگـدا بـوون؛ قەرزداری شـارەکان بـوون، وە لە ڕێـگەی تـاڵانکردنـی شـارەکان و ڕووتانـدنەوەی بازرگانەکـان و سەرلەنوێ کڕینەوەی ئەو کەسانەی کە لە شەڕ و پێکدادانەکاندا بە دیل گیرابوون، دەژیـان. هەر کاتێـک کە دەیـانزانی کێشـەی پـارە بـووە بە کێشـەیەکی حەیـاتی و گرنـگ بـۆ ئەوان، ئەوا دژایەتـی و جەنگیـان بەرانبەر بەم هاوپیشە و دەستانە زیاد و زیادتر دەکرد.

پیـاوی ئـایینی واتە نـوێنەرانی ئایـدیۆلۆژیای فیۆدالیسـمی چـاخی ناوەڕاسـت، لە کـاریگەریی ئـاڵوگۆڕە مێژووییەکـان بێـبەش نەبـوو. بەهـۆی داهێنـانی هـونەری چـاپ و هەروهـا پێداویسـتییەکانی بازرگـانیی بەفراوانکراو، پاوانی خوێندن و نووسین و تەنـانەت پـاوانی خوێنـدنی بـاڵایش لە دەسـتی ئەوان دەرهێـنرا. دابەشکردنی کار کەوتە ناو کۆڕە فیکـری و ئەندێشـەییەکانەوە. چینـی تازەپێگەیشـتووی یاسـازانان، پیـاوە ئایینییەکانی لە زۆربەی ئەو پۆستە گرنگانەی کە هەیانبوو دوور خستەوە. ئەم پیاوە ئایینیانە بەگشتی وەک کەسـانێکی زیـادی و ناپێویسـت دەهـاتنە بەرچـاو، وە خۆیشـان بە هـۆی لەشـگرانی و گەمژەیـی زۆرەوە ئاگاداری ئەم واقیعیەتە ببـوون. هەرچەنـدە بێسـوود و قـازانجتر دەبـوون بەهەمـان ڕێـژە ژمارەشـیان زۆری دەکرد؛ سپاس بـۆ ئەو هەمـوو سـەروەت و سـامانەی [کەلیسـا] کە بەردەوام بە هـۆی بەکارهێنـانی هەمـوو ئامڕاز و شێوازێک بەردەوام زۆرتر دەبێت.

ئەم پیـاوە ئاینییـانە دابەش دەبـوون بەسـەر دوو گرووپـی جیـاوازدا. پلەبەنـدی فیـۆدالی پیـاوە ئاینییەکـان چینێکی ئەریستۆکراتیکی پێکهێنابوو کە بریتـی بـون لەمـانە: ئۆسـقۆفەکان و ئۆسـقۆفی گەورە، سـەرۆکی ڕاهیبەکان، پێشەوایانی ئایینی و قەشەکانی دیکە. ئەمانە وەک ڕێبەرانی پایەبەرزی کەلیسا، یان یەکێـک لە شازادەکانی پەیوەست بە ئیمپراتووریەت بوون یان وەک خـاوەنمڵـکە گەورەکـان سـەر بە شـازادەکانی دیکە بوون و، بەسەر هەرێمگەلێکی گەورە و ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاری پێبەند و ڕەعیەتـدا حکوومەتیـان دەکـرد. ئەوان بە وێـنەی ئەعیـان و شـازادەکان نەک هەر بندەسـتەکانی خۆیـان بەوپەڕی بێـڕەحمییەوە دەچەوسـاندەوە بەڵکـو لەم بـوارەدا گەلێـک لەوان بێشـەرمانەتر دەجـووڵانەوە. ئەوان نەک هەر هێـزی دڕنـدانەیان بەکاردەهێنـا بەڵکـو لە ئـازاری ئـایینیش سـوودیان وەردەگـرت؛ نەک هەر لە تـرس و سـڵی ئەشـکەنجە، بەڵکـو لە تـرس و سڵی لەحـنەت و غەززەب یـاخود نەبەخشـرانیش کەڵکیـان وەردەگـرت؛ لە هەمـوو وردەکارییەکـانی دانپێـدانان سـوودیان وەردەگـرت بـۆ ئەوەی دوا پێنیـی[3] (penny) پارەکانیـان لـێ دەرکێشن یاخود بۆ ئەوەی مڵک و داراییەکانی کەلیسا زۆرتر بکەن. لەبۆ ئەو پیاوە پیرۆزانە سـاختەکاری لە

[3] . پێنی بچووکترین یەکەی پارای ئەو وڵاتەیە. بە واتای دوا فلس یاخود دوا قرانی پارەکانە. (وەرگێڕ)

بەڵگەکاندا شتێکی ئاسایی و باو بوو؛ ئەو پیاوانەی کە سەرەڕای وەرگرتنی بەهرەی مالیکانە و باجەکان و دەودوو لە ڕەعیەتەکان، بەڵام هێشتا پارە بەشی نەدەکردن. کارگەکانی چێکردنی وێنە و پەیکەرە و یادگارە موعجزەییە ئایینیەکان، ڕێکخستنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان بۆ داوای لێبوردن و ڕزگاری، هەموو بەکار دەهێنران بۆ ئەوەی پارەیەکی زۆرتر لەو خەڵکە وەرگیردرێت. ئەم ڕێگانە بۆ سەردەمانێکی زۆر درێژ بەکار دەهێنرا و گەلێکیش سەرکەوتوو بوون.

ئەم پیاوە ئایینیانە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە راهیب و ژەندەرمەکانی کەلیسا، واتە ئەوانەی کە بەردەوام ئاگری دنە سیاسی و ئاینییەکانیان زۆرتر دەرکرد، نەک هەر ڕق و قینی خەڵکی بندەست بەڵکو تەنانەت ڕقی ئەعیان و نەجیبزادەکانیشان هەستاندبوو. لە هەر شوێنێکدا کە ڕاستەوخۆ سەرسپێرداروی ئیمپراتووریەت بوون دەبوونە بەربەستێکی بۆ شازادەکان. ژیانی خۆشگوزەرانی ئۆسقۆف و پیاوە ئاینییەکان لەگەڵ سوپای ڕاهیبەکانی خۆیان ببوە هۆی ئیرەیی ئەعیانەکان و هەروەها تووڕەیی ئەو خەڵکە ئاساییەی، کە دەبووا خەرجی هەموو ئەو شتانە بدەن. ئەمانە هەر زیادیان دەکرد ئەوەیش لەو واقیعیەتەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەوان سەرەڕای هەموو ئەو کارانەی کە دەیانکرد دیسان موعیزە دینییەکانی خۆیان دەداوە بە نێوچاوانی خەڵکدا.

بەشی هەژاری پیاوە ئاینییەکان بریتی بوون لە واعیزە گەڕۆکەکانی شار و گوند. ئەمانە لە دەرەوەی پلەبەندیی فیۆدالی کەلیسادا بوون و هیچ پشکێکیان لە سەروەت و سامانی کەلیسا نەبوو. چاوەدێرییەکی ئەوتۆ بەسەریاندا نەدەکرا و لەگەڵ ئەوەی بۆ کەلیسا بایەخی زۆریان هەبوو بەڵام لەو کاتەدا خزمەتەکانیان تەنانەت کەمتر لە خزمەتگوزاری ڕاهیبە پۆلیسیەکانی سەربازخانەکان بوو. هەر بۆیە مووچەیەک کە پێیان دەدرا کەمتر لە هیی ڕاهیبێک بوو و بەش هیچی نەدەکرد. بەهۆی ئەوەوە کە ڕیشە و ڕەگەزیان بۆ خەڵکی هەژار یان چینی مامناوەند دەگەڕایەوە گەلێک لە ژیانی ئاپۆرەی خەڵک نزیک بوون؛ هەربۆیە، سەرەڕای ئەوە بوو کە پێگەی پیاوێکی ئایینیان هەبوو، بەڵام توانیان هاودڵی و سۆزی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە حاڵێکدا بەشداربوونی ڕاهیبەکان لە بزووتنەوەکانی سەردەمی خۆیاندا شتێکی دەگمەن بوو بەڵام بەشداریکردنی ئەم تاقمە هەژارە لە پیاوە ئایینیەکان ببوو بە ڕێسایەک. ئەوان تیۆری و ئایدیالۆژییەکانی خۆیان ئاراستەی خەڵک دەکرد و، هەندێکیشیان بە نوێنەرایەتی هەژاران و جووتیاران لە سێدارە دەدران. لە ڕاستیدا ڕق و قینی ئاپۆرەی خەڵک لە پیاوە ئایینیەکان بە دەگمەن ئەم تاقمەی دەگرتەوە.

هەر بەو شێوەیەی کە پادشا لە سەرووی هەموو شازادە و ئەعیانەکانەوە بوو، پاپایش لە سەرووی هەمو پیاوە ئایینیە گەورە و بچووکەکانەوە بوو. هەر بەو شێوەیەی کە پادشا "پێنیی عەوام" یاخود باجەکانی پاشایەتی وەردەگرت، پاپایش باجە گشتییەکانی کەلیسای وەردەگرت و لە ڕێگەی ئەوەوە خەرجە

قورسەکانی سەرای ڕۆما دابین‌دەکرا. باجەکانی کەلیسا لە هیچ وڵاتێکدا بە وێنەی ئەڵمانیا بە توندی و چڕوپڕی کۆ نەدەکرایەوە، ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتی ڕەهای هەندێک لە پیاوە ئاینییەکان بوو. ڕادەستکردنی باجە ساڵانەکان بەتایبەت ئەو کاتە توندوتۆڵتر دەبووەوە کە بڕیار بوو ئۆسقۆفێک لابرێت. کاتێک پێداویستییەکانی کەلیسا زیادی دەکرد ڕێگە و ئامرازگەلێکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی پارە دادەهێنران، بۆ وێنە بازرگانی‌کردن بە وێنە و پەیکەرە پیرۆزەکان و کۆکردنەوە نەزرەکانی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان و هتد. ساڵانە بڕێکی زۆری پارە لە ئەڵمانیاوە ڕادەستی ڕۆما دەکرا. ئەمە نەک هەر ڕق و قین بەرانبەر بە پیاوە ئاینییەکانی زۆر دەکرد بەڵکو هەستی نەتەوەیشی بەگوڕتر کرد، بە تایبەت لە ناو ئەعیانەکاندا کە لەو کاتەدا نەتەوەخوازترین چین بوون.

لە شارەکاندا، گەشەسەندی بازرگانی و پیشە دەستییەکان بوون بەهۆی ئەوەی کە سێ گرووپی جیاواز لە ناو هاووڵاتییە ڕەسەنەکانی چاخی ناوەڕاستدا دروست بن.

لە سەرووی هەموو جەماوەری شاردا بنەماڵە ئەعیانەکان یاخود بنەماڵە "دەسپاکەکان"(Honorables) ڕاوەستابوون. ئەمانە دەوڵەمەندتری بنەماڵەکان بوون. ئەوان بە تاقی تەنیا دەستیان بەسەر ئەنجومەن و دایرەکانی شاردا گرتبوو. ئەوان نەک هەر چاوەدێری داهاتی شاریان دەکرد بەڵکو بەکاریشیان دەهێنا. لەسەر ئەو هێزەی کە دەوڵەمەندی و پێگەی ئەعیانی کۆن بەوانی بەخشیبوو و بەردەوام لەلایەن پادشا و ئیمپراتووریشەوە پشتیوانیان لێدەکرا، بە هەموو شێوەیەک هەم خەڵکی شار و هەم جووتیارانی سەربە شاریان دەچەوساندەوە. ئەوان کرێکانیان یان بە خەلە و خەرمان یان بە پارە وەردەگرت؛ ئەوان بە شێوەگەلی جۆربەجۆر هەندێک مافیان بۆ خۆیان پاوان و مسۆگەر کردبوو؛ هێدی‌هێدی خەڵکیان لە هەموو مافێکی بەکارهێنانی شوێنە هاوبەشەکان وەک دارستان و لەوەڕگەکان بێبەش کرد و ڕاستەوخۆ بەکاریان هێنان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. بە کەیفی خۆیان بۆ جادەکان، پردەکان و دەروازەکانی شار گومریک و باجیان هەڵدەبەست؛ ئەوان بە ئیجازەی بازرگانی و مافەکانی شارۆمەندییەوە مامەڵەیان دەکرد و دەیانفرۆشتنەوە؛ کاسپییان بە داد و دادپەروەریشەوە دەکرد. هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ جوتیاران باشتر لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ قەشە و ئەعیانەکان نەبوو.

بەپێچەوانەوە، ئەم بنەماڵانە لە پێگەی بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی شاردا بێجگە لە تەماح و هەروەها ئازاری ئەعیانی خۆیان، وردەکاریی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن باجی زۆرتر و زۆرتر کۆبکەنەوە. داهاتی کۆکراوەی شارەکان بە دڵی خۆیان خەرج دەکرا؛ تۆمارکردنی داهات و خەرجەکان بەتەواوەتی شتێکی ڕووکەشیانە و ناڕوون بوو؛ دزی‌کردن و کەمهێنانی سندووقی داهاتەکان بابەتی ڕۆژ بوو. لەمەی کە چەندە ئاسانە بۆ گرووپێکی بچووک، کە خاوەنی هەموو مافێکی تایبەتین و لە ڕێگەی پێوەندیی بنەماڵەیی و کۆمەڵێک بەرژەوەندییەوە پێکەوە گرێ دراون، ئاوا بە شێوازگەلی جۆربەجۆر لە ڕێگەی داهاتی شارەوە

خۆی دەوڵەمەند بکات ئەمە فێردەبین کە چۆن بڕوانینە ئەو دزیانە و ئەو کەمهێنانی سندووقانە کە لە ساڵی 1848دا لە دایەرە و ئۆفیسەکاندا ڕووی دا.

ئەم نەجیبزادانە وریا بوون کە لە هەموو شوێنێکدا ڕێگە لە چەسپاندنی مافەکانی بەشەکانی دیکەی ئەنجومەنی شار بگرن، بەتایبەت لە بواری چاوەدێری و لێکۆڵینەوەی داراییدا. زۆر دواتر، کاتێک کە گەندەڵی ئەم پیاوە ماقووڵانە چڕتر و چڕتر بووەوە ئیتر ئەنجومەنەکانی شار وەخۆ کەوتن بۆ ئەوەی بەلانیکەمەوە بەڕێوبەرایەتی شار کۆنترۆڵ بکەن. بەڕاستی ئەوان لە زۆرێک لە شارەکاندا توانیان مافەکانی خۆیان وەدەست بهێنن، بەڵام لە لایەکە بە هۆی کێشەی ناوخۆی گرووپە هاوپیشەکان لەگەڵ یەکتر و، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گیانسەختی ئەعیانەکان و هەروەها پشتیوانیی ئیمپڕاتووریەت و دەوڵەتە ناوچەییەکانی سەر بە ئەوان، ئەندامانی ئەنجومەنی ئەم بنەماڵانە خێرا توانیان جارێکی دیکە، بە زۆرەملی یاخود بە فێڵ و تەڵەکە، زاڵییەتی خۆیان لە ئەنجومەندا بچەسپێنن. لە سەرەتای سەدەی شازدەدا، ئەنجومەنی هەموو شارەکان چوونە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی شاریی دژ بە بنەماڵە ئەعیانەکان خۆیان دەبوون بە دوو کەرتەوە کە لە جەنگی جووتیاریدا بەڕوونی خۆیان بەدیار خست.

ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند (Middle- class)، واتە پێشەنگەکانی لیبێڕاڵە مۆدێڕنەکانی ئێمە، بریتیبوون لە چینی مامناوەندی دەوڵەمەند، دەوڵەمەندی مامناوەند و، بە پێی هەلومەرجی ناوچەیی، بەشێکی زۆر یاخود کەم لە هەژارەکان. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە داوای کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شار و بەشداریکردن لە دەسەڵاتی یاسادانان لەڕێگەی ئەنجومەنی گشتی شارە یاخود لە ڕێگەی نوینەرایەتییەوە (ئەنجومەنی باڵا، کۆمیتەی شار) دەکرد. هەروەها خوازیاری چاکسازیی سیاسەتی لێژنەی دەسپاکی بوون کە بە قازانجی تاقە چەند بنەماڵە ئیشی دەکرد کە پێگەیەکی تایبەتیان لە نێو گروپی دەستپاکیدا هەبو. بێجگە لەمانە، ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند خوازیاری ئەوە بوو کە چەند کورسی ئەنجومەن بدرێت بە شارۆمەندانی سەر بە گرووپەکەی ئەوان. ئەم حیزبە، کە لێرە و لەوێ کۆمەڵێک کەسانی ناڕازی و نەجیبزادەی هەژار پێوەی پەیوەست بوون، لە هەموو ئەنجومەنە گشتییە ئاساییەکانی شار و هاوپیشەکاندا لایەنی زۆرینەیان هەبوو. هۆگرانی ئەنجومەن و ئۆپۆزیسیۆنی ڕادیکاڵتر بەگشتی لە ناو شارۆمەندە ڕاستەقینەکاندا لە لایەنی کەمینەدا بوون.

دواتر دەبینین کە لە درێژایی سەدەی شازدەدا، ئەم ئۆپۆزیسیۆنە "میانەڕەو" و "یاسایی" و "ئاسوودە" و "ڕۆشنبیرە" ڕێک هەر هەمان ڕۆڵی نواند و هەمان سەرکەوتنی وەدەست خست کە میراتخۆرەکەی، واتە حیزبی دەستوور لە بزووتنەوەکانی 1848 و 1849دا بەدەستیان هێنا. ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند هێشتا ئامانجێکی دیکەیان بۆ ناڕەزایی بەجۆشی خۆیان هەیە، ئەویش پیاوانی ئایینییە، ئەوانەی کە شێوازی

ژیـانی بنـدیواری و هەنـدێک خـووی خۆشـگوزەرانی تـایبەت بە خۆیـان هەبـوو و نـاڕەزایی تونـدی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەی لێ کەوتبووەوە.

چینی مامناوەندی شاری داواکاری ڕێسا و ئامرازگەلێکی نوێ بوون بۆ ئەوە کردەوەی ئەم زاهیـدە ڕیاکـار و نگریسانە لەغاو بکات. داوایان دەکرد مەحکەمە ناوخۆیی و شـەرعییەکانی ئەم پیـاوە ئایینیـانە و هەروەهـا مافی ئەوان بۆ وەرگرتنی باج هەڵوەشێندرێتەوە و، بە گشتی ژمارەی ئەم قەشانە کەم بکرێنەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی ڕەشۆکی (Plebian) یاخود عەوام[4] بریتـی بـوون لە ئەنـدامە پەککەوتە و ماڵوێرانەکـانی چینـی مامناوەند و هەروها ئاپۆرەی ئەو جەماوەرەی شار کە هیچ مافێکی شـارۆمەندییان نەبـوو، واتە: کرێکـارانی پیشە دەستیەکان، کرێکارانی ڕۆژکار، وە ژمارەیەکی زۆری دیکە لەو کەسانەی کە یەکەم تـوێژی لـۆمپەن پرۆلتەریایان لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی گەشەی ژیانیی شاریدا پێکهێنابوو. ئەم پـرۆلتەرە ئاسـتنزمـانە، بەگشتی ئەگەر باسی بکەین، دیاردەیەکن کە دەکرێت لە هەموو قۆناغەکانی گەشـەی کـۆمەڵگە هەتـاکو ئەمـڕۆکە، لە فـۆڕمی کەم تـا زۆر گەشەسـەندوودا ببینێـرت. ژمـارەی ئەو خەڵـکەی کە کـار و پیشـەیەکی دیاریکراو و خانوبەریەکی تایبەت بە خۆیان نەبـوو وردە وردە زیـادی دەکـرد، ئەمەش بەهـۆی لەنـاوچوونی فیۆدالیسـم لە کۆمەڵگەیەکـدا بـوو کە لەودا هەبـوونی هەر چەشـنە پیشـە و کارێـک و هەروەهـا ژیـانێکی دیـاریکراو گـرێ درابـوو بە هەبـوونی ژمـارەیەک ئیمتیـازەوە. لە هـیچ یەک لە وڵاتە مۆدێڕنەکانـدا ژمـارەی کەسانی لانەواز بەقەدەر هیی ئەڵمانیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا نەبووە. تاقمێک لەمانە لە کاتی هەر جەنگێکدا دەچوونە ناو سوپاکانەوە، دەستەیەکیتریان بە سواڵکردن دەژیـان، تـاقمی سـێهەمیان بە دوای ئیشێکی حەقدەستیی ڕۆژانەدا دەگەڕان کە سەرقاڵبوون بەوانەوە پێویستی بەوە نەدەکـرد کە سـەر بە گرووپێکی هاوپیشەی تایبەت بن. ئەم سێ گرووپە هەموویان دەورێکـی گرنگیـان لە جەنگـی جووتیاریـدا بینی؛ دەستەی یەکەم لە سوپای شازادەکاندا بوون، ئەمانە جووتیارەکانیان قەڵاچۆ کـرد؛ دەسـتەی دووەم لە پیلانگێڕییەکـان(Conspiracy) و هەروەهـا لە دەسـتەی جووتیارانـدا بەشـداریان دەکـرد کە کـارتێکەری بێئەخلاقیەکانی ئەوان ساتبەسـات خـۆی زۆرتـر بە دیـار دەخسـت؛ تـاقمی سـێهەم بەشـداریی خەبـاتی حیزەکانی شارەکانیان دەکرد. بەڵام دەبێـت ئەمەمـان لە بیـر بێـت کە بەشـێکی زۆری ئەم چینـە، بـۆ وێـنە ئەوانەی کە لە شارەکاندا دەژیان هێشـتا بنەمـا تەندروسـتەکەی سروشـتی جووتیـاریی خۆیـان پاراسـتبوو و وەک پرۆلتەرە ئاستنزمە شارستانییە مۆدێڕنەکانی ئەمڕۆکە خۆفرۆش و گەندەڵ نەببوون.

وەک ڕوونە ئۆپۆزیسـیۆنی ڕەشـۆکی شـارەکان سروشـتێکی تێکەڵەیـان هەبـوو. پێکهـاتبوون لە تـوخمە لاوازبووەکـانی فیـۆدالی کـۆن و یەکیەتیـی گـرووپە هاوپیشـەکان لەگەڵ تـوخمە پـرۆلتەرییە تـازە پشکووتوەکانی کۆمەڵگەی بورژوازی مۆدێرن؛ لەلایەکەوە، خاوەن پیشە ڕەشۆکییەکان بـوون کە بەهـۆی سەروەریەکانیانەوە (privileges) تازە خەریکبـوون تـێکەڵ بە نەزمـی چینـی مامناوەنـدیی هەبـوو دەبـوون،

[4] . لە کوردیدا بەم گرووپە ڕەشایی، ڕەشۆکی، ڕەمەکی و خەڵکی ئاساییش دەگوترێت. (وەرگێڕ)

لەلایەکی دیکەوە جووتیارە دەرکراوەکان و نۆکەرە کۆنەکان بوون کە هێشتا نەیانتوانیبوو بین بە پرۆلتەر. لە نێــوان ئەم دوو دەســتەدا، کرێکــارە شــارەزاکان ڕاوەســتابوون؛ ئەمــانە کە بــۆ مــاوەیەک لە دەرەوەی دەستەبەندییەکانی کۆمەڵگەی ئەو کاتەدا بوون لە باری ستانداردەکانی ژیانەوە گەلێک نزیک بوون لە پرۆلتەرەکان، ئەمەش بەهۆی دۆخی پیشەسازی ئەو سەردەمە و سەروەریی گرووپە هاوپیشەکانیانەوە مـومکین بـوو، بەڵام بەهـۆی هەر ئەو خـاڵ و سـەروەریانەوە هەموویـان خەریـک بـوون دەبـوون بە مامۆستایانی شارەزای چینی مامناوەندی داهاتوو [واتە بورژوازی]. پشتیوانییەکانی ئەم تێکەڵەیە، بێگومان گەلێک ناسەقامگیر بوون و متمانەیان پێ نەدەکرا و بە پێی هەلومەرج دەگۆڕدران. پێش لە جەنگی جووتیاری، ئۆپۆزیسیۆنی ڕەشۆکی لە ململانێ سیاسییەکاندا دەردەکەوتن بەڵام نەک وەک حیزبێک، بەڵکو وەک دواکەوتووانی دڕەندە و ئاژاوەگێری ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند دەردەکەوتن، ئەمانە بە بەرمیلێک شەڕاب دەکڕدران و دەفرۆشران.

ئەمە ڕاپەڕینی جووتیارەکان بوو کە ئەوانی کرد بە حیزبێک، تەنانەت لەو کاتەدا کە لە هەموو شوێنێک هەم لە داواکارییەکانیاندا و هەم لە کردەوەدا پشتبەست بە جووتیاران بوون - ئەمەش خۆی سەلمێنەری ئەم واقیعیەتەیە کە شارەکانی ئەو سەردەمە لە ئاستێکی بەرزدا پشتبەست بە گوندەکان بوون. کاتێک کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕەشۆکیەکان سەربەخۆ دەهاتنە مەیدان، داواکارییان ئەوە بوون کە خاڵ و سەروەرییەکانی بازرگانیی شار بۆ سەر گوندەکانیش پەرە بسێنێت، حەزیان نەدەکرد کە داهاتی شار بەبۆنەی لەناوچوونی بار و گوشاری فیۆدالی لە هەرێمە گوندنشینەکانی سەر بە شار، کورتی بهێنێت. بەکورتی، ئەوەندەی کە سەربەخۆ دەردەکەون، کۆنەپەرەستن. ئەوان بەم شێوەیە دەکەوێنە ناو بازنەی توخمەکانی چینی مامناوەندەوە و، دەسپێکێکە بۆ ئەو کۆمێدیا تراژیکەی کە لەلایەن وردەبوروژوازی مۆدێرنەوە لە سێ ساڵی رابردوودا لە ژێر ناوی دیموکراسیدا چووەتە سەر شانۆ.

تەنیا لە تورینگیا (Thuringia) و چەند ناوچەیەکی تر فراکسیۆنی هەژارەکانی شار لەم شاڵاوە گشتییە بەدوور مانەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە تۆوی لایەنی پرۆلتەریەکەی بۆ ماوەیەکی کەم بەسەر هەموو توخمەکانی دیکەی بزووتنەوەکەدا سەرکەوت. ئەمە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی مونستێر (Muenzer) لە تورینگێن و موریدەکانی لە شوێنەکانی دیکە ڕووی دا. ئەم ڕووداوە بچووکە کە لووتکەی جەنگی جووتیاری پێکدەهێنا و بەگشتی بە دەوری کەسایەتی تووماس مونستێردا دەسووڕایەوە، ماوەیەکی زۆر کەمی خایاند. ئێستا لەمە تێدەگەین کە بۆچی ئەم توخمانە ئاوا خێراتر لەوانی دیکە وێران بوون، بۆچی بزووتنەوەکەی ئەوان نیشانەیەکی ئاوا پڕمانا و خەوناوی بەرهەم هێناوە و بۆچی دەربڕینی داواکارییەکانیان دەبێت ئاوا تا ئەم ڕادەیە ناڕوون بێت. ئەم گرووپە بوو کە لە کاتی خۆیدا کەمترین شوێنی بۆ خۆی لە هەلومەرجی هەبووی ئەو کاتەدا کردەوە.

لە خـــواری خـــواری هەمـــوو ئەو چینـــانەدا، جـــگە لە دوایـــین دانە، ئـــاپۆرەی چەوســـاوەی ئەم نەتەوە ڕاوەســـتەبوون، واتە جووتیـــاران. ئەوە جووتیارەکـــان بـــوون کە لە ژێـــر بـــاری هەمـــوو توێژەکـــانی دیـــکەی کـــۆمەڵگە، واتە شـــازادەکان، ئەنـــدامانی دایەرە دەوڵەتییەکـــان، ئەعیانەکـــان، پیـــاوە ئایینییەکـــان، لێـــژنەی دەسپاکان و چینی مامناوەندا مـابوونەوە. جووتیـاران ڕەعیەتـی شـازادەکان و بارۆنەکـانی ئیمپڕاتـووریەت و ئۆسقۆف و سەومەعە یاخود شار بوون، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا وەک ئاژەڵێکی بارکێش یـاخود خـراپتر لە ئاژەڵ لەگەڵیان مامەڵە دەکرا. ئەگەر جووتیار خـاوەنی زەوی نەبـوایە (واتە سێرف) ئەوا بە تەواوەتـی هەر چاوی لە بەزەیی ئەربـابەکەیەوە بـوو. ئەگەر جووتیـارێکی پێبەنـد بـوایە ئەوا بەنـدوبارە یاسـاییەکان بەس بوون بۆ ئەوەی پشتی بچەمێنەتەوە، ئەو بەندوبار و ڕێسایانەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادی دەکرد. زۆربەی کاتی خـۆی دەبـوا لە سـەر مڵکـی ئەربـابەکەی ئـیش بکـات. ئەو داهـاتەیش کە لە کـاتی ئـازادی خۆیـدا وەدەستی دەکەوت دەبوا وەک دەودوو، بەهرە، زیادەلەخۆ، کرێـی سـەفەر، باجەکـانی جەنـگ، باجەکـانی زەوی، باجەکـانی ئیمپراتـووریەت و شـتی دیـکە بیـدات بەوان. بەبـێ ڕادەسـتکردنی پـارە نە دەیتـوانی هاوسەرگری بکات نە دەیتوانی بمرێت. لە پاڵ ئەم خزمەتە یاساییانە کە دەبوا بۆ ئەربابەکەی بیکات ناچار بوو لەوەڕ، شلک، توتڕک و سەدەف بۆ ئەرباب کۆ بکاتەوە، نێچیری بۆ قانگ بدات، هێزمی بۆ بشـکێنێت و هتد. ماسیگری و ڕاوکردن هەموو لە پاوانی ئەربابدا بوو. جووتیار دەیبینی کە چۆن بەرهەمەکەی بە ڕاوە دڕندانەکان لە ناو دەچن. لەوەڕگە گشـتییەکان و دارسـتانەکانی جووتیـاران لە هەمـوو شـوێنێکدا لە لایەن ئەربابەکانەوە داگیر کرابوون. ڕێک بە هەمان شێوە کە ئەرباب دەسەڵاتی بە سـەر داراییەکـانی جووتیـاردا هەبوو خواستی و مەیلی خۆی بـۆ سـەر خـودی ئەو و هاوسـەرەکەی و کچەکـانی درێـژ دەکـردەوە. یەکەم شەوی بووکێنی هیی ئەرباب بوون. هەر کاتێک پێی خـۆش بـوایە جووتیـاری دەخسـتە زینـدانەوە؛ لەوێـدا سیخەکانی ئەشکەنجە چاوەڕێیان دەکـرد، بە هەمـان شـێوە کە لە سـەردەمی ئـێمەدا لێکـۆڵەر چـاوەڕوانی تاوانبـار دەکـات. هەر کاتێـک حەزی کردبـایەت لە ژێـر ئەشـکەنجەدا دەیکوشـت یـاخود سـەری دەبـڕی. هیچکام لە سزاکانی کارۆلینا[5] (Carolina) نەبوو کە ئەربابەکان لەسەر جوتیاران جێبەجێی نەکەن، بۆ وێـنە: "گـوێچکە بـڕین"، "لـووت بڕین"،"دەرهێنـانی چـاو"، "قرتانـدنی قـامکی دەسـت"، "سـەربڕین"، "لێـک هەڵقڵەشاندن"، "ئـاورتێبەردان"، "داخ کـردن"، "پارچەپـارچە کـردن" و هتـد. کـێ دەیتـوانی بەرگـری لە جووتیارەکان بکـات؟ دادگاکـان لە ژێردەسـتی بارۆنەکـان، پیـاوە ئاینییەکـان، لێـژنەی دەسـپاکان، یـاخود زانایانی مافدا بوو. ئەوان بە باشی دەیانزانی بۆچی لەوێدان و بۆچی پارەیـان پێـدەدرێت. لەخـۆڕا نەبـوو کە هەموو خاوەن پۆستە دەوڵەتییەکانی ئیمپراتووریەت لە ڕێگەی چەوساندنەوەی جووتیارانەوە دەژیان.

سەرەڕای ئەوەی کە جووتیاران لە ژێر وەها گوشارێکی پـڕووکێنەردا بـوون بەڵام هێشـتا هانـدانی ئەوان بـۆ ڕاپەڕین و شۆڕش گەلێک دژوار بوو. پەرتەوازەیی ئەوان لە هەرێمێکی زۆر بەرفراواندا ببوە هۆی ئەوەی کە

[5]. کۆدێکی تاوان بوو کە لە ساڵی 1532 لە سەردەمی پاشایەتی چارڵز Vدا نووسراوە.

گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوانیاندا پرزەحمەت بێت؛ هەر لەکۆنەوە خوویان کردبوو بە ئیتاعە و گوێڕایەڵی و، ئەمە لە نەوەیەک بۆ نەوەیکی تر بە میرات گەیشتبوو؛ هەروەها ناشارەزایی لە بەکارهێنانی چەک و پلەی نایەکسانی چەوساندنەوەیان بەپێی کەسایەتی ئەرباب، هەموو پێکەوە ببوونە هۆی بێدەنگیی جووتیاران. لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ڕاپەڕینی ناوچەیی جووتیاران لە چاخی ناوەڕاستدا، بەڵام هیچ شۆڕشێکی نەتەوەیی گشتیی جووتیاری، بەلانی کەمەوە لە ئەڵمانیا، بەر لە جەنگی جووتیاری ڕووی نەداوە. هەروەها تا ئەو کاتەی کە جووتیاران لەبەرانبەر خۆیاندا دەسەڵاتی ڕێکخراوی شازادە و ئەعیان و شارەکان ببینن ئەوا قەت ناتوانن بە تەنیا خۆیان شۆڕشێک هەڵگرسێنن. ئەوان تەنیا لە ڕێگەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەوە دەتوانن چانسی سەرکەوتنیان هەبێت، بەڵام چۆن لەگەڵ چینەکانی دیکە هاوپەیمان بن لە کاتێکدا کە بە چەشنێکی یەکسان لە لایەن هەموویانەوە دەچەوسێنەوە؟

لە سەرەتای سەدەی شازدەدا گرووپە جۆراوجۆرەکانی پادشا، شازادەکان، ئەعیان، پیاوانی ئایینی، لێژنەی دەسپاکی، چینی مامناوەند، ڕەشۆکییەکان و جووتیاران، ئاپۆرەیەکی هەرە ئاڵۆزیان پێکهێنابوو کە هەمەجۆرە داواکاریان هەبوو و هەریەکە بە ئاراستەی خۆیاندا دەڕۆیشت و بەریەکدەکەوتن. هەر گرووپێک وەک بەربەست لە سەر ڕێگەی ئەوی‌تر بوو و بەردەوام بە ئاشکرا یان شاراوە ململانێی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە دەکرد. دابەشکردنی سەرجەم هەموو وڵاتەکە بەسەر دوو بەشی گەورەدا، هەروەک لە سەرەتای شۆڕشی یەکەمدا لە فەرەنسا ڕووی‌دا و، هەر بەو شێوەیەی کە ئێستاکە لە قۆناغێکی سەرتردا لە پێشکەوتووترین وڵاتەکاندا دەبینرێت، لەو بارودۆخەدا مەحاڵ بوو. ئەم دابەشبوونە تەنیا ئەو کاتە ڕوودەدات کە نزمترین توێژی کۆمەڵگە، واتە ئەوەی کە لەلایەن هەموانەوە دەچەوسێتەوە و بریتین لە ڕەشۆکی و جووتیاران، هەستنە سەرپێ. کاتێک دەتوانین لە ئاڵۆزی و شڵەژاویی بەرژەوەندی و بۆچوون و هەوڵەکانی ئەو سەردەمە بە ئاسانی تێبگەین کە وەبیری بهێنینەوە کە بەلانی کەمەوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە پێکهاتەی زۆر ساناتری ئەڵمانیای ئەمڕۆکەدا - کە بریتی بوو لە ئەعیانی فیۆدال، بورژوازی، وردەبورژوازی، جووتیارەکان و پرۆلتەریا - چ بشێوی و ئاڵۆزییەک ساز بوو.

## بەشی دووەم

## ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکیەکان و پلانەکانیان: لووتێر و مۆنتسێر

لەو کاتەدا، دابەشکردنی ئەم هەمووە گرووپ و تاقمانە بە سەر چەند یەکەی گەورەتردا نامومکین بوو؛ ئەمەش بەهۆی ناناوەندمەندی، سەربەخۆیی ناوچەیی و پارێزگایی، جودایی و دوورەپەرێزی پیشەسازی و دارایی پارێزگاکان لە یەکتر، و ئامێرە لاوازەکانی پێوەندیگرتن بوو. ئەم دەستەبەندییە تەنیا لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و ئەندێشەی شۆڕشگێڕانە و ئایینی یاخود سیاسی لە سەردەمی ریفۆرماسیۆندا جێبەجێ دەبوو. گرووپە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە کە ئەم بیرۆکانەیان پەسەند یاخود ڕەت دەکردەوە خەڵکیان بە چەشنێکی زۆر ئارام و بە تەقریب لە سێ کەمپی گەورەدا دابەش دەکرد: کۆنەپەرستی یاخود کاتۆلیک، ریفۆرمیستی چینی مامناوەند یا لووتێریەکان، وە توخمە شۆڕشگێڕەکان. ئەگەر لەم دابەشبوونە گەورانەی کۆمەڵگەدا ئێمە لۆژیکێکی کەمتر دەبینین و، ئەگەر دوو کەمپی یەکەم تا ڕادەیەک خاوەن توخمگەلێکی هاوبەشن ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەو واقیعیەتە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەو دەستەبەندییە فەرمییانەی کە لە چاخی ناوەڕاست بەجێ مابوون بەجارێک خەریکبوون لەناو دەچوون یاخود ناوەندمەندیی خۆیان لەدەست دەدا؛ کەوابوو بە هۆی ئەم بارودۆخەوە یەک گرووپی یەکسان لە چەند ناوچەدا بۆ ماوەیەکی کورت بە ئاراستەگەلێکی جیاواز و دژبەیەک دەڕۆیشتن. لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە بەرەورووی هەمان واقیعیەت لە ئەڵمانیا بووینەتەوە، هەربۆیە بینینی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی گرووپ و چینەکان لە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆزتردا لە سەدەی شازدە نابێت تووشی سەرسووڕمانمان بکات.

ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانیای ئەمڕۆکە، سەرەڕای ئەو ئەزموونە نوێیانەی کە هەیەتی، بەڵام لە کێشە و ململانێکانی سەرەمەرگی چاخی ناوەڕستدا هیچ نابینێت جگە دژایەتی و ململانێیەکی ئایینی. وەک مێژووزانە نیشتمانی و پیاوە ژیرە حکوومەتییەکانمان دەڵێن ئەگەر خەڵکی ئەو سەرەدەمە توانیویانە لە سەر بابەتە عاسمانییەکان تێگەیشتنێکی هاوبەشیان هەبێت و لەسەریان ڕێبکەون ئەوا ئیدی دەلیلێک بۆ ئەوەی لەسەر شتە ئەمدنیاییەکان ناکۆک بن و ململانێیان هەبێت بوونی نییە. ئەم ئایدیۆلۆجیستانە گەلێک ساویلکەن کە هەموو ئەو وەهمانەی کە لە سەردەمێکدا سەبارەت بەو سەردەمە هەبووە یاخود ئایدیۆلۆجیستەکانی ئەو سەردەمە سەبارەت بەو سەردەمە هەیانبووە وەک واقیعیەت پەسند دەکەن. ئەم تاقمە لە خەڵک کە لە شۆڕشی 1789دا هیچ نابینن جگە لە باسێکی گەرم سەبارەت بە سەروەرییەکانی پاشایەتی دەستووری بەسەر پاشایەتی ڕەها، ئەوا لە شۆڕشی مانگی جووڵایشدا تەنیا مشتومڕێکی کردەکی لەسەر ئەوە دەبینن کە پاشایەتی وەبەر ڕەحم و بەزەیی خوداوەند نەکەوتووە و، شۆڕشی فێبریەری وەک

هەوڵێک دەبیین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمار یان پاشایەتی، و هتد. ئایدیۆلۆجیستەکانی ئێمە ئاگاداری ئەو مشتومڕە چینایەتییانە نین کە لەم شەکاندن و شڵەژانانەوە هەڵدەستا و، دەرکەوتەی سانای ئەوان لە بیچمی دروژمی سیاسیدا و لە سەر ئاڵاکانی ئەم ململانێیانەدا دەنووسرا؛ ئەوان تەنانەت ئەمڕۆکە هیچ تێگەیشتنێکیان لەم بابەتە نییە، ئەگەرچی هەواڵ و بەیاننامەکانی ئەوان نەک هەر لە هەندەران دەبیسترا بەڵکو بۆڵە و نارەزایی هەزاران کەس لە پرۆلتەرەکانی ناوخۆیشی لێدەکەوتەوە.

لەو جەنگانەدا کە پێیان دەگوترێت جەنگی ئایینیی سەدەی شازدەیەم، بەرژەوەندیگەلێکی مادیی چینایەتیی ئەرێنیی زۆر دەوریان گێڕاوە، وە ئەو جەنگانە جەنگی چینایەتی بوون، بە هەمان شێوە کە پێکدادانە ناوخۆییەکانی دواتر لە ئینگلاند و فەڕەنسا بەم شێوەیە بوون. ئەگەر مشتومڕە چینایەتییەکانی ئەو سەردەمە ئاڵای ئایینیان هەڵگرتووە، ئەگەر بەرژەوەندییەکان، پێداویستییەکان و داواکارییەکانی چینە جۆربەجۆرەکان خۆیان لە پشت ئاییندا شاردوەتەوە، هیچ شتێکی لە حەقیەتی دیاردەکە ناگۆڕێت، وە هەموو ئەمانە دەبێت لەڕێگەی بارودۆخەکانی ئەو سەردەمەوە لێکبدرێنەوە.

سەدەکانی ناوەڕاست لە دۆخی سەرەتاییبوونێکی خاو تێپەڕیبوو.ماڵئاویی لە شارستانیەتی کۆن، فەلسەفەی کۆن و سیاسەت و کاروباری مافی کۆن کرد، بەو مەبەستەی کە لە هەموو ئەمانەدا قۆناغێکی نوێ دەسپێبکاتەوە. تەنیا شتێک کە لە جیهانی کۆنی داڕماو بەجێمابوو مەسیحیەت و ژمارەیەک شاری نیوەوێران و بێبەش لە شارستانیەت بوون. ئاکام و دەرنجامەکەی ئەمە بوو کە پیاوە ئاینییەکان پاوانی فێرکاریی فکرییان گرتە دەستی خۆیان، واتە ئەو دیاردەیەی کە لە هەموو قۆناغێکی سەرەتایی گەشەکردندا هەیە؛ بەم شێوەیە خودی فێرکاری و ڕاهێنان تا ڕادەیەکی زۆر خەسڵەت و سروشتێکی ئایینی بە خۆوە گرت.

سیاسەت و کاروباری ماف هەر وەک زانستەکانی تر لە دەستی قەشەکاندا بوو؛ ئەمانە وەک لقگەلێک لە زانستی تیۆلۆجی یان کەلامی و ئایینی ماونەوە و بە هەمان شێوەی بابەتە ئایینیەکان لەگەڵیان مامەڵە دەکرا. بابەتە دۆگماییەکانی کەلیسا لە هەمان کاتدا وەک پرنسیپی سیاسی دەناسرا و، ئایەکانی ئەنجیل لە هەموو دادگاکاندا بە هەمان ڕێژەی یاسا پەسندکراو بوو. تەنانەت ئەو کاتەی کە یاسازانان بوون بە چینێکی تایبەت، هێشتا کاروباری ماف لە ژێر قەیمومیەتی ئاییندا بوو. سەردەستیی ئایین لەبواری چالاکییە فکرییەکاندا لە هەمان کاتدا ئاکامی لۆژیکیی ئەو هەلومەرجەیە کە کەلیسا، وەک گشتیترین هێز و دەسەڵات، پشتیوانی لە سەردەستی و زاڵیەتی هێزی فیۆدالی دەکات.

ئەمە ڕوونە کە لەوەها بارودۆخێکدا هەموو هێرشێکی گشتی و ئاشکرا بۆ سەر فیۆدالیسم پێش لە هەموو شت هێرشێک بووە بۆ سەر کەلیسا، هەموو دوکتۆرینە شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بێگومان کفر و ئیلحادی ئایینی بوون. بۆ ئەوەی بتوانین هێرش بکەین، دەبێت بارودۆخە کۆمەڵایەتییە هەبووەکان لەو نووره پیرۆزە ئایینیەی کە بە دەوریانەوەیە، داماڵرێن.

ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی دژ بە فیۆدالیسم لە سەرانسەی چاخی ناوەڕاستدا زیندوو بووە. بە پێی بارودۆخی ئەو کاتە، هەندێک جار وەک بیچمێک لە عیرفان، یان ئیلحادی ئاشکرا، یاخود وەک ڕاپەڕینێکی چەکدارانە خۆی نواندووە. ئەوە دەزانین کە ئەم فۆڕمە عیرفانییە چەندە بە ریفۆریمیستەکانی سەدەی شازدەیەمەوە گرێ درابوو. مۆنتسێر بۆخۆی تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری ئەم بۆچوونە بوو. ئیلحاد بەشێکی خۆێ لە بەرپەرچی شوانەکانی هەرێمی ئالپدا نیشان دا کە خەسڵەتێکی باوکشاهانەیان هەبوو و، دژ بە دەستدرێژییەکانی فیۆدالیسم لەو هەرێمەدا هەستانەوە (بۆ وێنە والدێنزەکان[6] Waldenses)، بەشێکی دیکە بریتی لەو دژایەتییە بوو کە شارەکان لەگەڵ فیۆدالیسم دەیانکرد ( بۆ وێنە ئالبیگێنز و ئارنۆڵدی برێشا The Albigenses, Arnold of Brescia)، وە بەشێکی دیکە بە شێوازی ڕاپەڕینی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی جووتیاران خۆی نواند (بۆ وێنە جۆن باڵ John Ball، ئەرباربێک بوو خەڵکی مەجارستان لە پیکاردی Picardy). لە پێوەندی لەگەڵ باسەکەماندا دەتوانین لە ئیلحادی باوکشاهانەی والدێنزییەکان و هەروەها ڕاپەڕینی سویس چاوپۆشی بکەین کە لە باری فۆڕم و ناوەڕۆکەوە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە لەبەرانبەر گەشەی مێژوویدا بوون و تەنیا گرنگییەکی ناوچەییان هەیە.

لە دوو فۆڕمەکەی دیکەی ئیلحادی چاخی ناوەڕاستدا ئێمە دەتوانین لە سەرەتای سەدەی دوازدەدا پێشەنگەکانی دابەشبوونی گەورەی کۆمەڵگە لە نێوان چینی مامناوەند و ئۆپۆزیسیۆنی جووتیاری -ڕەشۆکی بدۆزینەوە کە لە ئاکامی جەنگی جووتیاریدا هەرەسی هێنابوو. ئەم دابەشبوونە هەتاکوو کۆتاییەکانی چاخی ناوەڕاست درێژەی هەبوو.

بزووتنەوەی ئیلحادیی شارەکان، کە ئیلحادی فەرمیی ڕاستەقینەی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، پێش لە هەموو شت ڕاستەوخۆ دژ بە پیاوە ئایینیەکان و سەروەت و سامانەکەیان و هەروەها گرنگایەتی سیاسی ئەوان وەستایەوە. ڕێک بە هەمان شێوە کە ئەمڕۆکە بورژوازی خوازیاری "دەوڵەتێکی هەرزانبایی و گونجاوە"، چینی مامناوەندی چاخی ناوەڕاستیش بەر لە هەموو شت خوازیاری "کەلیسایەکی هەرزانبایی و گونجاو" بوو. فۆرمی کۆنەپەرەستانەی ئیلحادی وەک هەموو ئیلحادێکی دیکە کە لە گەشەی کەلیسا و دۆگماکانیدا تەنیا لادان لە ڕێگەی ڕاست دەبینێت، ئیلحادی چینی مامناوەند داوای گەڕانەوە بۆ دەستووری کلیسایی کۆن و سانا و هەروەها هەڵوەشاندنەوە چینی جیاواز و تایبەتی قەشەکان دەکات. ئەم دامودەزگا هەرزان و گونجاوە دەبێت قەشەکان و ئۆسقۆفە گەورەکان و سەرای ڕۆما و، بە کورتی، هەموو ئەو شتانەی کە بۆ کەلیسا گرانبایی بوون، لە ناو ببات. شارەکان و تەنانەت خودی کۆمارەکان، سەرەڕای ئەوەی کە پادشاکان پشتگیرییان لێ دەکردن، لە هێرشێکدا کە بۆ سەر دامودەزگای پاپ کردیان بۆ

[6] . فیرقەیەکی ئایینی کە لە شارەکانی باشووری فەڕەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەی زاینیدا سەری هەڵدا.

یەکەم جار بە چەشنێکی گشتی ئەم بیرۆکەیان ڕاگەیاند کە فۆڕمی نۆڕماڵی حکوومەت بۆ بورژوازی فۆڕمی کۆمارییە. هۆکاری دوژمنایەتی ئەوان بەرانبەر بە هەندێک لە دۆگما و یاساکانی کەلیسا هەر ئەوانە بوون کە لە سەرەوە باسمان کردن، وە بەشێکی دیکەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخەکانیان. کەس بەقەدەر بوکاچیۆ (Boccaccio) بە باشی باسی ئەوەی نەکردووە کە بۆچی ئەوان تا ئەو ڕادەیە دژ بە سەڵتی یان بێ‌هاوسەری بوون . ئارنۆڵدی برێشا لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، ئالبگنێسەکان (Albigenses) لە باشووری فەڕەنسا، جۆن ویکلیف (John Wycliffe) لە ئینگلاند، هوس (Huss) و کالیکسینز (Calixtines) لە بۆهمێن (Bohemia)، نوێنەرانی سەرەکیی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بوون. هۆکاری ئەوەی کە دژایەتی لەگەڵ فیۆدالیسم خۆی لە بەرگی دژایەتی لەگەڵ فیۆدالیسمی ئایینیدا بەدیار خست بە ئاسانی لەمەدا دەبینرێتەوە کە لەو سەردەمەدا شارەکان بە تەواوەتی شوێن و پێگەیەکی ناسراویان هەبوو و دەیتوانی لەگەڵ فیۆدالیسمی ئەم دنیایی، چ لە ڕێگەی سەرووەرییەکانی خۆیەوە چ لە ڕێگەی زەبروزەنگەوە یاخود لە ڕێگەی ئەنجومەنە شارییەکانەوە، بجەنگێت.

لێرەشدا هەروەک باشووری فەڕەنسا دەبینین کە لە ئینگلاند و بوهمێن ئەعانە خوارووەکان لە مشتومڕ لەگەڵ پیاوە ئایینیەکان و ئیلحادەکەیاندا پەیوەست بە شارەکان دەبن، ئەم دیاردەیە لە ئاکامی پێبەندیی ئەعیانی ئاستی خوارەوە بە شارەکان و هەروەها هەبوونی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەم دوو گرووپە لە بەرانبەر پیاوە ئایینی و شازادەکاندا ڕووی داوە. هەر ئەم دیاردەیە دەتوانین لە جەنگی جووتیاریشدا ببینین.

ئەو ئیلحادەی کە دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی داواکارییەکانی جووتیار و ڕەشۆکی بوو و تەقریبەن هەمیشە سەری بە ڕاپەڕینێکەوە دەنا، خاوەندی خەسڵەتێکی تەواو جیاواز بوو. ئەم ئیلحادە کە لەگەڵ هەموو داواکارییەکانی ئیلحادیی چینی مامناوەند سەبارەت بە پیاوە ئایینییەکان و دامودەزگای پاپ و گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوەی کەلیسای مەسیحیی کۆن هاوبەش و هاودەنگ بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەمووشیان تێدەپەڕی. داوای ئەو یەکسانییە مەسیحییە کۆنەی دەکرد کە لە نێوان هەموو ئەندامانی کەلیسادا هەبوو، هەروەها ئەمە دەبێت وەک ڕێسایەک بۆ هەموو جیهانی چینی مامناوەندیش بەفەرمی ڕەچاو بکرێت. ئەوان لە یەکسانیی منداڵانی خودا ئەم دەرەنجامەیان وەردەگرت کە دەبێت یەکسانیی مەدەنی و تەنانەت یەکسانی لە داراییەکانیشدا هەبێت. یەکسانیی نەجیبزادە و جووتیار، یەکسانیی ئەعیان و چینی مامناوەندی خاوەن سەرووەری لەگەڵ ڕەشۆکی، نەمانی بێگاری و بەهرەی پارە و باجەکان و سەرووەرییەکان، وە بەلانی کەمەوە نەمانی جیاوازی نائاسایی لە داراییەکاندا، هەموو ئەو داواکاریانە بوون کە کەم تا زۆر ڕاشکاوانە باس دەکران و وەک شتێک کە بە چەشنێکی سروشتی لە دوکتۆرینی مەسیحیەتی کۆنەوە بەجێ مابێت ڕەچاو دەکران. ئەم ئیلحادی جووتیار - ڕەشۆکییە کە لە سەردەمی گەشەی فیۆدالیسمدا، بۆ وێنە لە ناو ئالبیگێنزەکاندا سەری هەڵدابوو و بەسەختی لە ئۆپۆزیسیۆنی چینی

مامناوەند جیا دەکرێتەوە، لە سەدەکانی چوارده و پازدەدە گەورەتر بوو و وای لێهات کە وەک حیزبێک بیروبۆچوونەکانی لە تەنیشت ئیلحادی چینی مامناوەند خۆی نواند. ئەمە نموونەی جۆن باڵ، واعیزی ڕاپەڕینی وات تیلێر (Wat Tyler) لە ئینگلاند لە پاڵ بزووتنەوەی میکلیف بوو. هەروەها سەبارەت بە تابوریتییەکان (Taborites) لە پاڵ کالیکستینەکان (Calixtines) لە بۆهمێن ڕاستە. تابۆریتییەکان تەنانەت هەندێک بۆچوونی کۆماریخوازانەشیان لە جل‌وبەرگی ئایینیدا باس دەکرد، ئەم ڕوانگەیە دواتر لەلایەن نوێنەرانی ڕەشۆکی لە ئەڵمانیا، لە سەدەی پازدە و لە سەرەتای سەدەی شازدەدا، پەرەی سەندووە.
هەندێک لە بۆچوونە خەونابییەکانی فیرقە عیرفانییەکان، بۆ وێنە سکورگینگ فرییارز[7] (Scourging Friars)، لولاردز[8] (Lollards) و هتد.، کە لە کاتی گوشار و سەرکوتکردندا دەبوونە خاوەنی نەریتێکی شۆڕشگێڕانە، پەیوەست بەم فۆڕمە لە بزووتنەوەی ئیلحادی بوون.
ڕەشۆکییەکان لەو کاتەدا تاقە چینێک بوون کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی فەرمیی ئەو کاتەدا بوون. لە دەرەوەی فیۆدالدا بوون هەروا کە لە دەرەوەی ڕێکخراوەی چینی مامناوەندیشدا بوون. نە سەروەرییەکی هەبوو نە داراییەک؛ تەنانەت لەو ڕێژە داراییەی کە جووتیار یاخود وردەبورژوازی هەیبوو بێبەش بوو کە بە بۆنەی ئەوەوە هەر وەک ئەوان بکەوێتە ژێر باری گوشارەکانەوە؛ لە هەموو بوارێکدا بێبەش بوو لە دارایی و مافەکانی دیکە؛ لە دۆخێکدا دەژیا کە تەنانەت نەیدەتوانی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دامەزراوە هەبووەکان هەبێت کە ئەوانی بەتەواوەتی لە بیر کردبوو. ئەوە یەکەم نیشانەی کاڵبوونەوەی کۆمەڵگەی فیۆدال و کۆمەڵگەی چینی مامناوەندی هاوپیشەیی بوو و، لە هەمان‌کاتدا یەکەم پێشەنگی کۆمەڵگەی بورژوازی مۆدێرنیش بوو.
بینینی ڕەوشی ژیانی ڕەشۆکیی خەڵک بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی دژایەتی‌کردنی ڕەشۆکیی ئەو سەردەمە، نەیتوانی تەنیا بە خەباتی دژ بە فیۆدالیسم و چینی مامناوەندی خاوەن سەروەری قەناعەت بکات؛ بۆچی داواکارییەکانیان، بەلانی کەمەوە بە خەیاڵ، لە کۆمەڵگەی بورژوازی مۆدێرنیش کە خەریکبوو دەگرسا، تێپەڕی، وە بۆچی ئەم فراکسیۆنە بەتەواوەتی هەژارە سەرجەم هەموو دامەزراوە و بۆچوون و و بیرۆکەکانی کۆمەڵگەکەی ڕەت دەکردەوە کە لە سەر دابەشکردنی چینەکان بونیاد نرابوون. خەونی مەسیحیەتی کۆن، کە دەیگوت هەر هەزار ساڵ جارێک مەسیح دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە خاڵێکی زۆر سوودبەخشمان ئاڕاستە دەکات. لە لایەکی دیکەوە، ئەمە جۆرێک بازدانە نەک هەر بۆ ئەوپەڕی کاتی ئێستاکە بەڵکو بازدانە بۆ ئەوپەڕی کاتی داهاتوویش، هەربۆیە هیچ کۆمەکێک بە هاتنی جەبریی دۆخێکی خەوناوی ناکات. لە یەکەم بەکارهێنانی کردەکی ئەم بۆچوونانەدا ناچار دەبوو بۆ ئەو سنووره باریکانە بگەڕێتەوە کە بارودۆخی زەمانە بۆی دەڕەخسێنێت. هێرش بۆ سەر دارایی تایبەتی و

---

7. فیرقەیەک بوو کە لە خۆیان دەدا و لەو بڕوایەدا بوون کە بە لێدانی جەستەی خۆیان گوناحەکانیان کەم دەبێتەوە.
8. فیریەکی ئایینی بوو کە لە ئینگلاند لە سەدەکانی چوارده و پازدەدا سەرهان هەڵدابوو.

هەروەها داخوازی بۆ هاوبەشکردنی سەروەت و سامانەکان دەبوا خۆی لە نێو ڕێکخراوەیەکی کاڵی خێرخوازیدا بتوێنێتەوە؛ یەکسانیی ناڕوون و تەماوی مەسیحیەت هیچ ئاکام و ئەنجامێکی نابێت جگە لەوەی کە دەگاتە هەمان بیرۆکەی یەکسانیی مەدەنی لە بەرانبەر یاسادا؛ لابردن و نەمانی هەموو ئاغایەکی سەردەستی سیستمی ئیداری (officialdom) لە کۆتاییدا دەبێت بە ڕێکخراوەی حکوومتی کۆماریخوازەکان کە لەلایەن خەڵکە هەڵدەبژێردرێن. پێشبینیی گەیشتن بە کۆمۆنیزم لە خەونی مرۆڤدا، لە واقیعدا پێشبینیی گەیشتن بە دۆخی بورژوازی مۆدێرن بوو.

پێشبینی قۆناغەکانی داهاتووی گەشەی مێژوو، کە لە خۆیاندا جەبری بوون، بەڵام ئاکامی سروشتیی بارودۆخی ژیانی ڕەشۆکی بوو، بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا و لە ئامۆژگارییەکانی تووماس مونتسێر و حیزبەکەیدا دەبینرێت. تابوریتەکان جۆرێک کۆمەڵگەی هاوبەشیان لە داراییدا لە لای خۆی گریمان دەکرد، بەڵام تەنیا لە جلوبەرگی ڕێوڕەسمێکی سەربازی پەتیدا بەڕێوەیان دەبرد. تەنیا لە ئامۆژگارییەکانی مۆنتسێردایە کە ئەم بیرۆکە کۆمۆنیستیانە بە شێوەی هەوڵێک بۆ چێکردنی فراکسیۆنێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە خۆی نیشانداوە. مۆنتسێر گەڵاڵەی ئەم بیرۆکەیەی بە شێوازێکی تاڕادەیەک ڕوون و جێکەوتوو داڕژاند و، لە دوای خۆی لە هەموو بزووتنەوەیەکی گەورەی خەڵکدا دەبینرایەوە تاکوو ئەوەی کە هێدیهێدی لەگەڵ بزووتنەوەی پرۆلتاریای مۆدێرن تێکەڵ بوو. نمونەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە چاخی ناوەڕاستدا دەبینین کە لەوێدا خەباتی جووتیارە ئازادەکان، دژ بە زاڵبوونی ڕوولەزێدەی فیۆدالەکان، تێکەڵ بە خەباتی ڕەعییەت و جووتیارە بێ زەویوزارەکان بوو، بەو مەبەستەی کە حکوومەتی فیۆدالی بەگشتی لەناو ببەن.

کاتێک کە یەکەم کەمپ لە سێ کەمپەکە، واتە کەمپی کاتۆلیکە کۆنزێرڤاتیڤەکان، ئامێزی بۆ هەموو ئەو توخمانە، واتە پیاوەکانی کەلیسا و بەشێک لە شازادەکان نائایینیەکان و ئەجیبزادە و دەوڵەمەندەکان و ئۆسقۆفی گەورە و ئەعیانە شارییەکان کردەوە کە داڵغەی مانەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی هەو کاتەیان هەبوو، بزاڤی ڕیفۆرمی لووتێری میانەڕەوی چینی مامناوەندیش لە ژێر چەتری خۆیادا هەموو ئەو توخمە خاوەن داراییانەی ئۆپۆزیسیۆن، ئاپۆرەی نەجیبزادە خوارووەکان، چینی مامناوەند و تەنانەت بەشێک لە شازادە نائایینیەکانیشی کۆکردەوە کە بە هیوابوون لە ڕێگەی دابەشکردنەوەی زەوییەکانی کەلیسا جارێکیتر دەوڵەمەند ببنەوە و دەرفەتێک بۆ سەربەخۆیی زۆرتر لە ئیمپراتووری وەربگرن. هەروەک جووتیار و ڕەشۆکییەکان، ئەمانیش لە دەوری ئەو حیزبە شۆڕشگێرە کۆ بوونەوە کە داواکاری و دوکتۆرینەکانی بە باشترین شێوە لە ڕوخساری مونتسێردا خۆی دەنواند.

لووتێر و مۆنتسێر لە بۆچوون و کەسایەتی و کردارەکانی خۆیاندا، زۆر بە وردی بیروبڕوای حیزەکانی خۆیان دەردەبڕی.

لە نێوان ساڵانی 1517 و 1525، لووتێر هەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەردا هات کە دەستوورخوازە ئەڵمانییەکان لە ساڵانی نێوان 1846 و 1849دا ڕایانپەڕاند. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە هەموو حیزبێکی چینی مامناوەند، کە ماوەیەک وەک سەرکردەی بزووتنەوەکە ئیش دەکات، بەسەریدا دێت و، لەم بزووتنەوەدا دەکەوێتە دوای حیزبی ڕەشۆکی -پڕۆلتەرەوە کە پەیڕەوی ئەون.

کاتێک کە لە ساڵی 1517دا لووتێر بۆ یەکەم جار دژ بە دۆگماکان و ڕێکخراوەی کەلیسای کاتۆلیک هەستایە سەرپێ، هێشتا دژایەتییەکانی ڕەنگ‌وبۆنێکی دیاریکراوی نەبوو. بەبێ ئەوەی هیچکام لە سنوورەکانی داخوازییە ئیلحادییەکانی چینی مامناوەندی بەر لە خۆی بشکێنێت، هیچ یەک لەو ڕەوتە ئەندێشەییانەی دیکەیشی ڕەت نەکردەوە کە پێشکەوتووتر لەو بوون. ئەو نەیدەتوانی ڕەتیان بکاتەوە، چونکا لە یەکەم هەنگاوی خەباتدا دەبێت هەموو توخمە دژبەرەکان پێکەوە یەکگرتوو بکرێن، دەبێت گرنگرتین هێزە شۆڕشگێڕەکان وەکار بکەون، پێویستە نوێنەرایەتیی گشتێتی ئەو هێزە ئیلحادیانە بکرێت کە دژ بە بڕواکانی کەلیسا خەبات دەکەن. بە هەمان شێوە، بورژوازی لیبێراڵی ئێمە لە ساڵی 1847دا شۆڕشگێڕ بوو. ئەوان خۆیان وەک سۆشیاڵیست و کۆمۆنیست دەناساند و باسی ڕزگاریی چینی کرێکاریان دەکرد. سروشتی بەهێزی جووتیاری لووتێر هەر لە یەکەم قۆناغی چالاکییەکانیدا زۆر بە ئاشکرا خۆی نواند. "کاتێک کە گەردەلوولی تووڕەیی ئەوان [واتە قەشەکانی کەلیسا] بەردەوام دەبێت، وا دەزانم کە هیچ ئامۆژگاری و دەرمانێک بۆ هێورکردنەوەیان نییە مەگەر ئەوەی کە پادشا و شازادەکان زەبروزەنگ بەکار بهێنن، خۆیان چەک بکەن و هێرش بکەنە سەر ئەو شەیتانانەی کە هەموو جیهانیان ژەهراوی کردووە و، بۆ یەکجار و بۆ هەمیشە کۆتایی بەم گەمەیە بهێنن، بەڵام بە چەک نەک بە قسە. ئەگەر ئێمە دز و جەردەکان بە شمشێر سزا دەدەین، پیاوکوژەکان بە سێدارە و کافرەکان بە ئاور، دەی بۆچی نابێت هێرش بکەینە سەر هەموو ئەم مامۆستا نگریسانەی شەڕ و گەندەڵی، واتە پاپاکان، ئۆسقۆفەکان، کاردیناڵەکان، و هەموو خزمەتکارانی دەزگای ڕۆما؟ بۆچی نابێت دەستەکانمان لە خوێنی ئەواندا بشۆین؟

ئەم جۆش و خرۆشە شۆڕشگێڕانە زۆری نەخایاند. ئەو گزنگەی کە لووتێر بڵاوی کردەوە ئاگری لێ کەوتەوە. بزووتنەوەیەک لەناو هەموو خەڵکی ئەڵمانیادا دەستی پێکرد. لە وتارەکانیدا دژ بە پیاوە ئایینییەکان و لە وەعزەکانیدا بۆ ئازادی مەسیحیەت، جووتیار و ڕەشۆکی شەپۆلی ڕاپەڕینیان وەرگرت. بەهەمان شێوە، چینی مامناوەندی میانەڕەو و بەشێکی گەورە لە نەجیبزادەکانی خواروو پەیوەست بەو بوون و، تەنانەت شازادەکان تێکەڵاوی ئەو لافاوە بوون. لەکاتێکدا کە دەستەی یەکەم لەو بڕوایەدا بوون کە ڕۆژێک دێت هەموو ستەمکاران لەناو ببەن، دەستەی دواتریش ئاواتەخواز بوون کە دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان و ئەوانەی سەر بە ڕۆما بوون و، هەروەها پلەبەندیی کاتۆلیک بشکێنن و لە دابەشکردنی داراییەکانی کەلیسا بەهرەمەند بن. حیزبەکان لەیەکتر جودا دەبوونەوە و هەرکام نوێنەری خۆیان دەدۆزییەوە. لووتێر دەبوا لە نێوانیاندا یەکێکیان هەڵبژێرێت. لووتێر، ئەم پارێزراوەی دەسەڵاتی شازادە

ساکسۆن (Saxony) و مامۆستای بەڕێزی ویتێنبێرگ (Wittenberg) کە لە ناکاو ناوبانگی دەرکردبوو، ئەو پیاوە گەورەیە کە لەلایەن دووڕوو و زمانلووسانەوە گەمارۆ درابوو، بۆ تەنیا ساتێک دڕدۆنگ نەبوو. ئەو، توخمە خۆشەویستەکانی بزووتنەوەکەی بەجێهێشت و پەیوەست بوو بە ڕیزی چینی مامناوەند و نەجیبزادە و شازادەکانەوە. بانگەشەکانی بۆ جەنگی وێرانگەر دژ بە ڕۆما ئیتر نەبیسترا و بێدەنگ مایەوە. ئێستا لووتێر بانگەوازی پێشکەوتنی ئاشتیانە و بەرخۆدانی پاسیڤ دەکات. (بۆ وێنە بڕواننە پەیامی ئەعیانەکانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1520 و هتد.) لووتێر لە وڵامی هوتێن (Hutten) و سیکێنگین (Sickingen) لە قەڵای ئێبێرن(Ebern) کە ناوەندی پیلانگێڕی نەجیبەکان دژ بە پیاوە ئایینیەکان و شازادەکان بوو، گوتی: "حەز ناکەم ببینم بە زۆر و خوێنڕشتن بەرگری لە ئینجیل دەکرێت. جیهان بە وشە گۆڕدراوە، بەهەمان شێوە کە دژە مەسیحییەکان (Antichrist) بەبێ توندوتیژی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەبێ توندوتیژیش لەناو دەچن.

بەدوای ئەم وەرچەرخانە، یان بە واتایەکی وردبینانەتر، بەدوای ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی بۆچوونەکانی لووتێر، مامەڵە و بازرگانیکردن بە بابەتی مانەوە یاخود چاکسازی دامەزراوەکان و دوگماکانی کەلیسا و، ئەو گەمە دیپلۆماتکارییە گەندەڵ و ناحەزانە و ئەو ورووژاندن و گەوجاندنانە دەستی پێکرد کە دەرەنجامەکەی دانپێدانانی ئاوگسبێرگ (Augsburg Confession) بوو، واتە دەقی کۆتایی دەستووری کەلیسایی چینی مامناوەندی چاککراو؛ ئەمە ڕێک هەر ئەو ڕێگەوشوێنەیە کە لەم دواییانەدا لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەڵمانیا و لێژنەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و دەستەی پێداچوونەوەی پەڕلەمانی ئێرفۆرت لە جلوبەرگێکی سیاسیدا تا ئاستێکی قیزەونانە دووپات کراوەتەوە. کەسایەتی پەست و نگریسی چینی مامناوەندی ئەم ریفۆرمە فەرمییە، لەم دانووستانانەدا بە ڕوونترین شێوە خۆی دەرخستووە.

دەلیلگەلێکی بڕواپێکراو لە ئارادابوو بۆ ئەوەی لووتێر، کە ئێستا وەکە نوێنەری ڕیفۆرمی چینی مامناوەند دەناسرا، وتار و خیتابە بۆ پێشکەوتنی یاسایی پێشکەش بکات. ئاپۆرەی خەڵکی شار پەیوەست بوون بە ڕیفۆرمە ئارام و مامناوەندەکانەوە؛ نەجیبزادە خوارووەکان زۆرتر و زۆرتر تێکەڵ بەم بزووتنەوەیە دەبوون؛ بەشێک لە شازادەکان پەیوەستی ببوون، دەستەیەکی دیکە هێشتا دوودڵ بوون. لە بەشێکی گەورە لە ئەڵمانیا سەرکەوتن تا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر کرابوو. ئەگەر ئەم گەشە ئاشیتخوازانە درێژەی هەبێت ئەوا هەرێمەکانی دیکەی ئەڵمانیا ناتوانن لەژێر گوشاری ئەم ئۆپۆزیسیۆنە میانەڕەوەدا خۆیان ڕابگرن. لە لایەکی دیکەوە، جووڵەیەکی توندوتیژانە دەبووە هۆی ململانێ لە نێوان حیزبی هەژاران و جووتیارە توندڕەو و میانەڕەوەکاندا؛ بە هەمان شێوە دەبووە هۆی نامۆبوونی شازادە و ئەعیانەکان و هەندێک لە شارەکان لەو بزووتنەوەیە، هەر بۆیە تاقە ئاڵتەرناتیڤ ئەوە بوو کە بە پاڵپشتی جووتیاران و ڕەشۆکی، بەسەر حیزبی چینی مامناوەندا سەرکەوێت یاخود ڕێگە بداتە هەموو بزووتنەوەکە بکەوێتە ژێر ڕکێفی هێزی بووژانەوەی کاتۆلیک و لەژێرەدا بپرووکێت. سەبارەت بەوەی کە چۆن حیزبەکانی چینی مامناوەند، لەگەڵ

بەدەستهێنانی سووکەسەرکەوتنێک، لەسەر بنەمای پێشکەوتنی یاسامەند، خێرا هەوڵ دەدات ڕێگەکەی خۆی لە نێوان سیللیٚ[9] (Scylla) شۆڕش و کریبدیسی[10] (Charybdis) مانەوەی دۆخەکە [[یان دژە شۆڕش]] هەڵبژێرێت، هەتاکوو ئەم دواییانە گەلێک نموونەمان هێناوەتەوە.

ئەمە سروشتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمە بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی هەموو گۆڕانکارییەکان بەقازانجی شازادەکان تەواو بێت و دەسەڵاتیان زۆرتر ببێت. لە ئاکامدا ڕیفۆرمی چینی مامناوەند، کە خۆی لە توخمەکانی جووتیاری و ڕەشۆکی جودا کردبووەوە، زۆرتر و زۆرتر کەوتە ژێر کۆنترۆڵی شازادە ڕیفۆرمخوازەکان. قازانجی لووتێر بۆ ئەوان زیادی کردبوو، وە کاتێک کە خەڵک تاوانباریان کرد کە، هەروەک هەموو کۆیلەکانی دیکە، ئەویش بووە بە کۆیلەی شازادەکان، دەیانزانی چی دەڵێن؛ وە کاتێک لە شاری ئۆرلاموند (Orlamuende) بە بەرد بەشوێنی کەوتبوون و بەردبارانیان دەکرد دەیانزانی چی دەکەن.

کاتێک کە جەنگی جووتیاری دەستی پێکرد، کە بەگشتی لەو هەرێمانەدا ڕوویدا کە ئەعیان و شازادەی کاتۆلیکی تێدا بوو، لووتێر هەوڵی دا هەڵوێستێکی ناوجێکەرانەی هەبێت. ئەو زۆر ڕاشکاوانە هێرشی کردە سەر دەوڵەتەکان. گوتی کە ئەمە بەهۆی گوشار و سەرکوتی دەوڵەتەکانەوەیە کە ئەم شۆڕشانە هەڵگرساون، ئەوە تەنیا جووتیارەکان نین کە دژ بەوانن بەڵکو خوداش دژ بەوانە. لەلایەکی دیکەوە، ئەمەیشی گوت کە خودی شۆڕشیش کردەوەیەکی ناخودایی و دژ بە ئینجیلە (Gospel). هەر دوو لایەنەکەیشی ئامۆژگاری دەکرد کە کۆک ببنەوە و تێگەیتشنێکی ئاشتیخوازانەیان لێکتر هەبێت.

بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵە نییەتپاکانە بۆ ناوەنجگری، شۆڕش بەخێرایی پەرەی سەند بۆ هەرێمەکانی دیکەیش، بەتایبەت ئەو هەرێمانەی کە لەژێر کاریگەری شازادە و ئەعیان و شارە لووتێریە پرۆتێستانیەکاندا بوون و، بەخێرایی وەپێش ڕیفۆرمی "بیرمەندانە"ی (circumspect) چینی مامناوەند کەوتبوون. گرنگترین دەستەی هێزە ڕاپەڕیوەکان، لەژێر فەرماندەیی مۆنتسێردا، ناوەندە فەرماندەییەکانی خۆیان لە تورنگیا کردەوە، کە یەکێک لەو هەرێمانە بوو کە نزیکایەتی زۆری لەگەڵ لووتێر هەبوو. چەند سەرکەوتنی دیکە بەدەستهێنرا و سەرانسەری ئەڵمانیا کەوتە ناو بڵێسەی ئاورەوە، لووتێر گەمارۆ درا و لەوانەبوو وەک خائین سزای کوشتنی بەسەردا بسەپێت و، ڕیفۆرمی چینی مامناوەند بەهۆی شۆڕشی جووتیار- ڕەشۆکییەوە وەلا بنرێت. ئیتر کاتی دڕدۆنگبوون نەبوو. لە بەرانبەر شۆڕشدا هەموو دوژمنایەتییەکان لەبیر برانەوە. لە بەراورد لەگەڵ جووتیارە مەغولەکان، ئێستا خزمەتکارانی کەلیسای ڕۆم

[9] . تاشەبەردێکی گەورە لە کەناراوەکانی ئیتاڵیا بەرانبەر بە گێژەنی کریبدیس. (وەرگێڕ)

[10] . ناوی کۆنی گێژەنێکە لە ئیتاڵیا لە گەرووی مێسینا کە ئەمڕۆکە پێ دەگوترێت گالۆفالۆ (Galofalo). دوو وشەی کریبدیس و سێللای پێکەوە بەکار دەهێنرێن و لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆندا بە مانای هەڵبژاردن لە نێوان دوو لایەنی شەڕڕ یاخود خراپدایە. (وەرگێڕ)

بیوون بە مەڕی بێئازار و منداڵانی بێگوناح و پاکی خوداوەند. شارنشین و شازادە، ئەعیان و پیاوی ئایینی، لووتێر و پاپا پێکەوە یەکیان گرت "دژ بە جووتیارە مەغولە پیاوکوژ و چەتە و تاڵانکەرەکان." لووتێر هاواری دەکرد "دەبێت پەرتەوازە و پارچەپارچە بکرێن، بخنکێنرێن و برینـدار بکـرێن، بە ئاشـکرا یـاخود بە شـاراوە هەر کەس کە توانای هەیە، هەر وەک سەگێکی هار بیانکوژێت."

"کەوابوو، بەڕێزان ئەم هەرێمە خاوێن بکەنەوە، ئەوێ ڕزگـار بـکەن، لە هەر شـوێنێکدا بۆتـان کـرا لێیـان دەن و بیانکوژن و بیـانخکێنن؛ ئەوەنـدەش بـزانە کە ئەگەر ئێـوە لەم خەبـاتەدا مـردن ئەوا هـیچ مردنێـک پیرۆزتر لەوە بۆتان نابێت." بەرانبەر بە جووتیاران نابێت هـیچ بەزەیـیەک هەبێـت. "هەر کەسـێک بەزەیـی بەوانەدا بێت کە خوداوەند بەزەیی پێیاندا نـایەت و دەیەوێـت سـزا بـدرێن و لەنـاو بـبرێن، دەبێـت خۆیشـی بخرێتە ناو ڕیزی یاخیەکانەوە." ئەو دەڵێت، دواتر جووتیاران فێر دەبن شوکرانەی خودا بکەن ئەو کـاتەی کە ناچـار دەبـن گـایەک بـدەن بـۆ ئەوەی لە گـاکەی دیکەیـان لە ئاشـتیدا سـوود وەربگـرن. ئەو گـوتی، شازادەکانیش لە ڕێـگەی شۆڕشـەوە تێـدەگەن کە ڕۆحـی ڕەمەکـی چۆنە و تەنیـا بە زەبروزەنـگ دەبێـت بە سەریاندا حکوومەت بکرێت. لە درێژەدا دەڵێت: "پیاوێکی ژیر گوتـوویەتی: گوێـدرێژ پێویسـتی بە لەوەڕ و کورتـان و نەقیـزە هەیە. مێشـکی جووتیـاران پـڕە لە کـا. ئەوان  گوێبیسـتی هـیچ نـین و کردەوەکانیشـیان واتایەکی نییە، کەوابوو دەبێت دەنگی شەللاق و تیر ببیستن، ئەمە تاقە دادپەروەرییێکە کە هەیە. دەبێـت نزایان بۆ بکەن کە گوێڕایەڵ بن، ئەگەر نەبوون ئەوا ئیتر نابێت بەزەییەک لە ئارادا بێت. ڕێگە بدەن تەنیا گوللە  بکەوێتە ناویان، ئەگەر وا نەبێت ئەوان دۆخەکە هەراز ئەوەندە خراپتر دەکەن."

ئەمە هەر ئەو زمـــان و زاراوەیەیە کە سۆشیاڵیســـتەکان و بـــوروژوا مرۆڤدۆســـت و خێرخوازەکـــانەوە لەم دواییانەدا، کاتێک لە ڕۆژانی مـانگی مارسـدا پرۆلتەرەکـان داوای پشـکی خۆیـان لە میـوە و بەرهەمەکـانی سەرکەوتن دەکرد، بەکاریان دەهێنا.

لووتێر بە وەرگێڕانی ئینجیل سیلاحێکی بەهێزی دابووە دەستی بزووتنەوەی ڕەشۆکی. لە ڕێگەی ئینجیلەوە مەسیحیەتی فیۆدالیی سەردەمی خۆی لە بەرانبەر مەسیحیەتی نەرم و هێمنانەی سـەدەی یەکەم دانـابوو. لە بەرانبەر کۆمەڵگەی فیۆدالی سەرەمەرگدا وێنەیەکـی لە کـۆمەڵگەیەکی دیـکە دانـا کە هـیچ شـتێکی لە پلەبەندی فیۆدالی دەستکردی و لقلقکراو تێـدا بەدی نەدەکـرا. لـووتێر دژ بە هێـزی شـازادە و نەجیبـزادە و پیـاوە ئاینییەکـان، کەڵکێکـی فراوانـی لەم چەکە وەرگـرت. ئێسـتا لـووتێر هەر هەمـان چەک بەرانـبەر بە جووتیارەکـــان بەکـــار دەهێنێـــت، لە ئینجیـــل سروودێکـــی ڕاســـتەقینە دەردێنێـــت و لە مەدحـــی ئەو خاوەندەسـەڵاتانەدا دەیخـوێنێتەوە کە لە لایەن خوداوەنـدەوە ڕاسـپاردە کـراون - ئەوەی ئەو کـردی هـیچ نۆکەر و کاسەلێسێکی پاشایەتی ڕەها هەتاکوو ئەو کاتە نەیکردبوو. تـاج و تەخـت بە ڕەحـمەت و خەڵاتـی خواداوەند ناوزەد کرا، بەرخۆدانی پاسیڤ، تەنانەت کۆیلەتیش بە یارمەتی ئینجیل پاسـاو کـرا. بەم شـێوەیە لـــووتێر نەک هەر ڕاپەڕینـــی جووتیـــاری بەڵکـــو تەنـــانەت شۆڕشـــی خـــۆی دژ بە دەســـەڵاتدارە ئـــایینی و

ئەمدنییەکانیش ڕەت کردەوە. ئەو، بە قازانجی شازادەکان، نەک هەر خەیانەتی بە بزوتنەوەی ڕەمەکی خەڵک بەڵکو بە هێن بزووتنەوەی چینی مامناوەندیش کرد.

ئایا پێویستە لێرەدا باسی ئەو بورژوازییە بکەین کە لەم دواییانەدا نموونەگەلێکن لە ڕەتکردنەوەی ڕابردووەکەی خۆیان؟

ئێستا با لێرەدا شۆڕشگێڕێکی هەژار واتە مۆنتسێر لەگەڵ ڕیفۆرمیستێکی چینی مامناوەند واتە لووتێر بەراورد بکەین.

مۆنتسێر لە ستۆلبێرگ (Stolberg) لە هەرێمی هارز (Harz) لە ساڵی 1498 لەدایک بوو. دەگوترێت باوکی لە سەر مەیلی شازادەی ئەو هەرێمە واتە کۆنتی ستۆلبێرگ لە سێداراە درا. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا مۆنتسێر لە قوتابخانەی هالێ (Halle) یەکیەتییەکی شاراوەی دژ بە ئوسقۆفی گەورەی ماگدێبۆرگ (Magdeburg) و کەلیسای ڕۆما بەگشتی ڕێکخست. توانای فێربوونی ئەو لە بواری زانستە ئایینیەکان یان تیۆلۆجی ئەو سەرەدەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە زۆر خێرا دەرەجەی دوکتورا وەربگرێت و پۆستی قەشەی لە یەکێک لە کەلیساکانی هالێ پێ بدرێت. لێرەدا بوو کە ئەو بەرانبەر بە دۆگماکان و ڕێوڕەسمەکانی کەلیسا بەوپەڕی بێبایەخییەوە هەڵسوکەوتی کرد. وەک لووتێر باسی دەکات ئەو لە ناو جەماعەتی خەڵکدا لە کاتی دۆعادا هەندێک وشەکانی خواردن و گۆڕینی[11] بەکار نەدەهێنا و غوسڵی تەعمیدیشی نەدەکرد. عیرفانی چاخی ناوەڕاست بەتایبەتی نووسراوەکانی هەزارەخوازی جۆکیمی کالابێریا (Joachim of Calabria) گرنگترین بابەتی خوێندنەوەکانی ئەو بوو. بەڕای مونزێز هەزارە و ڕۆژی دادگایی کەلیسای لادەر و جیهانی گەندەڵ کە لە لایەن ئەم عاریفەوە باس کراوە و سیماکەیشی کێشراوەتەوە، لە بیچمی ئەم ریفۆرماسیۆنە و ئەو سەرهەڵدانە گشتییەی سەردەمی ئەودا خۆی نواندووە. لەو دەڤەرەدا پێشوازییەکی زۆر لە وەعزەکانی دەکرا و زۆریش سەرکەوتوو بوو. لە ساڵی 1520دا وەک یەکەم بانگهێشتکەری پرۆتێسان چوو بۆ تسویکا (Zwickau). ئەو لەوێ یەکێک لەو فیرقە هەزارەخوازە خەوناویانەی دۆزییەوە کە لە هەندێک هەرێمی بچووکدا درێژەیان بە ژیانی خۆیان دەدا. لە پشتی ئەو خۆشکاندنەوە و گۆشەگریەی ئەواندا جۆرە دژایەتییەکی ڕوولەزێدەی توێژی خوارەوەی کۆمەڵگا، دژ بە بارودۆخی هەبوو، دەبینرا؛ بە زۆربوونی ئەم شڵەژان و بشێوییە ئەو ئێستاکە دەستی دابووە بانگەشەیەکی زۆر بەرفراوانتر و بەردەوامتر. ئەوە فیرقەی ئانابایتیس[12] (Anabaptists) بوو و سەرۆکەکەی نیکۆلاس ستورچ (Nicolas Storch) بوو. ئانابایتیس مزگێنی هاتنی ڕۆژی مەعاد و هەزارەی دەدا؛ ئەوان "خەیالات و جووڵەکان و ڕۆحی پێغەمبەری و غەیبزانییان هەبوو." زۆر خێرا لەگەڵ ئەنجومەنی شاری تسویکا تووشی کێشە بوون. مۆنتسێر قەت پەیوەست بەوان نەبوو بەڵکو ئەمە ئەوان بوون کە لە ژێر کاریگەریی ئەودا بوون؛ بەڵام لە هەر حاڵدا پشتیوانی لێ

11. ئەو بڕوا ئایینییە کە دەڵێت شەراب لە دوای خواردن دەبێت بە خوێنی مەسیح. (وەرگێڕ)

12 . واتە ئەوانەی کە سەرلەنوێ تەعمید کراونەتەوە. (وەرگێڕ)

دەکـردن. ئەنجـومەنی شـار زۆر بە جیـددی لەگەڵیـان جـووڵایەوە و ناچـاری کـردن شـار جـێبێڵـین و مۆنتسێریش لەگەڵیان دەر کرا. ئەمە کۆتایی ساڵی 1521 بوو.

ئەو چوو بۆ پراگ و بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە هەوڵی دا پەیوەست بە پاشـماوەکانی بـزووتنەوەی هوسایت (Hussite) ببێـت. بەم حـاڵە، مۆعیزەکـانی ئەو ناچـاری کـرد کە لەوێـش بـڕوات و ڕوو لە بـوهمێن بکات. لە ساڵی 1522دا بوو بە وتاربێژی ئالشتێد (Allstedt) لە تورینگیـا (Thuringia). لێـردا دەسـتی کـرد بە چاکسازی لە ڕێوڕەسمەکانی کەلیسا. بەر لەوەی لووتێر بوێرێت تـا ئەو ڕادەیە بچێـتە پـێش، ئەو بەگشـتی زمانی لاتینی وەلا نا و فەرمانی کرد نەک هەر بە تەنیا موعیزەکانی ڕۆژانی یەکشەمە و چەن بەشی تایبەتی ئینجیل، بەڵکو سەرجەم هەموو ئینجیل بخـوێنرێتەوە. لەهەمـان‌کاتـدا ئەو دەسـتی کـرد بە پڕۆپەگەنـدا لە ناوچەکەی خۆیدا. خەڵک لە هەموو لایێکەوە ڕوویان تێکرد و زۆر خێرا ئالشتێد بوو بە ناوەندی بـزوتنەوەی گشتی دژە قەشە لە سەرانسەری تورینگا.

لەو کاتەدا مۆنتسێر بەر لە هەموو شت هێشتا زانـایەکی تیۆلـۆجی بـوو. ئەو هێرشـەکانی خـۆی بە تـایبەتی ئاڕاسـتەی قەشـەکان دەکـرد. بەڵام وەعزەکـانی، وەک ئەوانەی لـووتێر کە لەو کـاتەدا دەیکـرد، باسـی هێمنایەتی و پێشکەوتنی ئاشتیانەی تێدا نەبوو، بەڵکو ئەو درێژەی بە وعزە تونـد و بەخرۆشـەکانی قۆنـاغی سەرەتایی چالاکییەکانی لووتێر دا و، شازادەکانی ساکسـۆن و خەڵکـی دنە دەدا کە دژ بە قەشـەکانی ڕۆمـا هەستنە سەر پێ. "ئایا ئەمە مەسیح نەبوو کە دەیگوت: من هاتووم کە شمشێرتان بۆ بهێنم نەک ئاشـتی؟ ئێـوە [شـازادەکانی ساکسـۆن] بەو شمشـێرە چـی دەکەن؟ ئێـوە دەتـوانن تەنیـا یەک کـار بـکە: ئەگەر دەتانەوێت ببن بە خزمەتکارانی خوداوەند، دەبێت هەسـتن و ئەو مـرۆڤە نگریسـانە کە لە ڕێـگەی بیسـتنی دەنگی ئینجیلدا ڕاوەستاون لەناو ببەن. مەسیح زۆر بە جیـددییەتەوە ئەم فەرمـانەی کـردووە (سـورەی 11 ئـایەتی 27): "دوژمنەکـانم بگـرن و لە پـێش چاومـدا بیـانخنکێنن، نێوچاوانتـان گـرژ مەکەنەوە چونکـا دەسەڵاتی خوداوەند بەبێ ئێوە و بە بێ شمشێرەکانتان جێبەجێ ناکرێـت، ئەگەر وابێـت شمشـێرەکانتان لە قاوغەکانیاندا ژەنگ دێنن. ئێمە دەبێت هەموو ئەو کەسانەی کە لە بەرانبەر وەحیی ئیلاهیـدا دەوەسـتنەوە لەناو ببەین، بە هەمان شێوە کە ئیسکیاس (Hezekiah)، کوورش(Cyrus)، ژوسیا(Josiah)، دانیـال (Daniel) و ئیلیـاس (Elias) قەشـەکانی بەعـل (Baal)یـان لەنـاو بـرد. ئەگەر وانەبێـت کەلیسـای مەسـیحی قەت ناگەڕێتەوە بۆ ڕیشـە و ڕەگەزەکـانی خـۆی. دەبێـت لە کـاتی ڕنینـەوەی بێسـتانەکەی خوداوەنـد، بژاریشـی بکەیـن. خـودا لە سـوورەی 5، ئـایەتی 7دا دەفەرمێـت: ئێـوە نابێـت بەزەییتـان بە کافرەکانـدا بێـت، مینبەرەکانیان بڕووخێنن، وێنەکانیان بسووتێنن، من لەمبـارەدا لێتـان زیـز نـابم." بەڵام ئەم بانگهێشـتنەی مۆنتسـێر بـۆ شـازادەکان ئەنجـامێکی لێـنەکەوتەوە، ئەمە لە کاتێکـدا بـوو کە خرۆشـی شۆڕشـگێڕی لە نـاو خەڵکدا ڕۆژلەدوایڕۆژ بەرفراوانتر دەبووەوە. ئێستا بیروبۆچوونەکانی مۆنتسێر گەلێک تونـدوتیژتر و بـوێرانەتر

بیوونەوە و، بە ئاشکرا لە ریفۆرماسیۆنی چینی مامناوەند دوور کەوتبووەوە و وەک بانگەشەکەرێکی سیاسی تەواو دەرکەوتبوو.

دوکتورینە دینی - فەلسەفییەکانی ئەو هێرشێک بوو نەک هەر بۆ سەر کاتۆلیسیسم بەڵکوو بۆ سەرجەم هەموو جەستەی مەسیحیەت. لەژێر عابای بیچمەکانی مەسیحیەتدا، جۆرێک پانتێئیسمی (pantheism) مۆعیزە دەکرد کە زۆر هاوشێوەی ئەندێشە و بۆچوونی شەککاکیونی مۆدێرن بوو و، لەو کاتەتا تەنانەت پاڵی بە ئاتێئیسمیشەوە (atheism) دەدا. ئەو ئەم ئیدیعایەی ڕەت دەکردەوە کە ئینجیل وەحیێکی نێردراوەیە و حوکمەکانی نەگۆڕن. تاقە وەحیی زیندوو بێگومان هەمان هزرە، ئەو وەحییەی کە لە ناو هەموو خەڵکدا و لە هەموو کاتدا بوونی هەیە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە دانانی ئینجیل لەبەرانبەر ڕۆحدا بە مانای کوشتنی ڕۆحە بە وشە، چونکە ئەو ڕۆحە پیرۆزە کە ئینجیل باسی کردوە هیچ شتێک نییە کە لە دەرەوەی ئێمەدا بێت؛ ڕۆحی پیرۆز هەر هەمان عەقڵ و هزری ئێمەیە. ئەو دەیگوت، ئیمان و بڕوا هیچ نییە جگە لە زیندووبوونەوەی هزر لە مرۆڤدا؛ ئەو دەیگوت، کەوابوو، کافرەکانیش دەتوانن ئیمان و باوەڕیان هەبێت. لە ڕێگەی ئەم ئیمان و باوەڕەوە و بەپێی ئەم هزرە هێزگرتووەوە، مرۆڤ دەتوانێت وەک خودای لێ بێت و بە خودا بگات. دەبێت هەر لەم ژیانەدا بۆ بەهەشت بگەڕێن، وە بە ڕای مۆنتسێر ئەمە ئەرکی ئیماندارانە کە بەهەشت دابین بکەن، واتە دابینکردنی پاشایەتی خوداوەند لێرە و لە سەر ئەم عەردە. بەهەمان شێوە کە بەهەشتێکی ئەودنیایی نییە دۆزەخێکی ئەو دنیاییش نییە، هیچ شەیتانێکیش لە دەروونی مرۆڤدا نییە کە هاندەری شەڕ و مەیلە خراپەکانی بێت. ئەو دەڵێت مەسیحیش مرۆڤێک بوو وەک ئێمە؛ پێغەمبەر و مامۆستایەک، وە خواردنی دواهەمین شەوەکەی (Lord's Supper) هەروەک خواردنی ئێمە سانا بوو، نان و شەرابێک کە بە هەندێک ئیزافاتی سۆفیانەوە دەیخوارد.

مۆنتسێر دوکتۆرینەکانی خۆی زۆرتر بە شێوازێکی شاراوە دەدرکاند، واتە لە ژێر عابای زاراوەناسی مەسیحیەتدا باسی دەکردن، کە فەلسەفەی نوێش کاتی خۆی ناچار بوو بەم شێوەیە بچێتە پێش. بەڵام بیرۆکەی بنەڕەتی ئیلحادیی ئەو بەئاسانی لە هەناوی هەموو نووسراوەکانییەوە هەڵدەقوڵی، وە ئەمە ڕوون بوو کە عابای ئینجیل بۆ ئەو ئەوەندە گرنگی نەبوو کە لە لای هەندێک لە شاگردەکانی هێگل لە سەردەمانی مۆدێرندا هەیبوو. ئەگەرچی مەودایەکی سێسەد ساڵە لە نێوان مۆنتسێر و فەلسەفەی مۆدێرندا بوو.

دوکتۆرینە سیاسییەکەی بەهەمان ڕێبازی ئەندێشە ئایینییە شۆڕشگێڕانەکەیدا دەڕۆیشت و گەلێک لەیەکتر نزیک بوون؛ بەهەمان شێوە کە تیۆلۆجییەکەی بە سەر تێگەیشتنی باوی سەردەمی خۆیدا تێدەپەڕی، دوکتۆرینە سیاسییەکەیشی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووی سەردەمی خۆی بەرزتر دەفڕی. بەهەمان شێوە کە فەلسەفەی ئایینیی مۆنتسێر لە ئاتێئیسم نزیک بوو، ڕێبازە سیاسییەکەی ڕووی لە کۆمۆنیسم بوو، وە لایەنگرانی مۆنتسێر لە سەدەی شازدەدا زۆرتر لە فیرقەیەکی کۆمۆنیستیی مۆدێرن

دەچـوون کە لە کـاتی شۆڕشـی فێبریوەریـدا خـاوەنی خەزێنەیەکـی تیـۆریکی دەوڵەمەنـد بـوون. پـلان و ڕێبازەکەی ئەو کەمتر کۆی داخوازییەکانی ڕەشۆکی ئەو سەردەمە بوو، بەڵکو زۆرتر پێشـبینیی ژیـرانەی ئەو بارودۆخـانە بـوو کە بـۆ ڕزگـاری تـوخمی پرۆلتەریـا پێویسـت بـوو، ئەو تـوخمەی کە تـازە لە نـاو ڕەشـۆکیدا چەکەرەی کردبوو؛ ئەم ڕێبازە خوازیاری دامەزراندنی خێرای پاشایەتی هەزارساڵەی بەڵێنـدراوی خوداوەنـد لەسـەر عەرد بـوو. ئەمەیـش لە ڕێـگەی گەڕانـدنەوەی کەلیسـا بـۆ ڕەگەزە سـەرەکییەکەی خـۆی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو دامەزراوانە بوو کە لە بەرانبەر ئەو مەسـیحیەتە ڕەسـەنەدا بـوون کە مۆنتسـێر مەبەستی بوو، کە ئەمیش لە واقیعدا بیرۆکەیەکی زۆر مۆدێرن بوو. لە حکوومەتی خوداوەند، مۆنتسێر تەنیا ئەمەی دەزانی کە دۆخێکە لە کۆمەڵگە هیچ دارایییەکی تایبەت و هیچ جیاوازییەکی چینایەتی تێدا نیـیە و، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دەوڵەت لە سەرەوە بەسەر ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا ناسەپێندرێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت هەموو ئەو خاوەن دەسەڵاتانەی کە خۆیان بەدەستەوە نادەن و پەیوەست بە شـۆڕش نـابن، بڕووخێنرێن؛ هەموو کارەکـان و هەمـوو دارایییەکـان دەبێـت هـاوبەش بکـرێن و یەکسـانییەکی تەواو بێـتە ئاراوە. بە تێگەیشـتنی ئەو، دەبێـت یەکیەتییەکـی خەڵـک ڕێکبخرێـت بـۆ ئەوەی ئەم پـلانە بهێنێـتە دی، یەکیەتییەک نەک هەر لە ئەڵمانیا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهانی مەسـیحیەتدا. دەبێـت داوا لە شـازادە و ئەعیانەکان بکرێت کە بێنە ڕیزی ئەم یەکیەتییەوە، ئەگەر نەبوون دەبێت یەکیەتـی لە یەکەم دەرفەتێکـدا کە بۆی هەڵدەکەوێت بە زۆری چەک لەناویان ببات یاخود بیانکوژێت.

مۆنتسێر زۆر خێرا دەستی دایە ڕێکخستنی ئەم یەکیەتیـیە. وەعز و وتارەکـانی هێشـتا خەسـڵەتێکی تونـد و سەربازی هەبوو. ئەو نەک هەر هێرشی دەکردە سەر پیاوە ئاینییەکـان بەڵکـو بەهەمـان جۆشـەوە هێرشـی دەکـردە سـەر شـازادە و نەجیبـزادە و ئەعیانەکـان. ئەو بە هەمـان ڕەنـگ و بـۆنی دڕەوشـاوەوە کەشـی سەروکوتکارانەی وێنا دەکرد و دەیخستە بەر چاوی هەمـووان و، لە بارنبەریـدا وێـنەی پاشـایەتی هەزارەی یەکسـانیی کۆمـاریی کـۆمەڵایەتی دادەنـا کە ئەو لە خولیـای خۆیـدا خولقانـدبوو. ئەو، یەکلەدوایەک، زنجیرەیەک نامیلکەی شۆڕشگێڕانەی بڵاو دەکـردەوە و، ژمـارەیەک نێردراویشـی بە هەمـوو لایەکـدا نـارد، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خۆی ئەم یەکیەتییەی لە ئالێشتێد و دەڤەرەکەی ڕێکدەخست.

یەکەم بەرهەمی ئەم پرۆپاگەندایە ڕووخاندنی کەلیسای مریەمی پیرۆز لە ملێربـاخ (Mellerbach) لە نزیـک ئالشتێد بوو، کە لەسەر ئەم دەستوورەی ئینجیل (ئایەی 7 لە کتێبی 5) کە دەڵێت: "مینبەری وەعزەکانیـان بڕووخێنن، کۆڵەکەکانیان تێکبشکێنن و وێنەکانیان لە ئاگردا بسووتێنن" ئەنجام درا. شازادەکانی ساکسۆن خۆیان هاتن بۆ ئالشتێد بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە تێکبشـکێنن. ئەوان مۆنتسـێریان بانگهێشـتی کۆشـک کـرد. ئەو لەوێ وتارێکی پێشـکەش کـرد کە ئەوان قەت لە لـوتێر یـان وەک مۆنتسـێر دەڵێـت "ئەو قـونگرانەی ویتێنبێرگ"یان نەبیستبوو. ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت ئەم حاکمە بێخودایانە، بەتایبەت قەشە و ڕاهیبەکان، کە ئایەتەکانی ئینجیل وەک ئیلحاد دەناسێنن، بکوژرێن؛ بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئەم

حوکمەی ئاماژە دەداتە پەیمانی نوێ(New Testament). ئەو دەیگوت ئەم خودانەناسانە مافی ژیانیان نییە مەگەر بە بەزەیی مرۆڤە هەڵبژاردەکان. ئەو گوتی ئەگەر شازادکان ئەم خودانەناسانە لەناو نەبەن خودا شمشێرەکانیان لێ دەستێنێتەوە، چونکا مافی بەکارهێنانی شمشێر هیی کۆمەڵگەیە. لە درێژەدا گوتی: سەرچاوەی شەڕڕی ڕیباخۆری و دزی و جەردەیی، شازادە و ئەربابەکانن، هەر ئەوانەی کە هەموو شتیان خستوەتە ژێر ملکییەتی تاکەکەسی خۆیانەووە - ماسییەکانی ناو زەریا، باڵندەکانی عاسمان، ڕووەکەکانی نێو خاک. ئەو دەڵێت: ئەم داگیرکەرانە هێشتا مۆعیزەی ئەوە بۆ هەژارەکان دەکەن کە "دزی مەکەن"، لە حاڵێکدا ئەوان هەموو شت بۆ خۆیان دەرفێنن و جووتیاران و خاوەن پیشەکان تالان دەکەن و دەیاندۆشن. "بەم حاڵەش کاتێک یەکێک لەم هەژارانە پێی لار دادەنێت، دەڵێن دەبێت لە سێدارە بدرێت و، ئەو دوکتۆرە درۆزنە بۆ هەموو ئەم کارەساتانە دەڵێت: ئامین." ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەربابەکان خۆیان بارودۆخێک دەڕەخسێنن کە لەودا ڕەشۆکی ناچار دەبن ببن بە دوژمنیان. ئەو پرسیار دەکات ئەگەر ئەوان هۆکاری ئەم سەرکێشیانە لە ناو نەبەن، چۆن دەتوانین چاوەڕێی ئاکامێکی خۆش بین؟ ئای پیاوە بەڕێزەکان! چەن جوانە کە خوداوەند بە گۆچانێکی ئاسن هەموو ئەم قازانە گەورانە تێکدەشکێنێت! کاتێک ئەمە دەڵێم دیارە وەک سەرکێشێک ڕەچاوم دەکەن. دەی با وابێت." (بڕواننە کتێبی جەنگی جووتیاران لە نووسینی زیمێرمەن، بەرگی دووەم، ل. 75).

مۆنتسێر ئەم وتارەی خۆی چاپ کرد. ئەو کەسەی کە لە ئالشتێد ئەم وتارەی چاپ کردبوو لە لایەن دوک یوهانی ساکسۆن بە دەرکردن سزا درا. لەوە بەدوا نووسراوەکانی ئەو دەبوا لە دەزگای سانسۆڕی دەوڵەتی دووکنشینی وایمارەوە تێپەڕێت. بەڵام ئەو گوێی بەم فەرمانە نەدا. دوابەدوای ئەوە خێرا وتارێکی زۆر بەجۆشی لە شاری مولهاوزێن (Muehlhausen) چاپ کرد کە لەوێدا بەم شێوە بانگهێشتی خەڵک دەکات کە: "ئەم کڵاوڕۆچنە زۆرتر بکەنەوە با هەموو جیهان ببینن و بزانن کە ڕێبەرە گەمژەکانی ئێمە کێن و خوداوەندی ئێمەیان لە سیمای چ داوڵێکدا[13] وێنا کردووە. ئەو بەم وشانە کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت: "هەموو جیهان دەبێت خۆی بۆ ئەم شڵەژانە گەورەیە تەیار بکات. وەها یارییەک دەست پێدەکات کە ئەم خودانەناسانە لە شوێنەکانی خۆیان دەهێنرێنە خوارەوەو و بندەستەکان سەردەکەون." تووماس مۆنتسێر، "پیاوێک بە تەشوێیەکەوە" وەک پەندێک ئەمە لە سەردێڕی لاپەڕەکەدا دەنووسێت: "وریا بن، ڕاستە من قسەکانم لە زاری ئێوە دەنێم؛ من ئەمڕۆکە ئێوەم لە سەرووی خەڵک و لە سەرووی ئیمپڕاتوورییەتەکانەوە داناوە، کە دەتوانیت لە بندا هەڵیکەنیت، وێرانی بکەیت، بڵاوەی پێ بکەیت و بیڕووخێنت، ئەمە تۆیت کە دەتوانیت بینای بکەیت و بیڕوێنیت. دیوارێکی ئاسنی لەبەرانبەر پادشاکان، شازادەکان، قەشەکان و لە

---

[13] . داوڵ ئەو پەیکەرە دارینەیە کە لە کێڵگەکاندا بە چەن لق دار هاوشێوەی پەیکەری مرۆڤ دروستی دەکەن بۆ ئەوەی پەلەوەر لە دانەوێڵە و بەرهەمەکان دوور بکاتەوە. (وەرگێڕ)

بەرانبەر خەڵکدا بەرز کراوەتەوە. ڕێگە بدە با بجەنگن، بەڵام سەرکەوتن سەرسووڕهێنەرە، ستەمکارانی بەهێز و خودانەناس دەڕووخێن.

ماوەیەک بوو ناکۆکی کەوتبووە نێوان مۆنتسێر و لووتێر و حیزەکەی. لووتێر ناچار بوو هەندێک لەو چاکسازییانەی کە لە لایەن مۆنتسێرەوە بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ ئەو کرابوون پەسند بکات. لووتێر چالاکییەکانی مۆنتسێری بە ڕوانگەیەکی ڕەشبینانە و وردبینانەی ڕیفۆرمیستێکی میانەڕەو لەبەرانبەر حیزبە بەهێز و بەجۆشەکەی خۆی، چاودێری دەکرد. لە بەهاری ساڵی 1524دا لە نامەیەکدا کە بۆ مێلانشتۆن (Melanchthon)، ئەم مۆدێلی ڕەخنەگر و بندیوارە، دەنێرێت، مۆنتسێر دەنووسیت کە ئەو و لووتێر هیچ لەم بزووتنەوەیە تێناگەن. ئەو دەڵێت، ئەوان هەوڵ دەدەن ئەو بزووتنەوەیە لە ناو وشەکانی ئینجیلدا بخنکێنن، وە ئەندێشەکانیان هەر لە بنەڕەتدا ڕزاوە. ئەو نووسی، "برا خۆشەویستەکان، بەسە ئیتر بەدواخستن و دڕدۆنگ بوون. کاتی گەیشتووە، هاوین لە دەرگەکانمان دەدات. لەگەڵ خودانەناسەکان پەیمانی هەڤاڵێتی مەبەستن، ئەوان ڕێگە نادەن ئەم وشانە بەباشی کاریگەری خۆیان هەبێت. زمانلووسی بۆ شازادەکانتان مەکەن چونکا بەم شێوەیە ئێوەیش وەک ئەوان لاناو دەچن. ئێوە بیرمەندانی ناسکخەیاڵی عاسمانی بەم شێوەیە مەبن و بەرەنگارم مەبنەوە، چونکە چارم نییە و جگە لەمە هیچی دیکە ناتوانم.

لووتێر چەند جاران مۆنتییری بانگهێشتی دیمانە و وتووێژێکی گشتی کرد. بەڵام مۆنتسێر کە هەر دەم ئامادە بوو لە بەرچاوی خەڵکدا بجەنگێت، هیچ مەیلێکی بۆ ئەوە نەبوو کە لە بەردەم جبیسەرانی لایەنگری زانکۆی ویتێنبێرگدا مشتومڕی تیۆلۆژیک بکات. ئەو حەزی نەدەکرد "دەرەجە و شەهادەی ژیری و بیرمەندی بە تەنیا لە قوتابخانەی باڵا وەربگرێت." ئەو نووسی، ئەگەر لووتێر ڕاست دەکات، با لە هێزی کارتێکەریی خۆی بۆ ڕاگرتنی پیلانەکان دژ بە مۆنتسێر و ئەوانەی بەرهەمەکانی بڵاو دەکەنەوە کەڵک وەر بگرێت و، مافی سانسۆڕ وەلا بنرێت بۆ ئەوەی مشتومڕ و باسەکان بە ئازادی لە ناو چاپەمەنییەکاندا بەڕێوە بچێت.

کاتێک کە ئەو نامیلکە شۆڕشگێرانە، کە لە سەرەوە باسمان کرد، هاتنە دەر، لووتێر ئیتر بە ئاشکرا ناوی مۆنتسێری وەم پیلانگێڕ زڕاند. لە نامەیەکیدا لەژێر ناوی "نامەیەک بۆ شازادەکانی ساکسۆن دژ بە ڕۆحی یاخی،"مۆنتسێر وەک ئامرازێک لە دەستی شەیتاندا دەناسێنێت و داوا لە شازادەکان دەکات دەسپێشخەری بکەن و ئەم گەندەڵ و ئاژاوەچیانە لە وڵات دەربکەن؛ چونکا، وەک ئەو دەڵێت، ئەمانە تەنیا بە مۆعیزە شەیتانییەکانیان قەناعەت ناکەن بەڵکو خەڵک هان دەدەن بۆ ڕاپەڕین و کردارای نایاسایی و یاخیانە دژ بە دەسەڵاتداران.

لە 1ی ئەگۆستدا مۆنتسێر ناچار بوو بچێتە بەردەمی شازادەکان لە کۆشکی وایمار و، لە بەرانبەر تاوانی پیلانگێڕیدا بەرگری لە خۆی بکات. کۆمەڵێک فاکت و بەڵگەی حاشاهەڵنەگەر دژ بە ئەو ئاڕاستە

کرابوون؛ یەکیەتییە شاراوە و سرڕییەکە دۆزرابووەوە؛ ڕۆڵی ئەو لە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان جووتیاران و کرێکارانی کانزاکان دەرکەوتبوو؛ لە کۆتاییدا هەڕەشەی دوورخستنەوە بۆ تاراوگەیان لێکرد. کاتێک تازەگەیشتبووەوە ئاڵشتێد ئاگادار کرایەوە کە دوک گێئۆرگی ساکسۆن خوازیاری خۆبەدەستەوەدانی بووە. دەسنووسی نامەکانی یەکیەتییەکەی کەوتبووە دەستیان کە لەواندا داوا لە ڕەعیەتەکانی گێئۆرگ دەکات خۆیان چەک بکەن دژ بە دوژمنانی ئینجیل. ئەگەر شاری بەجێ نەهێشتبایەت ئەوا یەکیەتیەکە ئەوی ڕادەستی شازادە دەکرد.
لەم ماوەیەدا، شڵەژان و بشێوی نێوان جووتیار و ڕەشۆکی ببووە هۆی ئەوەی کە ئەرکی پڕۆپاگەنداکەی زۆر بەئاسانی بچێتە پێش. لە ناو ئاناباپتیسەکاندا کۆمەڵێک بانگەشەکەری لێهاتووی دۆزییەوە. ئەم فیرقەیە بەبێ ئەوەی دۆگماگەلێکی تایبەتیان هەبێت تەنیا لەسەر بنەمای دژایەتییەکی هاوبەش لەگەڵ هەموو چینە دەسەڵاتدارەکان و سیمبولی تەعمیدی دوبارە، لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە و، بە شێوەژیانێکی مورتازانە و ماندوونەناسانە و بوێرانە لە پڕۆپاگەندەکاندا زۆرتر و زۆرتر لە دەوری مۆنتسێر کۆ بونەوە. ئەوان بەهۆی ئەوەوە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەردەوام بەدوایان دەکەوتن لە سەرانسەری ئەڵمانیادا بڵاو ببوونەوە و لە هەموو شوێنێکدا ئامۆژگارییە نوێکانی مۆنتسێریان پێشکەشی خەڵک دەکرد، ئەو ئامۆژگاریانەی کە مۆنتسێر بەو شێوەیە داخوازی و ئاواتەکانی ئەوانی دەردەبڕی. ژمارەیەکی زۆر لە ئاناباپتیستەکان ئەشکەنجە دران، سووتێندران و لە سێدارە دران. بەڵام بوێری و وزەی بەرخۆدانی بانگەشەکەرانە بە هیچ شتێک نەدەلەرزا و، سەرکەوتوویی هەوڵەکانیان بەهۆی بەرزبوونەوەی خێرای بشێوییەکانی ناو خەڵک، هیچ سنوورێکی نەدەناسی. ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە مۆنتسێر لەدوای ئەوەی تورینگیای بەجێهێشت لە هەموو شوێنێک دەیتوانی بەستێنێکی ئامادە بۆ چالاکی خۆی بدۆزێتەوە.
لە نۆرێنبێرگ، واتە ئەو شوێنەی کە مۆنتسێر ڕووی تێکردبوو، مانگێک لەوە پێش ڕاپەڕینێکی جووتیاری هەر لە دەسپێکیدا تێکشکێندرابوو. لێرەدا مۆنتسێر بە شاراوە پڕۆپاگەندای دەکرد. زۆر خێرا کەسانێک دەرکەوتن کە بشتیوانییان لە ئەندێشە تیۆلۆجیکە بەناوبانگەکەی ئەو، واتە هێزی نائیجباریی حوکمەکانی ئینجیل و بێ مانابوونی دۆعاکان، دەرکرد، عیسا مەسیحیان هەروەک مرۆڤێکی ئاسایی وێنا دەرکرد و هێزی دەسەڵاتدارەکانیان بە هێزێکی ناخودایی دەناساند. لووتێر هاواری دەکرد: ″ئێمە دەبینین کە شەیتان پیاسە دەکات، ئەمە ڕۆحی ئاڵشتێدە″.مۆنتسێر وڵامەکەی خۆی بۆ لووتێر لە نۆرێنبێرگ چاپ کرد. ئەو لووتێری بەوە تاوانبار کرد کە زمانلووسی شازادەکان دەکات و بەو هەڵوێستە میانەڕەوانەیەوە پشتیوانی لە حیزبە کۆنەپەرەستەکەی دەکات. ئەو نووسیبووی: ″سەرەڕای هەموو شتێک، خەڵک خۆیان ڕزگار دەکەن و چارەنووسی دوکتۆر لووتێر چارەنووسی ڕێوییەکی بەندکراو دەبێت.″ ئەنجومەنی شار دەستووری دا بە دەستگرتن بەسەر ئەو نووسراوەدا و، مۆنتسێر ناچار کرا شار جێ‌بهێڵێت. لە ڕێگەی شوابێنەوە (Suabia) دەچێت بۆ ئالساس(Alsace) و پاشان بۆ سویس و، لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ دارستانی ڕەشی سەروو

(Upper Black Forest) کە لەوێدا چەند مانگ لەوە پێش ڕاپەڕینێک دەستی پێکردبوو؛ بەشێکی زۆریان بە بانگەشەی ئانابابتیستەکان ژیانەوە. گومانێک لەوەدا نییە کە ئەم سەفەرە بانگەشەکارانەی مۆنتسێر یارمەتییەکی زۆری بە ڕێکخستنی حیزبی خەڵک بەخشی، هەروەها یارمەتی دارشتنی ڕوونی داواکارییەکانی ئەوان و، دەسپێکی ڕاپەڕینی گشتیی ئاپریلی 1525ی دا.

لە ڕێگەی ئەم سەفەرەوە بوو کە سروشتی دوانەیی چالاکییەکانی مۆنتسێر زۆرتر و زۆرتر ئاشکارا بوو - لە لایەکەوە دەیتوانی بابەتە ئایینییەکان لە ناو خەڵکدا بە زمانێک باس بکات کە ئەوان لێی تێبگەن، واتە وەک غەیبزانییەکی ئایینی؛ لە لایەکی دیکەوە، لە لای هاوبیرەکانی ئامانجەکانی خۆی بە ئاشکرا باس دەکرد. تەنانەت بەر لەم سەفەرە، ئەو دەستەیەکی لە تورینگیا لە دەوری خۆی گرد کردبووەوە، بازنەیەک لە کەسانی کۆڵنەدەر، نەک هەر لە ناو خەڵک بەڵکو لەناو پیاوە ئایینییە خوارووەکانیش؛ بازنەیەک کە خۆی وەک سەرۆکی ئەنجومەنە سیرڕییەکە ڕێبەرایەتی دەکرد. ئێستا ئەو ببوو بە ناوەندی هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و، پێوەندییەکانی لە نێوان ساکسۆن و ترونگیا هەتاکو فرانکۆنیا (Franconia) و شوابێن هەتاکوو دەگاتە ئالساس و سنووری سویس ڕێکدەخست؛ لە ناو مورید و سەرۆکەکانی ڕێکخراوەکەدا کەسانێک وەک هوبمایێر لە واڵدشوت (Hubmaier of Waldshut)، کۆنراد گرێبێل لە زووریخ (Conrad Grebel of Zurich)، فرانتس رابمان لە گرێشێن (Franz Rabmann of Griessen)، شێپلێر لە مێمینگێن (Schappelar of Memmingen)، یاکوب واهێ لە لیفیم (Jakob Wehe of Leipheim)، و دوکتور مانتێل لە شتوتگارت (Mantel in Stuttgart) دەبینران کە شۆڕشگێڕترین قەشەکان بوون. ئەو زۆرتر لە گریشێن لە سنووری شافهاوزن (Schaffhausen) نیشتەجێ بوو و، لەوێوە بە هەرێمەکانی هێگاو (Hegau)، کلێتگاو (Klettgau) و شوێنەکانی تردا دەگەڕا. ئەو هەمووە ئازار و ئەشکەنجە خوێناویانەی کە شازادە و ئەربابە زیزبووەکان لە هەموو شوێنێکدا بەرانبەر بەم مولحیدە هەژارانە دەیانکرد کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر گەشەی ڕۆحی ڕاپەڕین و پتەوترکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەوان نەبوو. بەم شێوەیە مۆنتسێر پێنج مانگان لە هەرێمەکانی سەرەوەی ئەڵمانیا مایەوە. کاتێک کە کاتی دەسپێکی شۆڕشی گشتی نزدیک بووەوە، ئەوە گەڕایەوە بۆ تورینگیا و حەزی دەکرد لەوێ سەرۆکایەتی بزووتنەوەکە بەدەستیەوە بگرێت. بەم شێوەیە دیسان ئەو لەوێ دەبینینەوە.

ئێمە دەبینین کە چۆن کەسایەتی و کردەوەکانی ئەم دوو سەرۆک حیزبە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی حیزبەکانی ئەوان بوون. ڕاڕابوون و دڕدۆنگی لووتێر لە بڕیارەکانیدا و هەروەها ترسی ئەوە لەم بزووتنەوە، بەقەدەر یەکتر بوون؛ خزمەتی خوێڕییانەی لووتێر بە شازادەکان بە تەواوەتی لەگەڵ سیاسەتی دووڕوو و دڕدۆنگانەی چینی مامناوەند تەبا بوو. لە لایەکی دیکەوە، وزەی شۆڕشگێڕانە و سووربوونی مۆنتسێر لە سەر ڕێبازەکەی لە پێشکەوتووترین دەستەی جووتیاران و هەژارەکاندا دەبینرا. جیاوازییەکە لەوەدابوو کە لووتێر خۆی بە دەربڕینی بیرۆکە و ئاواتەکانی زۆرینەی خەڵکی چینەکەی قانع کرد و زۆریش پەسند کرا؛ بەڵام بە

پێچەوانەوە، مۆنتسێر هەنگاوی نایە ئەوپەڕی بیرۆکە و داخوازییەکانی هەژاران و جووتیاران، وە لە ناو توخمە شۆڕشگێڕەکانی ئەو کاتەدا حیزبێکی دامەزراند کە هەرچەند تەنیا نوێنەرایەتی بەشێکی بچووک لە ئاپۆرەی خەڵکی ڕاپەڕیوی دەکرد بەڵام ئەوەندەی دەیتوانی بەردەوام لە سەرووی بیرۆبڕواکانی ئەواندا دەوەستا و هێزی خۆی پێشکەش بەوان دەکرد.

## بەشی سێهەم

## پێشەنگەکان: ڕاسانی جووتیاران، 1517 -1475

نـزیکەی 50 سـاڵ لە دوای سـەرکوتکرانی بـزووتنەوەی هوسـیت (Hussite) یەکەم نیشـانەکانی چرۆکردنـی ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە ناو جووتیارە ئەڵمانییەکاندا دەر کەوت.

یەکەم پیلانگێڕی جووتیاری لە 1476دا لە هەرێمی ئوسقۆفنشـینی وێرتسـبۆرگ (Wuerzburg) هـاتە ئەراوە، ئەمە شوێنێک بوو کە بەهۆی "دەوڵەتە ناشیاوەکان، باجە جۆربەجۆرەکان، پارەوەرگرتنەکان، دوژمنـایەتی، جەنـگ، ئـاگرکەوتنەوە، کوشـتن، زینـدان و شـتی دیـکە،" هەژار ببـووەوە و بەردەوام لە لایەن ئوسـقۆف و قەشە و نەجیبزادە و ئەعیانەکانەوە بە شێوازێکی بێشەرمانە تاڵان دەکران. شـوان و مووسـقارێک بە نـاوی هانس بۆهێم (Hans Boeheim) لە نیکۆلاسهاوزێن (Niklashausen)، کە "دەهۆڵژەن" و "شمشاڵژەن"یشیان پێ دەگوت لەناکاو لە تاوبێرگرۆند (Taubergrund) لە ڕۆڵی پێغەمبەردا سەری هەڵدا. ئەو دەیگوت مریەمـی پیرۆزی بینیوە و بەوی گوتووە کە دەهۆڵەکەی بسووتێنێت و دەسـت لە سـەما و هەمـوو ئەو ئیشـە گونـاح و سەرخۆشـانە هەڵبگرێـت و، تـۆبە و پەیشـمانی وەبیـری خەڵـک بهێنێـتەوە. ئەو گـوتی، کەوایە، هەمـوو کەسێک دەبێت لەو گوناحانەی کە دەیکات و لەو چێژانەی کە دەیبـات خـۆی بپارێزێـت و زێووزریـوە وەلا بنێت و بچێتە نیکۆلاسهاوزێن بۆ زیارەتی دایکی پیرۆز، با لەوێ داوای لێبوردن لە گوناحەکانی بکات.

لە نـاو پێشـەنگەکانی ئەم بـزووتنەدا ئـێمە جۆرێـک لە بۆچـوونی سـەختی کێشـان دەبینـین کە لە هەمـوو ڕاسانەکانی چاخی ناوەڕاستدا دەبیندرێت و، هەمووشیان ڕەنگ‌وبۆنی ئایینییان هەبووە، هەروا کە لە هەموو بزوتنەوەیەکـی پڕۆلتەریـی سـەرەتایی سـەردەمی مۆدێرنیشـدا ئەمە بەدی دەکرێـت. ئەم سەختیکێشـانە لە کردەوەدا، کە جۆرێک داکۆکی‌کردنە لەسەر چاوپۆشی لە هەموو خۆشی و چێژەکانی ژیان، لەڕاستیدا چینی باڵادەست و دەسەڵاتدار لە بەرانبەر جۆرێک پرنسیپی یەکسانیی سەختیکێشان و بێ‌زێڕوزێویـدا دادەنێـت. جـگە لەمـانە، ئەمە قۆنـاغێکی قـۆزتنەوەیە، بەبـێ ئەمە خـوارترین تـوێژی کـۆمەڵگە قەت ناتوانێـت بـزووتنەوەیەک دەسـت پێبکـات. بـۆ ئەوەی وزەی شۆڕشـگێڕی گەشـە بکـات، بـۆ ئەوەی لە هەڵوێسـتی دژایەتی خۆیان بەرانبەر توخمەکانی دیکەی کۆمەڵگە ئاگادار بنەوە، بۆ ئەوەی  وەک چینێک کۆ ببێـتەوە، توێژی خوارەوەی کۆمەڵگە دەبێت خۆی دوور بخاتەوە لە هەمـوو ئەو شـتانەی کە ئەوان گـرێ دەدات بەو سیستمی هەبووی کۆمەڵگەوە. دەبێت خـۆی لە هەمـوو ئەو خۆشـی و چێـژانە بپارێزێـت کە ئەو بـارودۆخە بندەسـتییەی ژیـان بە لایەوە ئاسـان دەکـاتەوە، واتە ئەو چێـژانە کە سـەختترین گوشـارەکانیش ناتوانێـت لەوان بێ بەشی بکات.

ئەم سەختیکێشــانە هەژارانە و پرۆلتەریــانە، چ لەبــاری نــاوەڕۆکەوە چ لە بــاری فــۆڕمی تەعەســوبەوە، بەتەواوەتـی جیـاواز لەو سەختیکێشـانەی چینـی مامناوەنـد بـوو کە ئەخلافـی لـووتێری چینـی مامناوەنـد و پیوریتەنەکـانی ئینگلانـد (کە دەبێـت لە فیرقەکـانی خوازیـاری سـەربەخۆیی کەلیسـا جـودا بکـرێنەوە) بانگەشەیان بۆ دەکرد؛ نهێنیـیەکەی ئەوان جۆرێـک ئاکـاری کەمبەکارهێنـان یـاخود کەمەسرەفـی لەنـاو چینی مامناوەندا بوو. ئەم خـاڵە گەلێـک ڕوونە کە سەختیکێشـی ڕەشـۆکی - پـرۆلتەر ئەو کـاتە خەسـڵەتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە دەست دا کە گەشـەی هێزەکـانی بەرهەمهێنـانی مـۆدێرن بـوو بە هـۆی زیـادبوونی ژمارەی کاڵا و شتومەکەکان؛ بەم شێوەیە یەکسانی بێ زێڕوزێو کاڵ بووەوە و ئیتر زۆر بە پێویسـت نەزانـرا؛ لەلایەکی دیـکەوە، پـێگەی پرۆلتەریـا لە کۆمەڵگـا و هەروەهـا خـودی پرۆلتەریـا زۆرتـر و زۆرتـر شۆڕشـگێر بووەوە. بەگشتی، ئەم سەختیکێشانە لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا کاڵ بووەوە. لە ناو ئەو فیرقانەشدا کە مایەوە، یان بەرەو کەمبەکارهێنانێکی بورژوازانە چوو یاخود بەرەو پاکداوێنی و پارێزێکی پروپووچ هەنگاوی دەنـا کە لە کۆتاییدا هیچ نەبوو جگە لە سەقیلییەکی هەرزەکـارانە یـاخود زیرەکییەکـی بازاڕیـانە. لە پـاڵ ئەمـانەدا، چاوپۆشی لە خۆشی و چێژەکان شتێک نییە کە ئامۆژگاری پرۆلتەریـای پـێ بکردرێـت، چونکـا دەگـاتە ئەو خاڵەی کە ئیتر هیچی نییە کە چاوپۆشی لێ بکات.

وتار و وعزەکانی هانسی شمشاڵژەن کاردانەوەی زۆری بوو. هەموو پێغەمبەرانی شۆڕشـگێڕ بە ڕێـبازێکی دژ بە گوناحەوە دەستیان بە کار کردووە؛ لە واقیعدا، تەنیا گوشارێکی توندوتیژ یاخود بێبەشبوونێکی لەناکـاو لە هەمـوو بـیچمە ئاسـاییەکانی ژیـان دەیتـوانی نەوەیەکـی پەرتەوەازە لە جووتیـاران، کە بە گـوێڕایەڵییەکی کوێرانە ڕاهاتبوون، لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە و لە بزاڤێکدا بیانبزوێنێـت. سـەردانی نیکۆلاوسـهاوزێن بـۆ زیارەت دەستی پێکرد و بە خێرایی زیادی کـرد، وە هەرچـی خەڵـک زۆرتـر بە کـۆمەڵ شـاڵاویان بـۆ ئەوێ دەهێنا بەهەمان ڕادە پلانەکانی ئەم خەباتگێڕە گەنجە ئاشکراتر دەبوو. ئەو دەیگـوت، مریەمـی پیرۆزیـی نیکۆلاسـهاوزێن پێـی گوتـووە کە ئیـتر لەوە بەدوا لەوێ نە پادشـا نە شـازادە بوونیـان نابێـت، نە پاپـا و نە ڕێبەرانی ئایینی دیکە و نە حاکمێکی ئەمدنیایی نامێنێت. هەر کەس دەبێـت لەگەڵ ئەویتـر بـرا بێـت، وە نانی خـۆی بە عـارەقی نێوچـاوانی بەدەسـت هێنابێـت، کەس نابێـت زۆرتـر لە دراوسـێکەی شـتی هەبێـت. هەموو باجەکان، بەهـرەی زەویوزارەکـان، بێگارییەکـان، گومریکەکـان و شـێوازەکانی دیـکەی پـارەدان دەبێت بۆ هەمیشە هەڵگیرێت. دارستان و ئاو و لەوەڕگەکان دەبێت لە هەموو شوێنێک ئازاد بن.

خەڵک ئەم مزگێنیە نوێیەی بە خۆشحاڵییەوە وەرگرت. ناوی پێغەمبەری "پەیامەکەی دایکمان" لە هەموو شـوێنێکدا بڵاوبـووەوە تەنـانەت لە هەرێـمە دوورەکانیشـدا. دەسـتەگەلێکی زۆر لە ئیمانـداران لە ئۆدێنواڵـد (Odenwald)، ماین (Main)، کوخێر (Kocher) و یاگست (Jaxt)، تەنـانەت لە باواریـا (Bavaria) و شـوابین (Suabia)و هەرێمی ڕاینەوە (Rhine) هاتنە ئەوێ. باسیان لەو موعجیزەکانی شمشـاڵژەنەکە دەکـرد؛ خەڵـک چۆکیان دادەدا و کڕنووشـیان بـۆ ئەم پێغەمـبەرە دەبـرد و، وەک کەسـایەتییەکی پیـرۆز پەسـندیان دەکـرد؛

لەسەر دەسخستنی لەتێک لە داوێنی کراسەکەی بۆ تەبەرک یاخود شەفا، لەگەڵ یەکتر شەڕیان دەکرد. قەشەکان کەوتنە جەنگ لەگەڵی و ویستیان ناوی بزڕنێن بەڵام سوودی نەبوو، ئەویان وەک هاودەستی شەیتان و، موعجیزەکانیان وەک فێڵێکی دۆزەخیانە دەناساند. بەڵام جەماعەتی باوەڕمەندان و هۆگرانی ئەو بەردەوام زۆرتر دەبوون. ئەم فیرقە شۆڕشگێرە وردەوردە خۆی ڕێک دەخست. کۆڕی وعەزەکانی ئەم شوانە ڕاپەڕیوە زیاتر لە 40000 کەس یان زۆرتری لە نیکۆلاسهاوزێن لە دەوری یەکتر کۆ دەکردەوە. هانسی شمشاڵژن بۆ ماوەی چەندین مانگ موعیزەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک کرد. بەڵام تەنیا بە وەعزکردن ڕازی نەبوو. ئەو پێوەندییەکی نهێنی لەگەڵ قەشەی نیکۆلاسهاوزێن و لەگەڵ دوو کەس لە شوالییەکانی کۆنتس تۆنفێلد (Kunz of Thunfeld) و کوڕەکەی هەبوو کە ئەم مزگێنییە نوێیەی ئەویان پەسند کردبوو و، بڕیار وابوو ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینەکەیان لە ئەستۆ بگرن. لە کۆتاییدا، لە یەکشەممەی پێش لە ڕۆژی پیرۆزی سەنت کیلیان، واتە ئەو ڕۆژەی کە ئەم شوانە پێیوابوو دەسەڵاتەکەی دەگاتە ئاستێکی بەهێز، فەرمانێکی دەرکرد. ئەو ڕێوڕەسمی وەعزەکەی بەم وشانەوە دوایی پێهێنا: "ئێستاکە بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان و بیر بکەنەوە مریەمی پیرۆزمان مزگێنی چی پێداون، لە شەممەی داهاتوودا خێزان و منداڵ و پیرەکانتان لە ماڵدا جێبێڵن، بەڵام ئێوە، ئێوە پیاوەکان لە ڕۆژی سەنت مارگارێت، کە دەبێتە شەممەی داهاتوو، بگەڕێنەوە بۆ نیکۆلاسهاوزێن و لەگەڵ خۆتان براکان و هەڤاڵەکانتان و زۆر کەسی دیکەش بهێنن. بەڵام نەک هەر بە گۆچانی ڕێگاکەتان، بەڵکو بە چەکەکانتانەوە بگەڕێنەوە، لە دەستێکتاندا نەزرەکانتان و لە دەستەکی دیکەشتاندا شمشێر و قەڵغان و نێزەتان پێبێت. لەو ڕۆژەدا مریەمی پیرۆز پێتان دەڵێت چی لێتان دەوێت کە بۆی بیکەن." بەڵام بەر لەوەی جووتیاران لەوێ کۆ ببنەوە، سوارەکانی ئوسقۆفی گەورە پێغەمبەری شۆڕشگێڕیان لە شەودا ڕفاند و لە قەڵای وێرتسبێرگ (Wuerzburg) لە بەندیخانە کرد. لە ڕۆژی دیاریکراودا 34000 جووتیاری چەککراو لەوێ ئامادە بوون، بەڵام هەواڵەکان کاریگەرییەکی ناخۆشی لەسەر ئەوان هەبوو؛ زۆربەیان گەڕانەوە ماڵی خۆیان، بەڵام ئەوانەی کە زۆرتر ئاگاداری دۆخەکە بوون نزیک 16000 کەس دەبوون کە بە ڕێبەرایەتی کۆنز تونفێلد و کوڕەکەی میکێل، لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە. ئوسقۆف سەرەتا بە بەڵێن ڕازی کردن بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام هەر کە خەریک بوون بڵاوە بکەن کەوتنە بەر پەلاماری سوارەکانی ئۆسقۆفەوە و ژمارەیەکی زۆریان گیران و لە بەندیخانە کران. سەری دوو کەسیان بڕی و هانسی شمشاڵژەنیشیان لە ئاگردا سووتاند. کۆنز تونفێڵد هەڕای کرد؛ دواتر ڕێگەیان دا بگەڕێتەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە هەموو داراییەکانی خۆی پێشکەشی کەلیسا کرد. زیارەتکردنی نیکۆلاسهاوزێن بۆ ماوەیەک درێژەی هەبوو بەڵام لە کۆتاییدا ڕێگری لێ کرا. لە پاش ئەم یەکەم هەوڵە، ئەڵمانیا بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو؛ بەڵام لە کۆتایی ئەم سەدەدا خەبات و سەرهەڵدانەکانی جووتیاران سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە.

ئێمە لێرەدا لەو ڕاپەڕینانەی هۆڵندا لە ساڵی 1491 و 1492 کە لە لایەن دووک ئـاڵبرێختی (Duke Albrecht) ساکسۆنەوە لە جەنگێک لە نزیک هێمسکێرک (Heemskerk) سەرکوت کرا باس ناکەین. هەروەها باس لە شۆڕشی جووتیارانی ئابێی کێمپتێن (Abbey of Kempten) لە شوابێنی سەروو ناکەین کە هاوکات ڕوویان داوە، وە هیچ لە شۆڕشی فریس (Frisian) کە لە ژێر چەتری ڕێبەرایەتی شارد ئاهلوا (Shaard Ahlva) لە ساڵی 1497 ڕووی دا و لە لایەن ئالبرێختی ساکسۆنەوە سەرکوت کرا باس ناکەین. ئەم شۆڕشانە زۆربەیان گەلێک لە ڕەوتی جەنگی ڕاستەقینەی جووتیاران دوورن. بەشێکیان مشتومڕەکانی جووتیارە ئازادەکان بوون دژ بە داسەپاندنی زۆرەملیی فیۆدالیسم بە سەر ئەواندا. ئێستە دەچینە سەر دو پیلانگێڕی گەوەر کە ئامادەکاری بۆ جەنگی جووتیاری کرد: یەکیەتی شوو یان پێڵاو (Union Shoe) و کۆنڕادی هەژار (Poor Konrad).

بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکەکان کە لە هۆڵندا ببووە هۆی شۆڕشی جووتیاران، لە ساڵی 1493 لە هەرێمی ئالساسیش بوو بەهۆی دروستبوونی یەکیەتیی جووتیاران و هەژاران؛ کەسانێک لە ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند بەشدارییان تێدا کرد و تەنانەت هەندێک لە ئەعیانە خواروەکانیش پشتیوانییان لێکرد. ناوەندی ئەم یەکیەتییە دەڤەری شێلتشتات (Schlettstadt)، زولتس (Sulz)، دامباخ (Dambach) روزهایم (Rossheim)، شێروایلێر (Scherweiler) و هتد.، بوو. پیلانگێڕان داوای ئەوەیان دەکرد کە جوولەکەکان تالان و بنەبڕ بکرێن، ئەوان بە ریباخواردن، هەر وەک ئەمڕۆکە، خوێنی جووتیارانی ئالساسیان هەڵدەمژی؛ داوایان کرد ساڵێک بە ناوی ساڵی جێژن دیاری بکرێت کە لەودا هەموو قەرزەکان بەتاڵ بکرێنەوە، هەموو باجەکان، گومریکەکان و قەرزەکانی دیکە، هەروەها مافی کەلیسایی و سەرۆکایەتی و، مافی دیاری کردنی باج هەڵگیرێن، هەروەها داهاتی قەشەکان لە نێوان پەنجا تا شەست سکەی زێڕ دیاری بکرێت؛ ئەوان خوازیاری لابردنی دادگای دیانپێدانانی ئایینی و دامەزراندنی دادگایەک لە هەر گەڕەکێکدا بوون کە لە لایەن خودی خەڵکی ئەو دەڤەرەوە هەڵبژاردرابێتن. پیلانگێڕان[14] نەخشەیان ئەوەی بوو کە هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونیان هێرش بکەنە سەر قەڵای شڵێتێشتات (Schlettstadt) و دەست بەسەر سندووقی شار و سەومعەدا بگرن، وە لەوێرا هەموو ئالساس ڕاپەڕێنن. ئاڵای یەکیەتییەکە کە بڕیار بوو لە کاتی سەرهەڵدانەکەدا هەڵکرێت وێنەی پێڵاوێکی جووتیار بە پەتێکی درێژەوەی پێوە بوو، واتە ئەو شتەی کە ناو نرا پێڵاوی جووتیار؛ ئەمە ببوو بە سیمبول و ناوێک بۆ پیلانەکانی جووتیاران لە بیست ساڵی داهاتوودا.

ئەندامەکانی ئەم گروپە کۆبوونەوەکانی خۆیان شەوانە لەسەر گردەکانی هەنگێر (Hungerberg) بەڕێوە دەبرد. ئەندامەکانی ئەم یەکیەتییە ڕێوڕێسمگەلێکی پڕ لە نهێنی و ئەسراریان هەبوو کە هاوڕێ بوو

---

[14] . لەم نووسراوەیەدا زۆر جار بەو کەسانە کە ڕاپەڕیون دەگوترێت پیلانگێر (conspiracy). وادیار ئەم وشەیە لە زمانی چینی بالادەستەوە باس لەو ڕاپەڕیوانە دەکات و وەک پیلانگێڕ دەیانناسێنێت. (وەرگێڕ)

لەگەڵ هەڕەشەی توندترین سزاکان لە خەیانەتکاران. بەڵام بەم حاڵەش، ئەم بزووتنەوە ئاشکرا بـوو، واتە نزیک حەفتەیەکە بەر لە جەژنی پاکی 1493، واتە ئەو کاتەی کە بڕیار بوو هێرش بکەنە سـەر شێڵتێشـتات پییان زانین. هێزەکانی دەوڵەت خێرا دەسپێشـخەریان کـرد. هەنـدێک لەم پیلانگێـرانە دەسبەسـەرکران و ئەشکەنجە دران، کران بە چوار کوتەوە یاخود سەریان بـڕدرا. دەسـتەیەکیان بە دەسـت و قـامکی بـڕاوەوە ئیفلـیج و نوقسـان کـرد و لەو خـاکە دەر کـران. ژمـارەیەکی زۆریشـیان بەرەوە سـویس هەڵاتـن. بەڵام، یەکیەتی پێڵاوی جووتیار، زۆری مابوو لەناو بچێت، هەربۆیە لە نهێنیدا درێژەی بە بوونی خۆی دا. زۆرێک لە دوورخراوەکـان کە لە سـوویس و ئەڵمانیـای باشـوور بـڵاو ببـونەوە، بـوون بە بانگەشـەکار. لە هەمـوو شـوێنێک هەر هەمـان گوشـار و سـەرکوتکردنیان دەدی و هەر هەمـان مەیـل و خواستیشـیان بـۆ شـۆڕش دەبینی، ئەوان کەوشی جوتیاریان لە سەرانسەری خاکی بادێنی (Baden) ئەمڕۆکەدا بـڵاو کـردەوە. ئەوەی لە هەمـووان زۆرتـر مـایەی سەرسـووڕمانە ئەو بەرخـۆدان و سـەبرەیە کە لە ڕێـگەی ئەوەوە جووتیـارانی ئەڵمانیای سەروو بۆ مامەی 30 سال لە دوای 1493 لە خۆیان نیشانیان دابوو، بەم شـێوەیە، سـەرەڕای ئەم واقیعیەتە کە لە سەرانسەری ئەو هەرێمانەدا پەڕتەوازە کرابوون، ئەوان توانیـان بە سـەر ئەو بەربەسـتانەدا سـەرکەون کە ڕێگەیـان نەدەدا ڕێکخراوەیەکـی ناوەندمەنـدیان هەبێـت؛ ئەوان لەڕێـگەی ئەم چەشـنە بەرخۆدان و سەبرەوە، لە دوای پەڕتەوازەبوونێکی بێبڕانەوە و شکستەگەلێکی زۆر و کوژرانی ڕێبەرەکانییان، بەردەوام هەوڵەکانی خۆیان نوژەن دەکردەوە، هەتاکوو ئەو کاتەی کە هەلی سـەرهەڵدانێکی گشـتییان بـۆ ڕەخسا.

لە ساڵی 1502 لە هەرێمی ئوسقۆنشینی ئێشپایر (Speyer) کە لەو کـاتەدا هەرێمـی بروخزاڵیشـی (Bruchsal) لەخۆ دەگرت، نیشانەگەلێک لە بزووتنەوەی نهێنی لە ناو جووتیاراندا دەرکەوت. یەکیەتی پێڵاوی جووتیـار زۆر سەرکەوتووانە خۆی لەم هەرێمە نوژەن کردەوە و ڕێکخـرایەوە. نـزیکەی 7000 کەس لەم ڕێکخـراوەدا بــوون کە ناوەنــدەکەی ئونتێرگرۆمبــاخ (Untergrombach) لە نێــوان بروخــزال (Bruchsal) و واینگــارتێن (Weingarten) بوو و لقەکانی دەگەیشتە راین هەتاکو ماین و تا هەرێمی مارگراڤیای (Margraviate) بـادێن. داواکارییەکانیــان بەم شــێوە بــوون: هــیچ کرێیەکــی زەوی، دەودوو، بــاج یــاخود گومریــک نابێــت بە شازادەکان، ئەعیانەکان یاخود پیاوە ئاینییەکان بدرێت؛ ڕەعییەتداری دەبێت نەمێنێت؛ ئەو کێڵگـانەی کە لە وەقفی سەومەعەدایە دەبێـت دەسـتیان بەسـەردا بگیردرێـت و لە نێـو خەڵکـدا دابەش بکـرێن، وە هـیچ کەسێک جگە لە پادشا وەک ئەرباب و سەروەر نەناسرێت.

ئێمە لێرەد بۆ یەکەم چار دوو داواکاری لە ناو جووتیاراندا دەبینین کە بریتین لە دەستگرتن بەسـەر مڵـک و داراییەکانی کەلیسا بە قازانجی خەڵک و، دامەزراندنی پاشایەتییەکی یەکگرتوو و دابەشنەکراو لە ئەڵمانیـا - ئەم دوو داخـوازییە لەوەبەدوا بەردەوام لەلایەن هێـزە پێشـکەوتووترەکانی جووتیـاران و ڕەشـۆکی بـاس کراوە.

[[دواتر]] لە پلانی تووماس مۆنتسێردا، ئەم دابەشکردنی مڵک و داراییانەی کەلیسا گۆڕدرا بە دەستگرتن بەسەریادا بە قازانجی گشتی کۆمەڵگە و، پاشایەتی یەکگرتووی ئەڵمانیا گۆڕدرا بە کۆماری یەکگرتووی دابەشنەکراو [[لێرەدا کۆمەڵێک هەرێمی شازادەنشین دادەمزرێت کە حکوومەتێکی یەکینەن]].

یەکیەتی نۆژەنکراوی پێڵاوی جووتیار هەروەک ڕابردوو شوێنی نهێنی بۆ کۆبوونەوەکانی هەبوو، هەمان سوێند و پەیمانی بێدەنگی و ڕێوڕەسمی بەئەندامبوونیان هەبوو، وە ئاڵای یەکیەتییەکەی ئەوان ئەمە بوو: "هیچ شتێک جگە لە دادپەروەری خوداوەند. "ئەم پلانەی ئەوان هاوشێوەی ئەوەی یەکیەتی ئالزاسییەکان بوو. دەبوا بروخزال کە زۆرینەی خەڵکەکەی سەر بەم یەکیەتییە بوون، بگیرایێت. دەبوا سوپای یەکیەتیی ڕێکبخرایێت و بەرەو شازادەنشینەکان، وەک خاڵەکانی ناوەندیی جوڵاوەنەوە بنێردرێن.

بەم پلانە خەیانەت کرا، قەشەیەک کە یەکێک لە پیلانگێڕان چبوو لە لای دیانپێدانانی کردبوو ئەم پلانەی ئاشکرا کرد. هێزەکانی دەوڵەت خێرا خۆیان ئامادەی بەرپەرچدانەوە کرد. ئەوەی کە چەندە ئەم یەکییەتیی پەرەی سەندبوو لەڕووی ئەو ترس و تۆقینەوە دەردەکەوێت کە کەوتبووە ناو هەرێمە پاشایەتییەکانی ئالزاس و یەکیەتی شواێن. فەرماندەکان خێرا هێزە سەربازییەکانیان کۆ کردەوە و دەزگیرکرانێکی بەکۆمەڵ دەستی پێکرد. شا ماکزیمیلیان، کە "دوایین شەوالیە"یشی پێدەڵێن، توندترین و خوێنمژانەترین سزاکانی بەرانبەر بەم کردەوەی جووتیاران دەرکرد. لێرە و لەوی دەستەگەلێک لە جووتیارن کۆ بوونەوە و بەرخۆدانێکی چەکدارانەیان کرد بەڵام ئەم هێزە جیاواز و پەرتەوازانەی جووتیاران نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەوام بهێنن. هەندێک لە پیلانگێڕەکان لە سێدارە دران و هەندێکیشیان هەڵاتن، بەڵام نهێنییەکانی یەکیەتییەکە زۆر بە باشی پارێزرا، بە چەشنێک کە زۆرینەی ئەندامەکان و هەروەها ڕێبەرەکان توانیان بە بێ هیچ کێشەیەک لە ناوچەکانی خۆیاندا یاخود لە هەرێمی ئەربابەکانی تردا بمێننەوە.

لە دوای ئەم شکستە نوێیە، قۆناغێکی درێژ لە بێدەنگی ڕواڵەتی لە مشتومڕی چینایەتی هاتە ئاراوە. بەڵام ئەم کارە بە شێوازێکی نهێنی درێژەی هەبوو. لە یەکەم ساڵەکانی سەدەی شازدەدا، چالاکییەکانی کۆمەڵەی کۆنڕادی هەژار لە شوابێن، بەڕاواڵەت لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوەکردنی ئەندامانی یەکیەتی پێڵاوی جووتیاران، پێکهات. لە دارستانی ڕەش، یەکیەتی پێڵاوی جووتیار، لە بازنەگەلێکی بچووکدا کۆبوونەویەیان هەبوو؛ دە ساڵ دواتر ڕێبەرێکی بەهێز و بەتوانای جووتیار توانی بە سەرکەوتووی ئەم حەڵقە جیاوازانە پێکەوە گرێ بدات و لە کۆمەڵێکی پیلانگێڕی گەورتردا کۆیان بکاتەوە. هەردوک ئەم گرووپە پیلانگێڕانە یەک لە دوای یەک لە ماوەیەکی کەمدا لە ساڵانی پڕجووڵەی 1513 تاکو 1515 بەئاشکرا بوونی خۆیان ڕاگەیاند، لەو ماوەیدا جووتیارانی سویس، هەنگاریا و سلاڤ زنجیرە سەرهەڵدانێکی گرنگیان تۆمار کرد.

ئەو پیاوەی کە یەکیەتیی پێڵاوی جووتیاری لە هەرێمی ڕاینی سەرەو (Upper Rhenish) ڕێکخستەوە ناوی یوس فریتس (Joss Fritz) خەڵکی ئینتیێرگروماخ بوو. ئەو یەکێک لە هەڵاتووانی پیلانی ساڵی 1502 بوو، کۆنەسەربازێک بوو و لە هەموو بوارێکدا کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو. لەدوای هەڵاتن، لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی نێوان دەریاچەی کۆنستانس (Lake Constance) و دارستانی ڕەشدا نیشتەجێ بوو و لە کۆتاییدا لە نزیکی فرایبێرگ (Freiburg) لە برێسگ (Breisgau) مایەوە و تەنانەت ئەرکی دەشتەوانیشی پێ سپێردرا. لە لێکۆڵینەوەکاندا وردەکارییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە چۆنییەتی سەرلەنوێ ڕێکخستەوەی ئەم یەکیەتییە و هەروەها شارەزایی ئەو لە ڕاکێشانی خەڵکانێک بە بیروبڕوای جیاوازەوە بەرەو ئەم یەکیەتە. ئەمە بە هۆی ئەو توانا دیپلۆماتیک و سەبر و خۆڕاگرییەوە بوو کە ئەم پیاوە بلیمەتەوە هەیبوو کە توانی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە چینە جیاوازەکان پەیوەست بەم یەکیەتییە بکات: شەوالییەکان، قەشەکان، شارنشینەکان، ڕەشۆکییەکان و جووتیاران؛ بە دڵنیاییەوە دەکرێت بگوترێت کە ئەو دەستەگەلێکی جیاوازی دیکەی ڕێکخست کە تاڕادەیەک لەیەکتر جودا بوون. لە هەموو توخمە بەکارهاتووەکان بە باشترین شێوە و، زۆر بە وریاییەوە سوودی وەردەگرت. جگە لە نێردراوە نهێنییەکان کە لە جل و بەرگی جیاوازدا ڕەوانەی هەرێم و دەڤەرەکان دەکران، لە لانەواز و سواڵکەرەکانیش بۆ هەندێک کاری کەمتر گرنگ سوودیان وەر دەگرت. یوس فریتس لەگەڵ پادشاکانی سواڵکەرەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو و لەڕێگەی ئەوانەوە هەمیشە دەستی دەگەیشتە جەماوەری لانەوازەکان. لە ڕاستیدا ئەم پادشای سواڵکەرانە دەورێکی زۆر گرنگیان لە پیلانگێڕییەکەی ئەودا هەبوو. کەسایەتیگەلێکی زۆر ڕەسەن لەناو ئەو پادشای سواڵکەرانەدا هەبوو. یەکێک لەوان لەگەڵ کچەکەی خۆی، بە ئاماژەدان بە برینەکانی قاچی ئەو، سواڵی دەکرد. زۆرتر لە هەشت نیشانی شانازی بە کڵاوەکەیەوە بوو - چواردە ڕزگارکەر، ئۆتیلی پیرۆز (St. Ottilie)، دایکمان لە بەهەشت و هتد.؛ لەگەڵ ئەمانەدا ڕیشێکی سووری درێژی هەبوو و گۆچانێکی گرێداری سەر بە خنجێر و نێزەی هەڵدەگرت. یەکێکی تر بە ناوی ڕێبەرێکی پیرۆز، واتە ڤێڵتینی (Velten) پیرۆز، سواڵی دەکرد و بەهارات و دەرمانی کرمی دەفرۆشت؛ ئەو عابایەکی درێژ لە ڕەنگی ئاسنی لەبەردا بوو و کڵاوێکی سووری لە سەر دەکرد کە وێنەی منداڵێکی سێ ساڵانی (Baby of Trient) پێوە بوو؛ شمشێرێکی لە خۆی هەڵبەستبوو و کۆمەڵێک چەقۆی لە تەنیشت خنجێرەکە بە کەلەکەیەوە هەڵواسیبوو. ئەوانی دیکەش بە هەندێک برینی ساختە و جل وبەرگی سەیروسەمەرەوە هاوشێوەی ئەمان سواڵیان دەرکرد. نزیک 10 کەس لەمانە بڕیار بوو لە بری دو هەزار سکە، هاوکات لە ئالزاس، لە مارگراڤیای بادێن، و لە برایسگاو (Breisgau) ئاور لە شوێنەکان بەردەن، وە لەگەڵ 2000 پیاو لە هێزەکانی خۆیان، لە ژێر فەرمانی گێئۆرک شنایدێر (Georg Schneider)، یەکێک لە سەرۆکە پێشوەکانی ڕاپەڕینی جووتیاران، لە ڕۆژی تایبەت بە ڕێوڕەسمی کەلیسای کۆتۆلیک (Zabern Parish Fair) لە شاری ڕۆزێن (Rozen)، هێرش بکەن و ئەو شارە داگیر بکەن. ڕێکخراوەیەکی هەواڵبەری لەم وێستەگە بۆ ئەو وێستگە دامەزرابوو کە

پێوەندی لە نێوان ئەندامانی یەکیەتییەکەدا دروست دەکرد. یوس فریتس و هەڤاڵە سەرەکییەکی بە ناوی شتۆفێل فریبێرگ (Stoffel of Freiburg)، بەردەوام لەم شوێن بۆ ئەو شوێن لە هاتوچوودا بوون، شەوانە سەردانی سوپاکەی خۆی و ئەندامە نوێکانیان دەکرد. لە دۆسیەی لێکۆڵینەوەکاندا بەڵگەگەلێکی زۆر هەیە سەبارەت بە پەرەسەندی یەکیەتی لە ڕاینی سەروو و هەرێمەکانی دارستانی ڕەش. ئەم بەڵگانە کۆمەڵێک ناوی ئەندامانی تێدایە کە هەر یەک لە دەڤەرە جیاوازەکانی ئەو هەرێمەوە هاتبوون و لەوێدا وەسفی هێما نهێنییەکانی ئەوانی کردووە. زۆرینەی ئەم ئەندامانە بریتی بوون لە کرێکارانی حەقدەستی، جووتیاران، خاوەنی میوانخانەکان، ژمارەیەکی کەم لە نەجیبزادەکان، قەشەکان (وەک ئەوەی لێهێن (Lehen)) وە خزمەتکارەکان. ئەم پێکهاتەیە نیشانی دەدات کە یەکیەتیی پێڵاوی جووتیار لە ژێر ڕێبەرایەتی فریتسدا چەندە لە هەموو بەرەکاندا پەرەی سەندبوو. توخمە ڕەشۆکەکانی ئەم شارانە زۆرتر و زۆرتر توانیان خۆیان بەدیار بخەن. لقەکانی ئەم پیلانە هەتاکو ئالزاس، واتە بادێنی ئەمڕۆکە، وە هەتاکو وێرتێمبێر (Wuerttemberg) و ماین پەرەیان سەندبوو. جاربەجارێک کۆبوونەوەگەلێکی گەورە لە کوێستانە دوورەکان وەک کنیبیس (Kniebis) و هتد.، بەڕێوە دەچوو و لەوێدا باس لە کاروبارەکانی یەکەیەتییەکە دەکرا. کۆبوونەوەکانی سەرۆکەکان، کە زۆرجار ئەندامانی ناوچەیی و هەروەها نوێنەرانی ناوچە دورترەکان بەشداریان تێدا دەکرد، لە هارتماتە (Hartmatte) نزیک لێهان بەڕێوە چوو و، لێرەدا بوو کە چواردە مادەکەی ئەم یەکیەتییە پەسند کرا: جگە لە شا و پاپ هیچ ئەربارێک بوونی نییە؛ نەمانی دادگای پاشایەتی ڕۆتوێل (Rottweil)؛ بەرتەسککردنەوەی دادگای کەلیسا بۆ کاروبارە ئایینیەکان،؛ نەمانی هەموو ئەو بەهرانەی کە تا ڕادەی خودی سەرمایەکە قەرزەکەی دراوەتەوە؛ دابینکردنی نرخی پێنجلەسەد وەک تەنیا نرخی ڕێگەپێدراو بۆ بەهرەی هەموو قەرزەکان؛ ئازادبوونی ڕاوکردن، ماسی گرتن، بەکارهێنانی لەوەڕگەکان و بڕینی دارەکان؛ سنووردارکردنی مووچەی قەشەکان بە مووچەیەکی مانگانە لە سەدەقە ئاینییەکان؛ دەستگرتن بە سەر هەموو دارایی و مڵکە وەقفییەکانی کەلیسا و سەومەعە بە قازانجی یەکیەتی؛ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هەموو باج و گومریکە نایاساییەکان؛ ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان سەرجەم هەموو مەسیحیەکان، بەرپەرچی توند و جیددی بەرانبەر بە هەموو نەیارانی یەکیەتییەکە؛ وەرگرتنی باج بۆ یەکیەتی؛ دەستگرتن بە سەر شارێکی گەورە و بەهێز وەک فرایبورگ، وەک ناوەندی سەرۆکایەتی یەکیەتی؛ دەسپێکی دانوستاندنەکان لەگەڵ پادشا هاوکات لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانی یەکیەتی، وە ئەگەر پادشا ئامادەنەبوو، پێوەندی گرتن لەگەڵ سویس- ئەمانە ئەو خاڵانە بوون کە هەموو لەسەری تەبا بوون. لێرەدا ئێمە دەبینین کە داخوازییەکانی جووتیاران و هەژارەکان هەتا دەڕۆیشت ڕوونتر و ڕاشکاوانەتر دەبوونەوە، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا ناچار دەبوون هەندێک خاڵ و سەروەری بدەن بە لایەنی میانەڕەو و کۆنزێرڤاتیڤەکانیش.

بڕیار وابوو لە پاییزی ساڵی 1513 هێرشەکە دەست پێبکات. هەموو شت تەیار بوو جگە لە ئاڵای یەکیەتی؛ یوس فریتس چوو بۆ هایلبرون (Heilbrun) بۆ ئەوە نیگاری لە سەر بکێشین. لەگەڵ ئەو هەموو جۆرە نەخش و نیگارانە، پێڵاوەکانی یەکیەتی و ئەم دروژمەیشی لە سەر بوو: "ئەی مەسیح، پشتیوانی دادپەروری ئیلاهی بە." لەو کاتەدا کە ئەو دوور بوو، هەوڵێکی سەرەڕۆیانە و بەپەلە درا بۆ ئەوەی فرایبورگ داگیر بکرێت. بەڵام ئەمە ئاشکرا بوو و پێی زانرا. هەندێک گەمژەیی لە کاتی پرۆپاگەندەکاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی فرایبورگ و شازادەنشینی بادین لە ڕووداوەکە ئاگادار ببنەوە. هەروەها خەیانەتی دوو کەس لە ئەندامانی یەکیەتی، ئەم زنجیرە ئاشکرابوونانەی تەواو کرد. خێرا حکوومەتی شازادەنشینی بادێن و ئەنجومەنی فرایبۆرگ و دەوڵەتی پاشایەتی ئێنزێسهایم (Ensisheim) سیخوڕ و سەربازەکانی خۆی ڕەوانەی ئەوێ کرد. ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکەیەتی دەستبەسەر کران، ئەشکەنجە دران یاخود لە سێدار دران. بەڵام زۆرینەیان بۆ جارێکیتر هەڵاتن؛ یەکێک لەوانە یوس فریتس بوو. دەوڵەتی سویس ئێستا زۆر بە جیددی بەدوای هەڵاتووان کەوتووە و تەنانەت زۆرێک لەوانی لە سێدارە دا. بەڵام بەم حاڵەش، نەیتوانی ڕێگە لەوە بگرێت کە زۆرینەی ئەم هەڵاتووانە لە هەرێمی نزیک نیشتمانەکەی خۆیان بمێننەوە و وردەوردە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ. دەوڵەتی ئالزاس لە ئێنزێسهایم توندوتیژییەکی زۆرتری بەرانبەر بەوان نیشان دا. فەرمانی کرد سەری زۆرێک لەوان ببڕن، بە چەرخی ئیعدامەوە بیەسترێن و چوار لەت بکرێن. یوس فریتس زۆربەی جار خۆی لە کەناراوەکانی ڕاینی سویس دەشاردەوە و، زۆر جاریش هاتوچوی دارستانی ڕەشی دەکرد بە بێ ئەوەی بتوانن دەستبەسەری بکەن.

بەڵام سەبارەت بەم پرسە کە بۆچی ئەم جارە سویس لەگەڵ دراوسێکانی لە سەرکوتکردنی شۆڕشی جووتیاراندا هاوکاری کرد هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی دوای ئەوە، واتە لە ساڵی 1514، نیشانەگەلێک لە ڕاپەڕینی جووتیاران لە بێرن (Berne)، سۆلۆتۆرن (Sollothurne) و لوتسێرن (Lucerne) بینرا بوو، ئەمە بوو بە هۆی سڕینەوەی هەموو دەوڵەتە ئاریستۆکراتەکان و دامەزراوەی ئەعیانەکان. هەروەها جووتیاران توانیان هەندێک مافی تایبەت بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. هۆکاری ئەوەی کە جووتیارەکان لە سویس توانیان هەندێک سەرکەوتن بۆ خۆیان تۆمار بکەن تەنیا بۆ ئەم واقیعیەتە دەگەڕایەوە کە لە سویس وەک ئەڵمانیا دەوەڵتێکی ناوەندمەندی بەهێز بوونی نەبوو. ئەربابە ناوچەییەکانی ئەڵمانیاش تا ساڵی 1525 تێکڕا لەناو دەچوون، بەڵام ئەگەر دەبینین ئەمە ڕووی نەدا و ئەم ئەربابانە سەرکەوتنیان بە دەست هێنا، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سوپایەکی ڕەمەکیی ڕێکخراو لە بەردەستی شازادەکاندا بوو. ئەمە هەر ئەو شتە بوو کە لە سویسدا بوونی نەبوو.

هاوکات لەگەڵ یەکیەتی پێڵاوی جووتیار لە بادێن، وەک دیارە لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم یەکیەتییەدا پیلانێکی شاراوەی دیکە لە وێرتێمبێرگ دەستی پێکردبوو. بەڵگەکان دەڵێن کە ئەمە هەر لە ساڵی 1503وە بوونی هەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە ناوی پێڵاوی جووتیار لە دوای سەرکوتکرانەکەی

ئونتێرگرومباخ گەلێک بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە مەترسیدار بووە ئەوان ناوی کۆنڕادی هەژاریان هەڵبژارد. ناوەندەکەیشی دەربەندی ڕێمس (Rems) بوو کە دەکەوتە ناو کوێستانەکانی هۆهێن شتاوفێن (Hohenstaufen). هەبوونی ئەم گرووپە، بەلانی کەمەوە لە ناو خەڵکدا، زۆر بە شاراوەیی نەمایەوە. گوشارە بێشەرمانەکانی دەوڵەتی ئۆلریش (Ulrich)، لەگەڵ زنجیرەیەک قاتوقڕی لە چەند ساڵدا، کە یارمەتی دەسپێکی ئەم بزووتنەوەیان لە ساڵانی 1513 و 1514دا دابوو، بوو بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی ئەندامەکانی زۆر بکات. هەڵبەستنی باجی نوێ بەسەر شەراب و گۆشت و نان، لەگەڵ باجی سەرمایەی یەک پێنی ساڵانە بۆ هەر سککەی زێر، بوو بە هۆی دەسپێکی ئەم ڕاپەڕینە. بڕیار وابوو شاری شۆرێندۆرف (Schorndorf) کە سەرۆکەکانی شۆڕشەکە لەوێ لە ماڵی چەقۆسازێک بە ناوی کاسپار پریگزێر ( Kaspar Pregizer) کۆ دەبوونەوە، بەر لە هەموو شت بگیردرێت. لە بەهاری 1514دا ڕاپەڕینەکە دەستی پێکرد. 3000 و بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە 5000 جووتیار لە بەرۆکی شارەکەدا کۆبوونەوە، بەڵام بە هەندێک بەڵێنی دۆستانەی بەرپرسەکانی شازادە، ڕازی بوون کە بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان. شازادە ئورلیش کە بەڵێنی دابوو باجە نوێکان هەڵوەشێنێتەوە، زۆر بە خێرایی لەگەڵ هەشتا سواردا بەرەو ئەوێ ڕێکەوتن بۆ ئەوەی بزانن کە ئاخۆ لە ئاکامی بەڵێنەکەدا هەموو شتێک هێمن بووەتەوە یان نا. ئەو هەروەها بەڵێنی دا کە ئەنجومەنێک دابین بکات بۆ ئەوەی هەموو سکاڵا و گازندەکانی خەڵک تاوتوێ بکرێت. بەڵام سەرۆکەکانی ئەم ڕێکخراوەیە باش دەیانزانی کە ئۆلریش دەیهەوێت ئەوەندەی دەتوانێت خەڵک هێمن بکاتەوە هەتا ئەو کاتەی کە دەتوانێت هێزێکی خۆبەخشانە کۆ بکاتەوە و لە دراوسێکانیش هێز وەربگرێت؛ جا ئەو کات باجەکانی خۆی بە زەبروزەنگ لە خەڵک وەردەگرێت. ئەوان لە ماڵی کاسپار پریگزێرەوە، واتە "دەفتەری کونڕادی هەژار،" نامەی دامەزراندنی کۆنگریسی یەکیەتییەکەیان ڕەوانەی دەرەوە کرد و ژمارەیەک نێردراویان بە مەبەستی پشتیوانیکردن بۆ هەموو شوێنەکان نارد. سەرکەوتنی یەکەم ڕاپەڕین لە دەربەندی ڕێمس، لە هەموو شوێنێکدا بوو بەهۆی ئەوەی کە بزووتنەوەکە لەناو خەڵکدا بەهێز ببێتەوە. نامە و نێردراوەکان بۆ هەر شوێنێک کە دەچوون لەگەڵ پێشوازی و ئامادەیی خەڵک ڕووبەڕوو دەبوونەوە، بەم شێوەیە نوێنەرانێکی زۆر لە هەموو بەشەکانی وێرتێمبێرگەوە لە کۆنگرێسی 28ی مەی لە ئونتێرتورکهایمدا (Untertuerkheim) ئامادە بوون. لەوێ بڕیار درا کە خێرا بانگەشە و پڕۆپاگانداکان پەرە بستێنن و، لە یەکەم هەلێکدا کە بۆیان ڕەخسا هێرشێکی توند لە دەربەندی ڕێمسەوە دەست پێبکات و ڕاپەڕینەکە بە هەموو لایێکدا پەرە بستێنێت. لە کاتێکدا کە بانتڵ هانسفۆن دێتینگێن ( Bantelshans of Dettingen) کە سەربازێکی دێرین بوو و زیگێرهانس وێرتینگێن (Singerhans of Wuertingen)، کە جووتیارێکی ناسراوی شوابینی ئاڵپ بوو هاتنە ناو یەکیەتییەکەوە، ڕاپەڕینەکە لە هەموو لایێکەوە دەستی پێکرد. ئەگەرچی لە ناکاو هێرش کرایە سەر زینگێرهانس (Singerhans) و دەسبەسەر کرا بەڵام، شارەکانی باکنانگ (Backnang)، وینێندێن (Winnenden) و مارکگرۆنینگێن (Markgroenningen) کەوتنە دەستی

جووتیار و ڕەشۆکییەکان، وە سەرجەم خاکی وێنسبێرگ (Weinsberg) هەتاکوو بلاوبوێرن (Blaubeuren) و لەوێوە تاکو سنوورەکانی بادێن تووشی شۆڕش و ڕاپەڕین بوون. ئۆلریش بە ناچار تەسلیم بوو. بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا کە بانگهێشتی دانیشتنی کۆنگرێسی 25ی مانگی جوونی کردبوو، نامەگەلێکیشی بۆ شازادەکانی دەوروبەر و شارە ئازادەکان ناردبوو و داوای یارمەتی لێ کردبوون دژ بە سەرهەڵدانەکە، کە لەوێدا گوتبووی ئەمە هەرەشەیە لە سەر هەموو شازادەکان، دەسەڵاتداران و نەجیبزادەکانی ئەم ئیمپڕاتووریەتە، وە "بە چەشنێکی تایبەت هاوشێوەی یەکیەتی پێڵاوی جووتیارە."

لەم ماوەیەدا، ئەنجومەنی ڕاوایژکاری لە 18ی جوون لە شتوتگارت کۆبوونەوە. نوێنەری شارەکان و هەروەها نوێنەرانی جووتیاران کە خوازیاری کورسی لەم ئەنجومەنەدا بوون لەوێ ئامادەبوون.

ئۆسقۆفی گەورە و قەشەکان هێشتا لەوێ نەبوون. شەوالییەکانیش بانگهێشت نەکرابوون. ئۆپۆزیسیۆنی شاری شتوتگارت و هەروەها دوو گرووپ لە جووتیارانی لێئۆنبێرگ (Leonberg) لە نزیک دەربەندی ڕێمس، بە جۆرێک لە هەڕەشەکردن پشتیوانیان لە داواکارییەکانی جووتیاران کرد. نوێنەرەکانیان وەرگیران و بڕیار درا سێ کەس لە ئەندامە نەفرەتییەکانی ئەنجومەن واتە شازادە لامپارتێر (Lamparter)، تومپ (Thumb)، و لۆرشێر (Lorcher) کە نوێنەری ڕاستەوخۆی شازادە بوون لەو ئەنجومەنە لابرێن و سزاش بدرێن؛ هەروەها بڕیار درا لێژنەیەک کە لە چوار شەوالییە و چوار کەس لە نوێنەرانی شار و چوارکەس لە جووتیاران پێکهاتوون ببنە یاریدەری شازادە و داهاتێکی دیاریکراوی بۆ دابین بکەن و دەست بەسەر خەزێنە و مڵک و سەومەعەکاندا بگیردرێت و هەموویان بە قازانجی گشتی خەڵک و کۆمەڵگە دابەش بکرێن.

شازادە ئۆلریش ئەم بڕیارە شۆڕشگێڕانەی بە کوودەتایەک وەڵام دایەوە. لە 21ی جووندا، لەگەڵ شەوالییە و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری خۆی هێرشی کردە سەر توبینگێن (Tuebingen)، لەوێ قەشە و ئوسقۆفەکانیش لەگەڵی کەوتن. فەرمانی بە نوێنەرانی چینی مامناوەندیش کرد لەگەڵیان کەون و ئەوانیش لەگەڵیان کەوتن. ئەو لەوێ کۆڕی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی بەبێ جووتیاران بەڕێوە برد. نوێنەرە شارییەکان بەرەڕووی تێرۆریسمی سەربازی بوونەوە، هەر بۆیە خەیانەتیان بە هاوپەیمانەکانیان، واتە جووتیاران کرد. لە 8ی ژوڵای ڕێکەوتنامەی توبینگێن بەسترا کە بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە نزیکەی یەک ملوێن لە قەرزەکانی شازادە خرایە سەر ئەستۆی وڵات و، کۆمەڵێک سنووریان بۆ دەسەڵاتەکەی شازادە دیاری کرد کە ئەو قەت جێبەجێ نەکردن. هەروەها هەندێک قسە و زاراوەی گشتی سووک و بێبەها و کۆمەڵێک یاسای سزادانی توندوتیژانەیان لە بۆ ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکان دایە دەستی جووتیاران. ئەمەش سروشتییەکە کە لەوێدا هیچ باس و ئاماژەیەک سەبارەت بە نوێنەرایەتی جووتیاران لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریدا نەکرێت. خەڵکی ڕەمەکی هاواری "خەیانەت"یان هەڵدەدا، بەڵام لەوڕووەوە کە شازادە بە سپاردنی قەرزەکانی بە گرووپە هاوپیشەکان سەرلەنوێ توانیبووی متمانە و پشتیوانییەکی ماڵی وەدەست بخاتەوە، خێرا توانی هێزێکی سەربازی کۆ بکاتەوە و لەم پێناوەشدا دراوسێکانی بەتایبەت ئێلێکتۆر پالاتین

(Elector Palatine) یارمەتی دا و هێزی سەربازی بۆ نارد. بەم شێوەیە هەتاکو کۆتایی مانگی ژوڵای، لە سەرانسەری وڵاتدا ڕێکەوتننامەی تۆبینگێن پەسندکرا و زۆریشی پێدا هەڵگوترا. تەنیا لە دەربەندی ڕێمسدا بوو کە کۆنڕادی هەژار بەرخۆدانی لەبەرانبەریدا کرد. شازادە کە جارێکی تر بۆ ئەوێ چبوو خەریک بوو بکوژرێت. کەمپێکی جووتیاران لە چیای کۆپێل (Koppel) دامەزرا. بەڵام هەرچەنێک ئەم دۆخە زۆرتری دەخایاند ژمارەیەکی زۆرتر لە خەباتکاران بەهۆی نەبوونی خۆراکەوە هەڵدەهاتن؛ ئەوانەیش کە دەمانەوە لەدوای ڕێکەوتننامەیەکی ناڕوون لەگەڵ هەندێک لە نوێنەرانی ئەم ئەنجومەنە دەگەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان. ئۆلریش کە سوپاکەی بە هۆی هاتنی خۆبەخشانەی شارەکان، کە بە هەندێک لە داخوازیەکانیان گەیشتبوون، بەهێزتر ببووەوە، ئێستا بە تەعەسوبێکی زۆرەوە دژ بە جووتیاران هەستانەوە و، بەپێچەوانەی ماددەکانی ڕێکەوتننامەکە هێرشیان کردە سەر دەربەندی ڕێمس و شار و گوندەکانیان تاڵان کردن. 16000 جووتیاران گرت، سەری 16 کەسیان هەر لەوێدا بڕی، بەسەر ئەوانی دیکەشدا سزای دانی پارەیان بڕی کە ئەویش دەچووە سندووقی ئۆلریشەوە. ژمارەیەکی زۆریان لە بەندیخانەکاندا مانەوە. چەندین یاسای سزادان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێکخراوەکە و کۆبوونەوەی جووتیارەکان پەسند کرا؛ هەروەها لە لایەن ئەعیان و نەجیبزادەکانی شوابێنەوە یەکیەتییەکی تایبەت بۆ سەرکوتکردنی هەموو هەوڵێکی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین دامەزرا. بەڵام بەم حاڵەش، ڕێبەرە سەرەکییەکانی کۆنڕادی هەژار توانیبوویان خۆیان بەرەو سویس دەرباز بکەن، بەڵام لەدوای چەند ساڵ زۆربەیان یەکە یەکە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.

هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی وێرتێمبێرگ، نیشانەگەلێک لە چالاکییەکانی یەکیەتی پێڵاوی جووتیاریش لە بریسگاو و لە شازادەنشینی بادێن دەرکەوت. لە مانگی جووندا لە بوهل (Buehl) هەوڵێک بۆ سەرهەڵدان درا بەڵام زۆر بە خێرایی لە لایەن شازادە فیلیپەوە سەرکوت کرا، ڕێبەرەکەیشی واتە گووگێل باستاین (Gugel-Bastian) خەڵکی فرایبۆرگ، گیرا و سەریان بڕی.

لە بەهاری هەمان ساڵی 1514دا جەنگێکی جووتیاریی گشتی لە مەجارستان دەستی پێکرد. بانگەشە بۆ جەنگێکی خاچپەرەستانە دژ بە تورکەکان کرابوو و هەر وەک هەمیشە، بەڵێنی ئازادی بە ڕەعیەت و جووتیارە بێ کێڵگەکان درابوو بۆ ئەوەی پەیوەست بەو سوپایە بن. نزیکەی 60000 کەس کۆبوونەوە و ڕێبەرەکەیان گئۆرک دۆتسا (Gyorgy Dozsa) بوو کە لە ڕابردوودا، لەو جەنگانەدا کە لەگەڵ تورکەکان کردبووی، سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێنابوو و، دواتر لە لایەن نەجیبزادە و ئەعیانەکانەوە وەرگیرابوو. بەڵام شەوالییە و ئەفسەرەکانی مەجارستان زۆر حەزیان لەم جەنگە ئایینییە نەبوو چونکا لایان وابوو هەڕەشەیەکە لەسەر ملک و دارایی و ڕەعیەتەکانی ئەوان. ئەوان زۆر بەپەلە پەلاماری دەستەی جووتیارانیان دەدا و ڕەعیەتەکانی خۆیان بە زۆرەملی و هەڵسوکەتی ناڕەوا دەگەڕاندەوە بۆ لای خۆیان. کاتێک کە سوپای خاچپەرەستان ئاگاداری ئەوە بوونەوە، تووڕەیی جووتیارە سەرکوتکراوەکان زۆرتر خۆی بەدیار خست. دو پیاو لە پشتیوانە بەجۆشەکانی جەنگی خاچپەرستی بە ناوی لاوێرێنس مێزارۆس

(Lawrence Mészáros) و بارناباس (Barnabas) بە وتارە توندوتیژەکانی خۆیان ئەم ئاورەیان گەشاندەوە و ڕقی سوپاکەیان دژ بە ئەعیانەکان ورووژاند. دوتسا خۆی بەتایبەتی پشتیوانی لە ڕق و قینی سەربازەکان دەکرد بەرانبەر بە نەجیبزادەو ئەعیانەکان. بەم جۆرە، سوپای جەنگی خاچپەرستی بوو بە سوپای شۆڕش و دوتسا وەک ڕێبەری ئەم بزووتنەوە هاتە مەیدان.

ئەوان لە هەرێمی ڕاکوس (Rakos) لە نزدیکی پێست (Pest) سەقامگیربوون. بە هۆی هەندێک ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان جووتیاران و نوێنەرانی ئەعیانەکان لە گوند و شارۆچکەکانی پێست، دەرگەی دوژمنایەتی کرایەوە. خێرا شەڕ و پێکدادانەکان دەستیان پێکرد و بەدوایدا ڤێسپرەکانی سیسیلی[15] (Sicilian Vespers) یاخود کۆمەڵکوژی ئەو ئەعیانانە کە دەکەوتنە دەستی جووتیاران، دەستی پێکرد؛ هەروەها کۆشک و قەڵاکانیان لە ئاگردا دەسووتێندران. هەڕەشەکانی کۆشک هیچ سوودێکیان نەبوو. کاتێک کە یەکەم دادگای خەڵک بۆ ئەعیانەکان لە بن دیوارەکانی شاردا بەڕێوە چوو دۆتسا هەندێک کاری دیکەیشی کرد. ئەو سوپاکەی خۆی کرد بە پێنج ستوونەوە. دوان لەوان نێردران بۆ کوێستانەکانی سەرووی مەجارستان بەو مەبەستەی کە هەموو ئەو هەرێمەیش ڕاپەڕێنن و ئەعیانەکانیان لەناو ببەن. ستوونی سێهەم لە ژێر فەرماندەیی ئامبروس سالۆزی (Ambros Szaleves) کە شارۆمەندێکی پێست بوو، لە ڕاکووس مایەوە بۆ ئەوەی ئاگای لە پایتەخت بێت. ستوونەکانی چوارەم و پێنجەمیش لە دەستی توتسا و براکەی گرێگۆر (Gregor) بەرەو سێگدین (Szegedin) بەڕێ کەوتن.

لەم ماوەیەدا ئەعیانەکانیش لە پێست کۆ بوونەوە و داوای یارمەتییان لە یۆهان تێساپولیا ( Johann Zapolya) حاکمی ترانسیلڤانیا (Transylvania) کرد. ئەعیانەکان بە یارمەتی چینی مامناوەندی بوداپێست هێرشیان کردە سەر سوپای راکوس و لەناویان برد، هەڵبەت ئەمە لەدوای ئەوە ڕووی دا کە سالوێز، هاوڕێ لەگەڵ توخمەکانی چینی مامناوەندی سوپای جووتیاران، چوونە ڕیزی دوژمنەوە. تاقمێکی هەرە زۆر لە زیندانییەکان بە دڕندانەترین شێوە کوژران. ئەوانەی دیکەیش ڕەوانەی ماڵ و حاڵی خۆیان کرانەوە بەڵام بەبێ لووت و گوێ.

دۆتسا لەبەرانبەر سێگدیندا شکستی هێنا و بەرەو چاناد (Czanad) ڕۆیشت و ئەوێی داگیر کرد؛ لەم ماوەیەدا سوپای ئەعیانەکانیشی شکست دا کە فەرماندەکەیان باتۆری ئیستوان (Batory Istvan) و ئوسقۆف ئیسکای (Esakye) بوو. هەروەها ئەو تۆڵەیەکی سەختی لە دیلەکان سەندەوە کە ئۆسقۆف و خەزێنەداری پاشایەتی واتە تێلێکی (Teleky)یش لە ناویاندا بوو؛ ئەمەیش لە تۆڵەی ئەو دڕندەییانەدا بوو کە لە ڕاکوس کردبوویان. لە چاندا حکوومەتی کۆماری ڕاگەیاند، ئەعیانێتی هەڵوەشاندەوە، یەکسانییەکی گشتی و سەروەری و دەسەڵاتداری خەڵکی ڕاگەیاند و پاشان بەرەوە تێمێسوار (Temesvar) بەڕێ کەوت، واتە ئەو

---

[15] . ڕاپەرینێکی سەرکەوتوو بوو لە ساڵانی 1282 تاکو 1302ی زایینی کە لە پاشایەتی سیسیلدا دژ بە شا چارڵز ڕووی دا. (وەرگێڕ)

شوێنەی کە سوپای باتۆری چبووە ناویەوە. بەڵام لە ماوەی ئەو دوو مـانگەدا کە ئەو ئەم قەڵایەی گەمـارۆ دابـوو و لەحاڵێکـدا کە لەلایەن سـوپای نـوێی ئـانتۆن هۆتسـۆ (Anton Hosza) بەهێزتـر کرابـووەوە، دوو ستوونەکەی تری لە مەجارستانی سەروو لە چەندین شەڕدا لەگەڵ ئەعیانەکان شکستیان هێنابوو؛ لەدوای ئەمە بوو کە یوهان تساپولیا و سوپا ترانسیلڤانییەکەی هێرشیان کـردە سـەر ئەو. تێساپولیا هێرشـی کـردە سەر جووتیاران و هەموویانی پرش و بڵاو کردەوە. دۆتسا دەسبەسەر کرا، لەسەر تەختێکی پاشایەتی داخ و سوورکراودا برژێندرا و بە زیندوویی لە لایەن لایەنگرانـی خـۆیەوە خـوردرا، ئەمە مەرجـی زینـدوو مـانەوەی لایەنگرەکانی بوو.

لاوێرێنس و هۆستسۆ جووتیارە پەرتەوازەکانیان جارێکی دیکە کۆ کردەوە، بەڵام دیسان شکستان هێنـا، وە هەر کەس لەوان کە دەکەوتە دەستی دوژمنان یان لە سیخ دەکێشرا یـاخود لە سـێدارە دەدرا. بە هەزاران تەرمی جووتیار لە قەراخی جادەکاندا یـاخود لە بەر دەروازەی گوندەکانـدا بە سـووتێندراوی هەڵواسرابـوون. بەپێی ڕاپۆرتەکان، نزیکەی 60000 کەس لەوان یان لە شەڕدا کوژران یـاخود قەڵاچـۆ کـران. ئەعیانەکـان هەوڵیان دا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریدا، کۆیلەتی جووتیاران جارێکی‌تر وەک یاسای زەوی بهێننەوە ئارا.

ڕاپەڕینـی جووتیـارن لە لە هەرێمـی ویندیشـن مارشـێز (windy marshes) واتە بەشـەکانی کەرانتـێن (Carinthia)، کارنۆیلا (Carniola) و شتایرا (Styria)، کە هەر لەم کاتەدا دەستی پێکردبـوو، لە سـەر ڕێبـازی پیلانگێڕییەکی نهێنی لە جۆری یەکیەتی پێڵاوی جووتیار ڕێکخرابوو و لەو هەرێمەدا لە سەرەتاکانی سـاڵی 1503دا سەریهەڵدا؛ ئەمە لە ئاکامی خـوێنمژی بەرپرسـەکانی پادشـا و هێـرش و وێرانکـاریی تورکەکـان و ئەشکەنجەی قاتوقڕیدا ڕووی دا. ئەم پیلانە نهێنییە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدان خـۆش کـرد. لە سـاڵی 1513دا جووتیارانی سلاڤی و ئەڵمانیی ئەم هەرێمە جارێکی دیـکە ئـاڵای جەنگیـان بـۆ سـتارا پـراوا (Stara Prawa) (مافە دێرینەکان) هەڵدا. ئەوان کاتێک کە لە 1514دا بۆ جارێکی تر پۆل پۆل لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە، دیسان هێمن بـوونەوە، واتە ڕازی کـران بـگەڕێنەوە ماڵەکـانی خۆیـان؛ ئەمەش بە هـۆی ئەو بەڵێـنەی شـا ماکسیمیلیان بوو کە گوتی مافە دێرینەکانیان بۆ دەستەبەر دەکاتەوە. بەڵام لە بەهاری 1515دا جەنگی پـڕ لە قینـی تۆڵەسـەندنەوەی خەڵکـی فریـودراو بە گـوڕێکی زۆرتـرەوە دەسـتی پێکـرد. لێرەشـدا هەر وەک مەجارسـتان، کۆشـک و قەڵاکـان وێـران کـران و ئەعیانەکـان گیـران و لەلایەن لێـژنەی دادوەری جووتیارانەوە دادگایی کران و سەریان بڕدرا. لە شتایرا و کارینتن، کاپتەنێکی پاشـایەتی بەنـاوی دێـتریش شتاین (Dietrichstein) خێرا توانی ئەم سەرهەڵدانە دامرکێنێت. ئەم بزووتنەوەش تێکشکا؛ ئەمەیـش تەنیـا بەهـۆی ئەو هێرشـانەوە بـوو کە لەلایەن ڕایـن (پـاییزی 1516) و هەروهـا مەجارییەکـانەوە[16] (Austrian) بەردەوام و دڕندانە دەکرایە سەریان.

[16] . مەبەست پاشایەتی ئوتریش – مەجارە. (وەرگێڕ)

ئەمە ڕوونە کە لە دوای ئەم زنجیرە شکستە ڕووخێنەرانە، لە دوای ئەم دڕندەییە بەربڵاوەی کە ئەعیانەکان کردیان، جووتیارانی ئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی مانەوە. بەڵام، نە پیلانگێڕییە نهێنیەکان و نە سەرهەڵدانە ناوچەییەکان هیچیان بە تەواوەتی لەناو نەچوون. لە ساڵی 1516دا زۆربەی هەڵاتووانی یەکیەتی پێڵاوی جووتیار و کۆنڕادی هەژار گەڕانەوە بۆ شوابێن و ڕاینی سەروو. لە 1517دا یەکیەتی پێڵاوی جووتیار جارێکی دیکە خۆی پێگەیاند. یوس فریتس، کە تا ئەو کاتە ئاڵاکەی یەکیەتی پێڵاوی جووتیاری لە سنگی خۆیدا شاردبووەوە و لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ هەموو شوێنێک، جارێکی‌تر هاتەوە بۆ دارستانی ڕەش و چالاکییەکی بەربڵاوی دەست پێکردەوە. چالاکییە نهێنییەکان دیسان ڕێکخرانەوە. دیسان کۆبوونەوەکان، بەهەمان شێوازی چوار ساڵ پێش، لە کنیبیس بەڕێوە دەچوو. بەڵام ئەم چالاکیانە بە شاراوەیی نەمانەوە. دەوڵەتەکان ئاگاداری دۆخەکە بوونەوە و دەسپێشخەرییان کرد. هەندێک دەزگیر کران و هەندێکیش لە سێدارە دران. چالاکترین و ژیرترین ئەندامەکان بەناچار هەڵاتن، لە ناو ئەمانەدا یوس فریتس یەکێک لەو کەسانە بوو کە هێشتا دەزگیر نەکرابوو، بەڵام وەک دیارە ماوەیەکی کورت لە دوای ئەم ڕووداوە لە سویس دەمرێت. چونکا ئیتر لە هیچ شوێنێکدا ناوی نەهێنراوە.

## بەشی چوارەم
## ڕاپەڕینی خانەدانەکان

لە کاتێکدا کە چوارەمین ڕێکخراوی پێڵاو دروستکەر و پینەچییەکان لە دارستانی ڕەش دەهاتنە خوارەوە. لوتر[17] لە ویتێنبێرگ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕاگەیاند کە بڕیاربوو هەموو چینەکان the estates[18] بەرێتە ناو شەپۆلەکەی خۆیەوە و سەرانسەری ئیمپراتۆریەتییەکە بلەرزێنێ. تێزەکانی ئەم ئۆگۆستینیە[19] لە ناوچەی تورینگێن هەر وەک چەخماخەیەک کە بدرێ لە پەناگەیەکی پڕ بارووت کاریگەر بوو. هەوڵە جیاواز و دژبەیەکەکانی سوارچاکەکان و چینی مامناوەند، گوندنشینان و پاڵەکان، شازادە تینووەکانی دەسەڵات،

پیاوە ئایینییەکانی توێژی خوارەوە کە خەریکی برەودان بوون بە عیرفانی، ئەو نووسەرە رۆشنبیرانەی کە شێواز و سروشتی دژایەتیان تەنز و گاڵتەجاری بوو، هەموویان خاڵی هاوبەشیان دۆزییەوە لە دەربرینی تێزەکانی لوتەر، کە بەهۆیەوە و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە دەوری کۆبنەوە.
ئەم هاوپەیمانییە خێرایە کە پێکهاتەکەی ناکۆک بوون، هەرچەندە بە ماوەیەکی کەم ڕوویدا بەڵام لەپڕ وزەی زۆری بزووتنەوەکەی دەرخست و توانایەکی زۆری پێ دا.
بەڵام هەر ئەم گەشە خێرایەی بزووتنەوەکە بوو بە هۆکاری پەرەدان بە تۆوی ناکۆکییە دەروونییەکان. دووبارە خستنییەوە دۆخی ئاسایی ململانێی و دوژمنایەتی، ئەمەش بۆیە هۆی جیابوونەوەی ئەو خەڵکەی بەئاگا بوون لەوەی کە دۆخی ژیانیان جیاوازە لە یەکتری.
هەر لە یەکەم ساڵەکانی ڕیفۆرماسیۆندا، کۆبووونەوەی ئەم ئاپۆرە هەمەڕەنگە دژبەرانە لە دەوری دو جەمسەری ناوەندی، بە کردەوە خۆی نیشان دا. ئەعیان و چینی مامناوەند بەبێ هیچ مەرجێک لە دەوری لووتێر کۆ بوونەوە. جووتیاران و ڕەشۆکیش کە هێشتا لە لووتێردا دوژمنی ڕاستەقینەی خۆیان نەدەبینی، هەروەک ڕابردوو حیزبێکی جیاوازی شۆڕشگێریان لە ئۆپوزیسیۆن پێکهێنا. هیچ شتێکی نوێ نەدەبینرا مەگەر ئەوەی کە ئەم جارەیان لە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش لە لووتێر، بزووتنەوەکە گەلێک گشتگیرتر و زۆر بەربڵاوتر و گەلێک قووڵتر بووەوە، کە ئەمەیش بەپێویست لەگەڵ خۆی ئانتاگۆنیسمێکی توندوتیژ و ململانێیێەکی ئاشکرای لە نێوان ئەو دوو بەرەدا بەدیهێنا. ئەم دژبەرییە ڕاستەوخۆیە زۆر خێرا ئاشکرا بوو. لووتێر و مۆنتسێر کە لە ڕۆژنامە و مینبەرەکاندا لەگەڵ یەکتر دەجەنگان، هەر ئەوەندەی سوپاکان و شەوالییەکان و شارەکانی شازادەکان (کە زۆربەیان لە بنەڕەتدا لایەنگری لووتێر بوون یاخود بە

[17] مارتین لوتر سەرکردەی ڕیفۆرمی پرۆتستانییەکان بوو -و-
[18] The estates هەر سێ چینە کۆمەڵایەتییەکەی سەدەی ناوەڕاست دەگرێتەوە کە پیاوانی کلێسا، خانەدانەکان وبازرگان و پیشەگەرەکانن. -و-
[19] ماتین لوتر پێشتر قەشەیەکی ئۆگۆستینی بوو -و-

جۆرێک لە جۆرەکان مەیلیان بەرەو لووتێر هەبوو) لەگەڵ هێزەکانی جووتیاران و ڕەشۆکی، کە بەدەستی ئەو دوژمنانە شکێندران، دوژمنایەتیان هەبوو.

هەمەڕەنگیی بەرژەوەندییەکانی توخمە جیاوازەکان لە پەسندکردنی ریفۆرماسیۆن تەناتەت بەر لە جەنگی جووتیاریش ئاشکرا بوو، ئەمەیش لە هەوڵی ئەعیانەکاندا بینرا کە داخوازییەکانی خۆیان بەسەر شازادەکان و پیاوە ئاینییەکاندا داسەپاند.

لە سەرەوە پێگە و دۆخی ئەعیان و نەجیبزادەکانی ئەڵمانیامان لە سەرەتای سەدەی شازدەدا باس کرد. ئەعیانەکان لەو سەردەمەدا خەریک بوون سەربەخۆیی خۆیان لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕوولەزێدەی شازادەکان و پیاوە ئاینییەکان دەدۆڕاند. بەهەمان ڕێژە کە دەسەڵاتی ئەمان ڕووی لە لاوازی دەنا دەسەڵاتی حکوومەتیش کەم دەبووەوە و ئیمپڕاتووریەتەکە لە نێوان ژمارەیەک شازادەنشینی سەربەخۆدا دابەش دەکرا. لەناوچوونی ئەعیانەکان، بەبڕوای خۆیان، لەگەڵ نەمانی نەتەوەی ئەڵمانیا یەکێک بوو. ئەعیانەکان نەتەوەییترین توێژی ئەم کۆمەڵگەیە بوون و دەیانزانی کە هەرچەندە ئیپراتووریەت بەهێزتر بێت بەهەمان ڕێژە دەسەڵاتی و ژمارەی شازادەکان کەمتر دەبێتەوە و، هەر چەندە ئەڵمانیا یەکگرتووتر بێت بەهەمان ڕێژە ئەعیانەکانیش پڕدەسەڵاتتر دەبن. ئەمە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی نارەزایی شەوالییەکان لە بارودۆخی سیاسی ئەڵمانیا و هەروەها لە کەمدەسەڵاتبوونەوەی ئەڵمانیا لە کاروباری دەرەوەی وڵات؛ چونکا بەهەمان ڕێژە سەرای پاشایەتی بە بیانووی هۆکار میراتییەکانەوە، یەک‌لەدوای‌یەک پارێزگای فرەتری دەخستە سەر خاکی وڵات. هەروەها بە هۆی دنەدانی هێزە نەیارەکانی ناوخۆ و هاوپەیمانێتی شازادەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ وڵاتە بیانییەکانی دژ بە ئیمپڕاتووریەت، دەسەڵاتی ئیمپڕاتووریەت لاوازتر دەبووەوە. کەوابوو، داواکاریی ئەعیانەکان دەبوا بەردەوام جۆرەیەک داواکاریی ڕیفۆرم و چاکسازی لە ئیمپڕاتووریەتدا بێت کە بەم شێوە قوربانییەکانی بێگومان شازادەکان و پیاوە ئاینییە پایەبەرزەکان دەبوون. ئۆلریش فۆن هۆتێن (Ulrich of Hutten)، تیۆریدانەری ئەعیانی ئەڵمانیا، هاوڕێ لەگەڵ فرانتس فۆن سیکینگێن (Franz von Sickingen) کە نوێنەری سەربازی و دیپلۆماتیکی ئەعیانەکان بوو، ئەرکی داڕژاندنی ئەم داواکارییانەیان گرتە ئەستۆ.

هۆتێن لە زمانی ئەعیانەکانەوە چاکسازییەکانی بە چەشنێکی زۆر ڕادیکاڵ و گەلێک ڕوون داڕژاند. داواکاری هۆتێن تەنیا ئەمە بوو: هەموو شازادەکان لە کار لابرێن، هەڵوەشاندنەوەی هەموو شازادەنشینە کەلیساییەکان و گشت داراییە وەقفییەکانیان، وە دامەزراندنەوەی دیموکراسی ئەعیان کە لە لووتکەکەیدا پادشا ڕاوەستاوە - واتە فۆرمێک لە حکوومەت کە باشترین ڕۆژی کۆماری پۆڵندا وەبیر دەهێنێتەوە. هۆتێن و سیکینگێن لەو بڕوایەدە بوون کە جارێکی‌تر ئیمپڕاتووریەت یەکدەگرێتەوە و ئازاد و پڕدەسەڵات دەبێتەوە، لەم پێناوەدا دەبێت حوکمڕانیی ئەعیانەکان، کە چینێکی پێش لەهەموو شت

سـەربازین، سـەرلەنوێ دابمەزرێـتەوە و، شـازداەکان کە هۆکـاری سـەرەکی نـایەکگرتووین لەنـاو بـبرێن و دەسەڵاتی قەشەکان لاواز بکرێتەوە و ئەڵمانیا لە ژێر دەسەڵاتی کەلیسای ڕۆما بێتە دەر.

دیموکراسی ئەعیانی کە لەسەر بنەمای مانەوەی سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتی بوو و بەهەمـان شـێوە کە لە پۆڵنـدا و لە یەکەم سـەدەکانی [[زاییـنیـدا]] لەو وڵاتـانەدا کە ژێرمەنەکـان داگیریـان کردبـوو دامەزرابـوو، یەکێک لە سەرەتاییترین فۆڕمەکـانی کـۆمەڵگەیە و ڕەوتـی ئاسـایی گەشەسـەندنەکەی ئەوەیە کە دەگـاتە پلەبەندییەکی بەربـڵاوی فیـۆدالی ـ کە لە خۆیـدا پێشـکەوتنێکی سـەرنجڕاکێش بـووە. دامەزرانـدنی وەهـا دیموکراسیەتێکی بەهێزی ئەعیانی لەو کاتەدا لە ئەڵمانیای سەدەی شـازدەیەم بـابەتێکی نـامومکین بـوو؛ بەر لە هەموو شت بە هـۆی ئەوەوە کە لەو کـاتەدا شـارگەلێکی گرنـگ و پڕدەسـەڵات لە ئەڵمانیـا بوونیـان هەبوو، هەروها هیچ چەشنە هاوپەیمانێتییەک لە نێوان ئەعیانی خوارەوە و شارەکاندا، بەو شێوەیەی کە لە ئینگلاند ببوو بەهۆی گۆڕینی سیستمی فیۆدالی بۆ سیسـتمی پاشـایەتیی دەسـتووریی بـورژوازی، لە ئـارادا نەبوو. لە ئەڵمانیا ئەعیانە دێرینەکان مانەوە، لە کاتێکدا لە ئینگلاند لە جەنگەکانی ڕۆزدا (گوڵەسوورەکان) (Roses) تەنیا 28 بنەماڵەیان مـایەوە و، لەجیـاتی ئەوان ئەعیـانگەلێکی نـوێ هـاتنە سـەر کـار کە زۆرتـر لە ڕەگەزی چینی مامناوەند بوون یاخود مەیلیان بەرەو ئەم چینیە هەبوو. لە ئەڵمانیا هێشتا سیسـتمی ئەربـاب و ڕەعیەتـی بەردەوام بـوو و ئەعیانەکـان داهاتەکانیـان لە سـەرچاوە فیۆدالیەکـان وەردەگـرت، بەڵام لە ئینگلاند ئەمە لەناو چبوو و ئەعیانەکان ببوون بە کۆمەڵێک مڵکداری بچووک و سادەی بـورژوا، کە ببـوون بە سەرچاوەی داهاتی بورژوازی ـ واتە بەهرەی مالیکانە یـان کرێـی زەوی و کێڵگەکـان. لە کۆتاییـدا، ئەو ناوەندمەندییەی کە دەسەڵاتی مونارشیی ڕەها لە فەڕەنسا هەیبوو و هەر لە سەردەمی لـوویی یـازدەهەمەوە بەبۆنەی دژایەتـی بەرژەوەنـدییەکانی ئەعیـان و چینـی مامناوەنـدەوە بـوونی هەبـووە، لە ئەڵمانیـا مـومکین نەبـوو؛ چونکـا لە ئەڵمانیـا ئەو ناوەندمەنـدییە نەتەوەیـیە یـان بـوونی نەبـوو یـاخود لە ئاسـت و فـۆڕمێیکی پێنەگەیشتوودا بوو.

لەم هەلومەرجەدا، هەرچەندە هۆتێن هەوڵی دەدا کە ئایدیالەکانی خۆی کردەکی بکات زۆرتر ناچـار دەبـوو سازان بکات، وە ڕەنگی چاکسازیی ئیمپیڕاتووریەتییەکەی زۆرتر دەژاکا. ئەعیانەکان  ئەوەندە دەسەڵاتیان نەبوو کە بە تەنیا ئەم چاکسـازیانە جێبەجـێ بـکەن. ئەم بێهێـزییە لە بەراورد لەگەڵ شـازادەکاندا بەباشـی دەردەکەوت. ئەوان دەبوا لەدوای هاوپەیمانانێک بگەڕێن، کە ئەمەیش یان لە شارەکاندا بـوون یـان لەنـاو جووتیاران و پشتیوانە خاوەن دەسەڵاتەکانی چاکسـازیی ئایینیـدا. بەڵام شـارەکان بەباشـی ئەعیانەکانیـان دەناسی و دەیانزانی کە نابێت زۆر متمانەیـان پـێبـکەن و هەر چەشـنە هاوپەیمانێتییەکیـان لەگەڵ ئەوان ڕەت دەکـردەوە. جووتیارەکـانیش لە جەسـتەی ئەعیانەکانـدا، کە چەوسـێنەریان بـوون و بەخـراپە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردبوون، سەرسەختترین دوژمنانی خۆیان دەبینییەوە؛ تیۆریـدانەرانیش پەیمانێکـی هاوبەشیان لەگەڵ چینی مامناوەند، یاخود شـازادەکان یـان لەگەڵ جووتیـاران هەبـوو. پرسـیار ئەمەیە کە

بەڕاستی ئەعیانەکان دەیانویست لەم چاکسازییەدا کە ئامانجە سەرەکییەکە بەرزکردنەوەی پێگەی ئەعیان بوو، بەڵێنی چ ماف و سەروەرییەکی تایبەت بە چینی مامناوەند یان جووتیاران بدەن؟ لەوەها کەش و هەوایەکدا هۆتێن لە نووسراوە پڕۆپەگاناییەکانیدا تەنیا دەیتوانی بەرانبەر بە پێوەندییەکانی داهاتووی نێوان ئەعیان و شارەکان و جووتیاران بێدەنگ بێت یان زۆر بە کورتی باسیان بکات، بەڵام هەموو تاوانەکانی دەخستە سەر شانی شازادە و قەشەکان و پێبەندبوون بە کەلیسای ڕۆما؛ دەیویست بڵێت کە بەرژەوەندی و قازانجی چینی مامناوەند لەوەدایە کە بەلانیکەمەوە لە گۆڕەپانی مشتومڕەکانی نێوان ئەعیان و شازادەکاندا بێ‌لایەن بمێنێتەوە. هۆتێن قەت هیچ ئاماژەیەکی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتی یاخود ئەو بارانەی کە ئەعیانەکان بەسەر جووتیاراندا سەپاندوویانە، نەکرد.
بۆچوون و ڕوانگەی ئەعیانی ئەڵمانیا بەرانبەر بە جووتیارانی ئەو سەردەمە ڕێک هاوشێوەی ڕوانگەی ئەعیانی پۆڵندا بەرانبەر بە جووتیاران لە سەرهەڵدانەکانی 1830دا بوو. هەروەک سەرهەڵدانە مۆدێرنەکانی پۆڵندا، ئەم بزووتنەوەیش تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی ئەنجامێکی سەرکەوتووانەی هەبێت کە لەگەڵ هەموو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان، لەسەر هەموویانەوە ئەعیان و جووتیاران، هاوپەیمان ببێت. بەڵام لە ناو هەموو هاوپەیمانێتییەکاندا، ئەم هاوپەیمانێتییە نامومکین بوو. ئەعیان ئامادە نەبوو سەروەریی سیاسیی خۆی و مافە فیۆدالییەکانی لە بەرانبەر جووتیاراندا بدۆڕێنێت، لەهەمان‌کاتدا جووتیارانی شۆڕشگێڕیش نەیاندەتوانی خۆیان بدەن بە دەستی کۆمەڵێک بۆچوونی ناڕوون و تەماوی ئەعیانەکانەوە و لەگەڵیان ببنە هاوپەیمان، ئەم چینیە زۆرتر لە هەموان لە سەرکوتکردنیاندا دەوریان گێڕابوو. لە ساڵی 1522دا ئەعیان نەیتوانی بەسەر جوتیاری ئەڵمانیادا زاڵ بێت بەهەمان شێوە کە پۆڵندا لە ساڵی 1830دا نەیتوانی بەرەو لای خۆیان ڕایانکێشێت. چونکا تەنیا لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئەرباب و ڕەعیەتی و نەمانی هەموو سەروەرییەکانی ئەعیان دەیتوانی جەماوەری گوندنشین لەگەڵ ئەوان هاوپەیمان بکات. بەڵام ئەعیان هەر وەک هەموو چینێکی خاوەن بەرژەوەندی، هیچ مەیلێکی خۆبەخشانەی بۆ بەدەستەوەدانی سەروەرییەکانی خۆی، کە بەشێکی گەورەی داهاتەکانی بەوەوە گرێ درابوو، نیشان نەدا.
بەم شێوەیە کاتی جەنگ و ململانێ گەیشت و، ئەعیانەکان لە بەرانبەر شازادەکاندا بەتەنیا مانەوە. ئەمە ڕوون بوو کە شازادەکان، کە بۆ ماوەی دوو سەدە هەموو هەل و دەرفەتەکانیان لە ئەعیانەکان وەرگرتووە و سەرکەوتوو ببوون، ئەم جارەیش بە بێ دانی هەوڵێکی زۆر سەرکەوتوو دەبن.
بەباشی دەزانین خودی قۆناغی ململانێکە چی بەسەر هات. هوتێن و سیکینگێن، کە وەک سەرۆکی سیاسی و سەربازی ئەعیانی ئەڵمانیای ناوەڕاست دەناسران، لە ساڵی 1522 لە لانداو (Landau) بۆ ماوەی شەش ساڵ یەکیەتییەکیان لەگەڵ ئەعیانی ڕاین، شوابێن و فرانکۆن پێکهێنا کە بەڕواڵەت بۆ بەرگریکردن لە خۆ بوو. سیکینگێن سوپایەکی پێکهێنا کە بەشێکی لە هێزی ئەعیانەکان و بەشەکەی دیکەیشی لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ شەوالییەکاندا پێکهاتبوو. ئەو دەستیکرد بە کۆکردنەوە هێزی

خۆبەخش و بەهێزکردنەوەی هێزەکان لە فراکۆن، ڕاینی خۆارو و هۆڵنـدا و وێسـتفالێن، وە لە سـێپتەمبەری 1522دا بە بڵاوکــردنەوەی ڕاگەیێنــدراوێکی دژبەرانە دژ بە ئۆســقۆفی گەورەی ترییێــر (Trier)، دەرگەی دوژمنایەتی کردەوە. بەڵام لە کاتێکدا کە لە دەوری تییێر سەقامگیر ببوو، شەپۆلی یارمەتییەکان بـۆ ئەو بە هۆی دەستێوەردانی شـازادەکانەوە بە خێرایـی وشـک بـوون. شـازادەکانی هـێس و پـالاتین (Palatine) بە هانای ئۆسقۆفی ترییێرەوە چوون و، سـیکینگێن ناچـار بـوو پەنـا ببـاتەوە بـۆ قەڵاکەی خـۆی لە لاندشـتول (Landstuhl). سـەرەڕای هەمـوو هەوڵەکـانی هـۆتێن و ئەو هەڤـاڵانەی کە بـۆی مـابوونەوە، ئەعیـانە هاوپەیمانەکانییان کە لە دەسپێشخەری خێـرا و ناوەندمەنـدیی شـازادەکان زاوریـان تۆقیبـوو، ئەوانیـان بە تەنیا بەجێهێشت. سیکینگێن لە جەنگەکەدا بە توندی بریندار کـرا و لە دوای بەدەسـتەوەدانی لاندشـتول، خێرا مرد. هۆتێن بەناچار بەرەو سـویس هەڵات و لەوێ چەنـد مانـگ دواتـر لە دورگەی ئۆفنـاو (Ufnau) لە دەریاچەی زووریخ مرد.

بەم شکســتە و بە مردنــی ئەم دوو ڕێــبەرە، دەســەڵاتی ئەعیــان وەک گرووپێکــی ســەربەخۆ لەبەرانــبەر شازادەکاندا ڕووخا. لەوەبەدوا ئەعیان تەنیا لە خزمەت شازادەکان و لەژێر ڕێبەرایەتی ئەواندا دەردەکەوتن. جەنگــی جووتیــاری کە زۆر خێــرا دەســتی پێکــرد، بە چەشــنێکی زۆر قــووڵتر ئەعیانەکــانی بە شــێوازێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستە ژێر بـاڵی شـازادەکانەوە. ئەمە سـەلماندی کە ئەعیـانی ئەڵمانیـا بەباشـتریان دەزانی لە سێبەری دەسەڵاتی شازادەکاندا درێـژە بە چەوساندنەوەی جووتیـاران بـدەن نەک ئەوەی کە لە پێناو پاوپەیمانێتییەکی ئاشکرا لەگەڵ جووتیـارە *ڕزگاربووەکـان* شـازادە و قەشـەکان وەلا بنـێن و لەناویـان بـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەن.

## بەشی پێنجەم

## جەنگی جووتیاری لە شوابێن و فرانکۆن

لەو ساتەوە کە بەیاننامەی جەنگی لووتێر دژ بە هەموو پلەبەندییەکانی کاتۆلیک هەموو توخمە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەڵمانیای بە جووڵە هێنا، هیچ ساڵێک نەبووە کە لەودا جووتیاران سەرلەنوێ داواکارییەکانی خۆیان نەهێننەوە مەیدان. لە ساڵانی نێوان 1518 و 1523دا، شۆڕش لە دوای شۆڕش لە دارستانی ڕەش و شوابێنی سەرووی ڕوویدا. لە بەهاری ساڵی 1524دا ئەم شۆڕشانە خەسڵەتێکی سیستماتیکیان بەخۆوەیانەوە گرت. لە ئاپریلی ئەو ساڵەدا جووتیارانی هەرێمی مارشتال (Marchthal) کاری بێگاری و دانی باجەکانیان ڕەت کردەوە؛ لە مانگی مەیی هەمان ساڵدا جووتیارانی بلازێر (Blasien) لە دانی پارەی ڕەعیەتیانە سەرپێچییان کرد؛ لە مانگی جووندا جووتیارانی شتاینهایم (Steinheim) لە نزدیکی ممینگێن (Memmingen) ڕایانگەیاند کە ئیتر نە دەودوو دەدەن نە پارەی ڕەعیەتیانە؛ لە ژوڵای و ئۆگۆستدا جووتیارانی تورگاو (Thurgau) ڕاپەڕین، لە بەشێکدا بە ناونجگێری زووریخ و لە لە بەشێکدا لە ڕێگەی دەسپێشخەریی دڕندانەی بەرپرسان و تەنانەت لە سێدارەدانێکی زۆرێک لە جووتیاران ئەم ڕاپەڕینە دامرکا. دواجار، ڕاپەڕینی ڕاشکاوانەی هەرێمی شتۆلینگێن (Stuehlingen) ڕوویدا کە دەکرێت وەک *دەسپێکی ڕاستەقینەی جەنگی جووتیاری* چاوی لێبکەین.

جووتیارانی شتۆلینگێن لەناکاودا دانی بەهرەی مالیکانە بە شازادەکەیان ڕەت کردەوە و، لە ژمارەیەکی زۆردا لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە. لە 24 ئۆکتۆبەری 1524دا ئەوان بە ڕێبەرایەتی هانس مولێر فۆن بولگێنباخ (Hans Mueller of Bulgenbach) بەرەو واڵدشوت (Waldshut) بەڕێ کەوتن. لێرەدا پەیمانی برایەتی خۆیان لەگەڵ چینی مامناوەند ڕاگەیاند. چینی مامناوەند بە مەیلێکی زۆرترەوە پەیوەست بەم ڕێکخراوەیە بوو، هۆکارەکەیشی ئەمە بوو کە ئەوان لەگەڵ دەوڵەتی ئۆتریشی سەرو، لەسەر بەدواداچوونی یەکێک لە وتاربێژەکانیان بە ناوی بلاتشێر هوبمایێر (Balthaser Hubmaier) کە دۆست و موریدی تووماس مۆنتسێر بوو، لە ململانێدا بوون. لەوێدا بڕیاردرا کە حەفتانە سێ سککەی زۆێر یاخود کروتزێر (kreutzer) وەک باج کۆ بکرێتەوە. بە پارەی ئەو سەردەمە ئەمە بڕەپارەیەکی زۆر بوو. کۆمەڵێک بانگەشەکاریان بەرەو ئالزاس، مووسێل (Moselle) و سەرانسەری هەرێمی ڕاینی سەروو هەتاکوو فرانکۆن نارد بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێکەوە جووتیاران هان بدەن ببنە ئەندامی یەکیەتییەکە. ئامانجەکانی ئەم یەکیەتییە بەم شێوەیە ڕاگەیێندرا: نەمانی دەسەڵاتی فیۆدالی؛ لەناوبردنی هەموو کۆشک و سەومەعەکان؛ لەناوبردنی هەموو ئەربابەکان جگە لە پادشا. ئاڵای ئەم یەکیەتییە هەمان ئاڵای سێڕەنگی ئەڵمانیا بوو.

ئەم ڕاپەڕینە خێرا بەرفراوان بووەوە و سەرانسەری خاکی ئێستاکەی بادێنی گرتەوە. ئەعیانی بەشی سەرووی شوابێن، کە هێزە سەربازییەکانیان بەگشتی لە ئیتاڵیا و جەنگی دژ بە فەرانسیسی یەکەمی فەرەنسا سەرقاڵ بوون، لەم ڕووداوە گەلێک پەشۆکان. هیچ ڕێگەیەکیان لە بەردەمدا نەمابوو جگە لەوەی کە بە دانووستاندن لەگەڵیان کات بۆ خۆیان بکڕنەوە و، لە هەمان کاتدا پارە و هێزی خۆبەخش کۆ بکەنەوە و چاوەڕێی ئەو کاتە بن کە بەهێزتر دەبن و جووتیاران بە "سووتاندن و داخکردن و تاڵانکردن و کوشتن" سزا دەدەن. لەو کاتەوە جۆرێک لە خەیانەتی سیستماتیک و پەیمانشکێنی بەردەوام و پیلانگێڕی نهێنی دەستی پێکرد کە ئەم شازادە و ئەعیانانەی لەوانەی دیکە لە سەرانسەری جەنگی جووتیاری جودا دەکردەوە، ئەمە بەهێزترین چەکیان بوو دژ بەو جووتیارانەی کە پەرتەوازە بوون و زۆر سەختی کۆ دەبوونەوە. یەکیەتی شوابێن، وەک ناونجگرێک کەوتە نێوان شازادە و ئەعیان و شارەکانی سەر بە پاشایەتی باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و، هەوڵی دا ئاشتی لە نێوانیاندا پێکبهێنیت، بەڵام نەیتوانی خاڵ و سەروەرییەک بۆ جووتیاران گەرەنتی بکات. جووتیاران لە ڕاپەڕینی خۆیان بەردەوام بوون. هانس مووڵێر بێلگێنباخ لە 30 سێپتەمبەرەوە تاکو ناوەڕاستەکانی ئۆکتۆبەر لە نێوان دارستانی ڕەش هەتاکو فۆرتواگێن لە چالاکیدا بوو و هێزەکانی خۆی گەیاندە 3500 کەس و، لە ئێراتینگێن (Eratingen) لە نزدیکی شتوهلینگێن (Stuehlingen) سەقامگیر بوو. ئەعیان تەنیا 1700 کەسیان بوو و ئەمانەیش پەرتەوازە بوون. هەربۆیە ناچار بوون مل بۆ ئاگربەست دانەوێنن، کە بەڕاستی لە ئێراتینگێن ئەم ئاگربەستە بەڕێوە برا. بەڵین درا بە جووتیاران کە گرێبەستێکی جێمتمانە، ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی ناونجگرێکەوە، لە نێوان دوو لایەنەکەدا ببەسترێت و دادگای شتوکاخ (Stockach) سەرپەرشتی هەموو ساکاڵاکان بکات و بەدواداچوونیان بۆ بکات. بەم شێوەیە هێزەکانی هەر دوو لایەنی ئەعیان و جووتیاران بڵاوەیان کرد.

جووتیارەکان لەسەر شازدە ماددە ڕێکەوتن، وە بڕیار درا بۆ پەسندبوون بچنە بەر دادگای شتوکاخ. داواکارییەکان گەلێک هێمنانە بوون. لابردنی مافی ڕاوکردن، بێگاری، باجە قورسەکان و سەروریيە ئەربابییەکان بەگشتی، بەرگریکردن لە بەرانبەر دەزگیرکردنی سەرەڕۆیانە و دادگای یەکلایەنە. جووتیاران لەمە زۆرتر چیتریان داوا نەکرد.

ئەعیانەکانیش داوایان کرد کە هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی جووتیاران بۆ ناوچەکانی خۆیان دەبێت درێژە بە هەموو خزمەتەکانی خۆیان بدەن و چاوەڕوانی بڕیاری دادگا بن. جووتیاران ئەمەیان ڕەت کردەوە و ئەربابەکانیان ڕاسپاردەی دادگا کرد. بەم چەشنە، ململانێکان جارێکیتر دەستی پێکردەوە، جووتیاران گردبوونەوە و، شازادە و ئەربابەکان جارێکی دیکە هێزە سەربازییەکانی خۆیان کۆ کردەوە. ئەمجار بزووتنەوەکە زۆر بەرفراوانتر بووەوە و هەتاکو بریسگاو (Breisgau) و شوێنە دوورەکانی وێرتێنبێرگ پەرەی سەند. سەربازەکانی ئەعیانەکان لە ژێر فەرماندەیی گێئۆرگ ترۆخێس فۆن واڵدبێرگ (Georg Truchsess of Waldburg) سەرۆک فەرماندەی جەنگی جووتیاری، هەموو جووڵەکانی جووتیارانی چاوەدێری دەکرد و

هێرشیان کردە سەر هەندێک لە ڕیزەکانیان، بەڵام نەیانوێرا هێرش بەرنە سەر هێزە سەرەکییەکەیان. گێئۆرگ ترۆخێس دانووستانی لەگەڵ سەرۆکەکانی جووتیاران کرد و لێرە و لەوێ هەندێک ڕێکەوتنی لەگەڵیان چێ کرد.

لە کۆتایی مانگی دیسەمبردا دانیشتنەکانی دادگا لە شتۆکاخ دەستی پێکرد. جووتیاران لە پێکهاتەی دادگاکە، کە هەموویان ئەعیان بوون، ناڕازی بوون. لە وڵامدا نامەیەک خوێندرایەوە کە لەودا پادشا ئەم پێکهاتەیەی پەسند کردووە. دانووستانەکان درێژەی خایاند، لە هەمان کاتدا ئەعیانو شازادە و یەکیەیی شوابێن سەرقاڵی پرچەککردنی خۆیان بوون. شازادە فێردیناند کە جگە لە بەشەکانی ئاستێریا (Austria) کە بە میرات پی گەیشتبوو، بەسەر وێرتێنبێرگ و دارستانی ڕەش و باشووری ئالزاسیشدا دەسەڵاتداری دەرکرد، فەرمانی کرد کە بە توندوتیژترین شێواز دژ بە جووتیارە ڕاپەڕیوەکان بجووڵنەوە و سەرکوتیان بکەن. دەبێت دەستبەسەریان بکەن، بێ بەزەییانە ئەشکەنجەیان بدەن و بیانکوژن؛ دەبێت بە ساناترین و خێراترین شێواز لەناویان ببەن؛ مڵک و داراییەکانیان دەبێت بسووتێندرێت و وێران بکرێن و، ژن و منداڵەکانیان ئاوارەی وڵاتان بکەن. ئەمە ئەو مانایە بوو کە ئەعیان و ئەربابەکان لە ئاگربەست و لە ناونجگری خێرخوازانە و بەدواداچوونی سکاڵاکان هەیانبوو. شازادە فێردیناند، کە بنەماڵەی وێلزێر (Welser) لە ئاوگسبێرگەوە یارمەتی داراییان دەدا، خۆی بەخێرایی پرچەک و ئامادە کرد. یەکیەتی شوابێن لە سێ قۆناغدا داوای یارمەتییەکی داراییی تایبەت و هەروەها ناردنی هێزی سەربازی کرد.

ئەو ڕاپەڕینانی کە تاکوو ئێستا باسمان لێ کرد هەموو هاوکات بوون لەگەڵ ئەو پەنج مانگ مانەوەی تووماس مۆنتسێر لە هایلاند (Highland). ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەک سەبارەت بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو لەسەر دەسپێکی ئەم شەپۆلەی بزووتنەوەکە نییە بەڵام کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکانی گەلێک ڕوونن. کۆڵنەدەرترین شۆڕشگێڕەکان لە ناو جووتیاراندا موریدی ئەو بوون و بەرگرییان لە بیروبۆچوونەکانی ئەو دەکرد. دوازدە مادەی داواکارییەکان (Twelve Articles) و هەروەها نامەی داواکارییەکانی (Letter of Articles) جووتیارانی هایلاند، بە گوێرەی وتەی زۆرینەی هاوچەرخەکانی، هیی مۆنتسێرە؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە دەزانین کە دوازدە ماددەکە بە دەستی ئەو نەنووسرابوو. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ تۆرینگێن، مانیفیستۆیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕاشکاوانەی بۆ جووتیارە ڕاپەڕیوەکان نووسی.

شازادە ئۆلریش کە لە ساڵی 1519وە لە وێرتێمبێرگ دوور خرابووەوە، ئێستا دەیویست بە یارمەتی جووتیارەکان جارێکی دیکە بەسەر مڵک و داراییەکانی خۆیدا حکوومەت بکاتەوە. هەر لە سەرەتای دوورخستنەوەیدا هەوڵی دەدا لەم حیزبە شۆڕشگێرە سوود وەربگرێت و بەم شێوەیە بەردەوام پشتوانی لێ دەکردن. زۆربەی ئەو ڕاپەڕینە ناوچەییانەی کە لە ساڵانی 1520 تا 1524 لە دارستانی ڕەش و وێرتێمبێرگ ڕوویان دا هەمووان پەیوەست بە ناوی ئەوەوە بوون. ئێستا خۆی پرچەک کردبوو و دەیویست ڕاستەوخۆ لە کۆشکەکەی خۆیەوە واتە هۆهێنتوێل، هێرش بکاتە سەر وێرتێمبێرگ. بەڵام، ئەمە جووتیارەکان بوون کە

کەڵکیان لەو وەر دەگرت بەبێ ئەوەی بتوانێت چکۆلەترین کاریگەری لە سەریان هەبێت یاخود متمانەیان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت.

زستان ڕاپەڕی بە بێ ئەوەی جووڵە و هەوڵێکی بەرچاو لە لایەن هەردوک لاوە ڕوو بدات. ئەرباب و شازادەکان خۆیان شاردبووەوە. شۆڕشی جووتیاران خەریک بوو پەرەی دەسەند. لە ژانوییەری 1525دا سەرجەم هەموو وڵات هەر لە دانووب و ڕاینەوە هەتاکوو لیچ (Lech) لە دۆخی شڵەژاندا بوون. لە مانگی فێبرییەریدا گەردەلوولەکە هەڵی کرد. لە کاتێکدا کە لەشکری دارستانی ڕەش - هێگاو بە فەرماندەیی هانس مولێر لەگەڵ ئۆلریش لە ویتیمبێرگەوە هەوڵێکی بێهوودەیان دا بۆ گرتنی شتۆتگارت (فێبرییەری و مارسی 1525)، لە 9ی فێبرییەریدا جووتیاران لە بەشی ڕید (Ried) لە سەرووی ئۆلمەوە (Ulm) سەریان هەڵدا و لە کەمپێک نزیک بالترینگێن (Baltringen) کە بە زۆنگاو بەرگری لێ دەکرا، کۆبوونەوە و ئاڵای سووریان هەڵدا؛ ئەوان بە فەرماندەیی ئۆلریش شمیت (Ulrich Schmid) دەستەیەکی نوێیان بە ناوی لەشکری باڵترینگێن پێکهێنا کە 10 تا 12 هەزار کەس دەبوون.

لە 25 فێبرییەریدا، هێزەکانی سەرەوەی ئالگاو (Upper Allgaeu) کە ژمارەیان 7000 کەس دەبوو لە شوسێن (Schussen) کۆ بوونەوە، هۆکارەکەیشی ئەو دەنگۆیە بوو کە سەربازەکان خەریکی گەڕانن بۆ سەرکوتکردنی توخمە پڕزیانەکان کە لەم هەرێمەد وەک هەموو شوێنەکانی تر دەرکەوتون. خەڵکی کێمپتێن (Kempten) کە سەرانسەری ئەو زستانە کێشەیان لەگەڵ ئۆسقۆفەکەی خۆیان هەبوو لە 26ی مانگدا گردبوونەوە و چوونە ڕیزی جووتیارانەوە، [[واتە دەستەی سەرەوەی ئۆلگای]]. شارەکانی مێمێنگێن (Memmingen) و کاوف بوێرن (Kaufbeuren)یش لە سەر هەندێک مەرجی دیاریکراو پەیوەست بوون بەم بزووتنەوەوە. بەڵام ناڕوونی هەڵوێستی شارەکان هەر لە سەرەتاوە خۆی بەدیار خست. لە 7ی مارسدا، دوازدە داواکاریی شاری مێمینگێن بۆ هەموو جووتیارەکانی سەرەوەی ئالگاو پەسند کرا.

لەگەڵ ئەو پەیامەدا کە جووتیارانی ئالگاو ناردیان، لە هەرێمی دەریاچەی کۆنستانس (Constance) گرووپی دەریاچە لە ژێر فەرماندەیی ئایتل هانس (Eitel Hans) پێکهێنرا. ئەم گرووپەیش زۆر بە خێرایی گەورە بوو. ناوەندی فەرماندەیی ئەم گرووپە لە بێرماتینگێن بوو.

هەروەها، جووتیارەکان لە بەشی خوارووی ئالگاو لە دەڤەری ئۆکسێنهاوزێن (Ochsenbausen) و شلێنبێرگ (Schellenberg) لە زایل (Zeil) و واڵدبۆرگ (Waldburg) لە خاکی ترۆخسێس (Truchsess) هەر لەو ڕۆژانەدا ڕاپەڕین. ئەم بزووتنەوە لە ڕۆژانی سەرەتایی مانگی مارسدا دەستی پێکرد. ئەم دەستەیەی ئالگاوی خوارووو نزیکەی 7000 کەس بوون کە لە وۆرتساخ (Wurzach) دامەزرابوون.

ئەم چوار گرووپە داواکارییەکانی مێمینگێنیان پەسند کرد، کە دەبێت بگوترێت گەلێک لەوانەی هێگاو هێمنانەتر بوو، ئەم داواکاریانە لە بواری ئاستی ڕاشکاوەبوون [[یاخود قاتیعیەت]] سەبارەت هەڵسوکەوتی هێزە چەکدارەکان بەرانبەر بە ئەعیان و دەوڵەتەکان، کەموکووڕی جیددی هەبوو. چونکا، دواتر ئەم

ئاستە [[لاوازە]] لە ڕاشکەوەیی لە هەر شوێنێک کە ڕاگەیێندرا نوقسانییەکەی بەدیار کەوت[20]، واتە کاتێک جووتیارەکان لە جەنگەکانیاندا هەندێک ئەزموونیان سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ دوژمنەکانیان وەدەست هێنا.

گرووپێکی شەشەمیش هاوکات لەگەڵ ئەوانەی دیکە لە دانووب دامەزرا. لە هەموو هەرێمەکەدا، لە ئۆلم تاکو دوناووێرس (Donauwoerth)، لە دەربەندەکانی ئیلێر (Iller) و ڕۆس (Roth) و بیبێر (Biber)ەوە جووتیارەکان هاتن بۆ لایپهام (Leipheim) و لەوێ دامەزران. لە 17 ناوچەوە، هەر پیاوێک کە توانای چەکهەڵگرتنی هەبوو بۆ ئەو شوێنە هاتبوو، واتە لە 117 شوێنەوە بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتبوون. ڕێبەری دەستەی لایپهایم، ئۆلریش شوێن (Ulrich Schoen) بوو. وتاربێژ و واعیزەکەشیان یاکوب وێهێ (Jakob Wehe) بوو کە قەشەی لایپهایم بوو.

بەم شێوەیە، لە سەرەتای مانگی مارسدا نزیکەی 30 تا 40 هەزار جوتیاری ڕاپەڕیو لە شوابێنی سەرەوە لە شەش کەمپدا پڕچەک کران. دەستەکانی جووتیارن گەلێک هەمەڕەنگ بوون. حیزبی شۆڕشگێڕی مۆنتسێر لە هەموو شوێنێک لە پێگەی کەمینەدا بوو بەڵام وەک ناوەندی بەرخۆدان و بڕبڕەی پشتی هەموو کەمپەکانی جووتیاران ڕەچاو دەکرا. ئاپۆرەی جووتیاران هەمیشە ئامادە بوون لەگەڵ ئەربابەکان، لەهەر شوێنێک کە بەڵێنی خاڵ و سەروەرییەکیان پێ بدەن، کە هیوادار بوون کەمێک لەو هەڕەشەی کە کرابووە سەر ئەوان کەم بکاتەوە، گرێبەست واژۆ بکەن. جگە لەمانە، هەر کاتێک کە جەنگ و ڕاپەڕینەکان زۆری دەخایاند و سوپی شازادەکان هێرشیان دەکردە سەریان، جووتیاران ماندوو دەبوون. زۆربەی ئەوانەی کە هێشتا شتێکیان بۆ دۆڕاندن مابوو دەگەڕانەوە سەر ماڵی و حاڵی خۆیان. یەک شت ئەم کێشەیەی زۆرتر دەکرد ئەویش ئەم واقیعیەتە بوو کە خێڵی بەڕەڵلاکانی لۆمپەن پرۆلتەریاش دەهاتنە ڕیزی ئەم دەستانەوە. ئەمە سەقامگیرکردنی نەزم و دیسیپلینی لە ناو دەستەکاندا گەلێک دژوارتر دەکرد و دەبووە هۆی بێئەخلاقی جووتیارەکان؛ ئەوان هەروەک تاقمی بەڕەڵلا و لانەوازەکان، کە کەسانێکی جێی متمانە نەبوون، بەردەوام بە دڵی خۆیان دەهاتن و دەڕۆیشتن. ئەمە بە تەنیا خۆی بەسە کە بزانین بۆچی لە سەرەتادا جووتیارەکان لەهەموو شوێنێک تەنیا هەڵوێستی بەرگریکردنیان دەگرتە بەر، بۆچی لە کەمپەکانی خۆیاندا تووشی بێئەخلاقی دەبوون، وە بۆچی جیا لە ئەو کەموکوڕییە تەکتیکیانە و نەبوونی ڕێبەری باش، نەیانتوانی شان لە شانی سوپای شازادەکان بدەن.

لە هەمان کاتدا کە ئەم دەستە جووتیاریانە کۆ دەبوونەوە، شازادە ئۆلریشیش لە هۆهێنتوێلەوە (Hohentweil) بەو سەربازانەی کە کۆی کردبوونەوە و، هەروەها لەگەڵ ژمارەیەک لە جووتیارانی هێگاو، هێرشی دەکردە سەر وێرتێمبێرگ. ئەگەر لەم کاتەدا جووتیارەکان لە لایەکی ترەوە، واتە لە واڵدبێرگەوە،

---

[20] . وەک دیارە مەبەستی نووسەر ئەمەیە کە ئەو داواکاریانە هەڵوێستێکی توندوتۆڵی بەرانبەر بە ئەعیان و دەوڵەت نەبووە. ئەم ڕاشکاونەبوونە بۆخۆی کێشەیەکی سەرەکی بوو. (وەرگێڕ)

هێرشیان بکردبایەتە سەر هێزەکانی ترۆخسێس، ئەوا یەکیەتی شوابێن شکستی دەهێنا. بەڵام بەهـۆی ئەو هەڵوێسـتە بەرگریکـارانەی کە هێـزی جووتیـاران هەیـانبوو، تروخسـێس خێـرا تـوانی لەگەڵ جووتیـارانی بالترینگێن (Baltringen) و ئالگـاو، و دەریـاچە پەیمانـی ئاگربەسـت ببەسـتێت و، بە دەسـتپێکی دانوسـتان لەگەڵیان بتوانن کاتێکی دیاریکراو دابنێن بۆ ڕێکەوتنی گشـتی، کە ناویـان نـا یەکشـەممەی دادوەری ( ( Judica Sunday)2ی ئاپریل).

لەهەمان کاتدا ئەو تـوانی خـۆی ئامـادەی جەنـگ لەگەڵ شـازادە ئـۆرلیش بکـات و شـتوتگارت بگرێـت و ناچاری بکـات وێرتێمبێـرگ لە 17ی مارسـدا جـێ بهێڵێـت. دوای ئەمە بەرانـبەر بە جووتیـاران وەسـتایەوە، بەڵام هەر لەناو سوپاکەی خۆیدا دەستەیەک سەرباز ڕاپەڕین و ئامادە نەبوون دژ بە جووتیـاران بجەنگـن. ئەو توانی بە جۆرێک سەربازە ناڕازییەکـان قـانع بکـات و بەرەو ئـۆلم دەرکەوێـت، لەوێ هێزێکـی نـوێ بـۆ پشـتیوانی لەو گـرد ببـوونەوە. تەنیـا لە کێرشـێف (Kerchief) پۆسـتێکی پاسـەوانی لە ژێـر چـاوەدێری تێک(Teck)دا بەجێ هێشت.

یەکیەتی ئەعیانەکانی شوابێن، کە ئێستا دەسـتی لە کاروبارەکانـدا زۆرتـر کرابـووەوە، دەمـامکەکەی خـۆی لادا و بە ئاشـکرا گـوتی "ئامـادەین بەیـارمەتی خوداوەنـد و بە یـارمەتی ئەو چەکـانەی لە دەسـتماندایە، داواکارییەکانی جووتیاران سەرکوت بکەین."

لەم ماوەیەدا جووتیاران زۆر بەوردی ڕێساکانی ئاگربەستیان پاراسـتبوو. لە یەکشـەممەی دادوەریـدا ئەوان داواکارییەکانی خۆیـان، واتە "دوازدە داواکـاریی"یە بەناوبانگەکەیـان ئاڕاسـتە کردبـوو. داواکارییەکانیـان ئەمـانە بـوون: هەڵبـژاردن و لابردنـی ڕێـبەرە ئاینییەکـان لە لایەن ئەنجومەنەکـانەوە؛ لابردنـی دەودووی بچووک و خەرج کردنی دەودووی گەورە لەدوای کەمکردنی مووچەی قەشەکان بـۆ پێداویسـتی و ئامـانجە هەمووانییەکان؛ نەمانی کۆیلەداری و ڕەعیەتی، ئازادکردنی ڕاوکردن و ماسیگرتن، وە نەمانی باجی مردن؛ سـنووردارکردنی کـار و باجەکـان و کرێـی کێڵگەکـان؛ ئـازادکردنی دارسـتانەکان، لەوەڕگەکـان و ئەو سەروەریانەی دیکە کە بە زۆرەملی لە گروپ و تاکەکان وەرگیرابوو؛ لە کۆتاییـدا، لابردنـی ئەو حـوکمانەی دادگا و دایەرەکان کە بە چەشـنێکی سـەرەڕۆیانە دەرکـراون. لێـرەدا ڕوونە کە بـاڵی میـانەڕەوی جووتیـاران چەندە لە ناو سوپای جووتیاراندا دەسەڵاتی هەبووە. حیزبـی شۆڕشـگێڕ پرۆگـرامەکەی خـۆی لە ژێـر نـاوی "نامەی داواکارییەکان"دا پێشتر ئامادە کردبوو. ئەم نامە کراوەیە بۆ هەموو جووتیاران نووسرابوو؛ داوایـان لێدەکات بێنە ڕیزی "پەیمانی برایەتی مەسیحیەت"ەوە بەو ئامانجەی کە هەموو ئەو زوڵم و ستەمانە، یان بە خۆشی، کە "مومکین نییە"، یان بە زۆرەملی لە سەر خۆیان لابەن؛ لە هەموو ئەوکەسـانەش کە نـایێنە بـازنەی ئەم پەیـمانەوە هەڕەشـە دەکەن کە بە "دوورخسـتنەوەی دنیـایی" سـزایان دەدەن، کە بـریتییە لە دەرکردنیـان لە کـۆمەڵگە و بێبەشـکردنیان لە هەمـوو جـۆرە پێوەنـدی و تێکەڵبوونێـک لەگەڵ ئەنـدامانی یەکیەتییەکە. هەموو کۆشکەکان و سەومەعەکان و مڵکە و داراییە وەقفکراوەکانی کەلیسایش بەپێـی ئەم

نـامەیە دەبێـت وەبەر ئەم لەحـنەتە دنیـاییە بـکەون، مەگەر ئەوەی کە ئەعیـان و قەشـە و ڕاهیبەکـان خۆبەخشانە ئەمانە بەدەستەوە بدەن و، وەک خەڵکی ئاسایی بچنە ناو خانووە ئاساییەکانیانەوە و بێنە ڕیزی ئەنجـومەنی بـرایەتییەوە. ئەم مانیفێسـتۆ ڕادیکـاڵە، کە وەک دیـارە *بەر* لە سـەرهەڵدانی بەهـاری 1525 نووسراوە، پێش لە هەموو شت بیر لە شۆڕش دەکاتەوە، لە سەرکەتنێکی تەواو بەسەر چینە باڵادەستەکان و، ئەوەیکە ئەم "لەحنەتە دنیاییە" تەنیا بۆ سەرکوتکەر و خائینەکانە کە دبێت بکوژرێن، بۆ ئەو کۆشکانەیە کە دەبێـت بسـووتێندرێن، وە بـۆ ئەو سـەومەعانەیە کە دەبێـت لەو ملّـکە وەقفیـانە دامـاڵرێن و خەزێـنە زێڕەکانیان ببێت بە پارە.

بەرلەوەی جووتیـاران بتـوانن دوازدە داواکارییەکـانی خۆیـان ئاڕاسـتەی لێـژنەی دادوەری بـکەن، ئاگاداربوونەوە کە یەکیەتـی شـواب پەیمانشـکێنی کـردووە و بە هێزەکـانییەوە بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتـووە. جووتیارەکـان زۆر خێـرا دەسپێشـخەریان کـرد. کۆبـوونەوەیەکی گشـتی لە هەمـو جووتیـارانی ئالگـاو و بالتێرینگ و دەریاچە لە گایسباورێن (Geisbeuren) سازکرا. چوار دەستە لەگەڵ یەک تێکەڵ کران و چـوار سـتوون دامەزار. بڕیـار درا دەسـت بەسـەر داراییەکـانی کەلیسـادا بگیردرێـت و خەزێنەکـانی بە قـازانجی سندووقی جەنگ بفرۆشرێت و کۆشکەکانیش بسـووترێندرێن. بەم شـێوەیە، لە پـاڵ ئەو دوازدە داواکـارییە فەرمییەدا، نـامەی داواکارییەکـان بـوو بە یاسـای جەنـگ، وە یەکشـەممەی دادوەری کە بـۆ دانووسـتانی ئاشتی دیاری کرابوو، بوو بە ڕۆژی *سەرهەڵدانی گشتی*.

زۆربـوونی جـۆش و خـرۆش لە هەمـوو شـوێنێک و بەردەوامیـی ململانێـی جووتیـاران لەگەڵ ئەعیـان و، هەواڵەکـانی بەرزبـوونەوەی بڵێسـەی شـۆڕش لە دارسـتانی ڕەش لە مـاوەی شـەش مـانگی ڕابـردوودا و پەرەسەندنی بۆ دانووب و لێچ، بەگشتی بەڵگەن بۆ ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنی خێرای شۆڕشـی جووتیـاران لە دوو لە سێی خاکی ئەڵمانیا. بەڵام، ئەم واقیعیەتە کە شۆڕشە بچووکەکان هاوکـات ڕوویـان داوە پـێمان دەسـەلمێنن کە کەسـانێک لە لـووتکەی ئەم بـزووتنەوەیەدا هەبن کە لە ڕێـگەی دەسـتەی سـەرلەنوێ تەعمیـدکراوەکان و نێردراوەکانیـاننەوە ئەم کـارە ڕێـک دەخەن. ڕێـک لە ناوەڕاسـتی مـانگی مارسـەوە ڕاپەڕینەکان لە وێرتێمبێرگ، هەرێمەکانی خوارەوەی نێکار (Neckar) و ئۆدێنواڵد و، لە فرانکۆنی سـەرەوە و ناوەڕاست دەستی پێکرد. بەڵام لەهەموو شـوێنێک 2ی ئاپریـل، واتە یەکشـەممەی دادوەری، وەک ڕۆژی سەرهەڵدانی گشتی ناودێر کرابوو و لە هەموو شوێنێک گورزی کوشندە، واتە شۆڕشـی کـۆمەڵانی خەڵـک، لە یەکەم حەوتەی ئاپریلـــدا دەوەشـــێندرا. لە ئالگـــای، هێگـــاو و دەریـــاچە، جووتیـــاران زەنگـــی ئاگادارکردنەوەیان لە یەکی ئاپریلدا لێدا و هەمـوو ئەو پیـاوانەی کە توانـای جەنگیـان هەبـوو بانگهێشـتی کەمپەکان کرد، وە لەگەڵ جووتیارانی بالتێرینگێن خێرا دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر کۆشـک و قەڵا و سەومەعەکان.

لە فرانکۆنیـا، واتە ئەو شـوێنەی کە بـزووتنەوە لە 6 ناوەنـددا دابەش کرابـوو، سـەرهەڵدانەکە لە هەمـوو شوێنێکدا لە یەکەم ڕۆژانی ئاپریلدا دەسـتی پێکـرد. لە نـۆردلینگێن (Noerdlingen) دوو کەمپـی جووتیـاری هەر لەو کاتەدا سازکرا و حیزبـی شۆڕشـگێڕی شـار بە فەرمانـدەیی ئـانتۆن فـۆرنێر و بەیـارمەتی جووتیـاران توانیان شار بگرن؛ فۆرنێر کرا بە سەرۆک شارەوان و بەم جـۆرە یەکگرتنـی شـار و جووتیـارانی ڕاگەیانـد. لە هەرێمی ئانسێباخ جووتیاران لە هەموو شوێنێکدا لە ماوەی 1 تا 7ی مانگی ئاپریل شۆڕشیان هەڵگرسـاند و تاکو باواریا پەرەی سەند. لە هەرێمـی ڕۆتنێبێـرگ جووتیـاران لە 22ی مارسـەوە خۆیـان پـڕچەک کردبـوو و ئامادە بوون. لە شاری ڕۆتێنبێـرگ حکـوومەتی لیـژنەی دەسـپاکان لە لایەن چینـی مامناوەنـدی خـواروو و هەژارەکانەوە بەڕێبەرایەتـی سـتێفان مێنتسـینگێن (Stephan of Menzingen) تێکشـا، بەڵام چونکـا زۆربەی داهاتەکانی ئەم شارە لە ڕێگەی جووتیارانەوە دابین دەبوو، دەوڵەتی نوێ بە دوو دڵی و دووشێوازی لەگەڵ جووتیاران مامەڵەی دەکرد. لە وێرتسبورگ کە ناوەندی سەرەکی دارایيە وەقفییەکان بوو هەر لە سـەرەتای مانگی ئاپریلەوە سەرهەڵدانی جووتیاران و شـارە بچووکەکـان دەسـتی پێکـرد. لە ئۆسقۆفنشـینی بـامبێرگ، ڕاپەڕینێکی گشتی لە پێنج ڕۆژدا ئۆسقۆفی ناچار کرد خـۆی بەدەسـتەوە بـدات. لە کۆتاییـدا، لە بـاکوور، لە سنووری تورینگا کەمپی بەهێزی جووتیاری بیڵدهاوزێنی (Bildhausen Peasant Camp) دامەزرا.

لە ئۆدێنواڵد، کە وێندێل هیپلێری (Wendel Hipler) ئەعیان و وەزیری پێشـووی شازادەنشـینی هۆهێنلـۆهێ (Hohenlohe) لەگەڵ گێئـۆرگ مێتسـلێر (Georg Metzler) خـاوەنی میوانخـانەی باڵێنسـبێرگ لە نزیکـی کـراتهێیم (Krautheim)، لە لـووتکەی حیزبـی شۆڕشـگێڕدا بـوون، گەردەلـووی ڕاپەڕیـن لە 26ی مارسـدا دەستپێکرد. جووتیاران لەهەموو لایێکەوە بەرەو تاوبێر (Tauber) بەڕێ کەوتن. دوو هەزار پیاو لە کەمپـی ڕۆتێنبێرگەوە هاتنە ڕیـزی ئەوانەوە. گێئـۆرگ مێتسـلێر فەرمانـدەیی لە ئەسـتۆدا بـوو، وە لەدوای گەیشـتنی هەموو هێزە کۆمەکییەکان، لە 4ی ئاپریلدا هێرشی بۆ سەر سەومەعەی شۆێێن تاکست (Jaxt) دەستپێکرد، لەوێش جووتیـارانی دەربەنـدی نێکـار هـاتنە ڕیزیـانەوە. ئەم گـرووپە دوايیەیـان بە سـەرۆکایەتی یـاکێلین ڕۆڕبـــاخ (Jaecklein Rohrbach) خـــاوەنی میوانخـــانەی یـــوکینگێن (Boeckingen) لە نزیـــک هێلبـــۆرن (Heilbronn)، لە یەکشـەممەی دادوەریـدا لە فلایـێن (Flein)، زۆتـدهایم (Southeim) و شـوینەکانی دیـکە ڕاپەڕینی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەو، وێندێل هیپلێـر (Wendel Hipler) لەگەڵ ژمـارییەک لە هاودەسـتەکانی، شـاری ئۆرینگێنیـان (Oehringen) داگیـر کـرد و جووتیـارانی ئەو دەڤەرەیان هاندا پەیوەستی ئەم بزووتنەوەیە بن. لە شوێنتال ئەم دوو ستوونە لە جووتیاران پێکەوە تـێکەڵ بوون و گروپێک بە ناوی "سوپای ڕۆشنایی" (Gay Troop)یان دامەزراند و دوازدە داواکارییەکەیـان پەسـند کرد و دەستەکانیان بۆ هێرشکردنە سەر قەڵا و سەومەعەکان ڕێک خست. سـوپای ڕۆشـنایی پـتر لە 8000 کەسی هەبوو و جگە لە چەند تۆپ، خاوەنی 3000 تفەنگیش بوو. هەروەها فلۆریـان گـایێر (Florian Geyer)

کە شەوالییەیەکی فرانکۆنی بوو، هاتە ڕیزی ئەم سوپایەوە و گرووپێکی پێک هێنا بە ناوی "گرووپی ڕەش" (Black Host) کە بە تایبەتی ئەو سەربازانەی ڕادەهێنا کە لە ڕۆتێنبێرگ و ئۆرینگێنەوە وەرگیرابوون.
شازادە لودویگ فۆن ئێڵفێنشتاین (Ludwig von Helfenstein) یەکێک لە خاوەن دەسەڵاتەکانی وێرتێمبێرگ لە نێکارسۆلم (Neckarsulm)، دوژمنایەتی دەستپێکرد. ئەو فەرمانی کرد کە کە هەموو ئەو جووتیارانەی کە دەگیردرێن بەبێ جیاوازی هەموویان بکوژن. گرووپی سوپای ڕۆشنایی بەرەنگاریان بووەوە. ئەم قەڵاچۆکردنە و هەروەها هەواڵەکانی شکستی سوپای لایپهایم (Leipheim) و لەسێدارەدانی ڕێبەرەکەیان یاکوب ۆێهێ (Jakob Wehe) و دڕەندەییەکانی ترۆخسێس، جووتیارانی زۆرتر شڵەژاندبوو. فۆن ئێلێنشتاین کە بەرەوە وێنسبێرگ هەڵاتبوو، لێرەدا هێرش کرایە سەری. فلۆریان گاییر هێرشی کردە سەر کۆشکی شازادە. لەدوای شەڕێکی درێژخایەن، لەکۆتاییدا شارەکە گیردرا و شازادە لودویگ هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە سوارەکانی زیندانی کران. ڕۆژی دوای ئەمە، واتە 17ی ئاپریل، یاکلین ڕۆڕباخ هاوڕێ لەگەڵ بەهێزترین ئەندامەکانی سوپاکەی، دادگایەکیان بۆ ئەم زیندانیانە ڕێخست و فەرمان کرا کە 14 کەس لەوان و، لە پێش هەموویاندا شازادە فۆن هێلفێنیشتێن، بە سەرەنێزە بکوژرێن کە تاڵترین و بێڕێزترین شێوازە مردنێک بوو کە دەکرا بە سەریاندا بسەپێندرێت. داگیرکردنی واینسبێرگ و تۆڵەی ترسناکی یاکلین لە فۆن هێڵفێنیشتێن، کاریگەری لەسەر ئەعیانەکان هەبوو. شازادەکانی لۆیێنیشتێین پەیوەست بە یەکیەتیی جووتیارانەوە (Peasant Alliance) بوون. شازادەکانی هۆهێنلۆهێ کە پێشتر بە بێ دانی هیچ یارمەتییەک پەیوەست بەم یەکەیەتییە ببوون، ئەمجار زۆر بە خێرایی ئەو بڕە بارووت و چەکەی کە جووتیاران داوایان کردبوو، بۆیانیان بەڕێ کرد.
سەرۆکەکانی بزووتنەوەکە لە ناوخۆدا باسی ئەمەیان دەکرد کە ئاخۆ دەبێت گوتس فۆن بێرلیشنگێن (Goetz von Berlichingen) بکەن بە فەرماندەی خۆیان یاخود نا، "چونکا ئەو دەیتوانی شازادەکان بەرەولایان ڕابکێشێت." ئەم پێشنیارە کۆمەڵگ هاودڵ و لایەنگری بۆ خۆی دۆزییەوە، بەڵام فلۆریان گاییر کە لەم مەیلەی جووتیاران و سەرۆکەکانیاندا جۆرێک دەسپێکی کۆنەپەرەستی دەبینی، لە سوپاکە جودا بووەوە و لەگەڵ سوپای ڕەش، پێش لەهەموو شت لە هەرێمی نێکار و دواتر لە خاکی وێرزبورگەوە هێرشیان دەستپێکرد و لە هەموو شوێنێک کۆشکی شازادەکان و ناوەندەکانی قەشەکانیان کاول کرد.
پاشماوەی سوپای جووتیاران سەرەتا بەرەوە هێیلبرۆن بەڕێ کەوت. لەم شارە ئازاد و بەهێزەی سەربە ئیمپراتووریەتدا، لێژنەی دەسپاکی وەک هەموو شوێنێکی تر، لەبەرانبەری خۆیدا چینی مامناوەند و ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی دەبینی. ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ لە ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ جووتیاران، لە 17ی ئاپریلدا لە سەروبەندی ئاژاوەیەکی گشتیدا، دەروازەکانی شاری بۆ مێستلێر و یاکلین ڕۆڕباخ کردەوە. سەرۆکەکانی جووتیاران و هاوڕێکانیان غەنیمەکانیان لە شار کۆکردەوە. ئەندامێتی ئەنجومەنی برایەتییان پەسند کرد و 12000 سککە غەرامەی جەنگەکە و دەستەیەک سوپای خۆبەخشیان پێشکەشی کرد. لەم

نێوەدا تەنیا ملّک و داراییەکانی کەلیسا و پاشماوەی تۆتنییەکان (Teutonic Order) تالآن کران. لە 22ی ئاپریلدا جووتیارەکان جگە لە دەستەیەکی بچووک، بەگشتی ئەوێیان جێهێشت و ڕۆیشتن. هێیلبرۆن وەک ناوەندی گرووپە جووتیارییەکان دەسنیشان کرابوو، کە لەواقیعدا دەبووا جووتیاران نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەوێ بنێرن بۆ ئەوەی سەبارەت بە دەسپێشخەرییە گشتییەکان و داواکارییە هاوبەشەکانی جووتیارەکان پێکەوە ڕاوێژ بکەن. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند و لیژنەی دەسپاکی، کە لە دوای هێرشی جووتیاران پەیوەست بەوان ببوون، دیسان دەسەڵاتیان لەشاردا بەدەستەوە گرت و ڕێگەیان نەدا هەنگاوێکی جیددی هەڵبگرێت؛ تەنیا چاوەڕێی ئەوە بوون کە هێزەکانی شازادەکان نزیک ببنەوە و بەفەرمی خەیانەت لە جووتیاران بکەن.

جووتیاران بەرەو ئۆدێنواڵد بەڕێ کەوتن. لە ڕۆژی 24ی ئاپریلدا گۆتس بێرلیشبێنێگین کە چەن ڕۆژ لەوە پێش سەرەتا ڕووی لە شازادە فالّس و دواتر ڕووی لە جووتیاران کردبوو دیسانەوە چبووەوە لای شازادە، دەبوا ببوایەت بە ئەندامی ئەنجومەنی برایەتی مەسیحیەت و سەرۆکایەتی سوپای ڕۆشنایی (لەبەرانبەر گرووپی سوپای فلوریا) بگرێتە ئەستۆی. بەڵام ئەو لەو کاتەدا زیندانیی جووتیارەکان بوو و بە هیچ شێوەیەک متمانەیان پێی نەدەکرد، هەربۆیە بەستیانەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتییەوە، واتە بەبێ ڕەزامەندی ئەوان ئیزنی بزووتنی نەبوو. گوتس و مێتسلێر هاوڕێ لەگەڵ ئاپۆرەی جووتیاران لە ڕێگەی بوخێنەوە (Buchen) بەرەو ئامۆرباخ (Armorbach) بەڕێ کەوتن کە لە 30 ئاپریل هەتاکو 5ی مانگی مەی لەوێ مانەوە و هەموو ئەو هەرێمەیان ڕاپەڕاند. ئەعیانەکان لە هەموو شوێنێکدا بەناچار پەیوەست بە جووتیاران بوون و بەم شێوەیە قەڵا و کۆشکەکانیان پاراست. تەنیا سەومەعەکان کاول دەکران و دەسووتێندران. سوپای جووتیاران بێگومان گەلێک بێ‌ئەخلاق ببوو. بەهێزترین و بەتواناترین هێزەکان لەگەڵ فلۆریان گایێر یان یاکلین ڕۆڕباخ ڕۆیشتبوون، چونکا ڕۆڕباخیش لە دوای داگیرکردنی هایل برۆن لەوان جودا ببووەوە. وەک دیارە، ئەو بە هۆی ئەوەیکە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی دادوەری شازادە لودویگ بوو زۆرتر لەمە نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو کەسانە بمێنێتەوە کە بە نەرمی لەگەڵ ئەعیانەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد و لەگەڵیان ڕێک دەکەوتن. جەختکردن لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ ئەعیانەکان خۆی هێمای بێ‌ئەخلاقی بوو. کەمێک دواتر، وێندێل هیپلێر پێشنیارێکی زۆر گونجاوتری بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سوپاکان ئاڕاستە کرد. ئەو پێشنیاری کرد کە ڕەعیەتەکان، کە ڕۆژانە دەهاتنە ناو سوپا و ئیشیان دەرکرد دەبێت لەوە بەدوا بەکار بگیردرێن، بەڵام نەک بەو شێوازە کە تا ئەو کات باو بووە، واتە مانگانە ئەو هێزە نوێیانە دەهاتنە ناو گرووپەکە و هێزە کۆنەکان لە خزمەت لادەبران و دەنێردرانەوە بۆ ماڵ، بەڵکو ئەمجار دەستەیەکی دیاریکراو کە بۆ یەکجار پڕچەک کراون و تا ڕادەیەک ڕاهێنانیان بێ کراوە، لە سەر ئیشەکەی خۆیان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن. بەڵام ئەنجومەنی گرووپەکە ئەم پێشنیارانەی ڕەت کردەوە. ئەم جووتیارانە لەخۆبایی ببوون و بەگشتی جەنگیان وەک تاقە ڕێگەی

کۆکردنەوەی غەنیمە دەبینی. ئەوان دەیانویست هەر کاتێک کە گیرفانەکانیان پڕ بوو بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام لەم پێناوەدا نەیاندەتوانی ڕکابەریی ڕەعیەتەکان لەگەڵ خۆیان ببینین. لە ئامبرۆخ دۆخەکە وای لێهات کە هانس بێرلین (Hans Berlin) کە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی هێیلبرۆن بوو، نووسراوەیەکی لەژێر ناوی "بەیاننامەیەک لەسەر دوازدە داواکارییەکە" ئاڕاستەی سەرۆکەکان و ئەنجومەنی سوپای جووتیاران کرد کە لەودا دوایین لێوارە تیژەکانی دوازدە داواکاریەکەی کول کردبوو و، زمانێکی تکاکارانە و زەلیلانەی خستبووە سەر زاری جووتیاران. ئەمە گەلێک بە لای جووتیارانەوە سەخت بوو، هەربۆیە لە ناو ژاوەژاوێکی زۆردا ڕەتیان کردەوە و داکۆکیان لەسەر گەڕانەوە بۆ داواکارییە ڕەسەنەکەی خۆیان کرد.

لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هەرێمی وێرزبێرگ ڕووی دابوو. ئۆسقۆف کە لە دوای یەکەم ڕاپەڕین لە ئاپریلدا لە فراونبێرگ (Frauenberg) نزیک وێرتسبورگ پاشەکشەی کردبوو و کۆمەڵێک نامەی بێئەنجامی بۆ دراوسێکانی نووسیبوو و داوای یارمەتی لێکردبوون، لە کۆتاییدا ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات. لە 2ی مانگی مەیدا پەرلەمانی شار کرایەوە و جووتیارانیش نوێنەری خۆیان نارده ئەوێ، بەڵام بەر لەوەی دەسکەوتێکیان هەبێت، کۆمەڵێک نامەیان دۆزییەوە کە دەیسەلماند ئۆسقۆف خەیانەتی پێکردوون. پەرلەمان خێرا هەڵوەشایەوە و دوژمنایەتی نێوان دانیشتوانی شار و جووتیاران لە لایەکەوە و، هێزەکانی ئۆسقۆف لە لایەکی دیکەوە سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. لە 5ی مانگی مەیدا ئۆسقۆف بەرەوە هایدێلبێرگ هەڵات، وە ڕۆژێک دوای ئەمە فلۆریان گایێر لەگەڵ سوپای ڕەش و جووتیارانی هەرێمی فرانکێن کە لە مێرکێنتهایم (Mergentheim) و ڕۆتێنبۆرگ و ئانسباخ کۆ ببوونەوە هاتنە ناو وێرتسبێرگەوە. لە 7ی مانگی مەیدا گۆتس فۆن بێرلیشێنگێن لەگەڵ سوپای ڕۆشنایی یەکڕیز بوون و گەمارۆی فراونبێرگیان دا.

لە هەرێمی لیمبورگ (Limpurg) و لە دەوروبەری ئێلوانگێن (Ellwangen) و هال (Hall) گرووپێکی نوێ لە کۆتاییەکانی مانگی مارس هەتاکو سەرەتاکانی مانگی ئاپریل دەرکەوتن کە ناویان گرووپی هەرێمی گایلدۆرف (Gaildorf) یان گرووپی ڕۆشنایی هەمووانی (Common Gay Troop) بوو. ئەم گرووپە زۆر بە توندی جووڵایەوە. سەرانسەری ئەو هەرێمەی وروژاند و ژمارەیەکی زۆر کۆشک و سەومەعەی سووتاند، بۆ وێنە کۆشکی هۆهێن شتاوفێن. هەموو جووتیارەکانی ناچار کرد کە هاوکارییان بکەن، وە هەموو ئەعیانەکان و تەنانەت ساقی مەیخانەکانیشی بەوە تاوانبار کرد کە ئەندامی ئەنجومەنی برایەتیی مەسیحیەتن. ئەم گرووپە لە سەرەتای مانگی مەیدا هێرشی کردە سەر وێرتێنبێرگ، بەڵام دواجار ناچار بوو پاشەکشە بکات. خەسڵەتی میرنشینی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا هەروەک ساڵی 1848 ڕێگەی نەدەدا شۆڕشگێرانی هەرێمە جیاوازەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبێت و بتوانن بە شێوەیەکی هاوبەش پێکەوە کار بکەن. گرووپی گایلدۆرفیش تەنیا دەیتوانی لە هەرێمێکی بچووکدا کار بکات؛ وا دیارە لە

دوای ئەوەی هەمـوو هێزەکـانی تێکشـکاند و بەرخۆدانێـک لە بەرانبەریـدا نەمـا، خـۆی لە شـوێنی خـۆی تێکشکا. ئەندامانی ئەم گرووپە، کە لەگەڵ شاری گێمۆند (Gmuend) ڕێکەوتنیان واژۆ کردبو نزیکەی 500 چەکداریان لەوێ بەجێهێشت و لەوان جودا بوونەوە.

لە پالاتینیات (Palatinate) لە کۆتایی مانگی ئاپریل، لە هەردوو کەناری ڕووباری ڕایندا کۆمەڵێـک گرووپـی جووتیـاری پێکهـاتن. ئەوان کۆمەڵێـک کۆشـک و سـەومەعەیان خـاپوور کـرد و لە 1ی مـانگی مەیـدا نویشـتاتیان (Neustadt) داگیـر کـرد. جووتیـارانی بـورخراین (Bruchrain) کە لەم هەرێـمەدا دەرکەوتبـوون، چەند ڕۆژ لەوە پێش شاری سپاییریان (Speyer) ناچار بە بەستنی ڕێکەوتننامە کردبوو. مارشاڵ فـۆن زابێـرن (Zabern) لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی سـەربازی شـازادە لە بەرانـبەر ئەوانـدا هیچـی پـێ نەدەکـرا و، لە 10ی مانگی مەیدا شازادە ناچـار کـرا لەگەڵ جووتیـارە ڕاپەڕیوەکـان گرێبەسـتێک واژۆ بکـات؛ لەم گرێبەسـتەدا شازادە ئەمەی گەرەنتی کردووە کە سکاڵاکانیان لە پەرلەماندا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە وێرتێمبێـرگ شۆڕشـەکان زۆر زوو لە نـاوچە جیاوازەکانـدا دەسـتی پێکـرد.  لە سـەرەتای فێبرییەریـدا جووتیارانی ئوراخی ئاڵپ یەکیەتییەکیـان دژ بە قەشـە و ئەربابەکـان پێکهێنـا و لە کۆتـایی مـانگی مارسـدا بلاوبێرن (Blaubeuer)، ئۆراخ، مونسینگێن (Muensingen)، بالینگێن (Balingen) و ڕۆزنفێڵد سەریان هەڵـدا. گرووپەکانی کایلدۆرفی لە گۆپینگێن، بێکلاین ڕۆرباخ لە براکێنهایم (Brackenheim) و پاشماوەی جووتیـارە شکسـتخواردووەکانی لایپهـایم لە فـولینگێن (Pfuelingen)  هێرشـیان کـردە سـەر هەرێمـی وێرتێنبرێـک و هەموو گووندنشینەکانیان دنەی ڕاپەڕین دا.

بەهەمان شێوە لە ناوچەکانی دیکەشدا ئاژاوەگەلێکی جیددی ڕووی دا. لە 6ی ئاپریلدا فۆلینگێن ناچار بوو لە بەرانبەر جووتیاراندا خۆی بەدەستەوە بدات. حکوومەتی شازادەنشـینی نەمسـا لە دۆخێکـی زۆر سـەختدا بوو. نە پارەی هەبوو و نە سەرباز. شارەکان و قەڵاکان لە دۆخێکی ناخۆشدا بوون، قەڵا یـاخود ناوەنـدێکی سـەربازییان نەبـوو، تەنـانەت شـاری ئاسـپێرک (Asperg) بە بـێ بەرگـری مـایەوە. هەوڵـی حکـوومەت بـۆ بانگهێشتکردنی شار و بەرگریکردن لە بەرانبەر جووتیارانـدا بـۆ مـاوەیەک شکسـتی هێنـا. لە 16ی ئاپریلـدا سەربازەکانی بوتوار (Bottwar) خۆیان پەیوەسـت بە هێزەکـانی حکـوومەت نەکـرد و لەجێـاتی ئەوەی بچـنە شـتوتگارت چـونە وۆنێنشـتایێن (Wunnenstein) نزیـک بوتـوار، واتە ئەو شـوێنەی کە ناوەنـدی سـەرەکیی کەمپی خەڵکـی چینـی مامناوەنـد و جووتیارەکـانی پێکهێنـابوو و بەردەوام ژمارەشـیان لەزیادبوونـدا بـوو. لە هەمان ڕۆژدا تسابێرگۆی (Zabergau) ڕاپەڕی. سەومەعەی مالبۆڕن (Maulbronn) تـالان کـرا و ژمـارەیەکی زۆر لە کۆشک و سەومەعەکان بە گشتی کـاول کـران. هێزێکـی نـوێ لە برۆخـراینەوە کە دراوسـێی گـۆی (Gaeu) بوو، هات بۆ یارمەتی و بەهێزکردنەوەی جووتیاران.

فەرمانـدەی گرووپـی وۆنێشـتێین درابـوو بە مـارتین  فۆیێربـاخێر (Matern Feuerbacher) کە یەکێـک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شاری بوتوار و یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەنـد بـوو کە بە

سەختی ڕازی کرا هاوکاری جووتیاران بکات. سەرەڕای ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو بەڵام هێشتا زۆر هەڵوێستێکی میانەڕەوی (moderate) هەبوو و ڕێگەی بە جێبەجێکردنی نامەی داواکارییەکان لە کۆشکەکاندا نەدەدا و، بەردەوام لەوە دەگەڕا کە لە نێوان جووتیاران و چینی مامناوەندی میانەڕەودا ناوبژیگیری بکات. هەروەها ڕێگەی نەدەدا جووتیارانی ووڕتێمبێرگ لەگەڵ گرووپی سوپای ڕۆشنایی هاوپەیمان بن و، دواتر هێزی گالیفۆردی ناچار کرد ووڕتێمبێرگ جێبێڵن. لە 9ی ئاپریلدا مارتین بە هۆی ئەو بۆچوونە بورژوازیانەی کە هەیبوو لە کار لابرا بەڵام ڕۆژی دواتر کرایەوە فەرماندە. کەس نەیدەتوای شوێنی ئەو بگرێتەوە، تەنانەت کاتێک یاکلین ڕۆڕباخ لە 22ی ئاپریلدا بە 200 کەسەوە هاتە ڕیزی جووتیارانی ووتێمبێرگ، هیچی پێ نەکرا و ناچار بوو فۆیێرباخێر لە پۆستی فەرماندەیی خۆیدا بهێڵێتەوە و تەنیا چاوەدێرییەکی سەخت بەسەر کردارەکانیدا بکات.

لە 18ی ئاپریلدا حکوومەت هەوڵی دا لەگەڵ ئەو جووتیارانەی کە لە ووێشتێین سەقامگیر بوون دانووستان بکات. جووتیاران داکۆکیان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەوڵەت دەبێت دوازدە داواکارییەکەیان پەسند بکات، بەڵام نوینەرانی دەوڵەت نەیاندەتوانی ئەمە بکەن. ئەم هێزە بەڕێ کەوت. لە 20 ی ئاپریلدا گەیشتنە لاوفێن کە لەوێدا بۆ دوایین جار پێشنیارەکانی نێردراوەکانی حکوومەتیان ڕەت کردەوە. لە 22ی ئاپریلدا، هێزەکانیان کە نزیک 6000 کەس دەبوو لە بێتینگهایم (Bietighein) دەرکەوتن و هەڕەشەیەک بوون بۆ شاری شتوتگارت. زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی شار هەڵاتن و کۆمیتەیەکیان لە شارۆمەندەکان دابین کرد کە بەڕێوبەرایەتی شار بگرنە ئەستۆ. لە ئەنجومەنی شاریش هەروەک هەموو شوێنێکی دیکە، ناکۆکی کەوتە نێوان لایەنەکانی گرووپی دەسپاکی و ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند و هەژارە شۆڕشگێڕەکان. لە 25ی ئاپریلدا، هەژارەکان دەروازەکانی شاریان بۆ جووتیاران کردەوە و شتوتگارت بەخێرایی گیرا. لێرەدا ڕێکخراوەی سوپای ڕۆشنایی مەسیحی (ئەو ناوەی کە ڕاپەڕیوەکانی ووڕتێمبێرگ لە خۆیان نابوو) دامەزرابوو و، یاسا و ڕێسایەکی بۆ دابەشکردنی جیرە و پاداشتەکان و هەروەها غەنیمەکان و هتد.، دابین کردبوو. دەستەیەکی سەربازیش لە خەڵکی شتوتگارت بە فەرماندەیی تێئوس گێربێر هاتنە ڕیزی ئەم سوپایەوە.

لە 29ی ئاپریلدا، فۆیێرباخێر لەگەڵ هەموو پیاوەکانیدا هێرشی کردە سەر سوپای گایلدۆرف، کە لە هەرێمی ووڕتێمبێرگ لە شۆرێندۆرف (Schorndorf) دامەزرابوو. هەموو هەرێمەکەی کرد بە هاوپەیمانی خۆی و، بەم شێویە گرووپی گایلدۆرفی ناچار کرد پاشەکشە بکات. بەم شێوەیە ڕێگەی نەدا توخمە شۆڕشگێڕەکانی هێزەکانی خۆی بە فەرماندەیی ڕۆڕباخ لەگەڵ هێزە بێباکەکانی گایلدۆرف تێکەڵ بن، چونکا ئەمە بەهێزبوونەوەیەکی مەترسیدار بوو بۆ خودی خۆی. کاتێک لە نزیکبوونەوەی ترۆخسێس ئاگادار کرایەوە، شۆرێندۆرفی بەجێهێشت و بەرەو ڕووی چوو و، لە 1ی مانگی مەیدا لە نزیک کێریشێف لە داوێنی تێک هێزەکانی دامەزراند.

بەم شێوەیە ئێمە ڕیشەی سەرهەڵدانەکان و ڕەوتی گەشەکردنیانمان لەم بەشە لە ئەڵمانیا نیشاندا، کە دەبێت وەک گۆڕەپانی جووڵانەوەی یەکەم گرووپ لە سوپای جووتیاران ڕەچاو بکرێت. بەر لەوەی بچینە سەر باسی گرووپەکانی دیکە (تورینگێن، هێس، ئالزاس، ئۆتریش و ئالپ) پێویستە باسێک لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ترۆخسێس بکەین کە لەواندا سەرەتا بە تەنیایی و دواتر بە پشتیوانیی شازادە و شارە جۆربەجۆرەکان، توانی یەکەم گرووپە ڕاپەڕیوەکان بنەبڕ بکات. ئێمە ترۆخسێسمان لە نزیک ئۆلم بەجێ هێشت کە لەوێدا ئەو لە کۆتایی مانگی مارسدا گرووپێکی پاسەوانی لە ژێر فەرماندەیی دێتریش شپێت (Dietrich Spaet) لە تێک جێهێشتبوو. سوپاکەی ترۆخسێس لە دوای کۆکردنەوەی هێز و دامەزراندنیان لە ئۆلم، ژمارەکەی گەیشتە نزیک 10000 کەس، کە 7200 پیاو لەوان هێزی پیادە بوون؛ ئەمانە تاقە هێزێکی سەربازیی بەنەزم بوون کە دەیانتوانی بەچەشنێکی هێرشبەرانە بەرەنگاری جووتیاران ببنەوە. هێزە کۆمەکییەکان بەکاوەخۆ لە دەوری ئۆلم کۆ دەبوونەوە. هۆکارەکەیشی دەگەڕایەوە بۆ دژواری وەرگرتنی سەرباز لە ناوچە ڕاپەڕیوەکان و هەروها نەبوونی پارە لە دەستی دەوڵەتدا، وە هەروەها بۆ ئەم واقیعیەتەش دەگەڕایەوە کە لە هەموو شوێنێکدا ژمارەیەکی کەم لەو سوپایەی کە مابوونەوە بۆ پارێزگاری لە قەڵا و کۆشکەکان بەپێویست دەزانران. ئێمە پێشتر ئەوەمان بینی کە چەندە کەمن ژمارەی ئەو هێزانەی کە لە دەستی ئەو شازادە و شارانەدان کە سەر بە یەکەیتی شوابێن نەبوون. کەوابوو هەموو شت بەو سەرکەوتنانەوە گرێ درابوو کە ترۆخسێس لەگەڵ سوپاکەی خۆی بەدەستی دەهێنا.

ترۆخسێس سەرەتا هێرشی کردە سەر هێزەکانی باڵترینگێن، کە لەم ماوەیەدا کاولکردنی کۆشک و سەومەعەکانیان لە دەوروبەری ڕید (Ried) دەست پێکردبوو. جووتیارەکان کە بە هاتنی هێزەکانی یەکیەتی ڕیدیان بەجێ هێشتبوو، لە دەڤەری زۆنگاوەکان دوور کەوتنەوە و لە دانووب پەڕانەوە و چوونە ناو دار و دەوەنەکانی شوابێنی ئالپ. لەم هەرێمەدا ئیتر تۆپ و تەقەمەنی و سوارەکان، کە سەرچاوەی سەرەکی وزەی سوپای یەکیەتی بوون، هیچیان پێ نەدەکرا؛ ترۆخسێس لەوە زیاتر بەدوایان نەکەوت. لە جیاتی ئەوە ڕووی کردە هێزەکانی لایپهایم کە 5000 پیاویان لە لایپهایم و 4000 کەسیان لە دەربەندی میندێل (Mindel) و 6000 کەسی دیکەیان لە ئیلێرتیسێن (Illertissen) جێگیر بوون و سەرجەم ئەو هەرێمەیان ورووژاندبوو و سەومەعە و کۆشکەکانیان دەڕووخاند و خۆیان تەیار دەکرد کە بە سێ ستوونەوە هێرش بکەنە سەر ئۆلم. وەک دیارە بێئەخلاقی لە ناو ئەم جووتیارانەشدا پەرەی سەندبوو و توانییووی هێزی سەربازی ئەوان لاواز بکات، هەر بە هۆی ئەمەوە بوو کە یاکوب هەر لە سەرەتاوە دەیویست لەگەڵ ترۆخسێس بکەوێتە دانووستانەوە. بەڵام، ئێستاکە ترۆخسێس لەباری وزەی سەربازییەوە گەلێک بەهێز ببووەوە و ئیتر ئامادە نەبوو دانوستانیان لەگەڵ بکات، وە لە 4ی ئاپریلدا هێرشی کردە سەر هێزە سەرەکییەکانیان لە لایپهایم و هەموویانی بە جارێک قەڵاچۆ کرد. یاکووب وێهێ و ئۆریش شوێن لەگەڵ دوو کەس لە سەرۆکانی جووتیاران دەسبەسەر کران و سەریان بڕدرا. لایپهایم بەم حاڵەش خۆی

بەدەستەوە نەدا، بەڵام چەند سووکەهێرشی دوژمن بۆ سەر دەوروبەری، بوو بەهۆی ئەوەی کە هەمـوو هەو هەرێمە ملکەچیان بن.

ڕاپەرینێکی نوێی سەربازە بەکرێگیراوەکان کە بەهۆی داوای کرێی زۆرتر و تاڵانی زۆرتر دەسـتی پێکردبـوو جارێکی دیکە چالاکییەکانی ترۆخسێسی بۆ ماوەیەک تا 10ی ئاپریل بەدواخست؛ ئەمە ئەو کـاتە ڕووی دا کە لە بەری باشووری ڕۆژئاواوە بەرەنگاری دەسـتەی بـاڵترینگێن بـووەوە کە هێرشـی کردبـووە سـەر قەڵا و کۆشـکەکانی ترۆخسـێس لە والـدبورگ (Waldburg) و تسـایل (Zeil) و ووڵفـاگ (Wolfegg). ئەو لێرەشـدا جووتیارانی بە نایەکگرتوویی بینی و لە 11 و 12ی ئاپریلـدا یەک لەدوای یەک شکسـتی دان و لە چەنـدین پێکداداندا بەتەواوی گرووپەکـانی بـاڵترینگێنی پەرتەوازە کـرد. ئەوانەیشـی کە مـابوونەوە، بە فەرمانـدەیی قەشـە فلۆریـان بەرەو دەریـاچەی لاک پاشەکشـەیان کـرد. ئێسـتاکە ترۆخسـێس دژ بەم گـرووپە دوایـیە دەجووڵێتەوە. سوپای "دەریاچە،" کە لەم ماوەیەدا نەک هەر هێرشـی دەکـردە سـەر ئێـرە و ئەوێ، بەڵـکو شـارەکانی بۆخـۆرن (Buchhorn) (فرۆدریشێســهافێن ((Friedrichshafen)) و ووڵمـاتیگێنی (Wollmatingen) ناچار کرد ببنە ئەندامی ئەنجومەنی برایەتی جووتیاران و، لە 13ی ئاپریلدا ئەنجومەنێکی ساربازی گەورەی لە سەومەعەی سالێم (Salem) پێکهێنا و بڕیـار درا کە بەرەوڕووی ترۆخسـێس ببـنەوە. لە هەمـوو شـوێنێک زەنگی هێرش لێدرا و 10000 پیاو، کە پاشماوەکانی دەسـتەی بـاڵترینگێنیش هـاتبوونە ڕیزیـان، لە کەمپـی بێرمـاتینگێن کۆبـوونەوە. لە 15ی ئاپریلـدا بەسـەر ترۆخسێسـدا، کە نەیدەویسـت هەمـوو سـوپاکەی لە جەنگێکی دیـاریکراودە بـدۆڕێنێت و دانووسـتانی بەلاوە باشـتربوو، سـەرکەوتن؛ بەتـایبەت ئەو کـاتەی کە هەواڵـی زانـی کە سـوپاکانی ئالگـاو و هێگـاویش خەریکـن نزیـک دەبـنەوە. ئەو لە 17ی ئاپریلـدا لەگەڵ جووتیارانی دەریاچەی کۆنستاتنس و بالترینگێن گرێبەستێکی واژۆ کـرد کە وەک دیـارە بە دڵـی جووتیـاران بوو و بە بێ دڕددۆنگی پەسندیان کرد. هەروەها نێردراوەکانی ئالگاوی سەروو و خواررووی ڕازی کرد کە ئەم ڕێکەوتننامەیە پەسند بکەن؛ لە دوای ئەم بەرەو وێرتێمبێرگ بەڕێ کەوتن.

ئەو فێڵەی کە ترۆخسێس کردی بوو بەهۆی مانەوەی ئەو. ئەگەر ئەو نەیتوانیبایەت جووتیـارە کەم و لاواز و لە زۆر شوێندا بێئەخلاقەکان لەگەڵ سەرۆکە بەرتیلخۆر و ترسنۆک و گەمژەکانیان فریو بدات، بێگومـان شکستی دەهێنا و لەناو دەچوو. چونکا ئەو بە خۆی و سوپا بچووکەکەیەوە لە گەمارۆی سوپایەکی 25000 تا 30000 کەسیدا بـوو. ئەمە گەمژەیـی هەمیشـەیی دوژمنەکـانی، واتە جووتیـاران، بـوو کە ئەم هەلەی بـۆ ڕەخساند کە لە وەها ساتێکدا کە جووتیاران دەیانتوانی بەلانی کەمەوە لە هەرێمەکانی شوابێن و فراکـۆن جەنگەکە ببەنەوە، توانی خۆی لەو مەترسییە گەورەیە دەربـاز بکـات. جووتیـارانی دەریـاچەی کۆنسـتانس ئەوەندە بەو ڕێکەوتننامەیە پابەند بوون کە لە کۆتاییدا خۆیـان بـوون بە قوربـانی فـێڵەکەی ترۆخسـێس، بە جۆرێک کە ئەوان تەنانەت لە دژایەتیی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆیاندا، واتە جووتیارانی ئێگاو، دەستیان

دایە چەک. جووتیارانی ئالگاو کە لەلایەن ڕێبەرەکانیانەوە خەیانیەتیان پێ کرابوو خێرا خۆیان لەو ڕێکەوتننامەیە هێنایە دەر، بەڵام تا ئەو کاتە ترۆخسێس لە خەم ڕەخسابوو.

جووتیارانی هێگاو، ئەگەرچی لە ڕێکەوتننامەکەی واینگارتێندا بوون، بەڵام نموونەیەکی نوێ لە گەمژەیی ترسناک و بەرچاوتەنگی بێسنووریان لە خۆیان نیشان دا کە سەرجەم هەموو جەنگی جووتیاری لەناو برد. ترۆخسێس لەدوای دانووستانە بێ ئاکامەکانی لەگەڵ ئەوان، بەرەو وێرتێمبێرگ بەڕێ کەوت، بەڵام ئەوان لەگەڵی کەوتن و بەردەوام لە تەنیشتیدا بوون؛ ئەوان قەت نەیانتوانی لەگەڵ سوپای ڕۆشنایی مەسیحیەتی وێرتێمبێرگ بینە هاوپەیمان، چونکا جووتیارانی وێرتێمبێرگ و دەربەندی نێکار پێشتر بۆ جارێک نەچبوون بە هانای ئەوانەوە و یارمەتییان نەدابوون. کاتێک کە ترۆخسێس بەتەواوی لە خاک و زێدی ئەوان دوور کەوتەوە، ئەوان بە هێمنی گەڕانەوە و بەرەو فرایبۆرگ بەڕێ کەوتن.

ئێمە جووتیارەکانی وێرتێمبێرگمان بە فەرماندەیی مارتێن فۆیێرباخەوە لە کیێرشهایم لە نزیکی تێک بەجێ‌هێشت، واتە ئەو شوێنەی کە دەستەی پاسەوانەکانی ترۆخسێس بە فەرماندەیی دیتریش ئێشتێپ بەرەو ئوراخ پاشەکشەیان کردبوو. لەدوای هەوڵێکی ناسەرکەوتووانە بۆ گرتنی ئۆراخ، فۆیێرباخ بەرەو نۆرتینگێن ڕۆیشت، نامەگەلێکی بۆ هەموو هێزە سەرهەڵداوەکانی دراوسێی خۆی نووسی و داوای لێکردن بۆ جەنگێکی یەکلاکەرەوە هێز بنێرین. لە هەرێمەکانی خوارەوەی وێرتێمبێرگ و گۆی هێزێکی زۆر هاتن. جووتیارەکانی گۆی لەگەڵ پاشماوەکانی سوپای لێپهایم، کە تا بەشی ڕۆژئاوای وێرتێمبێرگ دوور خرابوونەوە، کۆ بوونەوە و سەرجەم هەموو بەشەکانی نێکار و ناگۆلدتاڵ (Nagoldt) هەتاکو بۆیتلیێنگ و لیۆنبێرگیان ڕاپەڕاند. جووتیارانی گۆی لە 5ی مانگی مەیدا لە دوو ستوونی بەهێزدا هاتنە ڕیزی فۆیربباخ لە نۆرتینگێن. ترۆخسێس لە نزدیکی بۆیتلینگێن بەرەوڕووی ئەو هێزە یەکگرتووە بووەوە. ژمارەی هێزەکانیان لەگەڵ چەکەکانیان و شوێن و وێستگەیەکەیان ئەوی پەشۆکاند. هەروەک هەمیشە لەگەڵیان کەوتە دانووستانەوە و ئاگربەستی لەگەڵ جووتیاران واژۆ کردن. بەڵام هەر کە شوێن و وێستگەی خۆی مسۆگەر کرد لە 12ی مانگی مەیدا، واتە لە قۆناغی ئاگربەستدا، هێرشی کردە سەریان و ناچاری کردن بێنە ناو جەنگیی یەکلاکەرەوە. جووتیارەکان بۆ ماوەیەکی درێژ قارەمانانە بەرخۆدانیان کرد تاکو لە کۆتاییدا بەهۆی خەیانەتی چینی مامناوەند، ترۆخسێس توانی بۆتلینگێن گەمارۆ بدات و بیگرێت. باڵی چەپی جووتیارەکان، بەم شێوەیە پشتیوانەکانی خۆیان لەدەست دا و دەوریان گیرا و شکستیان هێنا. بەم شێوەیە ئەنجامی جەنگەکە یەکلایی کرایەوە. جووتیاران کە بە نەزم و دیسیپلین ڕانەهاتبوون، تووشی بشێوی و شڵەژان بوون و بەو پەڕی پەشۆکاوییەوە هەڵاتن؛ ئەوانەی کە لە لایەن سوارەکانی دوژمەوە نەکوژرابوون یاخود دەسبەسەر نەکرابوون، چەکەکانیان فڕدا و بە پەلە بەرەو ماڵەکانیان گەڕانەوە. سوپای ڕۆشنایی مەسیحی و هاوڕێکانیان لەگەڵ هەموو ڕاپەڕیوەکانی هەرێمی وێرتێمبێرگ بە تەواوەتی بنەبڕ کران. تێشۆس گێبرێر (Theus Gerber) بۆ ئێسلینگێن (Esslingen) و فۆیێرباخێر بۆ سویس هەڵات، ئۆرباخیش بە دیل گیرا و

کەلەپچە کرا و گواسترایەوە بۆ نێکارکارتاخ؛ ترۆخسێس فەرمانی کرد بییەستنەوە بە کۆڵەکەیەکەوە و لە دەوری هێزم و دار هەڵچنن و لێیگەڕێن هێدی هێدی لە ناو بڵێسەی ئاورێکی نەرمدا بسووتێت، لە کاتێکدا کە ترۆخسێس لەگەڵ سوارەکانیدا لە میوانییەکدا دەیانخواردەوە دەیانڕوانییە ئەم دیمەنە پڕشکۆیە.

هێرشی ترۆخسێس لە نێکارگارتاخەوە بەرەو کرایشگاو (Kraichgau) جۆرێک پشتوانی کردن بوو لە ئۆپەراسیۆنەکانی شازادە پالاتین (Palatine). کاتێک ئاگاداری سەرکەوتنەکانی ترۆخسێس بووەوە، ئەم شازادەیە کە لەم ماوەیەدا توانیبووی هێزێک بۆ خۆی کۆبکاتەوە، بە خێرایی ڕێکەوتننامەی ئاگربەستی خۆی لەگەڵ جووتیاران شکاند و، لە 23ی مانگی مەیدا هێرشی کردە سەر برۆخراین؛ سەرەڕای بەرخۆدانێکی قارەمانانە کە لە بەرانبەریاندا کرا، مالشی (Malsch) گرت کرد و سووتاندی؛ ژمارەیەک گوندی تالان کرد و بروخزاڵی (Bruchsal) داگیر کرد. لە هەمان کاتدا، ترۆخسێس هێرشی کردە سەر ئێپینگێن (Eppingen) و ڕێبەری بزووتنەوە ناوچەیەکەی بە ناوی ئانتۆن ئایزێنهوت (Anton Eisenhut) بە دیل گرت؛ زۆر خێرا ئەوی لەگەڵ 12 کەس لە ڕێبەرانی جووتیاران بە فەرمانی شازادە لە سێدارە دا. بەم شێوەیە برۆخراین و کراچگاو بێدەنگ کران و مەحکووم کران بە دانی 40000 سککە غەرامە. هەردوک سوپاکە، واتە ئەوەی ترۆخسێس کە لە ئاکامی ئەم جەنگانەدا گەیشتبووە 6000 پیاو لەگەڵ سوپاکەی شازادە (6500 پیاو)، یەکیان گرت و بەرەوە ئۆدێنواڵد بەڕێ کەوتن.

کاتێک کە هەواڵی شکستی جووتیارەکانی بوبلینگێن بڵاو بووەوە ترس و شڵەژانێکی لە دڵی هەمووان‌دا ساز کرد. شارە ئازادەکانی سەر بە ئیمپراتووریەت کە لە ژێر دەستی جووتیاراندا بوون هەناسەیەکی خۆشیان هەڵمژی. شاری هایلبۆرن یەکەم شار بوو کە هەنگاوی نا بۆ ئاشتی و یەکگرتوویی لەگەڵ یەکیەتی شواب. نوێنەرانی گرووپە جووتیارییە جۆربەجۆرەکان داوایان لە ناوەندی بزووتنەوەکە، واتە هایلبۆرن، کرد کە سەبارەت بە داواکارییەکانی هەموو جووتیارە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ ئیمپراتوور و دەوڵەت دانووستان بکەن. لەم دانووستانانەدا کە دەبێت یاسا و دەستوورێکی گشتی بۆ هەموو ئەڵمانیای لێ بکەوێتەوە، جارێکی دیکە ئەمە دەرکەوت کە هیچ کام لەم گرووپە هاوپیشانە بەتایبەت جووتیاران، ئەوەندە گەشەیان نەکردووە کە بتوانن بارودۆخی سەرجەم وڵاتی ئەڵمانیا ڕەچاو بکەن و گەلاڵەی بۆ داڕێژن. ئەمەش بەڕوونی دەرکەوت کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، دەبێت پشتوانیی جووتیاران و بەتایبەتی چینی مامناوەند بەدەست بهێنرێت. لە ئەنجامدا، وێندێل هیپلێر بۆ ئەم دانووستانانە دەسنیشان کرا. لە ناو هەموو ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەدا، وێندێل هیپلێر باشترین تێگەیشتنی لە بارودۆخی سەردەم هەبوو. ئەو نە شۆڕشگێڕێکی دووربین وەک مۆنتسێر بوو، نە نوێنەرێکی دیاریکراوی جووتیاران وەک مێتسلێر و ڕۆرباخ؛ ئەزموونی هەمەلایەنەی ئەو، هاوڕێ لەگەڵ مەعریفەی کردەکی ئەو لە هەڵوێست و پێگەی گرووپە هاوپیشە جۆربەجۆرەکان بەرانبەر بە یەکتر، نەیهێشت کە ببێتە نوێنەری تاقە یەک گرووپی هاوپیشە کە لەگەڵ گرووپە هاوپیشەکانی دیکە لە جەنگدا بوو. ڕێک هەروەک مۆنتسێر کە نوێنەری چینێک لە

دەرەوەی سیستمی فەرمی کۆمەڵگە بوو، واتە چینی پرۆلتەر، وە بەرەو کۆمۆنیسم ئالای هەڵگرتبوو، دەکرێت وێندێل هیپلێریش وەک نوێنەری تێکڵەیەک لە هەموو توخمە پێشکەوتووەکانی نەتەوە پێناسە بکەین کە ئالای کۆمەڵگەی بورژوازی مۆدێرنی هەڵدەگرت. ئەو پرنسیپانەی کە ئەو بەرگری لێ دەکردن و ئەو داواکاریانەی کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکردن، ئەگەرچی بەخێرایی جێبەجێ نەدەکران، بەڵام بەرهەمی ئایدیالیستی و لۆژیکیی تووانەوەی کۆمەڵگەی فیۆدالیستی بوون. جووتیارەکانیش ئەگەر خوازیاری پێشنیاری یاساگەلێک بۆ سەرانسەری ئیمپراتووریەت ببوایەتن ئەوا ناچار بوون پرنسیپ و داواکارییەکانی هیپلێر پەسند بکەن. بەم شێوەیە ئەو ناوەندمەندییەی کە جووتیاران لە هیلبرۆن چاوەڕێیان دەکرد هاتە دی، لە بیچمێکدا کە یەک دنیا دوور بوو لەو بیرۆکە و ئایدیانەی کە خودی جووتیاران لە مێشکیاندا هەیانبوو. بۆ وێنە، لە بواری دابینکردنی یەکەی پارە و کێشان و پێوان و هەورەها نەمانی گومریکە ناوخۆییەکان و هتد.، یەکدەستکردنەکان ئەوەندە بەڕوونی پێناسە کران کە دەکرێت بڵێین داواکارییەکان زۆرتر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی چینی مامناوەنددا بوون تاکو جووتیاران. ڕێکەوتنگەلێکیش لەگەڵ ئەعیانەکان کرا کە ئاکامەکەی نزیکبوونەوە لە سیستمی ڕزگاریی (redemption) مۆدێرن و لە کۆتاییدا ئامانجەکەی گۆڕینی خاوەندارێتی فیۆدالیی زەوی بۆ خاوەندارێتیی بورژوازی بوو. بەکورتی، تا ئەو شوێنەی کە داواکارییەکانی جووتیاران دەبوا لەگەڵ سیستمی "چاکسازی ئیمپراتووریەت" تێکەڵ بێت، ئەوان داواکارییە کاتییەکانی جووتیارانیان باس نەدەکرد بەڵکو دەیانخستنە ژێر چەتری بەرژەوەندییە گشتییەکانی چینی مامناوەندە بەگشتی.

لەکاتێکدا لە هێلبرۆن هێشتا باس لە سەر ریفۆرمە سەتاسەرییەکانی ئیمپراتووریەت درێژەی هەبوو، نوسەری بەیاننامەی دوازدە داواکاریی، واتە هانس بێرلین، چوو بۆ لای ترۆخسێس بۆ ئەوە بە ناوی لێژنەی دەسپاکان و چینی مامناوەند و شارۆمەندانەوە سەبارەت بە ڕادەست کردنی شار لەگەڵی دانووستان بکات. بزووتنەوە کۆنەپەرەستانەکانی شاریش لەم خەیانەتە پشتیوانیان کرد و، لە ئاکامدا وێندێل هیپلێر بەناچار لەگەڵ جووتیاران هەڵات. ئەو چوو بۆ وینسبێرگ و لەوێ هەوڵی دا پاشماوەکانی جووتیارانی وێرتێمبێرگ و دەستەیەکی بچووکی چەکداری بەجێماو لە گرووپی گالیدۆرف کۆ بکاتەوە. بەڵام نزیک بوونەوەی شازادە پالاتین و ترۆخسێس ناچاری کرد لەوێش ئاوارە بێت و بەرەو وێرزبێرگ بڕوات بۆ ئەوەی گرووپی ڕۆشنایی مەسیحیەت بۆ ئۆپەراسیۆنەکان هان بدات. لەم ماوەیەدا هێزەکانی شازادە و ئەعیان هەموو هەرێمی نێکاریان بێدەنگ کرد و جووتیارانیان ناچار کردبوو گوێڕایەڵیان بن، ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانیان سووتاند و هەر جووتیارێکی هەڵاتوویان بەرپیل بکەوتبایە لەتلەتیان دەکرد یان لە سێدارەیان دەدا. لە تۆڵەی قاڵچۆکەی هێلفێنستاین، شاری وێینسبێرگیان سووتاند.

لەم ماوەیدا، ئەو هێز و دەستانەی کە لە نزیکی وێرزبێرگدا کۆ ببوونەوە، فراونبێرگیان گەمارۆ دا. لە 15ی مانگی مەیدا، بەر لە هەڵگرسانی شەر، چەند هێرشی قارامانانە بەڵام بێئاکامیان کردە سەر قەڵاکە.

چوارسەد کەس لە باشترین پیاوەکان، کە زۆربەیان لە دەستەی فلۆریان گایسێر بوون، کوژران یاخود بەبرینداری کەوتنە ناو چاڵەکانی دەوری قەڵاکە. لە ڕۆژی 17ی مانگدا، وێندێل ئیپلێر گەیشتە ئەوێ و لێژنەیەکی جەنگی ساز کرد. ئەو پێشنیاری دا کە تەنیا 4000 کەس بۆ گەمارۆی فراونبێرگ دابنێن، وە هێزە سەرەکییەکە کە نزیک 20000 کەس دەبوو لە کەمپێک لە کراتهایم (Krautheim) لە یاخت (Jaxt) بەرەورووی ترۆخسێس بنەوە بۆ ئەوەی هەموو هێزە پشتیوانەکان بتوانن لەوێ کۆ ببنەوە. ئەمە پلانێکی شاز بوو. تەنیا بە ڕاگرتنی ئەم کۆمەڵە هێزە بە دەوری یەکەوە و، هەروەها بە هیوای ژمارەی زۆرتری هێزەکان، دەکرا هیوای شکستدانی سوپای شازادەیان هەبێت کە ئێستا 13000 کەس بوون. بەڵام بێئەخلاقی و ترسنۆکی ئەوەندە لە ناو جووتیاراندا پەرەی سەندبوو کە ڕێگەی بە وەها ڕووبەڕووبونەوەیەکی مەترسیدار نەدەدا. گۆتس فۆن بێرشینگێن (Goetz von Berlichingen) کە دواتر وەک خەیانەتکارێک دەرکەوت، لێرەدا دەورێکی گرنگی لە سستکردنەوەی هێزی جووتیاران بینیبوو. بەم جۆرە پلانەکەی هیپلێر قەت بەدی نەهات؛ وەک هەمیشە هێزەکان پەرتەوازە بوون و تەنیا لە 23ی مانگی مەیدا بوو کە سوپای ڕۆشنایی مەسیحیەت جووڵەی دەسپێکرد. فرانکۆنییەکان بەڵێنیان دابوو کە خێرا لەگەڵیان دەکەون. لە 26ی مانگی مەیدا جووتیارانی هەرێمی ئانسباخ کە لە وێنزبێرگ کۆ ببوونەوە کاتێک کە هەواڵی ناکۆکی نێوان شازادە و جووتیارانیان بیست، بڵاوەیان کرد و بەرەوماڵەکانیان گەڕانەوە. پاشماوەی هێزەکانی گەمارۆکە هاوڕێ لەگەڵ سوپای ڕەشی فلۆریان گایێر، لە هایدێنگسفێڵد، کە زۆر لە وۆرزبێرگ دوور نەبوو، دامەزران.

سوپای ڕۆشنایی مەسیحیەت لە 24ی مانگی مەیدا گەیشتە کراوتهایم، لە کاتێکدا کە لە دۆخێکی گونجاودا نەبوو. هەندێک لە جووتیاران ئاگادارکرانەوە کە لە ماوەی نەبوونیان لە گوندەکانیاندا، ئەو گوندانە خۆیان داوە بەدەستی ترۆخسێسەوە؛ وە ئەمە بوو بە بیانوویەک بۆ ئەوەی بگەڕنەوە ماڵەکانی خۆیان. ئەو گرووپانە خۆیان بەرەو نێکارسولم کێشا و لە 28ی مانگی مەیدا دەستیان کرد بە دانووستان لەگەڵ ترۆخسێس. لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک پەیامنێریشیان بۆ لای جووتیارانی فرانکۆنیا، ئالساس و دارستانی ڕەش -هێگاو نارد و داوایان لێ کردن خێرا بچنە ڕیزی ئەوانەوە. گۆتس لە نێکارسولمەوە بەرەو ئۆرینگێن ڕۆیشت. ئەم گرووپانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەتوانەوە. خودی گۆتس بێرلینچکێن لە کاتی ئەم ڕێپێوانەدا ون بوو. ئەو لەدوای ئەوەی یەکێک لە برادەرە کۆنەکانی، بە ناوی دێتریخ شپیت ( Dietrich Spaet) ببوو بە ناونجی ئەو لەگەڵ ترۆخسێس بۆ ئەوەی ڕێگە بدات پەیوەست بە هێزەکانی ئەو بێت، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

لە نزدیکی ئۆرینگێن، لە ناکاو هەواڵێکی هەڵە سەرابەت بە نزیکبوونەوەی دوژمن گەیشتە ئەم هێزە کەم دڵ و ترسنۆک و بێ پەنایە و، تێکڕا هەموویانی پەشۆکاند. ئەم گرووپە خێرا هەڵوەشانەوە و، مێتسلێر و وێندێل هیپلێر زۆر بەسەختی توانیان 2000 کەس لەوان کۆ بکەنەوە؛ ئەوان لەگەڵ ئەم هێزە جارێکی

دیکە بەرەو کراوتهایم بەڕێ کەوتن. لەم ماوەیەدا هێزی کۆمەکیی هەرێمی فرانکێن کە ژمارەیان 5000 کەس دەبوو لێیان نزیک بوونەوە، بەڵام لە ئاکامی مەیلی بەئاشکرا خەیانەتکارانەی گۆتس، بوو بە ڕێپێوانێکی لاوەکی؛ بەم شێوەیە هاوڕیزبوونی سوپای ڕۆشنایی لەگەڵ ئەوان بە درۆ دەرچوو و ئەوان بەرەو نێکارسوڵم ڕۆیشتن. ئەم شارە چکۆلەیە کە لە لایەن چەند دەستەیەک لە سوپای ڕۆشنایی بەرگری لێدەکرا، کەوتە گەمارۆی ترۆخسێسەوە. جووتیارەکانی فرانکۆن لە شەودا گەیشتن، لەوێدا مەشغەڵی ئاوری سوپای یەکیەتیی [[ئەعیانیی شوابیان]] بینی، بەڵام ڕێبەرەکانیان نەیانوێرا هێرش بکەنە سەریان. بەم شێوەیە لەوێوە بەرەو کراتهایم گەڕانەوە و، دواجار لەوێ پاشماوەکانی دەستەی ڕۆشناییان دۆزییەوە. کاتێک کە یارمەتییەکان نەگیشتە دەستی شاری نکارسوڵم، لە 29ی مانگدا خۆیان دا بەدەستی سوپای یەکەیتیی [[ئەعیانیی شوابەوە]]. ترۆخسیس زۆر بەخیرایی فەرمانی کرد 13 کەس لە جووتیاران لە سێدارە بدەن، وە لە کاتێکدا کە دەیسووتاند و کاولی دەکرد و دەیکوشت، بەرەوپیری سوپای جووتیاران لە سەرانسەری دەربەندەکانی نێکار و کۆچار و یاکستێل ڕۆیشت. شوێنی ڕێپێوانەکانی ئەو بە کۆگای خۆڵەمێش و جەستەی بریندار ی هەڵواسراوی جووتیارەکان بە دارەکانەوە بە جوانی دەناسرایەوە.

لە کراتهایم سوپای یەکیەتیی ئەعیان بەرەوڕووی جووتیاران بووەوە کە لە ئاکامی گوشاری ترۆخسێسدا ناچار ببوون بەرەو کۆنگزهافێن (Koenigshof) لە کەناراوی تاوێر پاشەکشە بکەن. لێرەدا ئەوان بە 8000 کەس و 32 تۆپەوە دامەزران. ترۆخسێس لە ناو گرد و دارستانەکاندا بە نهێنی خۆی گەیاندە ئەوان. ستوونی هێزەکانی ناردە پێشەوە کە لێیان نزیک ببنەوە و، لە 2ی مانگی جووندا بە هێزێکی زۆر باڵادەستەوە هێرشی کردە سەریان کە سەرەڕای بەرخۆدانێکی سەخت و قارەمانانەی چەندین ستوونی جووتیاران هەتاکو نیوەشەو، بەڵام شکستیان هێنا و پەرتەوازە بوون. هەر وەک هەمیشە، هێزیی سوارەی یەکیەتی کە ناوی نراو "مەرگی جووتیاران"، ئامرازێک بوو بۆ بنەبڕکردنی سوپای شۆڕشگێر، کە تەنیا خاوەنی هێزی پیادە و تفەنگ و سەرەنێزە بوو. ئەم هێزە توانی جووتیاران بەتەواوەتی لێک دابڕێت و دانەبەدانەیان لە ناو ببات. چارەنووسی 300 کەس لە خەڵکی چینی مامناوەندی کۆنیگزهافێن کە چبوونە ڕیزی سوپای جوتیارانەوە، نموونەیەکە لە شێوازی جەنگی ترۆخسێس و سوارەکانی. لە درێژایی جەنگەکەدا جگە لە 15 کەسیان نەبێت هەموویان کوژران، کە لەم پازدە کەسەیش 4 کەسیان سەبڕدران.

لەدوای ئەوەی کە ترۆخسێس، جووتیارە ڕاپەڕیوەکانی ئۆدێنواڵد و دەربەندەکانی نێکار و فرانکۆنی خوارووی سەرکوت کرد، هێزەکانی خستە ڕێ و سەرجەم هەموو گوندەکانی سەر ڕێگای سووتاند و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لە سێدارە دا؛ بەم شێوەیە هەرێمەکەی دامرکاندەوە و، دواجار بەرەو وێرتسبورگ بەڕێ کەوت. لە ڕێگەدا ئاگادار کرایەوە کە دەستەی دووەمی هێزەکانی هەرێمی فرانکۆن لە ژێر فەرماندەیی فلۆریان گایێر و گێئۆرک لە بۆرگ برێنهایم (Burg-Bernsheim) لە نزیکی زۆلتسرۆف (Sulzdorf) کۆبوونەتەوە. خێرا ڕێگاکەی بەرەو ئەوێ گۆڕی.

گایێر، کە لەدوای هەوڵە بێئاکامەکانی بۆ گرتنی فراونبێرگ، خۆی بەتەواوەتـی تەرخـان دابـوو بەوەی کە لەگەڵ شازادە و شارەکان، بەتایبەت ڕۆتێنبێرگ و کاسیمی فۆن ئانسباخ (Casimir of Anspach) دانووسـتان بکـات و هانیـان بـدات بێـنە ڕیـزی ئەنجـومەنی برایەتـی جووتیـارانەوە، لەناکـاو هەواڵـی شکسـتی کۆنیگزهـاوفێنی بیسـت. لەدوای ئەوە، هـاوڕێ لەگەڵ هێزەکـانی خـۆی چـووە ڕیـزی دەسـتەی ئانسـباخ بەفەرماندەیی گێئۆرگ فۆن بێـرگ بێرنسـهایم (Gregor von Burg-Bernsheim). ئەم گـرووپە لەم داواییـانەدا پێکهـاتبوو. کۆنـت کاسـیمیر بە شـێوازیی ڕاسـتەقینەی شـازادانە، توانیبـووی دەمێـک بە وادە و بەڵـێن و دەمێک بە هەڕەشەی هێزی سەربازی، جووتیارەکان بێدەنگ بکات و دایانمرکێنت. ئەو لە بەرانبەر هەموو هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدا بێلایەنانە دەجووڵایەوە تا ئەو کاتەی کە ئەوان بیانویستبایەت لە ناو ڕەعیەتەکـانی ئەو هێـزی خـۆبەخش کـۆ بـکەنەوە. هەوڵیشـی دەدا ڕق و قینـی جووتیـاران بەرەو پیـاوە ئاینییەکـان ڕابکێشـێت؛ وای دەزانـی کە لە کۆتاییـدا بە دەسـتگرتن بەسـەر مـاڵ و داراییەکـانی ئەوانـدا دەتوانێـت خـۆی دەوڵەمەنـد بکـات. بەردەوام لە هەل و دەرفەتێـک دەگەڕا. هەر کە هەواڵـی جەنگـی بۆتلینگی پێ گەیشت، خێرا دەرگەی دوژمنایەتی لەگەڵ جووتیارە سەرهەڵداوەکان کردەوە و گونـدەکانیانی ئاور تێبەردا، زۆرێک لەوانی کوشت و لە سێدارەی دان. جووتیارەکـان خێـرا کـۆ بـوونەوە و بە فەرمانـدەیی گرێگۆر فۆن بێرگ بێرنهایم لە 29ی مانگی مەیدا ئەویان لە ویندسهایم سەرکوت کـرد. لە کاتێکـدا هێشـتا بەدوای دەکەوتن، هەواڵ گەیشت کە جووتیارەکانی هەرێمی ئۆدێنواڵد لە ژێر گوشـاردان، ئەوان خێـرا (لە 2ی جووندا) هاوڕێ لەگەڵ فلۆریـان گـایێر بەرەو وێرتسـبێرگ ڕۆیشـتن. هێشـتا لە هەواڵەکـانی ئۆدێنواڵـد بێئاگـا بـوون، هەربـۆیە 5000 جووتیاریـان لەوێ بەجـێهێشـت و بەو 4000 کەسـەی کە مـابوونەوە - هەندێکیشیان هەڵاتن - بەدوای ئەوانەی دیکە کەوتن. ئەوان لە حاڵێکدا کە بە تەواوەتی متمانەیـان بەو هەواڵە ناڕاستانە کردبوو کە سەبارەت بە ئەنجامی جەنگـی کۆنیگسـهافێن بۆیـان هـاتبوو، لە سۆلتسـدۆرفدا کەوتنە بەر هێرشی ترۆخسێسەوە و بەتەواوەتی تێکشکان. سوارەکان و غولامەکانی ترۆخسـێس هەر وەک هەمیشە کۆمەڵکوژییەکی دڕندانەیان ئەنجام دا. گایێر 600 پیاو لە بەجێماوەکانی گرووپی ڕەشی کۆ کردەوە و بە چەندین پێکدادان لە ڕێگەدا، خـۆی گەیانـدە گونـدی ئینگلۆشـتات (Ingolstadt). ئەو 200 کەسـی بـۆ کەلیسـا و گۆڕسـتانەکەی و 400 کەسیشـی بـۆ گرتنـی کۆشـکەکە دابـین کـرد. هێزەکـانی شـازادە پـالاتین بەدوایان کەوتبـوون. سـتوونێکی 1200 کەسـی گونـدەکەیان داگیـر کـرد و ئاوریـان لە کەلیسـا بەردا. هەر شتێک کە لە بڵێیسەی ئاوردا نەستووتابوو خاپوور کرا. پاشان هێزەکانی پـالاتین کۆشـکەکەیان سـووتاند و هەوڵیان دا دیوارە دێرینەکەی ئەو کۆشکە بڕووخێنن، هەر بۆیە هێرشیان کـردە سـەری. سـەرەڕای ئەوەی کە دوو جار لە لایەن ئەو جووتیارانەوە کە خۆیان لە پشت دیواری نێوەوە حەشـار دابـوو پاشەکشـەیان پـێ کـرا، بەڵام توانیـان دیـوارە دووەمـیەکەش تێکشـکێنن، دواجـار هێرشـی سێهەمیشـیان دەسـت پێکـرد کە سەرکەوتوو بوو. نیوەی پیاوەکـانی گـایێر کـوژران؛ بەڵام ئەو تـوانی لەگەڵ 200 کەس لەوان خـۆی ڕزگـار

بکات. بەڵام حەشارگەکەی ئەوان ڕۆژێک دواتر (دووشەممەی سپی) دۆزرایەوە. سەربازەکانی پالاتین ئەو دارستانەیان گەمارۆ دا کە ئەوانی شاردوبوەوە و هەموو گرووپەکەی لەناو برد. لە سەرانسەری ئەم دوو ڕۆژەدا تەنیا 17 کەس بە دیل گیران. فلۆریان گاییر هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە بەهێزترین و پابەندترین هێزەکانی خۆی جارێکیتر توانی لەو دۆزەخە دەرچێت و بەرەو جووتیارانی گالیدۆرف بچێت کە جارێکی دیکە بە 7000 پیاوەوە لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە. بەڵام کە گەیشتە لایان، بینی کە هەموویان بەهۆی ئەو هەواڵە دڵتەزێنانەی کە لە هەموو لایێکەوە دەیانبیست خەریکبوون لێک هەڵدەوەشانەوە. ئەو دوایین هەوڵەکانی خۆی دا بۆ ئەوەی جووتیارە پەرتەوازەکانی ناو دارستانەکان کۆ بکاتەوە، بەڵام لە 9ی جووندا لە نزیکی هالدا هێرش کرایە سەری و لە کاتی جەنگدا کوژرا.

ترۆخسێس کە خێرا لە دوای سەرکەوتنی کۆنیگزهاوفێن، پەیامی بۆ فراونبێرگی گەمارۆدراو ناردبوو، ئێستاکە بەرەو وێرتسبورگ بەڕێ دەکەوت. ئەنجومەنی شار ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ئەو کرد، لە شەوی 7ی جووندا سوپای یەکیەتیی ئەعیان ئەم شارەی کە 5000 جووتیاری تێدا بوو گەمارۆ دا و، بۆ بەیانیدا ئەنجومەنی شار دەروازەکانی شاری بۆ کردنەوە و بێ ئەوەی تەقە لە شمشێرێکەوە بێت ئەو شارە داگیر کرا. بەم خەیانەتەی کە "لێژنەی دەسپاکی" وێرتسبورگ کردی دوایین دەستەکانی سوپای جووتیارانی فرانکۆن لە چەک داماڵران و ڕێبەرەکانیان دەستبەسەر کران. ترۆخسێس خێرا 81 کەس لەوانی سەربڕی. ئێستا لە وێرتسبورگ شازادە و ڕێبەرە جۆربەجۆرەکانی هەرێمی فراکۆن یەکلەدوایەک، وە لە نێو ئەواندا ئۆسقۆفی وێرتسبورگ بۆ خۆی و ئۆسقۆفی بامبێرگ و کۆنتی براندبورگی ئاسێنباخ هاتنە ناو شاری وێرتسبورگەوە. ئەم پیاوە ماقووڵانە پۆستەکانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کرد. ترۆخسێس لەگەڵ ئۆسقۆفی بامبێرگ، کە ئێستا ڕێکەوتن و بەڵێنەکەی خۆی لەگەڵ جووتیارەکانی شکاندبوو، بوو بە هاوڕێ و هەرێمەکەی خۆی ڕادەستی سەربازە خوێنمژەکانی سوپای یەکیەتی ئەعیان کرد کە تاڵان بکەن و کۆمکوژی بکەن و بسووتێنن. کۆنت کاسیمیر تەنانەت زەوی و مڵکەکانی خۆی کاول کرد. تێنینگێن سووتێندرا، گوندگەلێکی زۆر تاڵان کران یاخود بوون بە قوربانی بڵێسەی ئاور. کۆنت لە هەموو شارێک دادگا و قەساسخانەیەکی خوێنینی کردبووەوە. لە نۆیشتات لە کەناری ئایش (Aisch) 16 پیاوی ڕاپەڕیوی سەر بڕی و لە بێرگێل (Buergel) 43 کەس بەهەمان چارەنووس چوون. لەوێرا چوو بۆ ڕۆتێنبێرگ کە لێژنەی دەسپاکانی شار هاوکات لێژنەیەکی دژە شۆڕشیشی دامەزراندبوو و، ستێفان فۆن مێنزینگێنیان دەزگیر کردبوو. ئێستا کاتی هاتبوو کە چینی مامناوەند و ڕەشۆکی ڕۆتێنبێرگ بەسەختی سزا بدرێن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر جووتیاراندا وەها هەلسوکەوتێکی دوڕوویانەیان هەبووە، واتە تا دوایین ساتەکاندا هەرچەشنە یارمەتییەکیان بۆ ئەوان ڕەت کردوەتەوە و، سەرەڕای بەرچاوتەنگییە ناوچەییەکەی خۆیان، بەردەوام داکۆکییان لە سەرکوتکردنی خاوەن پیشەکانی شار بەقازانجی گرووپە هاوپیشەکانی شار کردووە، وە تەنیا بە پێچەوانەی خواستی خۆیان لەو خاڵ و سەروەرییە فیۆدالیانەی کە لە جووتیارەکان بەقازانجی شار

وەریان دەگرت چاوپۆشیان کردبوو. کۆنت فەرمانی کرد کە 16 کەس لەوان سەر ببڕن کە مێنزینگێن پێش لە هەموویان بوو. بەهەمان شێوە، ئۆسقۆفی وێرتسبورگیش لە هەرێمەکەی خۆیدا بەم چەشنە جووڵایەوە، هەموو شوێنێکی تاڵان و وێران کرد و سوتاندی. ئەو فەرمانی کرد لە شوێنی سەرکەوتنەکانیدا 256 ڕاپەڕیو لە سێدارە بدەن و لە گەڕانەوەیدا بۆ وێتسبورگ بە بڕینی سەری 13 کەسی دیکە لە ڕاپەڕیوانی ئەم شارە، شاکارەکەی گەیاندا ترۆپکی خۆی.

لە هەرێمی ماینتس (Mainz)، ئۆسقۆف ویلهێلم فۆن شتراسبورگ، سەرۆک شارەوانی ئەم شارە، توانی بەبێ هیچ بەرخۆدانێک شارەکە بگرێتەوە. بە فەرمانی ئەو، تاقە چوار کەس لە سێدارە دران. ڕاینگاو، کە لەوێش جووتیارەکان ڕاپەڕیبوون، بەڵام لەو ماوەیەدا هەموویان گەڕابوونەوەماڵەکانی خۆیان، کەوتە بەر هێرشی ئامۆزاکەی ئۆلریش بەناوی فرۆوێن فۆن هۆتێن (Frowen von Hutten)؛ ئەو بە لە سێدارەدانی 12 کەس لە ڕێبەرەکانیان، ئەو شارەی "ئەهوەن" کردەوە. فرانکفۆرتیش کە بزووتنەوەگەلێکی شۆڕشگێرانەی بە خۆیەوە بینیبوو، سەرەتا لە ڕێگەی سازانی ئەنجوومەنەوە و، دواتر لە ڕێگەی کۆکردنەوەی سەربازی خۆبەخش لە ڕاینیش پالاتین (Rhenish Palatinate)، هەروا بە هێمنی مایەوە. لەو شارە، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکە لە لایەن شازادەوە، جارێکی دیکە 8000 جووتیار لە دەوری یەکتر گردبووبوونەوە و دوبارە سەومەعە و کۆشکەکانیان ئاور تێبەردابوو، بەڵام ئۆسقۆفی ترییێر داوای یارمەتی لە مارشال هابێرن (Zabern) کرد و لە 23ی مانگی مەیدا ئەوانی لە فێدێرسهایم (Pfedersheim) تێکشکاند. زنجیرەیەک کرداری دڕندانە (تەنیا لە فێدێرسهایم 82 کەس لە سێدارە دران) و گرتنی وایسینبێرگ (Weissenburg) لە 7ی ژوڵایدا، کۆتایی بەم سەرهەڵدانە هێنا.

لەسەرجەم هەموو هێزەکانی جووتیاری تاقە دوو دەستەیان مابوونەوە کە دەبوا بنەبڕ بکرایەتن، دەستەی هێگاو - دارستانی ڕەش و دەستەی ئالگۆی. شازادە فێردیناند دنەی هەردوک گرووپەکەی دەدا. بەهەمان شێوە کۆنت کاسیمیر و شازادەکانی دیکەیش هەوڵیان دەدا ئەم سەرهەڵدانانە بەرەو داگیرکردنی خاک و داراییەکانی کەلیسا و شازادەکان هان بدەن، هەر بۆیە فێردیناند بە ئاواتەوە بوو ئەم کارە بکات بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی نەمسا. ئەو لەگەڵ سەرکردەکانی جووتیارانی ئالگاو و والتێر باخ و هانس موولێر فەرماندەی هێگاو، دانووستانی هەبوو بەو مەبەستەی ڕازیان بکات پەیوەستبوونی خۆیان بە وڵاتی ئۆتریش ڕابگەیێنن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دەکرا هەردوک سەرۆکەکە بکڕن، بەڵام کارتێکەری ئەوان لەسەر گرووپەکان تا ئەو ڕادەیە بوو کە گرووپەکەیان ڕازی کرد پەیمانێکی ئاگربەست لەگەڵ ئۆسقۆفی گەورە واژۆ بکەن کە بێلایەنی بەرانبەر بە ئۆتریش بپارێزێت.

جووتیارەکانی هێگاو لە گەڕانەوەیاندا لە وێرتێنبێرگ، گەلێک لە قەڵا و کۆشکەکانیان کاول کرد و لە دەڤەرەکانی سەر بە شازادەنشینی بادێن کۆمەڵێک هێزی کۆمەکییان بۆ خۆیان کۆ کردەوە. ئەوان لە ڕۆژی 13ی مانگی مەیدا ڕوویان کردە شاری فرایبۆرگ. لە 18ی مانگی مەیدا شارەکەیان بۆردومان کرد و

لە 23ی مانگی مەیدا ئەم شارە خۆی بەدەستەوە دا و، ئەوان بە ئاڵای سپییەوە چوونە ناو شارەکە. لەوێڕا بەرەو شتۆکاخ (Stockach) و ڕادۆڵفزێل (Radolfzell) بەڕێ کەوتن و بۆ ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی کۆمەڵێک شەڕ و پێکدادانی بێئاکام لەگەڵ وردەهێزەکانی ئەم شارانەدا بوون. ئەم دو شارە هاوڕێ لەگەڵ ئەعیانەکان و شارەکانی دەوروبەری خۆیان، بە پێی ڕێکەوتننامەی واینگارتێن، داوای یارمەتییان لە جووتیارانی هەرێمی دەریاچە کرد. بەڵام 5000 کەس لە یاخییە پێشووەکانی سوپای دەریاچە لەم بابەتەدا بەرەنگاری هەڤاڵانی خۆیان بوونەوە. گەمژەیی و بەرچاوتەنگی ناوچەیی ئەم جووتیارانە ئەوەندە زۆر بوو کە ئەو 600 کەسەیان قەڵاچۆکرد کە نەیاندەویست بجەنگن و حەزی خۆیان بۆ پەیوەستبوون بە جووتیارانی هێگاو دەربڕیبوو. دەستەی جووتیارانی هێگاو بە سەرکردەیی هانس مولێر فۆن بولگێنباخ، کە خۆی بە دوژمن فرۆشتبوو، ناچار بوو شوێنەکەی خۆی جێ بهێڵێت؛ وە کاتێک هانس مولێر هەڵات، زۆربەی ئەو جووتیارانە بڵاوەیان کرد و پەرتەوازە بوون. پاشماوەکانی ئەوان خۆیان گەیاندە هێلزینگێن شتێپ (Hilzingen Steep) و لەوێ کۆ بوونەوە، بەڵام لە 16ی ژوڵایدا بە دەستی ئەو هێزانەی کە لەو ماوەیدا خۆیان بووژاندبوەوە، بنەبڕ کران. بە نێوانگریی شارەکانی سویس، ڕێکەوتننامەیەک بۆ لایەنەکانی جووتیاران ئامادە کرا، بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە لایەنی بەرابەر، هانس مولێر، سەرەڕای خەیانەتەکەی لە لافێنبۆرگ (Laufenburg)، نەگرێت و لە سێدارەی نەدات. لە بریسگاو، شاری فرایبورگیش لە 17ی ژوڵایدا یەکیەتی جووتیاران خۆی کشاندەوە و هێزەکانی بۆ بەرەنگاریی لەگەڵ ئەوان هەنارده کرد، بەڵام، لێرەشدا هەروەک شوێنەکانی دیکە، بەهۆی لاوازبوونی هێزە سەربازییەکانی شازادەکان، ڕێکەوتننامەیەک (لە 18ی سێپتەمبەر) واژۆ کرا کە زۆندگاویشی (Sundgau) لەخۆ دەگرت. هەشت گرووپ لە دەستەی دارستانی ڕەش و جووتیارانی کلێتگاو (Klettgau) کە هێشتا لە چەک دانەماڵرابوون جارێکیتر ڕاپەڕین، ئەمەش بەهۆی وەحشیگەرییەکانی کۆنتی زۆلتسەوە (Sulz) بوو، بەڵام ئەوانیش لە ئۆکتۆبەردا سەرکوت کران. لە 13ی مانگی نۆڤەمبردا جووتیارانی دارستانی ڕەش ناچاربوون ڕێکەوتننامەکە واژۆ بکەن، وە لە 6ی دیسەمبردا والتسهوت (Walzhut)، دوایین سەنگەری سەرهەڵدانەکە، لە ڕاینی سەروو تێکشکا.

جووتیارەکانی ئالگۆی لە دوای گەڕانەوەی ترۆخسێس دەستیان کردبووە بە سووتاندنی سەومەعە و کۆشک و قەڵاکان و، لە تۆڵەی ئەو وێرانکاریانەی کە سوپای یەکیەتی ئەعیان کردبووی کەوتبوونە تۆڵەسەندنەوە. ئەگەرچی سەبازەکان بەگشتی لەگەڵ هێزێکی لاواز ڕووبەڕوو بوون و زۆرجاران تێکەڵاو بە جەنگی بچووک دەبوون، بەڵام قەت نەیاندەتوانی لە دارستانەکاندا بەدوایان بکەون. لە مانگی جووندا لە مینگێن کە تا ڕادەیەکی زۆر بێلایەن مابووەوە، بزووتنەوەیەک دژ بە لیژنەی دەسپاکی سازکرا کە تەنیا بەهۆی نزیکبوونی بەختەکی هێزەکانی یەکیەتی ئەعیانەکان بەوێ و هێرشکردنیان، توانرا سەرکوت بکرێت. شێپلێر (Schapelar) وتاربێژ و ڕێبەری بزووتنەوەی هەژاران توانی بەرەو سێنت گالێن (St. Gallen)

ڕابکات. جووتیارەکان هاتنە بەر دەرگەی شارەکە، بەڵام کاتێک کە بیستیان سوپای ترۆخسێس خەریکە نزیکی وێرتسبورگ دەبێتەوە دەیانویست بە ئاور دیواری شارەکە بقڵەشێنن. لە 27ی جووندا جارێکی تر لە دوو ســـتووندا لە بابێنهاوســـێن (Babenhausen) و ئۆبێرکونتســـبورگ (Oberguenzburg) لە بەرانبەریـــدا وەستانەوە. شازادە فێردیناند جارێکیتر هەوڵی دا جووتیارەکان بەرەو لای نەمسا ڕابکێشێت. ئەو لەسەر ئەو ئاگربەستە کە کاتی خۆی لەگەڵ جووتیاران بەستبووی داوای لە ترۆخسێس کرد کە ئیتر لەمە زۆرتر بەدوایان نەکەوێت. لەهەمان حاڵدا، یەکیەتیی ئەعیانی شوابێن فەرمانی کرد بە ترۆخسێس کە هێرش بکاتە سەریان، بەڵام لە وێرانکاری و سووتاندن خۆیان بپارێزێن.  بەڵام ترۆخسێس گەلێک لەمانە زیرەکتر بوو کە چاوپۆشی لە سەرەکتیرین و کاراترین ئامرازەکانی جەنگ بکات، تەنانەت ئەگەر بیتوانییایەت سەربازە بەکرێگیراوەکانی خۆی لەغاو بکات کە هەر لە دەریاچەی کۆنستانس تاکو کەنارەکانی ماین لەم قەتڵگا بۆ ئەوی تر ڕۆیشتبوون. جووتیارەکان لە پشتی ئیلێر (Iller) و لوییاس (Luibas) بە 23000 پیاوەوە دامەزرابوون. ترۆخسێس لە بەرانبەریاندا بە 11000 سەربازەوە ڕاوەستابوو. پێگەکانی هەردوک سوپاکە بەهێز بوون. لەو گۆڕەپانەدا هێزی سوارە نەیدەتوانی کاریگەریی زۆری هەبێت، وە ئەگەر سەربازە بەکرێگیراوەکانی ترۆخسێس لە باری ڕێکخراوەیی و سەرچاوە سەربازییەکان و نەزم و دیسیپلینەوە باڵادەستتر بوون ئەوا لە ناو جووتیارانی ئالگاویشدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی ڕاهێنراوی دێرین و فەرماندەگەلێکی بەئەزموون  هەبوون، هەروەها تا ڕادەیەک چەک و تەقەمەنی باشیشیان پێ بوو. لە 19ی ژوڵایدا هێزەکانی یەکیەتیی ئەعیان دەستیان دایە تۆپبارانکردن لە هەردوو لاوە و، هەتاکو 20ی ئەو مانگە درێژەی هەبوو، بەڵام ئاکامێکی نەبوو؛ لە 21ی مانگی ژوڵایدا گێئورک فۆن فرۆندسبێرگ لەگەڵ 300 شەڕڤان چوە ڕیزی ترۆخسێسەوە. ئەو زۆربەی فەرماندەکانی جووتیارانی دەناسی کە کاتی خۆی لە جەنگەکانی ئیتاڵیا لە ژێردەستی ئەودا کاریان کردبوو، هەر بۆیە لەگەڵیان کەوتە دانووستانەوە. لەو شوێنانەدا کە کەلوپەلی سەربازی کەم دەبووەوە، خەیانەت بەباشی کاری دەکرد. واڵتێر باخ و چەندین فەرماندە و تۆپچی دیکە خۆیان فرۆشت. ئەوان ئاوریان بەردایە هەموو زەخیرەکانی بارووتی جووتیاران و، ئەوانیان بەرەوە دەرچوون لە ڕێگەیەکی لاوەکی هان دا، بەڵام هەر کە جووتیاران شوێنەکەی خۆیان جێدەهێشت ئەوا دەکەوتنە ئەو داو و کەمینانەی کە ترۆخسێس و خەیانەتکارەکان بۆیان تەنیبوونەوە. ئەوان کەمتر و کەمتر دەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن چونکا فەرماندە خەیانەتکارەکانیان ئەوانیان بە بیانووی بێبنەما جێهێشتبوو و خۆیان گەیاندبووە سویس. بەم شێویە دوو کەمپی جووتیاران بە تەواوەتی تێکشکێندرا. ستوونی سێهەم بە ڕێبەرایەتی کنۆف لوییاس (Knopf of Luibas) هێشتا لە دۆخێکدا بوو کە توانی بە ڕێکوپێکی پاشەکشە بکات. ئەوان جارێکیتر لە کۆلێن (Kollen) لە نزیکی کامپتێن (Kampten) خۆیان تەیار کردەوە، بەڵام هەر لەوێدا کەوتنە گەمارۆی ترۆخسێسەوە. ترۆخسێس لێرەشدا نەیوێرا هێرش بکاتە سەر جووتیارەکان، بەڵام هەموو ڕێگەکانی پێوەندی لەوان داخست و هەوڵی دا بە سووتاندنی 200

گونـدی ئەو هەرێـمە، ورەی ئەوان تێکشـێنێت. برسـیەتی و بینینـی مـاڵە سـووتاوەکان لە کۆتاییـدا جووتیارەکـانی ناچـار کـرد (لە 25ی ژوڵایـدا) خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن. پـتر لە 20 کەسـی ئەوان خێـرا لە سێدارە دران. کنۆف فۆن لوبیاس تاقە ڕێبەری ئەم سـوپایە بـوو کە خەیـانەتی بە ئـاڵاکەی خـۆی نەکـرد و بەرەو بینگێز (Biegenz) هەڵات. بەڵام لەوێ دەسبەسـەر کـرا و لەدوای مـاوەیەکی زۆری زینـدانیبـوون، لە کۆتاییدا لە سێدارە درا.

بەم شێوەیە، جەنگی جووتیاری لە شوابێن و فراکۆن کۆتایی پێهات.

## بەشی شەش

## جەنگی جووتیاریی هەرێمەکانی تووورینگێن، ئالزاس و نەمسا

هاوکات لە گەڵ کۆتایی یەکەم بزووتنەوە لە شوابێن، توماس مۆنتسێر جارێکی دیکە بەرەو تورینگێن گەڕایەوە و لە ڕۆژانی کۆتایی فێبریەری هەتاکو سەرەتای مانگی مارس مولهاوزێنی کرد بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، چونکا حیزبەکەی لەوێ بەهێزتر بوو. ئەو سەرەداوی سەرجەم هەموو بزووتنەوەکەی لە دەستدا بوو. ئاگاداری ئەوە بوو کە چ گەردەلوولێک خەریکە لە باشووری ئەڵمانیا هەڵ دەکات، بەم جۆرە تورینگای وەک ناوەندی بزوتنەوەکە هەڵبژراد. لەوێ بەستێنێکی زۆر بەپیتی دەبینی بۆ شۆڕش. تورینگێن، وەک ناوچەی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕیفۆرماسیۆن، لە ئاستێکی بەرزدا هەژێنرابوو. چەرمەسەریی ئابوریی جووتیارە ستەملێکراوەکان هاوڕێ لەگەڵ دوکتۆرینی ئابووری و ئایینی و سیاسی سەردەم، پارێزگاکانی هێس و ساکسۆن و بەشی هارتزی ئامادەی ڕاپەڕینێکی گشتی کردبوو. لە خودی مولهاوزێن، ئاپۆرەی خەڵکی چینی مامناوەندی خواروو گەلێک لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی مۆنتسێردا بوون و بەردەوام چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە کاتی بگات و سەروەری خۆیان بەسەر لێژنەی دەسپاکیی لەخۆبایی، لە باری ژمارەی ئەندامەکانیانەوە بسەلمێنن. مونتسێر بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات شۆڕش پێش لە کاتی گونجاو هەڵگرسێت، خۆی هەڵوێستێکی هێمنانەتری گرتبووە بەر؛ بەڵام موریدەکەی بە ناوی فایفێر (Pfeifer) کە بزووتنەوەکەی لەم هەرێمەدا زووتر هەڵگرساندبوو، ئەوەندە ئەم ڕەوەتەی بە توندی بردبوە پێش کە ئیتر مۆنتسێر نەیدەتوانی ڕێگە لەو هەڵچوونە بگرێت، هەربۆیە لە 17ی مانگی مارسی 1525دا، بەرلەوەی ڕاسانێکی گشتی لە باشووری ئەڵمانیا ڕوو بدات، مۆلهاوزێن شۆڕشەکەی خۆی دەستپێکردبوو. ئەنجومەنە کۆنە بەهێزەکە لەناو چبوو و، دەوڵەت درابوو بە دەستی ئەنجومەنێکی تازە هەڵبژێردراو بە ناوی "ئەنجومەنی هەرمان" (eternal council)، کە مۆنتسێر سەرۆکی بوو.

خراپترین شتێک کە دەتوانێت بۆ سەرۆکی حیزبێکی توندڕوو ڕوو بدات ئەمەیە کە ناچار بێت دەوڵەتێک لە قۆناغێکدا بگرێتە دەستی کە [[لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئەو نییە]] چونکا بزووتنەوەکەی هێشتا ئەوەندە پێنەگەیشتووە کە بتوانێت ببێتە حکوومەتی چینێک کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها بارودۆخ بۆ چەسپاندنی یاسا و ڕێساکان کە پێویستیی دەسەڵاتداری ئەو چینەیە، گونجاو نەبێت. ئەوەی کە ئەم ڕێبەرە *دەتوانێت* بیکات پەیوەست بە ئیرادەی خۆیەوە نییە بەڵکو پەیوەستە بە ئاستی پێشکەوتویی ململانێی چینە جۆربەجۆرەکانە. هەروەها پەیوەستە بە بارودۆخی ژیانی ماددی و هەلومەرجی بەرهەمهێنان

و پێوەندییەکانەوە، کە ئاستی پێشکەوتوویی ململانێ چینایەتییەکانی هەموو سەردەمێک بەوەوە گرێ دراوە. ئەوەی کە ئەم ڕێبەرە *دەبێت* چی بکات و ئەوەی حیزبەکەی داوای لێدەکات، نە پەیوەستە بە تاکی خۆیەوە و نە پەیوستە بە ئاستی گەشەی ململانێی چینایەتی و بارودۆخەکەیەوە. ئەو گرێدراوە بەو بیروبۆچوون و داواکارییانەی کە تا ئەو کاتە هەیبووە، کە ئەمانەیش لە پێوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان لە چرکەساتێکی زەمەندا یاخود لە ئاستێکی بەختەکیی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی پێوەندییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو کەم تا زۆر ڕیشەی لە دەرک و بۆچوونی ئەو لە ئاکامە گشتییەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە. ئەو بێگومان خۆی لە دۆخێکی دژوار و بێچارەسەردا دەبینێتەوە. ئەوەی *دەتوانێت* بیکات دژ بە هەموو ئەو پرنسیپانە و هەروەها کردارەکانی لە ڕابردوودایە و، دژ بە بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەیەوە هەیە؛ ئەوەیشی کە *دەبێت* بیکات، بەدەست نایێت. بە کورتی، بەناچار نە نوێنەری حیزەکەیەتی نە هیی چینەکەی، بەڵکو نوێنەری چینێکە کە بارودۆخەکان بۆ دەسەڵاتداری ئەو پوخت و گونجاون. لەبەر بەرژەوەندیی خودی بزووتنەوەکە، ئەو ناچارە لە بەرژەوەندییەکانی چینێکی بێگانە بەرگری بکات و، بە بەڵێن و وادە و قسەی جوان چینەکەی خۆی بەو قەناعەتە بگەیێنێت کە بەرژەوەندییەکانی ئەم چینە نامۆیە هەمان بەرژەوەندییەکانی چینەکانی خۆیانە. هەر کەسێک کە دەکەوێتە وەها دۆخێکی نەگونجاو و ناخۆشەوە، بێگومان لەناو دەچێت. ئێمە لەم دواییانەدا نموونەی ئەمانەمان زۆر بینیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە هەڵوێستی نوێنەرانی پرۆلتاریا لە دوایین دەوڵەتی کاتیی فەرەنسەدا وەبیر بهێنینەوە، ئەگەرچی ئەوان تەنیا نوێنەری قۆناغێکی زۆر سەرەتایی لە گەشەی پرۆلتەریا بوون. کەسێک کە لەدوای ئەزموونەکانی دەوڵەتی فێبریەری (1848) - کارمان بە دەوڵەتە کاتییە ڕەسەنەکانی ئەڵمانیای خۆمان و هەروەها نوێنەرانی ئیمپراتووریەتەوە نییە - هێشتا چاوی لە هەڵوێستی فەرمییە، یان زۆر زۆر گەمژەیە یان بەلانی زۆرەوە لە ئاستی قسەدا سەر بە حیزبی شۆڕشگێری توندڕەوە.

پێگەی مۆنتسێر لە سەرۆکایەتی "ئەنجومەنی هەرمان"دا لە ڕاستیدا گەلێک مەترسیدارتر لە هەموو حوکمڕانێکی مۆدێرنی دیکە بوو. نەک هەر بزووتنەوەکەی سەردەمی ئەو، بەڵکو هیی هەموو ئەو سەدەیە، ئەوەندە پوخت و پێگەیشتوو نەبوون کە ئەو ئایدیانە بهێنێنەدی کە خۆیشی تازە خەریکبوو بە چەشنێکی ناڕوون لێیان تێدەگەیشت. ئەو چینەی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکرد نەک هەر بەتەواوەتی گەشەی نەکردبوو و نەیدەتوانی گشت کۆمەڵگە بگۆڕێت و بەسەریدا زاڵ بێت بەڵکو بۆ خۆی لە سەرەتای بوونیدا بوو. ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو لە خەون و تێفکرینەکانی خۆیدای وێنای دەکرد زۆر کەم لە بارودۆخ و هەلومەرجی ماددی و ئابووری ئەو کاتەدا بوونی هەبوو، واتە ئەو هەلومەرجە ماددیەی کە ڕێگەخۆشکەری سیستمێکی کۆمەڵایەتی بوو کە ڕێک دژ بە ئەو شتە بوو کە ئەو خەونی پێوە دەبینی. بەڵام ئەو هێشتا

پابەند بوو بە وتار و مۆعیزەکانی سەبارەت بە یەکسانی مەسیحیەت و هاوبەشیی سامان و سەروەتی ئایینی. ئەو بەلانی‌کەمەوە، ناچار بوو هەوڵێک بدات بۆ بەدیهاتنی ئەو بیرۆکانە. هاوبەش و بەکۆمەڵایەتی‌کردنی هەموو سەروەت و سامانەکان و هەروەها ئەرکی کاری هەمووانی و یەکسان و، لەناوچونی هەموو سەردەستییەکان، ئەو شتانە بوون کە بانگەشەیان بۆ کرابوون. مولهاوزێن بەردەوام وەک شارێکی ئیمپراتووریی کۆماریخواز مابووەوە کە دەستوورێکی تا ڕادەیەک دیموکراتیکی هەبوو و، ئەنجومەنی پیرانەکەی لەڕێگەی دەنگدانێکی گشتییەوە هەڵبژێردرابوون و لەلایەن ئەنجومەنێکەوە دەهاتە بنچاوکردن و، بابەتی دابینکردنی بژێوی ژیانی ڕەشۆکیەکان بە چەشنێکی بەپەلە ڕێکخرابوو. ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەی کە چینی مامناوەندی پرۆتێستانی هاوچەرخی ئەوی پەشۆکاندبوو لەڕاستیدا قەت لە هەوڵێکی لاواز و نائاگامەندانە، بۆ دامەزراندنی پێشوەختی کۆمەڵگەی بورژوازی، دەر نەدەچوو.

وادیارە خودی مۆنتسێر دەرکی بەو بۆشاییە گەورە کردبێت کە لە نێوان تیۆری و واقیعیەتەکانی دەوروبەری خۆیدا هەبوو. هەرچی زۆرتر تیۆرییە زانایانەکانی ئەو لە مێشکی ئاپۆرەی لایەنگرەکانیدا بە چەشنێکی گۆڕدراو وێنا دەکرایەوە، ئەو زۆرتر لەم بۆشاییی و مەودایە تێدەگەیشت. ئەو هەوڵێکی بێوێنە و تێکۆشەرانەی زۆری دەدا بۆ پەرەپێدان و ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە. نامەکانی دەنووسی و بە هەواڵبەرەکاندا بۆ هەموو لایەکی دەناردن. نامە و مۆعیزەکانی ئەو لێوانلێو بوون لە تەعەسوبی شۆڕشگێڕانە کە لە بەراورد لەگەڵ نووسراوە پێشووترەکانیدا سەرسووڕهێنەر بوون. ئەو خەونوخەیاڵە گەنجانە و ساکارانەی کە پێشتر لە نامیلکە شۆڕشگێڕەکانی مۆنتسێردا دەبینران بەگشتی لەناو چبوون. زمانی ئارام و ڕێنوێنانەی ئەم بیرمەندە، کە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو بوو، ئیتر وەبەرچاو نەدەکەوت. ئێستا مۆنتسێر پێغەمبەری شۆڕشە. بەچەشنێکی بێبڕانەوە بڵێسەی ئاوری ڕق و قین دژ بە چینە دەسەڵاتدارەکان پەرە پێدەدات. سەرکێشترین هەستەکان دەورووژێنێت؛ تەنیا باس لە گۆڕانکارییەکی توندوتیژ دەکات و، هەموو ئەم هەستە سەرخۆشکەرە ئایینی و نەتەوەپەرەستانە دەخاتە زاری پێغەمبەرانی تەوراتەوە. لەڕووی ئەو شێوەزارەی کە ئەو ئێستاکە بەکاری دەهێنێت باش تێدەگەین کە ئەو ئاپۆرە خەڵکەی کە دەیویست کاریگەری لەسەریان هەبێت لە چ ئاستێکی فێرکاری و کەلتووریدا بوون. نموونەی مولهاوزێن و شێوازی پرۆپاگەندای مۆنتسێر زۆر بە خێرایی لە دوورترین شوێنەکانیشدا کاریگەری خۆی نیشان دا. لە تورینگێن، ئایسفێلد، هارز و شازادەنشینەکانی ساکسۆن، لە هێس و فولدا، لە فرانکۆنیای سەروو و ڤۆگتلاند (Vogtland)، جووتیاران ڕاپەڕین و لە دەستە و سوپاکاندا لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە و کۆشک و سومەعەکانیان ئاور تێبەردەدا. مۆنتسێر کەم تا زۆر وەک سەرۆکی بزووتنەوەکە دەناسرا و مولهاوزێن وەک ناوەندەکەی مابووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ئێرفورت تەنیا بزووتنەوەیەکی چینی مامناوەند سەرکەوتبوو و، ئەو حیزبەی کە دەسەڵاتداری دەکرد بەرانبەر بە جووتیاران هەڵوێستێکی دولایەنەی هەبوو.

لە تـورینگێن شـازادەکان سـەرەتا هەروەک هەرێمەکـانی فرانکـۆن و شـوابێن لە بەرانـبەر جووتیارەکانـدا بـێدەسـەڵات و نـاتوان بـوون. تەنیـا لە دوایـین ڕۆژەکـانی مـانگی ئاپریلـدا بـوو کە شـازادە هـێس تـوانی دەسـتەیەکی سـەربازی کـۆ بکـاتەوە. ئەمە هەر ئەو کۆنـت فیلیـپەیە کە کـردارە ناڕەواکـانی بەرانـبەر بە جووتیاران لە مێژووی ڕیفۆرماسیۆنی پرۆتێستان و بورژوازیدا ناوبانگی دەرکردووە و، ئێمە دەمانەوێت لێرەدا باسی لێ بکەین. شازادە فیلیپ لە ڕێگەی چەند جووڵەیەکی خێـرا و دەسپێشـخەرییەکی یەکلاییـکەرەوە، بەشێکی زۆر لە خاکەکەی خۆی وەرگرتەوە. ئەو هێزێکی نوێی کۆ کردەوە و پاشان بەرەو هەرێمی حـاکمی فۆلدا هێرشی کرد کە تا ئەو دەم بۆخۆی میری ئەوێ بوو. لە 3ی مانگی مەیـدا ئەو جووتیـارانی فولـدای لە فراونبێرگ شکست دا  و دەستی بەسەر هەموو خاکەکەیدا گـرت؛ ئەو ئەمەی بە هەلێـک وەرگـرت و نەک هەر خۆی لە ژێر ڕکێفی حـاکم دەرهێنـا، بەڵکـو هەرێمـی فولداشـی، بە مەبەسـتی دابەشـکردنی دواتـر، لە دەستی هێس دەرهێنا. لەدوای ئەمانە، ئیزێناخ (Eisenach) و لانگێنزالسـتای (Langensalza) گـرت، پاشـان لەگەڵ هێزەکانی ساکسۆن بوون بەیەک و بەرەو مولهاوزێن، ناوەندی سەرەکی ڕاپەڕینەکە، بەڕێ کەوتن. مۆنتسێر هێزەکانی خۆی لە فرانکهاوزێن کۆ کردەوە، 8000 پیاو و ژمارەیەک تۆپ. هێزەکـانی تـورینگێن لە باری تواناوە زۆر لەو هێزە شەڕڤانەنانە لاوازتـر بـوون کە دەسـتەکانی شـوابێن و فرانکـۆن لە جەنگەکانیـان لەگەڵ ترۆخسێس پێکیانهێنـابوو. لە بـاری چەک و تەقەمەنیشـەوە لاواز بـوون و ڕێکیەتـی و دیسـیپلینیان نەدەناسی. سەربازی لێهاتوو و ڕاهێنراو لە نێویاندا کەم بوو و هیچ ڕێبەرێکی سەربازییان نەبوو. وەک دیـار بوو، خودی مۆنتسێر هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە کاروباری سەربازی نەبـوو. بەڵام، شـازادەکان بەم دەرەنجامە گەیشـتبوون کە باشـتر وایە لەهەمـان ئەو تەکتیکـانە سـوود وەربگـرن کە زۆرجـار یـارمەتی سـەرکەوتنی ترۆخسێسـی دابـوو، واتە پەیمانشـکێنی. لە 16ی مـانگی مەیـدا دەسـتیان دایە دانووسـتان و گەیشتنە ئاگربەست، بەڵام بەر لەوەی کاتی ئاگربەستەکە کۆتایی بێت هێرشیان کردە سەر جووتیارەکان.

مۆنتسـێر لەگەڵ هاوڕێکـانی لە سـەر ئەو کێـوە کە ئەمـڕۆش هەر بە نـاوی چیـای جەنـگ (شـلاختبێرگ (Schlachtberg)) دەناسرێت لە پشت سەنگەرێک لە عەرەبانەکاندا مایەوە. ترس و بێورەیی زۆر خێرا لە ناو هێزەکانیدا پەرەی سەند. شازادەکان بەڵێنیان دابوو کە ئەگەر مۆنتسێر بە زیندوویی بەدەستەوە بـدەن ئەوە بەر لێبوردەیی گشتی دەکەون. مۆنتسێر بازنەیەکی لە هێزەکانی پێکهێنا و پێشنیارەکانی شازادەکانی خسـتە گەڕ کە قسەی لـێ بکرێـت. شـەوالیەیەک لەگەڵ قەشـەیەک ڕای ئەرێنـی خۆیـان بـۆ خۆبەدەسـتەوەدان دەربڕیـی. مۆنتسـێر هەردوکیـانی لە بـازنەکە بانـگ کـردە دەرێ و سـەریانی بـڕی. ئەم کـردەوە بەهێـز و ترسناکە، کە لەلایەن شۆڕشگێڕە بەجۆشـکانەوە پێشـوازی لێکـرا، جـارێکی دیـکە وزەی بەرخـۆدانی لە نـاو جووتیاراندا تا ڕادەیەک وروژاند؛ بەڵام بەشێکی گەورەی ئەوان ئەگەر نەیانزانیبا کە هێزەکانی شازادەکان هەموو گردەکەیان گەمارۆ داوە و، سەرەڕای ئاگربەستەکە لە چەندین ستووندا دێنە پێش، بێگومـان بەبـێ بەرگـری و بەرخـۆدان بڵاوەیـان دەکـرد و هەڵـدەهاتن. ئەوان زۆر بە خێرایـی لە پشـت عەربانەکانـدا

سەنگەریان گرت و جەبهەیەکیان پێکهێنا، بەڵام گوللەی دەمانچە و تفەنگەکان هەموو جووتیارە بێپەنا و نائاشنا بە جەنگەکانی پێکا؛ سەربازەکان ئیتر گەیشتبوونە بەردەم سەنگەرەکانیان. لەدوای بەرخۆدانێکی کورت، هێڵی پێشەوەیان تێکشێندرا و تۆپەکانی جووتیاران کەوتە دەستی دوژمنەوە و، جووتیاران ڕاونران و پەرتەوازە کران. ئەوان زۆر بە شڵەژاوی و پەشێوییەوە بە هەموو لایەکدا هەڵدەهاتن، هەربۆیە زۆر بە ئاسانی دەکەوتنە چنگی ئەو ستوونانەی کە ڕێگەکانیان داخستبوو، واتە ئەو سەربازانەی کە کۆمکوژییەکی بێوێنەیان لە نێویاندا ساز کردبوو. لە 8000 جووتیار پتر لە 5000 کەسیان لەناو بران. ئەوانەی مانەوە، بەرەو فرانکهاوزێن هەڵاتن و هاوکات لەگەڵ ئەواندا سوارەکانی شازادەکانیش هاتن. شار گیرا. مۆنتسێر کە سەری بریندار ببوو لە خانویەکدا دۆزرایەوە و دەستبەسەر کرا. لە 25ی مانگی مەیدا مولهاوزێن خۆی بە دەستەوە دا. فایفێر کە لەوێ مابووەوە توانی خۆی دەرباز بکات، بەڵام ئەویش لە هەرێمی ئیزناخ گیردرا.

مۆنتسێر لە پێش چاوی شازادەکاندا خرایە سەر چەرخی ئەشکەنجە و دواتر سەری بڕدرا. ئەو هەر بەهەمان دلێری و بوێرییەوە کە ژیابوو چووە سەر تەختی مردن. کاتێک کوژرا بە لانی زۆرەوە 28 ساڵی بوو. سەری فایفێر و گەلێک کەسانی دیکەشیان بڕی. لە فولدا، کۆنت فیلیپی هێس، واتە ئەو پیاوە پیرۆزە، دەرگەی دادگا خوێنینەکەی خۆی کردبووەوە. ئەو و شازادەکانی هێس فەرمانیان کرد کە ژمارەیەکی زۆری دیکەش بە شمشێر بکوژرێن - لە ئیزێنباخ 24 کەس؛ لە لانگێنزالنسا (Langensalza) 41 کەس؛ 300 کەس لە دوای جەنگی فرانکهاوزێن؛ لە مولهاوزێن زۆرتر لە 100 کەس؛ لە گێرمار (Germar) 25 کەس؛ لە تۆنگێدا 60 کەس؛ لە زانگێنهاوزێن 12 پیاو؛ وە لە لایپزیک 8 کەس لە ڕاپەڕیوەکانیان بە شمشێر سەر بڕی. ئیتر لێرەدا باس لە خەساندن و ئەو مامەڵانەی دیکە ناکەین کە بڕێک نەرمتر بوون، وەک تاڵان کردن و سووتاندنی گوند و شارەکان.

مولهاوزێن ناچار بوو ئازادیی خۆی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئیمپڕاتووریەتدا بدۆڕێنێت و هەروەک فولدا کە بندەستی شازادەنشینی هێس بوو ئەویش ببێت بە بەشێک لە خاکی ساکۆن.

ئێستا ئیتر شازادەکان لە دارستانی تورینگێن، واتە ئەو شوێنەی کە جووتیارانی کەمپی بیلدهاوز لەگەڵ تورینگێنەکاندا یەکیان گرتبووەوە، تێپەڕیوون و چەندین کۆشکیان سووتاندبوو. جەنگەکە لە نزیکی ماینینگێندا هەڵگرسا. لەم جەنگەدا جووتیاران شکستیان هێنا و بەرەو شار هەڵاتن کە ئەویش دەروازەکانی لێ داخستبوون و هەڕەشەی لێ کردن کە لە پشتەوە هێرش دەکاتە سەریان. سوپای جووتیاران کە بەهۆی خەیانەتی هاوپەیمانەکانییەوە کەوتبوە تەنگانەیەکی سەختەوە، خۆی ڕادەستی شازادە کرد و لە کاتێکدا کە هێشتا دانووستانەکان تەواو نەببوون بڵاوەیان کرد. کەمپی بیلدهاوز لێک هەڵوەشابووەوە و، بەم شێوەیە پاشماوەکانی ڕاپەڕینەکانی ساکسۆن، هێس، تورینگێن و هەرێمی فرانکۆنی سەرەوە بەگشتی قڕ کران.

لە ئالزاس سەرهەڵدانەکە درەنگتر لە بزووتنەوەی بەشی ڕاستی ڕووباری ڕاین دەستی پێکرد. جوتیارانی ئۆسقوفنشینی شتراسبورگ تازە لە ناوەڕاستی مانگی ئاپریل سەریان هەڵدەدا. کەمێک دوای ئەمە سەرهەڵدانی جووتیارانی ئازاسی سەروو و زۆندگاو (Sundgau) هەستانە سەرپێ. لە 18ی ئاپریلدا دەستەی جووتیارانی ئالزاسی خواروو سەومەعەی ئالتدۆرفی بەتاڵان برد. دەستە و گرووپگەلێکی دیکە لە ئێبێرشایم و بار (Barr) و هەورەها لە دەربەندی ئوربیس (Urbis) پێکهێنران. زۆر بە خێرایی ئەمانە وەک گەورەترین گرووپی جووتیاریی بەشی ئالزاسی خواروویان لێهات و بە چەشنێکی ڕێکخراو شار و شارۆچکەکانیان دەگرت و سەومەعەکانیان وێران دەکرد. لە هەموو شوێنێک لە هەر سێ پیاو دو کەسیان دەبرد بۆ سەربازی. دوازدە داواکارییەکەی ئەم گرووپە گەلێک ڕادیکاڵتر لەوەی جووتیارەکانی شوابێن و فرانکۆن بوو.

لە سەرەتای مانگی مەیدا ستوونێک لە جووتیارەکانی ئالزاسی خواروو سەرەتا لە نزدیکی سەنت هیپۆلیت (St. Hippolite) کۆ بوونەوە و هەوڵیان دا شارەکە داگیر بکەن بەڵام دەسکەوتێکی نەبوو؛ پاشان لە ڕێگەی ڕێکەوتنێک لەگەڵ خەڵکی شارەکان توانییان لە 10ی مانگی مەیدا بارکێن (Barken)، لە 13ی مەیدا ڕاپۆتسوایلێر (Rappoldtsweiler) و لە 14 هەمان مانگدا ڕایشێنوایێر (Reichenweier) بە سەرکەوتوویی داگیر بکەن. ستوونێکی دووەم بە ڕێبەرایەتی ئێراسمووس گێربێر (Erasmus Gerber) بەرەو شتراسبورگ بەڕێ کەوت بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەو شارە. ئەم هەوڵە سەرنەکەوت و ئەم ستوونە ڕێگەکەی خۆی بەرەو ڤۆسگێس (Vosges) گۆڕی و سەومەعەی مارس مۆنتسێری خاپوور کرد و زابێرنی (Zabern) کە خۆی بەدەستەوە دابوو لە 13ی مانگی مەیدا گەمارۆ دا. لەوێوە بەرەو جەبهەی لۆرێن (Lorraine) هات و لەکاتێکدا کە دەربەندە شاخاوییەکانی داگیر دەکرد بەشێکی زۆری شازادەنشینیەکەی ڕاپەڕاند. لە هێربیتسهایم (Herbolzheim) لە تەنیشت ڕووباری زار (Saar) لە نزیکی نویبورگ (Neuburg) کەمپێکی گەورەی لێدا. لە زارگمۆند(Saargemund) 4000 جووتیاری هەرێمی لۆرێن سەنگەریان دامەزراند. لە کۆتاییدا دوو دەستەی جووتیاری، واتە دەستەی جووتیاری کۆلبێن (Kolben) و ڤۆسگێس لە شتوتسێلبێرن (Stuerzelbrunn) و گرووپی کلیبێرگ (Kleeburg) لە دەوری وایسێنبێرگ (Weissenburg) ناوەڕاستی جەبهەکە و باڵی ڕاستی جەبهەکەیان پڕکردەوە، لە کاتێکدا کە باڵی چەپ پشتی بە ئالزاسی سەرووگەرم بوو.

لەم بەشە دواییەدا کە جووڵەکان لە 20ی ئاپریلەوە دەستی پێکردبوو، شارەکانی زولتس (Sulz) لە 10ی مانگی مەیدا، گێبوایلێر لە 12 مەیدا و زێنهایمی (Sennheim) و دەوروبەرەکەی لە 15 مانگی مەیدا ناچار کران پەیوەست بن بە ئەنجومەنی برایەتی جووتیارانەوە. دەوڵەتی نەمسا و شارەکانی ئیمپراتووریەتی دەوروبەری سەرەڕای ئەوەی کە خێرا لە بەرانبەر جووتیاراندا خۆیان ئەنجومەنێکیان دامەزراندبوو بەڵام ئەوەندە لاواز بوون کە توانای بەرخۆدانیان لە بەرانبەر ئەواندا نەبوو چ جای ئەوەی کە هێرش بکاتە

سەریان. بەم شێوەیە، جگە لە چەند شارێک، هەموو ئالزاس تا ناوەڕاستی مانگی مەی کەوتبووە دەستی هێزە ڕاپەڕیوەکان.

لەم سەروبەندەدا سوپایەک خەریک بوو نزیک دەبووەوە بۆ ئەوە جووتیارەکانی ئالزاس سەرکوت بکات. سوپاکە پێکهاتبوو لەو هێزە فەرەنسیانەی کە هێزی چەکداری حکوومەتی ئەعیانەکانیان پێکدەهێنا. لە 16ی مەیدا شازادە ئانتوان لە لۆرێنەوە بە سوپایەکی 30000 کەسییەوە کە سەرگوڵی ئەعیانەکانی فەرەنسا و هێزە کۆمەکییەکانی ئیسپانیا و پیدمێنتێز (Piedmontese) و لومباردیک و یۆنان و ئەڵمانیای تێدا بوو، بەرێ کەوت. ئەو سوپایە لە 16ی مانگی مەیدا بەرەورووی 4000 جووتیار بووەوە لە لوتسێلشتاین (Luetzelstein) کە بە ئاسانی شکستی دان و، لە 17ی مەیدا توانی شاری تسابێرن (Zabern) کە لە دەستی جووتیاراندا بوو ناچار بکات خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەڵام کاتێک کە لۆرێنییەکان هاتنە ناو شارەوە و جووتیارەکان لە چەک داماڵران، مەرجەکانی خۆبەدەستەوەدان گۆڕدرا. سەربازەکان هێرشیان کردە سەر جووتیارە بێدەرەتانەکان و زۆربەیان کوشتن. باشماوەکانی ستوونی ئالزاسی خواروو پەرتەوازە کران و، شازادە ئانتۆن بەرەو ئالزاسی سەروو بەرێ کەوت. ئەمانە کە ڕێگەیان نەدابوو ئالزاسییەکانی خواروو بچنە تێسابێرن، ئێستا لە شێروایلێر (Scherweiler) خۆیان کەوتبوونە بەر هێرشی لۆرێنەکان بە هەموو هێز و توانایانەوە. ئەوان زۆر قارەمانانە بەرگرییان لە خۆیان کرد بەڵام باڵادەستبوونی ژمارەی هێزەکانی ئەوان ـ 30000 لە بەرانبەر 7000 ـ وە خەیانەتی هەندێک لە شەوالییەکانی، بەتایبەت حاکمی ڕایشنوایر (Reichenweier) هەموو ئەم بەرخۆدانەیان بەفیڕۆ دا. ئەوان بە تەواوەتی سەرکوت و پەرتەوازە کران. ئێستا شازادە بەهەمان شێوازی دڕندانە، سەرجەم هەموو ئاڵزاسی دامرکاندبوو. تەنیا زوندکار لە هاتنی ئەو بێبەش بوو. دەوڵەتی نەمسا بەم هەڕەشەیە ئەم شازادەیە بەکار دەهێنێت بۆ سەرکوتکردنی جووتیاران، ئەوانی ناچار کرد ڕێکەوتننامەی ئێنزیسهایم (Ensisheim) لە سەرەتای مانگی جووندا ببەستن. بەڵام دەوڵەت ڕێکەوتننامە و بەڵێنەکەی خۆی شکاند و فەرمانی کرد کە ژمارەیەک لە ڕێبەران و وتاربێژانی ئەم بزووتنەوە لە سێدارە بدەن. جووتیاران دیسانەوە سەرهەڵدانێکی نوێیان ساز کرد کە لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جووتیارانی زوندگاو ڕێکەوتنامەی ئۆفێنبورگ (Offenburg) ( لە 18ی سێپتەمبەردا) واژۆ بکەن.

ئێستا تەنیا شتێک کە ماوەتەوە ڕاپۆرتێکە لە جەنگی جووتیاری هەرێمەکانی ئاڵپی نەمسا. ئەم هەرێمانە و هەروەها ئوسقۆفنشینی زالتسبورگ (Salzburg) هەر لە کۆنەوە بەردەوام دژایەتی و ناکۆکییان لەگەڵ دەوڵەت و ئەعیانەکان هەبووە، وە بیروبۆچوونەکانی ڕیفۆرماسیۆنی [[ئایینی]] لەوێدا بەستێنێکی بەپیتی بۆ خۆی دۆزیبووەوە. ئازار و ئەشکەنجەی ئایینی و باجی زۆر و سەرەڕۆیانە ڕاپەڕینەکەی گەیاندبوە خاڵێکی قەیراناوییەوە.

شاری زالتسبورگ بە پشتیوانی جووتیاران و کرێکارانی کانزاکان لەساڵی 1522ەوە لەگەڵ ئوسقۆفی گەورە ناکۆکیان هەبوو کە ئەمەش بەهۆی سەرەوەریی شاریبوونی و هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینییەکانیەوە بوو. لە کۆتایی ساڵی 1523دا ئوسقۆفی گەورە کە ئێستا کۆمەڵێک سەربازی خۆبەخشی هەبوو و خاوەنی تۆپخانەیەکیش بوو، هێرش دەکاتە سەر شارەکە و بەدوای هەموو واعیز و وتاربێژەکاندا دەگەڕێت کە بیانگرێت. لەهەمان کاتدا باجێکی قورسیشی دابین کرد و بەم شێوەیە ئاستی نارەزایی خەڵکی گەیاندە ترۆپکی خۆی. لە بەهاری 1525دا، هاوکات لەگەڵ سەهەڵدانەکانی شوابێن و تورینگێن، جووتیاران و کرێکارانی کانزاکانی هەموو ئەم هەرێمە ڕاپەڕین و لەژێر فەرمانی براسلێر (Brossler) و وایتموزێر (Weitmoser) خۆیان ڕێک خست و توانیان شار داگیرکەن و دەست بە سەر کۆشکدا بگرن. هەروەک جووتیارەکانی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، یەکیەتییەکی مەسیحیان پێکهێنا و گەلاڵەی داواکاریەکانی خۆیان لە چوارده ماددەدا دارشت.

لە شتایرا لە بەشی سەرووی نەمسا، لە کارێنتیا (Carenthia) و کارنۆیلا (Carniola) کە باج، گومریک و ڕێسا نایاساییە نوێکان گەلێک قورس بوون و گرنگترین پێداویستییەکانی خەڵکی لەژێرپێ نابوو، جووتیارەکان لە بەهاری 1525دا ڕاپەڕین. ئەوان ژمارەیەک لە کۆشکەکانیان گرت و لە گریس (Grys) سەرۆکفەرماندە دێرینەکەی حکومەتی دێتریششتاینیان (Dietrichstein) شکست دا کە کاتی خۆی بەسەر بزووتنەوەکەدا سەرکەوتبوو. ئەگەرچی دەوڵەت توانیبووی بە کۆمەڵێک فێڵ و بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ بەشێک لە ڕاپەڕیوەکان ڕام بکات بەڵام بەشێکی زۆریان لەگەڵ یەکتر مانەوە و لەگەڵ جووتیارانی زالسبورگ یەککەوتن، بەم شێوەیە هەموو هەرێمی زالتسبورگ و بەشێکی گەورەی نەمسای سەروو و هەروها شتایرمارک، کارێنتیا و کارنۆیلا کەوتە دەستی جووتیاران و کرێکارە کانزاییەکانەوە.

لە تیرۆل (Tyrol)، بیروبۆچوونی ڕیفۆرماسیۆن توانیبووی هۆگرانێکی زۆر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە. لەم هەرێمەدا تەنانەت زۆرتر لە هەرێمەکانی ئاڵپی نەمسا، واعیزانی بیروبڕواکانی مۆنتسێر سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو. شازادە فێردیناند لێرەشدا بەدوای واعیز و وتاربێژەکانی بۆچوونە نوێکان کەوت و دەیویست بیانگرێت، لەهەمان کاتدا هەندێک ڕێسای داراییی سەرەڕۆیانەیشی دیاری کردبوو کە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکرد. لە ئاکامدا، وەک هەموو شوێنەکانی دیکە لە بەهاری هەمان ساڵدا واتە 1525 سەرهەڵدانەکان دەستی پێکرد. ئەم سەرهەڵدانە کە ڕێبەرایەتییەکەی لە دەستی گایسماییێر (Geismaier)، یەکێک  لە موریدەکانی مۆنتسێردا بوو و تەنیا کەسێک بوو کە لەناو هەموو سەرۆکەکانی جووتیاراندا لە باری سەربازییەوە شارەزا و لێهاتوو بوو، ژمارەیەک لە کۆشک و قەڵاکانی داگیر کرد. بەتایبەت لە باشوور و لە هەرێمی ئێچ (Etsch) دژ بە قەشەکان جووڵانەوەی جیددی و بەرچاوی هەبوو. جووتیارانی فۆرئالبێرگ (Vorarlberg)یش هەستان و پەیوەست بوون بە جووتیارانی ئالگۆی.

شازادە و ئوسقۆف کە لە هەموو لایەکەوە لە گوشاردا بوون، ناچار بوون لە بەرانبەر ئەو یاخییانەدا کە ماوەیەک لەوەپێش دەیانویست بە تالان و کوشتن و سوتان بنەبڕیان بکەن، سازان بکەن. ئەو ئەنجومەنی ناوچەکەی بانگهێشت کرد و هەتاکو ئامادەبونیان، لەگەڵ جووتیارەکاندا پەیمانی ئاگربەستی واژۆ کرد. بەڵام لەم سەروبەندەدا بەردەوام خەریکی پڕچەککردنی خۆی بوو بۆ ئەوەی لە یەکەم هەلێکدا کە بۆی هەڵدەکەوێت لەگەڵ ئەم بێدینانە بە زمانێکی دیکە بئاخفێت.

ئاساییە کە ئاگربەستەکە زۆری نەخایاند. دیتریش شتاین کە پارەکانی تەواو ببوو ڕووی کردە شازادەنشینەکان و باجی وەدگرت و ئاگری تێبەردەدان؛ سەربازە ئیسلاوی و مەجارییەکانی ئەو ڕێگەیان بە خۆیان دەدا کە بە بێشرمانەترین و دڕندانەترین شێواز لەگەڵ خەڵک بجووڵنەوە. جووتیارانی هەرێمی شتایرمارک جارێکی دیکە هەستانەوە و لە شەوی 3ی ژوڵای هەڵمەتێکیان کوتایە سەر دیتریش ئێشتاین، و هەر کەسێک کە بە زمانی ئەڵمانی قسەی نەکردبایە دەیانکوشت. دیتریش شتاین بۆخۆی دەستبەسەر کرا.

لە بەرەبەیانی 4ی ژوڵایدا جووتیارەکان دادگایەکی ناوچەییان ڕێکخست و لەوێدا 40 کەس لە ئەعیانە چێکی و کرۆواتییەکانیان لە نێو دیلەکاندا مەحکووم بە مردن کرد. خێرا حوکمەکەیان جێبەجێ کردن. ئەمە کاریگەری زۆری هەبوو. شازادە خێرا ملی بۆ هەموو داواکارییەکانی ئەم پێنج شازادەنشین و هاوپیشانە کەچ کرد: (نەمسای سەروو و خواروو، شتییر مارک، کارینتیا و کارنیۆلا).

لە تیرۆلیش هەمو داواکارییەکانی ئەنجومەنی ناوچەیی پەسند کرا و، بەم شێوەیە بەشی باشوور هێمنایەتی و ئاسایشی بەخۆوە بینی. بەڵام لە هەرێمی باشوور، جووتیاران لە بەرانبەر بڕیارە خەساوەکانی پەرلەمانی ناوچەکەدا، بەردەوام بوون لە داکۆکی کردن لەسەر داواکارییە سەرەکییەکانی خۆیان و هەروا چەکلەدەست مانەوە. تەنیا لە مانگی دیسامبەردا بوو کە شازادە توانی لەم هەرێمەدا بە زەبروزەنگ سەرلەنوێ هێمنایەتی و نەزم سەقامگیر بکاتەوە. ئەو دوودڵ نەبوو لە کوشتن و لەسێدارەدانی دەستەیەکی زۆر لەو ڕێبەر و وتاربێژانەی شۆڕش کە وەبەر چنگی دەکەوتن.

ئێستا 10000 کەس لە هەرێمی باواریا، بە سەرۆکایەتی گێئۆرک فۆن فرۆندسپێرگ ( Georg of Frundsberg)، بۆ بەرەنگاربوونەوەی سالزبورگ بەڕێ کەوتن. ئەم هێزە گەورەی سوپا هاوڕێ لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان جووتیاراندا سەری هەڵدابوو، خەڵکی زالتسبورگی ناچار کرد ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ ئۆسقۆفی گەورە واژۆ بکات کە لە یەکی مانگی سێپتەمبەردا بەسترابوو و شازادەیش پەسندی کردبوو. ئەو دوو شازادەیەی کە لەم ماوەیەدا هێزەکانی خۆیان تەیار کردبوو خێرا ئەم ڕێکەوتننامەیان پێشێل کرد و بەم شێوەیە جووتیارانی زالتسبورگیان بۆ ڕاپەڕینێکی دیکە بانگهێشت کرد. هێزە ڕاپەڕیوەکان بە هەر شێویەک بوو زستانیان تێپەڕاند. لە بەهاردا گایسمایریش هاتە ڕیزیانەوە و مامەڵەیەکی

شارەزایانەیان لەگەڵ ئەو سەرابازانەدە کرد کە لە هەموو لایێکەوە خەریک بوون لێیان نزیک دەبـوونەوە. لە زنجیرە نەبەردێکی زۆر شازدا لە مانگی مەی و جوونی 1526 توانیـان سـوپای باواریـا، نەمسـا، شـوابێن و سـەربازەکانی ئوسـقۆفی گەرورە یەک لە دوای یەک تێکشـکێنن و هەتـاکوو مـاوەیەکی زۆر ڕێگەیـان نەدا هێـزە جیاوازەکـانی دوژمـن یەک بگـرنەوە. هەروەهـا لەم ماوەیەشـدا دەرفەتـی بـۆ هەڵـکەوت و تـوانی ڕادشاتیش (Radstadt) گەمارۆ بدات. لەکۆتاییدا بەهۆی زۆریی هێزەکانی دوژمـن، کە لە هەمـوو لایـێکەوە گەمارۆیان دابوو، ناچار بوو بە پاشەکشەکردن خۆی لەو گەمارۆیە دەرباز بکات. هەربۆیە خـۆی بە سـوپای دوژمنـدا دا و لەگەڵ ئەوانەی بـۆی مـابووەوە بەرەو ئـاڵپی نەمسا بـۆ هەرێمـی ڤێنیـز (Venetian) ڕۆیشـت. بارودۆخی کۆماری ڤێنیز و سویس هەلێکی بۆ ئەم ڕێبەرە ماندوونەناسەی بـزووتنەوەی جووتیـاری ڕەخسـاند کە دیسان سەرلەنوێ کۆمەڵانی خەڵک دنە بدات بۆ پیلانێکی نوێ. ئەو سەرانسـەری یەک سـاڵ تێکۆشـا بۆ ئەوەی کە ئەوان بەرەو جەنگێک لەگەڵ نەمسا ڕابکێشێت بەو مەبەستەی کە هەل و دەرفەتێکـی نـوێ بـۆ ڕاپەڕینـی سـەرلەنوێ جووتیـاران بڕەخسـێنێت. بەڵام هەر لەکـاتی ئەم دانووسـتانانەدا بـوو کە دەسـتی بکوژێکی پێگەیشت. شـازادە فێردینانـد و ئۆسـقۆفی گەورەی زالتسـبورگ تـا ئەو کـاتەی کە گـایس مـایێر زیندوو بوو ئۆقرەیان نەبوو. هەر بۆیە ئەوان جەردە و پیاوکوژێکیان کرِی کە توانی ئەم یاخیە مەترسیدارە لە 1527دا لە ژیان دابڕێت و بیکوژێت.

## بەشی حەوتەم

# ئاکامەکانی جەنگی جووتیاری

لە دوای پاشەکشەکەی گاریسمایێر، دوایین دێڕەکانی جەنگی جووتیاریش کۆتایی پێ هات. جووتیارەکان لە هەموو شوێنێک جارێکی تر کەوتنە ژێر ڕکێفی ڕێبەرە ئاییینی و ئەعیان و ئەربابەکانیانەوە. ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لێرە و لەوێ لە نێوانیاندا بەسترابوو پێشێل کران و بار و گوشارێکی زۆر لە ئاکامی ئەو غەرامانەی لەلایەن هێزی براوەی جەنگەکەوە خرابووە سەرشانی شکستخواردووەکان، لە زیادبووندا بوو. گەورەترین هەوڵی خەڵکی ئەڵمانیا بە شکستێکی سەرشۆڕانە کۆتایی پیهات کە باری سەرشانی ئەوانی بۆ ماوەیەک دوو ئەوەندە کردەوە. بەڵام لە درێژخایەندا دۆخی جووتیارەکان خراپتر لەمە نەبووەوە. چونکا ئەعیان و شازادە و قەشەکان هەرچی هەیانبووە هەتا ئەو کاتە و بەر لە جەنگەکە لێیان داگیر کردبوون. جووتیارە ئەڵمانییەکان لەو سەردەمەدا یەک خاڵی هاوبەش و لەیەکچوویان لەگەڵ پڕۆلتەریا مۆدێرن هەبوو ئەویش ئەمە بوو کە پشکی ئەو لە بەرهەمی کارەکەی لە نزمترین ئاستی پێداویستییەکانی بژێوی ژیانیدا بوو و هەر ئەوەندە بوو کە بتوانێت درێژە بە ژیانی بدات و نەوەی خۆی بە منداڵبوون دروست بکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو جووتیارانەی کە سووکەداراییەکیان هەبوو و پێشتر لە ئاستێکی مامناوەنددا بوون، کەوتبوونە فەلاکەتەوە؛ دەستەیەکی زۆر لە جووتیارە کرێچی و سەربەخۆکان سەرلەنوێ ناچاربوون پشتبەستی ئەرباب ببنەوە و کۆیلەتی بکەن؛ بەشێکی بەرفراوان لە خاک و کێڵگە هاوبەشەان داگیر کرانەوە؛ ژمارەیەکی هەرە زۆر لە جووتیارەکان بە هۆی کاولبوونی خانووەکانیان و هەروەها کێڵگەکانیان و لە ئاکامی بشێوی و ئاژاوە گشتییەکاندا، بەناچار ئاوارە و گەڕۆک ببوون و تێکەڵ بە هەژارانی شار ببوون. بەڵام جەنگ و وێرانی ببووە دیاردەیەکی ڕۆژانە لەو سەردەمەدا و، بە گشتی، چینی جووتیار لە وەها دۆخێکی نزم و نالەباردا دەژیا کە ئیتر بەهۆی هەندێک شت وەک باری باجەکان، ژیانیان تاڵتر و پەستتر لەوە نەدەبوو. جەنگە ئایینیەکانی دوای ئەم قۆناغە و، لە کۆتاییدا جەنگی سی ساڵە، لەگەڵ ئەو وێرانی و ئاوارەییە گشتیانەی کە بەردەوام دووپات دەکرانەوە، گورزێکی زۆر کوشندەتر لە جەنگی جووتیاری لە جووتیاران دا. ئەمە جێگەی سەرنجە کە جەنگی سی ساڵە گرنگترین بەشەکانی هێزی بەرهەمهێنەری لە کەرتی کشتوکاڵدا لەناو برد و، بەم شێوەیە هاوڕێ لەگەڵ وێرانکاریی زۆرێک لە شارەکان لەو سەردەمەدا، جووتیاران و ڕەشۆکی و شارنشینە ماڵوێرانەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر تووشی بەدبەختی و چەرمەسەری کرد، هاوشێوەی ئەو هەژاری و بێدەرەتانییەی کە جووتیارە ئیرلەندییەکان تێیکەوتن.

ئەو چینەی کە لە ئاکامی جەنگی جووتیاریدا زۆرترین خەساری پێگەیشت پیاوە ئایینیەکان بوون. سەومەعەکان و ئەعیاننشینە وەقفییەکانیان ئاوری تێبەردرا، خەزێنە پڕبەهاکانیان بە تالان چوو یان لە هەندەران فرۆشرا و توانەوە. پاشەکەوتەکانیان قووت درا. لە هەمووان کەمتر توانای بەرخۆدانیان هەبوو و، لەهەمان کاتدا هەموو گوشاری قین و ڕقی خەڵک بە ناخۆشترین شێوە ڕووی لەوان بوو. هاوپیشەکانی دیکە، واتە شازادەکان و ئەعیان و چینی مامناوەند لە دڵی خۆیاندا گەلێک لەم دۆخە نالەبارەی پیاوە ئاینییەکان و ئەو ڕق و قینەی کە خەڵک لەوانی هەبوو دڵخۆش بوون. جەنگی جووتیاری، سەندنەوەی خاوەندارییێتی داراییە وەقفییەکان لە کەلیسا و دابەشکردنی بە قازانجی جووتیارانی کرد بە بابەتێکی پەسندکراو. شازادەکان و دەستەیەک لە شارنشینەکان هەوڵیان دا خاوەندارێتیی داراییە وەقفییەکان بەقازانجی خۆیان بسڕنەوە، هەر بۆیە زۆرینەی داراییەکانی کەلیسا لە هەرێمە پرۆتێستانییەکاندا کەوتە دەستی شازادەکان و لیژنەی دەسپاکان. بەڵام دەسەڵات و سەروەری شازادە ئاینینەکانیش بێ خەسار نەمایەوە و شازادەکان ئەمجار زانیان کە بە چ شێوازێک ڕق و قینی خەڵک بەم ئاقارەدا ببەن. بینیمان کە چۆن حاکمی ئایینی فولدا لە پێگەی ئەربابێکی فیۆدالییەوە دابەزییە سەر پێگەی خزمەتکارێکی شازادە فیلیپ لە هێس. بەم شێوەیە، شاری کێمپتێن شازادەی ئایینی ناچار کرد کە هەندێک لە سەروەری و مافە تایبەتە پڕبەهاکانی خۆی لە شاردا هەرزانفرۆش بکات.

چینی ئەعیانیش بەهەمان شێوە خەسارێکی گەورەی بینی. زۆربەی کۆشکەکانیان کاول کران و ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە شکۆمەندەکان لە باری داراییەوە ماڵوێران بوون و، خزمەت بە پادشایان وەک تاقە ڕێگەی بژێوی ژیانی خۆیان دەبینی. بێدەسەڵاتی ئەوان لە بەرانبەر جووتیاراندا لە هەموو شوێنێکدا سەلمێرابوو. ئەعیان لە هەموو شوێنێک شکستی هێنابوو و ناچار ببوو خۆی بە دەستەوە بدات. ئەمە سوپای شازادەکان بوو کە ئەوانی ڕزگار کردبوو. بەم شێوەیە، ئەعیانەکان زۆرتر و زۆرتر گرنگیی خۆیان وەک هاوپیشەیەکی ئازاد و نزیک لە ئیمپراتوور دۆڕاند و، فرەتر کەوتنە ژێر ڕکێفی شازادەکانەوە.

بەگشتی، شارەکانیش بەهەرە و قازانجێکیان لە جەنگی جووتیاری بەر نەکەوت. دەسەڵات و سەروەریی لیژنەی دەسپاکی دیسان لە هەموو شوێنێکدا خۆی سەقامگیر کردەوە و، ئۆپۆزیسیۆنی چینی مامناوەند بۆ ماوەیەکی درێژ تێکشا. ئەعیانە بەدەسەڵاتە کۆنەکان کە لە هەموو بارێکدا بە بازرگانی و پیشەسازییەوە گرێ درابوون، هەرچۆنێک بوو خۆیان تا شۆڕشی فەڕەنسا گەیاند. شازادەکان شارەکانیان بە بەرپرسی ئەو سەرکەوتنانە دەزانی کە حیزبەکانی چینی مامناوەند و ڕەشۆکی لە ماوەی ململانێکاندا بە دەستیان هێنابوو. ئەو شارانەی کە پێشتر سەربە شازادەکان بوون ناچار کران خەرج و غەرامەی سووتان و ئاورلێکەوتنەکان بدەن، هەروەها سەروەری و مافە تایبەتەکانیان دۆڕاند و بەوپەڕی بێمەیلی و بێئیرادەییەوە چۆکیان بۆ خواستە پڕ لە تەماحەکانی شازادەکان دادا، (بۆ وێنە شارەکانی فرانکێنهاوزێن، ئارنشتات، شمالکالدێن،

ویرتسبیرگ و هتد.)، وە شارەکانی سەر بە ئیمپراتووریەت خرانە سەر مڵک و زەویەکانی شازادەنشینەکان (بۆ وێنە مولهاوزێن)، یاخود زۆرێک لە شارەکانی هەرێمی فرانکێن ناچار کران کە لە باری ئەخلاقییەوە سەر بە شازادە دراوسێکان بن و ئیتاعەی ئەوان بکەن.

قازانجبەرە سەرەکییەکانی ئەم هەلومەرجە شازادەکان بوون. ئێمە لە سەرەتای باس و وەسفەکانماندا بینیمان کە لاوازیی گەشەی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ ڕێگەی نەدەدا کە ئەڵمانییەکان بکەونە دۆخێکی ناوەندمەندەوە و وەک نەتەوەیەک دەرکەون، واتە ناوەندمەندی تەنیا لە ئاستی ناوچەیی یاخود ناحییەییدا مومکین دەبوو؛ هەربۆیە نوێنەرانی ناوەندمەندی لە ناو پەرتەوازەییەدا، واتە شازدەکان، تاقە گرووپێک بوون کە قازانجیان لە هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبرد. دۆخی گەشەی ئەو ڕۆژانەی ئەڵمانیا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو و، ئەم دۆخە لە پارێزگا جۆربەجۆرەکاندا ئەوەندە جیاواز بوو کە لە تەنیشت شازادە ئاساییەکانەوە، کۆمەڵێک شازادەی ئایینی سەربەخۆ، کۆمەڵێک کۆماری شاری و، کۆنت و بارۆنە سەربەخۆکانیش بوونیان هەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینرا کە ئەم گەشە، سەرەڕای کاوەخۆیی و لاوازبوونی، بەردەوام بەرەو ناوەندمەندی پارێزگایی دەچێت؛ واتە هەوڵ دەدات هەموو تاقم و دەستە و هاوپیشەکانی ئیمپراتووریەت بهێنێتە ژێر ڕکێفی شازادەکانەوە. بەهۆی ئەمەوە بووە کە لە کۆتایی جەنگی جووتیاریدا تەنیا دەستەی شازادەکان دەیانتوانی لە دۆخەکە سوود و قازانج وەر بگرن. ئەمە لە واقیعیشدا ڕووی دا. ئەوان نەک هەر بە چەشنێکی ڕێژەیی لە لاوازبوونی ڕکابەرەکانیان، واتە پیاوە ئایینیەکان و ئەعیانەکان و شارییەکان، سوودیان وەرگرت بەڵکو بە چەشنێکی ڕەهایش براوە بوون، چونکا دەسکەوت و غەنیمە کۆکراوەکانی هەموو ئەوانەی دیکە بەر چنگی ئەمان کەوت. ئەو زەوی و کێڵگانەی کە هیی کەلیسا بوون بە قازانجی ئەوان دەستیان بەسەردا گیرا؛ بەشێک لە ئەعیانەکان بەگشتی یاخود تارادەیەک لەباری ئابوورییەوە ماڵوێران بوون و ناچارکران ملکەچی سەرەوەریی شازادەکان بن؛ ئەو پارانەی کە هیی غەرامەی ئاورگرتنەکان بو و لە شارەکان و هەرێمە جووتیارییەکان وەر دەگیردران دەچوونە سندووق و خەزێنەکانی ئەوانەوە، کە ئێستاکە بە هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە ماف و سەروەرییەکانی شار، دەستیان بۆ هەموو چالاکییەک لە بواری کاروباری داراییدا کرابووەوە.

پەرتەوازەیی ئەڵمانیا، کە بەرفراوانبوونەوە و هەروەها سەقامگیرییەکەی دوابەرهەمی جەنگی جووتیاری بوو، لە هەمان حاڵدا هۆکاری ناسەرکەوتووییەکەیشی بوو.

ئێمە بینیمان کە چۆن ئەڵمانیا نەک هەر لە شێوازی کۆمەڵێک ناحیە و پارێزگای سەربەخۆ و بەتەواوەتی نامۆ لەیەکتر، لێکتر پچڕابوو و پەرتەوازە ببوو، بەڵکوو خودی نەتەوەیش لە هەر یەک لەم شوێنانەدا دابەش کرابوو بە کۆمەڵێک دەستە و هاوپیشە و گرووپەوە. لە گوندەکاندا جگە لە شازادە و قەشەکان،

کۆمەڵانی ئەعیـان و جووتیـارانیش ئامـادە بـوون؛ لە شـارەکاندا ئەعیـانە شـارییەکان و چینـی مامناوەنـد و ڕەشۆکییەکان دەبیندران. ئەم چینیانە، ئەگەر لە دژایەتییەکی ڕاستەقینەش بەرانـبەر بەیەکـتر نەبـوایەتن، ئەوا بێگومان بەرانبەر بە بەرژەوەندییەکانی یەکتر گەلێک نامۆ بوون. لە سەرووی هەمـوو ئەم بەرژەوەنـدی و قازانجانەوە هێشـتا بەرژەوەنـدییەکانی ئیمپراتـووریەت و پاپـا ڕاوەسـتابوو. بینـیمان کە ئەم بەرژەوەنـدییە جۆربەجۆرانە چلۆن بە چەشنێکی زۆر ئارام و ناتەواو و جیاواز، دواجار لە ناوچاوە جۆربەجۆرەکاندا توانیـان لە سێ گرووپی گەورەدا بگرسێن. هەروەها بینـیمان کە چلـۆن سـەرەڕای ئەم پـۆلێن و دەسـتەبەندییە دژوارە، هەر یەک لەم هاوپیشانە لەگەڵ ئەو ڕێوشـێوەنەی کە بەرهەمـی کەش و هەوای گەشـەی نەتەوەیـی بـوو دژایەتییان دەکرد، هەموو گرووپێکی هاوپیشە و دەستەیەک دەیویست بـزووتنەوەکە بەپێـی توانـای خـۆی ببـــاتە پـــێش، وە بەم شـــێوەیە نەک هەر لەگەڵ کۆنزێرڤاتیڤەکـــان بەڵکـــوو لەگەش دەســـتە و گرووپەهاوپیشەکانی دیکەش ململانێیان هەبوو. کەوابوو، لە ئاکامـدا هەر شکسـتیان بـۆ دەمـایەوە. ئەمە چارەنووسی ڕاپەڕینەکەی زیکینگێن، چارەنووسـی جووتیـاران لە جەنگـی جووتیـاری و، چارەنووسـی چینـی مامناوەند لە ڕیفۆرماسیۆنە بێرۆحەکەیاندا بوو. ئەمە تەنـانەت چارەنووسـی ئەو جووتیـارانە و ئەو ڕەشـۆکیانە بوو کە لە زۆربەی ناوچەکـانی ئەڵمانیـادا نەیانـدەتوانی کردارێکـی هاوبەشـیان هەبێـت و بەردەوام لە سـەر ڕێـگەی یەکـتردا دەوەسـتان. هەروەهە بینـیمان کە هۆکارەکـانی ئەم لێکپچڕانـی ململانێـی چینـایەتی و شکستەکانی بزووتنەوەی چینی مامناوەند، چی بوون.

چۆنیەتی پەڕتەوازەیی و لێکپچڕانی ناوچەیی و پارێزگایی و ئاکـامە گەمژانەکـانی لە نـاوچەکەدا، سـەرجەم هەموو بزووتنەوەکەی تێکشکاند؛ چـۆن هیچکـام لە چینـی مامناوەنـد و جووتیـار و ڕەشـۆکی نەیـانتوانی لە کردارێکی ڕاستەقینەی نەتەوەییدا یەکتر بگرنەوە؛ چـۆن جووتیـارانی هەمـوو نـاحیە و پارێزگـایەک تەنیـا و جیاواز بۆ خۆیان ئیشیان دەکرد و هەر چەشنە یارمەتییەک بۆ جووتیارە ڕاپەڕیوەکانی هەرێمە دراوسێکانیان ڕەت دەکـردەوە، بەم شـێوەیە لە جەنـگە جیاوازەکانیانـدا یەک لە دوای یەک لە بەرانـبەر سـوپاکاندا شکسـتیان دەهێنـا، ئەو سـوپایانەی کە لە زۆربەی کاتەکانـدا ژمارەیـان نەدەگەیشـتە یەک لە دەی هێـزە ڕاپەڕیوەکان - ئەمە بۆ خـۆێنەر لە هەمـوو ئەو وەسـفانەی تـا ئێسـتا کـراوە ڕوونـترە. ئەو ئاگربەسـتانە و ئەو ڕێکەوتننامـــانەی کە هەرکـــام لەم گرووپـــانە لەگەڵ دوژمنەکانیـــان دەیانبەســـت و هەروەهـــا کـــردەوە خەیانەتکارانەکانیان، هۆکـاری هـاوبەش و هەمـووانی هەمـوو ئەم شکسـتانە بـوون. هۆکـاری سـەرەکەی دروستبوونی ئەم گرووپە جووتیارییە جۆربەجۆرانە تەنیا لە نەبوونی خاڵی هاوبەشی گەورەتر یـاخود بچـووکتر لە کردارەکانی ئەواندا نەبوو بەڵکو لەو خاڵە هاوبەشانەدا بوو کە دوژمـنە تایبەتەکانیـان هەیـانبوو و دەبـوونە هۆی شکستی ئەمان؛ هەر ئەمە بەهێزترین دەلیلە بـۆ ئەو ڕێـژە لە نـامۆبوونی جووتیـارانی پارێزگـا و نـاحیە جۆربەجۆرەکان لە یەکتر.

هاوشـێوەی ئەمە لە بـزووتنەوەی 1850-1848 شـدا دەر دەکەوێـت. لە 1848یشـدا هەر وەک جەنگـی جووتیاری، بەرژەوەندییەکانی چینە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان و هەرکام بـۆ خـۆی ئیشـی دەکرد. بورژوازی ئەوەندە گەشەی کردبوو کە لەوە زۆرتر نەیدەتوانی چاوپۆشی لە ڕەهاخوازی فیۆدالیسـم و بۆرۆکراسییەتەکەی بکات، بەڵام ئەوەندەش دەسـەڵاتی نەبـوو کە بتوانێت داواکارییەکـانی چینەکـانی تـر بهێنێتە ناو بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. پرۆلتەریا، کە زۆر لاوازتـر لەوەی بـوو بتوانێـت لە قۆنـاغی بـورژوازی تێپەڕێت و خێرا دەسەڵات بۆ خۆی بچەسپێنێت، هێشتا لە بندەستی ڕەهاخوازیدا بوو و شیرینی حکـوومەتی بـورژوازی چێشـتبوو و، بەگشـتی ئەوەنـدە گەشـەی کردبـوو کە نەیـدەتوانی تەنیـا بـۆ سـاتێکیش ڕزگـاری بورژوازی بە ڕزگـاری خـۆی بزانێـت. ئـاپۆرەی نەتەوە، واتە خاوەنپیشـە و وردەبورژواکـان و جووتیـاران، لە لایەن نزیکترین و سروشتیترین هاوپەیمانەکەیـانەوە واتە بـورژوازی وەلا نـران، چونکـا بە شۆڕشـگێڕێکی تونـدیان دەزانـین، وە لە لایەکـی تریشـەوە لە لایەن پڕۆلتەرەکـانەوە وەلا دەنـران چونکـا بە ڕای ئەوان دواکەوتوو بوون. بە هۆی ئەم لەتلەتبوونەوە، ئاپۆرەی نەتەوەیش نەیتوانی هیچ دەسکەوتێکی ببێت، وە لە نـاو ڕاسـت و چەپـی لایەنگرەکانیـدا هەڵوێسـتی بەرەنگـارانەی دەگـرتە بەر. گەمژەیـی نـاوچەیی لە نـاو جووتیارانی 1525دا ناتوانێت لەو گەمژەییەی کە لە ناو چیـنە بەشـداربووەکانی بـزووتنەوەی 1848دا هەبـوو، زۆرتر بێت. سەدان شۆڕشی نـاوچەیی لەگەڵ سـەدان بەرپەرچـی نـاوچەیی سـەرکەوتوانە بەرانـبەر بەوان و مانەوەی میرنشینە جۆربەجۆرە بچووکەکـان، هەر هەموویـان بەڵگەگەلـێکن کە زۆر بە دەنگێکـی زوڵاڵ بـۆ ئـێمە دەدوێـن. *لە دوای ئەم دوو شۆڕشـەی ئەڵمانیـا لە سـاڵەکانی 1525 و 1848دا ئەگەر کەسـێک هێشـتا خەونی کۆماری فیدراڵی هەبێت و باسی بکات ئەوا تەنیا شیاوی شێتخانەیە.*

بەڵام ئەم دوو شۆڕشە، واتە ئەوەی سەدەی شـازدە و ئەوەی 1850 -1848، سـەرەڕای لێکچوونەکانیـان، لە چەند ڕەهەندێدا لێکتر جیاوازن. شۆڕشی 1848 ئەگەرچی بەرهەم و ئاکامێکی بۆ پێشکەوتنی ئەڵمانیا نەبـوو، بەڵام نیشانەیەک بوو لە پێشکەوتنی ئەورووپا.

کـێ سـوودی لە شۆڕشـی 1525 وەرگـرت؟ شـازادەکان. کـێ سـوودی لە شۆڕشـی 1848 وەرگـرت؟ شـازادە گەورەکـانی نەمسـا و پـڕووس. لە پشـتی شـازادەکانی 1525دا چینـی مامناوەنـدیی خـواروو و شـارەکان ڕاوەستابوون کە لە ڕێگەی باجەوە پێکەوە زنجیر کرابوون. لە پشتی شـازادە گەورەکـانی 1850دا بـورژوازی زەبەڵاحی مۆدێرن ڕاوەستابوو کە بەخێرایی کەوتە ژێر ئاوگی قەرزە حکوومەتییەکانەوە. لە پشتی بـورژوازی گەورەشدا پڕۆلتەرەکان ڕاوەستاون.

شۆڕشی 1525 ڕووداوێکی ناوچەیی ئەڵمانیا بوو. ئینگلییەکان، فەڕەنسییەکان، بۆهمێنییەکـان(Bohemians) و مەجارییەکـان هەموویـان بە جەنگـی جووتیـاریی خۆیانـدا تێپەڕیبـوون ئەو کـاتەی کە ئەڵمانیـا جەنگـی جووتیاری خۆی دەستپێکرد. ئەگەر لەو سـەردەمەدا ئەڵمانیـا پەڕتەوازە بـوو ئەوا ئەورووپـا لە ئاسـتێکی زۆر

بەربڵاوتردا تووشی ئەم پەرتەوازەییە بوو. شۆڕشی 1848 بۆ ئەڵمانیا ئیتر بابەتێکی ناوچەیی نەبوو بەڵکو بەشێک بوو لە بزووتنەوە گەورەکەی ئەورووپا. هێزە هاندەرەکان لە سەرانسەری قۆناغی شۆڕشەکەدا شتێک نین کە تەنیا لە سنوورەکانی یەک وڵاتدا بتوانین بیانبەستینەوە، تەنانەت بە تەنیا بەشێک لە جیهانیشەوە نابەسترێتەوە. لە واقیعدا، ئەو وڵاتانەی کە گۆڕەپانی شۆڕش بوون خۆیان کەمترین چالاکییان لە چێکردنی ئەو شۆڕشەدا هەبووە. ئەوان تا ڕادەیەک ماددەیەکی خاو و نائاگامەند بوون کە ئیرادەیان لە خۆیان نەبوو. ئەوان لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەکەدا فۆڕم بەخۆوە دەگرن؛ واتە ئەو بزووتنەوەی کە هەموو جیهان تێیدا بەشدارە، ئەو بزووتنەوەی کە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی هەنووکەییدا لەوانەیە وەک دەسەڵاتێکی نامۆ خۆی بە ئێمە نیشان بدات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە بزووتنەوەی خودی خۆمانە. هەربۆیە شۆڕشی 1848-1850 ناتوانێت بە شێوەی شۆڕشی 1525 کۆتایی پێبێت.